# راگواستن

**لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی راگواستنی زۆرە ملێی**

**گوندنشینەکانی کوردستانە، پشـــــدەر وەك نـموونە**

# راگواستن

## لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی راگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەك نموونە

عومەر هەمزە ساڵح

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **راگواستن** (لێکۆڵینەوەیەکی جوگراف و مێژوویی راگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەک نموونە)
- **ئامادەکردنی:** عومەر هەمزە ساڵح
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بابەت:** لێکۆڵینەوە
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ: یەکەم** ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٥١٧
- **نرخ:** ٣٠٠٠
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٦٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com



## پێشکەشە بە:

- سە رجەم شە هیدانی کوردستان.
- هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادی کوردستاندا قوربانییان داوە و تووشی ئازارو ئەشکەنجە بوون.
- نەوەکانی دوای ئێمە، بۆ ئەوەی لە راستییەکانی مێژووی باب و باپیرانیان بە ئاگا بن کە رژێمەکانی عێراق بە چ شێوەیەکی دڕندانە دژی کورد بوون .

**سوپاس و پێزانین:**

لەگەڵ رێزمدا سوپاسی یەکەیەکەی ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارییان کردم لەکاتی خوێندن و ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

دانەر



## ناوەڕۆك

**پێشەکی**............................................................... ١١

**دەروازەی یەکەم:**

**بەشی یەکەم:** سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق.............. ١٩

**بەشی دووەم:** گیروگرفت و کێشەی هەرێمی کوردستان.............. ٢٩

**بەشی سێیەم:** پیلانی جەزائیر لە(٦ی ئاداری ١٩٧٥)دا.............. ٣٩

**دەروازەی دووەم:**

**بەشی یەکەم:** پێناسەی راگواستن.............. ٥٩

**بەشی دووەم:** سیاسەتی راگواستن و پشتێنەی ئەمنی لە کوردستانی عێراق........ ٦٢

**بەشی سێیەم:** قۆناغەکانی راگواستن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.............. ٦٩

١ـ قۆناغی یەکەمی راگواستن لە ١٩٦٣-١٩٧٥.............................. ٦٩

٢ـ قۆناغی دووەمی راگواستن لە ١٩٧٧-١٩٧٩.............................. ٧٧

٣ـ قۆناغی سێیەمی راگواستن لە ١٩٨٠-١٩٨٩.............................. ٨٠

أ- ڕاگواستن لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.............. ٨٠

ب- ڕاگواستن بە هۆی کاریگەری شەڕی ئێران-عێراقەوە.............. ٨٢

ج- ڕاگواستن بەهۆی جەنگی کوردستانەوە.............................. ٨٨

**دەروازەی سێیەم:**

راگواستن و کاریگەری لەسەر ناوچەی پشدەر.............................. ١٠٩

١ـ جوگرافیای سنووری پشدەر.............................. ١١١

٢ـ جێنۆسایدی پشدەر.............................. ١٢٦

٣ـ قۆناغەکانی راگواستن لە سنووری پشدەر.............................. ١٦٢

أ- قۆناغی یەکەمی راگواستن لە ساڵی ١٩٧٧.............................. ١٦٢

ب- قۆناغی دووەمی راگواستن لە ١٩٧٨-١٩٧٩........................ ١٦٦

ت- هەڵوێستی رژێمی بەعس لەدوای راگواستن ........................ ١٨١

پ- قۆناغی سێیەمی راگواستن لە ١٩٨٠-١٩٨٨دا........................ ١٨٥

ج- قۆناغی چوارەمی راگواستن لە ١٩٨٩دا........................ ١٩٤

**دەروازەی چوارم: پێك هاتووە لە** ........................ ٢١٧

١ـ دەرەنجام و پێشنیارەکان........................ ٢١٩

٢ـ کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بەعس تایبەت بە راگواستن........................ ٢٢٥

٣ـ بەشێك لەوێنەی شەهیدەکانی سنوورەکە........................ ٢٥١

٤ـ سەرچاوەکان........................ ٢٧١


## پێرستی نەخشەکان


| زنجیرە | نەخشەی | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | دابەشبوونی کوردستان لەساڵی ١٦٣٩ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی دا | ٢٤ |
| ٢. | رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ و مانداتی ساڵی ١٩٢٠ | ٢٥ |
| ٣. | هەرێمی کوردستان بە گوێرەی نەخشەی عێراق | ٢٨ |
| ٤. | ناوچەی ئۆتۆنۆمیدار بەگوێرەی بڕیاری ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ | ٣٧ |
| ٥. | ئەو ناوچانەی بەر شالاوی راگواستن کەوتوون لە هەرێمی کوردستاندا | ٦٨ |
| ٦. | هەڵکەوتنی پشدەر بەگوێرەی نەخشەی هەرێمی کوردستان | ١٢٤ |
| ٧. | سنووری پشدەر | ١٢٥ |
| ٨. | شوێن هەڵکەوتنی کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکانی سنوری پشدەر. | ١٧٠ |




## خشتەکان


| ژمارە | خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | ژمارەی دانیشتوانی هەر بەشێکی کوردستان و رێژەی هەریەکەیان لە چاو ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی گەورە و لەچاو ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە | ٢٦ |
| ٢. | چۆنیەتی دابڕکردنی خاك و دانیشتوانی کوردستان | ٢٧ |
| ٣. | زیانەکانی هێزەکانی میری و هێزەکانی شۆڕشی کورد لە (١١-٣-١٩٧٤) — (١١-٣-١٩٧٥) | ٣٨ |
| ٤. | ژمارەی دێهاتەکانی کوردستان | ٧٥ |
| ٥. | رێژەی سەدی دانیشتوانی شار و لادێی پارێزگاکانی هەرێم | ٧٦ |
| ٦. | راگواستنی گوندەکانی کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٩ | ٧٨ |
| ٧. | ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال | ٩٨ |
| ٨. | ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی سنوری پشدەر لەساڵی ١٩٨٧ | ١٢١ |
| ٩. | چیاکانی سنووری پشدەر | ١٢٢ |
| ١٠. | ژمارەو رێژەی خەڵکی شارو لادێ لە سنووری پشدەر بەپێی ساڵی ١٩٨٧ | ١٢٣ |
| ١١. | قوربانیانی کارەساتی ٢٤/٤/١٩٧٤ | ١٣٠ |
| ١٢. | بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم لەسنوری پشدەر | ١٤٥ |
| ١٣. | بەشێك لە قوربانیانی مین لە سنووری پشدەر | ١٥٦ |
| ١٤. | راگواستنی دوو گوند(لێوژە و خۆیبیان) | ١٦٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥. | راگواستنی (٩) گوندی سنوری قەندیل | ١٦٣ |
| ١٦. | راگواستنی (١٣) گوندی سنوری قەندیل | ١٦٤ |
| ١٧. | راگواستنی دوو گوندی قەندیل بۆ سنوری پارێزگای هەولێر | ١٦٥ |
| ١٨. | راگواستن لە سنوری ناحیەی هێرۆ | ١٧١ |
| ١٩. | راگواستن لە سنوری ناحیەی ناوەندیی قەڵادزێ | ١٧٣ |
| ٢٠. | راگواستن لە سنوری ناحیەی بنگرد | ١٧٦ |
| ٢١. | راگواستن لە سنوری ناحیەی ناودەشت | ١٧٧ |
| ٢٢. | سەرجەمی راگواستنی قۆناغی دووەم | ١٨٠ |
| ٢٣. | راگواستنی ئوردووگای بەستەستێن | ١٨٧ |
| ٢٤. | راگواستنی گوندەکانی قەڵادزێ | ١٩٠ |
| ٢٥. | راگواستن لە سنوری ناحیەی بنگرد جاری دووەم | ١٩١ |
| ٢٦. | راگواستن لە سنوری ناحیەی ناودەشت | ١٩٢ |
| ٢٧. | قۆناغی سێهەمی راگواستن | ١٩٣ |

# پێشەکی

لێکۆڵینەوەکەمان کەمەبەستی قووڵبوونەوەیە لە پرۆسەی راگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی سنوری پشدەر، راگواستنی کوردان مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەسەردەمە کۆنەکانەوە بۆ سەدە نوێیەکان درێژ دەبێتەوە[1]، کە لە بەشی دووەمی باسەکەماندا نیشاندراوە، وە دیاردەی راگواستن لە دەوڵەتاندا هەبووە بەڵام بە شێوازی جیاجیا، دیارە لە وڵاتانی جیهاندا دوو شێوە راگواستن بەرچاو دەکەوێ بەتایبەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی گوند و گوندنشینەکان بەم شێوەیە:[2]

یەکەم: راگواستنی ئارەزوومەندانە، کۆکردنەوەی ئەو گوند و گوندنشینانە بەمەبەستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانێتی یە تاکو بتواندرێت بە شێوەیەکی زانستی بەرووبوومی کشتووکاڵی و ئاژەڵداری بەرێوەبچێت و لەلایەکی تر لەلایەن میریەوە بتواندرێت بە باشترین شێوە ئاستی گوزەرانی لادێ نشینەکان دابین بکرێت بەتایبەتی پرۆژە خزموتگوزاریەکان وەك( ئاو — کارەبا- خەستەخانە- قوتابخانە- مزگەوت)، بەمەرجێك گوندنشینەکان رۆڵی سەرەکیان هەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدان و حکوومەت دەست نەخاتە سەر داخوازیەکانیان بەتایبەتی کۆکردنەوەی گوندەکان دەبێت لە نزیك شوێنێك بێت کەنزیك گوندەگان و زەویە کشتوکاڵیەکانیان بێت.

دووەم: راگواستنی زۆرەملێ یە کە رژێمە داگیرکەرەکان و زەوتکەرەکانی مافی مرۆڤ دژی گەلانی رزگاری خواز بەکاری دەهێنن کە کۆمەڵێك مەبەست لەپاڵ راگواستنەکە هەیە لەوانە، فراوانکردنی رووبەری زەوی لەسەر حسابی نەتەوەکانی تر و هەوڵدان بۆئەوی دانیشتوانی ناوچە راگوازراوەکان لە هێزی شۆرشگێری دوور بخرێتەوە و بەتایبەتی لە شوێنێکدا کۆیان بکەنەوە کە لە شێوەی مەعەسکەرات دەچێت تاکو هەر کاتێك مەبەستیان بوو کۆنترۆڵیان بکەن چ بۆ لەناوبردنیان یان بەکارهێنانیان دژی میللەتەکەیان یا خود توانەوەیان بەتایبەتی لە رێگای برسی کردن و هەژاری و بڵاوکردنەوەیان بە شوێنە جیاجیاکاندا.

---

١- مراد حەکیم محەمەد: سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ژمارە(٤٥) ی شوباتی ٢٠٠٥،ل(٥)

٢- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩، لاپەڕە ١٤٤



دەکرێت بڵێین ئەوەی لە عێراق و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەر دابەش کراوە لە جۆری دووەمن.لەبەر ئەوە کارێکی گرنگ دێتە پێش لێکۆلینەوەکەمان کە ئەویش ئەو هۆیانە چین کە کاریان کرۆدتە سەر راگواستنیان لە شوێنی باب و باپیرانیان کە بە درێژایی مێژوو شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەیان بووە.

نووسەری بەناوبانگی عەرەب دکتور شاکر خەسباك دەڵێت (کورد کەمینە نەتەوایەتی رەگەز پەرستی نییە کە هاتنە ناو عێراق بەڵکو خۆیان دانیشتوانی رەسەنی ئەم ناوچەیەن هەر لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە، مافیان لە عێراق یەکسانە بە مافی عەرەبەکان[3]).

بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە گەلی کورد زوڵمی بەرامبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کێشە جیاجیاکان چ ئەوانەی ناوخۆ یان ئەوانەی دەرەکی بن هەریەکەیان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وڵاتەکەمانیان بەرەو ئاڵۆزیەکی گەورە بردووە و لە زۆر لایەنەوە کەم و کوڕی ترسناکی پێوە دیاربووە، هەر بۆیە پێویستە لە سەرەتای لێکۆلینەوەکەمان کورتە باسێکی مێژوویی وجوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەین و ئاشنایەك لە گەڵ باسەکەدا پەیدا بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە تووشی زۆر کێشە و کێشمە کێش و دەست تێوەردان و شێواندن هاتووە هەر لە گێروگرفتەکانی سنووری نێوان کورد و عەرەب و جیاوازی سروشتی رووی زەویەکەی بە تایبەتی لە بوونی زەوی بە پیت و دۆزینەوەی نەوت کە راستەوخۆ هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ داگیرکردن کە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە بەرنامەکانیاندا پیادەیان کردووە بەڵام ڕژێمی بەعس بەرنامەکانی لە هەموو ڕژێمەکانی تر دڕندانەتر بووە بەتایبەتی کارکردنی بەعس بۆ سڕینەوەی کورد لە خاك و نیشتمان و نەتەوەکەی لەو رێگایەشەوە بوو کە کەسیەتی کورد لە هەر بەهایەکی مرۆیی و نەتەوەیی دابڕێت[4]، کە هەموو جۆرەکانی دژایەتی کردنی بەرامبەر بە کورد پیادە کرد هەر لە پەلاماری سەربازی و کوشتنی بە کۆمەڵ بەتایبەتی لە رێگای بەکارهێنانی فرۆکەو راگواستن و شوێن بزرکردن و ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی( ناپاڵم و چەکی کیمیاوی) وە ئەگەر کوردیش هەوڵی دابێت پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆی بکات، ئەوا لە رێگای

---

٣- الدكتور شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، المطبعة الرابطة بغداد، ١٥٩، ص ٨٦ .

٤- سەرباز هەورامی، ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەند دا، کوردستان ٢٠٠٧، ل (٦١)

دەزگاکانی راگەیاندنیانەوە هەموو جۆرە پرووپاگەندەیەکی نادروستیان دژی شۆرشەکانی کورد بڵاوکردۆتەوە بە مەبەستی دروست کردنی رایەکی گشتی عێراقی و عەرەبی و هەرێمایەتی دژ بە کورد[5]، مەبەستێکی تری لێکۆلینەوەکەمان، بۆ ئەوەیە ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی راگواستنی سەرتاپا و درێژ خایەنی کوردەکان لە کومەڵگای کوردیدا دروست بووە[6]، لەلایەك و لەلایەکی تر پەیوەندی بە خودی توێژەر هەیە کە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بە هۆی زەبروو زەنگی رژێم بەرامبەر بە دانیشتوانی سنووری پشدەر ئەنجامی داوە ئاشنا بووە، چونکە هەردەم ئەو سنوورە دڵسۆز و وەفاداری هەبووە بەرامبەر بە شۆرشی کورد و خۆڕاگریان لەلایەکی تر دەکرێت بڵێین وەك قەڵایەکی پۆڵایان بووە بۆ شۆرشەکان، بۆیە هەردەم ڕژێمی بەعس هەوڵی داوە بەزەبری هێز دانیشتوانی سنوورەکە چاوترساو بکات کە بۆمباران کردنی فرۆکەکانی لە ساڵی ١٩٧٤ دا باشترین نموونەیە کە لەو سەردەمەدا (گەورەترین کارەسات بوو لە سەرەتای شۆرشی ئەیلوولەوە(١٩٦١تاکو١٩٧٥) تا ئەو رۆژەی شۆرش تووشی نەکسە هات وەگەورەترین تاوانیش بوو رژێم دەرهەقی گەلی کوردی کردبێ لەو کاتەدا، ئەم تاوانە هەمیشە بەزیندوویی لە دڵ و دەروونی گەلی کورد دا دەمێنێتەوە)[7]، بەتایبەتیش بۆ پشدەرییەکان، لەبەر ئەوەی رژێمێك دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی بەچەکی قەدەغەکراوی(ناپاڵم) کە بۆ یەکەم جار بەکارهاتبوو لە جیهاندا لەو سنوورە تاقی کرایەوە کە تاکوو ئێستاش کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەیەو وە هەروەها لە لایەکی تر توێژەر ئاشنایی لەگەڵ سەرجەم کارە دزێوەکانی تر هەیە بە تایبەتی قۆناغەکانی راگواستن و ئەو دەرەنجامانەی دوای راگواستنەکان روویان داوە، هەرچەندە ماوەی باسەکە بەتایبەتی سنووری پشدەر هەر لە سالانی ١٩٧٠ تاکوو ساڵی ١٩٩١ دەگرێتەوە بەڵام تاکوو ئێستا کە دەکاتە نزیکەی (٣٨ ساڵ)، کۆمەڵێك گیروگرفت دێتە پێش بەهۆی زۆری ماوەکە لەلایەك و لەلایەکی تر کەمی سەرچاوەی زانستی لەم بوارەوە

---

٥- دکتور محەمەد عومەر مەولوود، فیدراڵیەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراق دا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە (د.محەمەد عومەر مەولوود و د.عومەر ابراهیم عەزیز) دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦، ل (٨)

٦- مراد حکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە کوردستانی عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، شۆرشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥ هەولێر ٢٠٠٤، ل ١٥٧



کە ئەمەش هەوڵم داوە لە رێگای زیارەتی مەیدانی و گەڕان و چاو پێکەوتن بە شارەزایانی سنوورەکە کە لەو کاتەدا دەور و کاریگەریان هەبوو یان ئێستا، یەکە یەکە چاوم پێیان بکەوێت و گفتوگۆیان لە گەڵ ئەنجام بدەم و چەند جارێك پێداچوونەوە لە گەڵ رووداوەکاندا بکەم وە لە لایەکی تر بەشەکانی (یەك و دوو)ی نووسینەکە زیاتر هەوڵم داوە و پشتم بە سەرچاوە زانستیەکان بەستووە و سوودیان لێوەرگیراوە.بۆ بابەتی لێتوێژینەوە کە ئەم نەخشەیەی خوارەوەم هەڵبژاردووە:ـ

دەروازەی پێشەکی بە ناونیشانەکەی (راگواستنی زۆرە ملێی گوند نشینەکانی کوردستان و پشدەر وەك نموونە) دەست پێدەکات، کە ئەویش دابەشی سێ بەش دەکرێت بەم شێوەیە:

دەروازەی یەکەم: پێك هاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تایبەتە بە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق کە باس لە سەرەتای پەیدا بوونی مرۆڤایەتی دەکات کە مرۆڤ تووشی کۆمەلێك تەنگ و چەڵەمە دەبێت بە دەستی زلهێزەکان و هەوڵدان بۆ فراوان کردنی سنووری وولآتەکەیان لە سەر حیسابی دەوڵەتانی دراوسێ یان نەتەوەکان، کە کوردستان یەکێك بووە لەوانەی کە بەردەوام زوڵمی لێکراوە لەم رووە بە ووردی باسی لە سنووری هەرێمی کوردستان کراوە لە بەشی دووهەم تیشك خراوەتەوە سەر گیرو گرفتەکانی هەرێمی کوردستان کە رژێمە یەك لە دوا یەکەکان و بە تایبەتی رژێمی بەعس و لە کاتی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تاکوو کۆتای ١٩٧٤ وە هەڵگیرسانەوە و سەپاندنی شەڕی یەك ساڵەی ١٩٧٤- ١٩٧٥ بە سەر کورددا. وە لە بەشی سێهەمدا، باس لە پیلانی نێودەوڵەتی کراوە بە تایبەتی رێککەوتنامەی (٦ی ئاداری ١٩٧٥)ی جەزائیر کە لە نێوان عێراق و ئێراندا مۆر کراوە لە دژی میللەتی کورد و تواندنەوەی شۆرشەکەی و ئەو دەرئەنجامانەی لە دوای رێککەوتننامەکە بە سەر گەلانی عێراق و ئێران هاتن، چونکە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق یەکێکە لەوانە و ئەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانیەی بە سەر عێراق و کوردیش هات لایەکی تریەتی کە رژێمی عێراق نەیدەویست بە رێگای ئاشتی چارەسەری بکات.

دەروازەی دووەم:ـ باس لە دەرئەنجامەکانی رێککەوتننامەی جەزائیر دەکات بە سەر گەلی کورددا، بە تایبەتی پوختەیەك لە سەر راگواستن و سیاسەتەکانی راگواستن و دروست کردنی پشتێنەی ئەمنی لە کوردستاندا کە بە سەر چەند قۆناغێکی راگواستن دابەش کراوە (قۆناغی یەکەمی راگواستن لە ١٩٦٣ تاکو ١٩٧٥) و (قۆناغی دووەمی راگواستن لە ١٩٧٧ تاکو ١٩٧٩) و قۆناغی سێهەمی راگواستن لە (١٩٨٠ تاکو ١٩٨٩) بێجگە لەمەش باس لە

راگواستنی کورد کراوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و کاریگەری شەڕی ئێران و عێراق لەلایەکەوە، لە لایەکی تر راگواستن بە هۆی شەڕی کوردستانەوە.

دەروازەی سێهەم:ـ تایبەتە بە راگواستنی کاریگەری لە سەر سنووری پشدەر کە ئەمیش دابەش کراوە بە سەر هەشت بەشەوە کە بە شێوەیەکی گشتی باس لە جوگرافیای پشدەر و جینۆسایدی پشدەر و قۆناغەکانی راگواستن دەکات لە سنوورەکەدا و ئەو دەرئەنجامانەی راگواستن دەکات کە بە سەر سنوورەکەدا هاتووە

دەروازەی چوارەم: پێك هاتووە لە دەرئەنجام و پێشنیارەکان و کۆمەڵێك پاشبەند کە تایبەتە بە راگواستن لە کوردستان و سنووری پشدەر بە تایبەتی نیشان دراون وە هەر وەها وێنەی کۆمەڵێك لە شەهیدانی سنوورەکە.پێویستە بگوترێت ئەم لێکۆلینەوە، لە سەرەتا بە زمانی کوردی نووسراوە دواتر کراوەتە زمانی عەرەبی و پێشکەش بە زانکۆی (( سانت کلیمینتس)) کراوە، کە وەك نامەیەکی ماجستێر بە سەر پەرشتی دکتۆر (فخری خلف عەبدوڵلا البیاتی)[8] دوای تەواو بوونی خوێندنم لە زانکۆی ناوبراو، بە چاکم زانی وەك خزمەتێك بە خوێنەری کورد بە گشتی سنووری پشدەر بە تایبەتی بە زمانی کوردی بڵاوی بکەمەوە، هیوادارم ئەم لێکۆلینەوە جوگرافی و مێژووییە کارێکی سوودبەخشم ئەنجامدابێت بۆ سنوورەکەم چونکە تاکە لێکۆلینەوەیەکە لە سەر ئەم سنوورە کرابێت[9].

---

٨- دکتۆر (فخری خلف عبدالله البیاتی)، ناوبراو خەڵکی شاری بەغدایە و لە نەتەوەی عەرەبە، لە ساڵی ١٩٧٠ وە مامۆستای زانکۆیە و سەرپەرشتی چەندان قوتابی ماجێستەر و دکتۆرای کردوە.

٩- لە ساڵانی حەفتاکاندا بەرێز دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، لێکۆلینەوەی ماجستێرەکەی لە سەر سنووری قەزای پشدەر لە بواری جوگرافیای مرۆیی وەرگرتووە، بەڵام ئەو کاتە قەزای پشدەر پێك هاتبوو لە قەڵادزێ و ناحیەی مەرگە، کەواتە لە سەرجەم بوارەکاندا جیاواز دەبێت چوونکە لە دوای کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ قەلادزێ هەیکەلی ئیداریەکەی گۆرا و ناحیەی مەرگەی لێ جیا کراوەتەوە و ناحیەی ناودەشتی خراوەتە سەری.

# دەروازەی یەکەم

**بەشی یەکەم: سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق**

**بەشی دووەم: گیروگرفت و کێشەی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**بەشی سێهەم: پیلانی جەزائیر لە (٦ی ئاداری ١٩٧٥) دا.**

## بەشی یەکەم

# سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق

لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤ توشی کۆمەڵێك تەنگ و چەڵەمە هاتوو، یەکێك لەوانە کە روو بەرووی گەلان و وڵاتانی جیهانی بۆتەوە بەتایبەتی وڵاتی هاوسنوور تووشی جەنگ و پێکدادانی کردوون گیرو گرفتی سنوورە.[١٠]

هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەهێز بوون بەردەوام هەوڵیان داوە هێرش بکەنە چوار دەوری خۆیان و رووبەری زەوی سنووریان زیاد بکەن و ئەوانەی بێهێز بوون بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیان بە هەموو شێوەیەك بەگژیاندا چوونەوە. ئەگەر رێکیش کەوتوون بە شێوەیەکی کاتی بووە دواتر پەلاماری یەکتریان داوە، کەواتە بەردەوام کێشەکان زیندوو بۆتەوە بۆ نمونە ئەگەر سەیری کێشەی سنووری نێوان عێراق و ئێران بکەین بەتایبەتی لەسەر شەتاوی عەرەبی ـفارسی. وە ئەگەر باسی سنووری کوردستان بکەین بارزانی نەمر دەڵێت (کوردستان یەك پارچەیە و، ئەو سنوورەی جیای کردۆتەوە دەستکردە[١١]) کەوا گەلی کورد لە ناوچەیەکی دیاری کراودا دەژین و کە پێی دەڵێن رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە خاکەکەشی دەوترێت کوردستان بە مانای شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان[١٢] بەڵام لەسایەی هەندێك رێککەوتننامەدا کە هیچ سەنگێکیان بۆ حەز و ئارەزووی گەلان دانەناوە[١٣]، بەتایبەتی لەدوای شەڕی چاڵدێران لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤[١٤]ی

١٠- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی-١٩٩٩ ل١٤٤.

١١- د. ناصح غفور، چەند لایەنێك لە کەلەپووری نیشتمانی و خەبات گێرانەی بارزانی نەمر، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی رێکخستنی پێشمەرگە، زنجیرە (٥٠) لاپەڕە ٢١.

١٢- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان وکورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری، وەرگێڕانی عبداللە حسن زادە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦ ل ١٣.

١٣- پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ـ کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٨. ل ٥.



زایینی دا هەردوو سوپای ئیمپراتۆریەتی (سەفەوی و عوسمانی) پێك گەیشتن و لە ئەنجامی شەڕێکی درێژ خایەن کە عوسمانیەکان بەسەر سەفەویەکاندا سەرکەوتن وە دەتوانین پەیماننامەی ((ئەمیسا)) لە ٢٩ی مایسی ١٥٥٥ لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، بە یەکەمین پەیماننامەی نێودەوڵەتی دابنێین کە بە پێی کوردستان دابەش کراوە و هەردوو دەوڵەتی ناوبراو داگیریان کردووە، وە هەروەها پەیمانی(زەهاو)ی لە ١٧ی مایسی ١٦٣٩ ی زایینی کەمەترسی گەورەی هەبوو لە دیار کردنی شێوەی پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتدا بەبناغە دادەنرێت بەرامبەر پەیمانەکانی تر بەتایبەت دەربارەی دابەشکردنی کوردستان و دیاریکردنی سنووری سیاسی نێوان هەردوو دەوڵەت[١٥]. (بۆزیاتر بروانە نەخشەی ژمارە- ١-).

وە دووەم دابەشبوونی کووردستان، پاش شەڕی جیهانی یەکەم بە پێی رێککەوتننامەی (سایکس ـ بیکۆ) بە نهێنی ١٩١٦دا[١٦]. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە خاکی کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی دابەش کرا بە سەر هەرسێ دەوڵەتی (( بەریتانیا- رووسیا - فەرەنسا)) دا، بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ جارێکی تر کوردستان دابەش کرا، دانیشتوان و

١٤- نەجات عەبدوڵلا، کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی ـ فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧ چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠١ لاپەڕە ٢٧

١٥- پ. د. فوئاد حەمە خورشید، جیۆپۆلەتیکیەتی کوردستان، رۆژنامەی خەبات رۆژی شەممە(٥-٥-٢٠٠٧) ژمارە (٢٤٨٥). لاپەڕە(٧).

١٦- رێککەوتننامەی (سایس ـ بیکۆ) لەسەرەتادا گفتوگۆی نهێنی لە نێوان (بەریتانیا و فەرەنسا) لە پاییزی ١٩١٥ دا دەستپێکرد، کاتێك (مارك سایکس)ی بەریتانی و (جۆرج پیکۆ)ی فەرەنسی، پلانێکیان بۆ دابەشگردنی کەل وپەل و پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی دانا. وە لەسەرەتایی ساڵی ١٩١٦دا، هەردوو وتووێژکەرەکە(سایکس و بیکۆ) گەیشتنە ((پیترۆگراد)) و گۆرانکاری پێویستیان لە پلانەکەیاندا کرد بە هبریکاری نوێنەرانی رووسیا و لە ژێر رۆشنایی بەرژەوەندیە هاوبەش و تایبەتەکانی هەرسێ لایەنەکە. پاش وەرگرتنی رەزامەندی بەرایی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا، لە ئایاری ١٩١٦دا گەرانەوە لەندەن و دیکۆمێنتە پێویستییەکان لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا ئاڵوگۆر کران کە تایبەت بوون بە رەزامەندی نیشاندان لەسەر پلانی دابەش کردن. لە (١) ئەیلولی هەمان ساڵدا رووسیاش رەزامەندی کۆتایی لەسەر پلانەکە راگەیاند. بەمجۆرەش یەکێك لە ترسناکترین رێککەوتننامە کۆلۆنیالەکان( ئیستعمارییەکان) لە مێژووی دیپلۆماسی نهێنیدا مۆرکرا. بۆزیاتر بروانە (پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، رێککەوتننامەی سایکس بیکو و کوردستان سەنتەری برایەتی ژمارە (٧)ی ئابی ١٩٩٨، لاپەڕە (٧).

خاکەکەی بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەش بوون بەپێی ریزبەند و رووبەرو و ژمارەی دانیشتوانەکەی ((تورکیا ـ ئێران ـ عێراق ـ سوریا ـ ئەرمەنیا))[17] (بۆزیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢) و خشتەکانی ژمارە(١-٢)

هەریەکێك لەو پارچانەی کوردستان بە دەوڵەتێك لکێنراوە بەتایبەتی لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم کێشەکان زیاتر سەری هەڵداوە، کوردیش خاوەنی دەوڵەت و هێزی تایبەتی خۆی نەبووە بێ پشتیوان بووە نەی توانیوە بەرگری لە سنووری هەرێمەکەی بکات هەرچەند زۆر هەوڵی داوە و شۆڕش و ڕاپەرین و دانوستانی کردووە بەڵام بێسوود بووە. وە ئەگەر هەرێمی کوردستانی عێراق تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێت، سنووری ڕۆژهەڵات و باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئەم هەرێمە کارێکی ئاسانە چوونکە ئەم سنوورە لەگەڵ سنووری نێودەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا ڕێکدەکەون (بەڵام ئەوەی سەخت و دژوارە سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوایە)[18] . کەواتە ئاڵۆزیەك لەسنووری هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبیدا هەیە بەڵام کۆمەڵێك ڕاو و بۆچوون هەیە کە خاڵی هاوبەشن لە نێوانیاندا کۆکن لەسەر هەرێم کە دەڵێن : ((هەرێم، ئەو پارچە خاکەیە کە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەکی جوگرافیان پێك دەچێت تا ئەو ڕادەیەی وا لەو پارچە خاکە دەکات تایبەتمەندی وای هەبێت لە پارچە خاکەکانی دەرووبەری جودابکاتەوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی جودای هەیە لەبەر ئەم هۆیانە[19] .

أ- هەرێمی کوردستانی عێراق بریتییە لەو بەشە کوردستانەی کەدەکەوێتە نێوان سنووری دەوڵەتی عێراقەوە کە دوابەدوای شەڕی جیهانی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ دا بە عێراقەوە لکێنراوە.

١٧- انتخابات البرلمان الكردي في العراق و انتخابات قائد الحركة الكوردية من منشورات مكتب الدراسات و البحوث المركزي للحزب الديمقراطي الكوردستاني دراسة رقم (٢٨) الثلاثاء، ١٩ مايس عام ١٩٩٢، ص ١٠

١٨- جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩ ل ٢١.

١٩- کتێبی برایەتی ژمارە ٣، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم ١٩٩٨، ل .



ب- هەرێمی کوردستان، لەڕووی بەرزی و نزمییەوە خاکەکەی لە بەرزاییەکانی حەمرین ٢٠٠ مەتر لەسەرووی دەریاوە دەست پێدەکات تاکوو بەرزاییەکانی چیای حەسارۆست لوتکەی هەڵگورد کە ٣٦٠٠ مەتر لەسەرووی دەریاوە لە هەرێمەکانی تر جیادەکرێتەوە.

ت- دانیشتوانەکەی بەشی هەرە زۆری کوردن. کەواتە بەم پێ یە دەتوانین بڵێین:

یەکەم: سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق ((لە ناوەڕاستی عێراقەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای واست دەست پێدەکات، بەرەو باکوور تاکوو پردی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ، بە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمرینەوە تا فەتحە دەڕوا و شان بەشانی ڕووباری دیجلە سەر دەکەوێ و لە باکووری شاری موسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە بە ئاراستەی شارۆچکەی حەزەر پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بە ئاراستەی سنووری عێراق ـ سوریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج))[20] (بۆ زیاتر ئاشنا بوون بڕوانە نەخشەی ژماری(٣)).

کۆمەڵێك ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر دیاری کردنی سنووری باشووری کوردستان بەتایبەت زاناو گەریدە و جیۆگرافی زانەکان هەریەکەیان بیروبۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام دەتوانین بلێین لە چەند خاڵێکدا یەك دەگرنەوە لەوانە[21]ـ:

١- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە باکووری بەرزاییەکانی چیای حەمرین سنووری راستەقینەی باشووری کوردستان پێك دەهێنن.

٢- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە لەو شوێنەوە کە چیای حەمرین دیجلە دەبڕێ تا دەگاتە بەشێك لە شاری موسڵ و ناوچەکانی (( تەلەعفەر و شنگار و زمار)) ناوچەی کوردستانین.

٣- سەرجەم قەزا و ناحیەکانی مەندەلی و خانەقین ناوچەکانی کوردستانین.

٢٠- کتێبی برایەتی ژمارە ٣، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ـ چاپی یەکەم ١٩٩٨ ، ل ٩.

٢١- سوود لەم دوو سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان چاپی دووەم ١٩٩٩ ل١٤٨

ب- کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە ٣، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ـ چاپی یەکەم ١٩٩٨، ل ١٩ .

٤- هەندێکیشیان رووباری دیجلە دەکەنە سنووری رۆژئاوای هەرێم، بەڵام هەندێك تێکەڵییەك لە سنووری باشوور و باشووری رۆژئاوا هەیە بەتایبەتی هەندێك پوازی عەرەبی و تورکمانی وە هەروەها کوردی پەل دەهاوێژنە قوڵایی یەکتری.

دووەم : ـ رووبەری هەرێمی کوردستانی باشوور، زانایان ڕای جیاوازیان هەیە(*)، لەبەرئەوەی خاکی کوردستان دابەش کراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکداو هەریەکێك لەم دەوڵەتانە رێگەیان نەداوە بەشێوەیەکی راست و دروست رووپێو بکرێت بەڵام زۆربەی جوگرافی زانەکان یەك دەنگن لەسەر رووبەری هەرێمی کوردستانی باشوور کە دەکاتە ٨٧١١٧ کیلۆمەتر چوارگۆشە[٢٢]، کە دەکاتە زیاتر لە ١٩,٦٢٪ ی سەرجەمی رووبەری عێراق(٤٤٦٧١٣) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە،[٢٣] وەهەروەها ١٦٪ هەموو رووبەری کوردستانی پێکدێنێت[٢٤]. وە درێژیەکەی ٤٥٨ کیلۆمەترە.[٢٥]

---

٢٢- د. عبدالله غفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپی ستۆکهۆڵم ساڵی ١٩٩٤، ل١٤.

٢٣- د. محمد عمر مولود، فیدرالیەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراقدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، لاپەڕە (٢٧).

٢٤- کوردستان، کورتە باسێکی مێژوویی و جوگرافی و ئابووریە لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی و دیراسات و توێژینەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٨ ژمارە ٣٣، لاپەڕە ٣٣

٢٥- عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیة تاریخیاً و جغرافیاً خلال خمسة الاف عام الطبعة الثانیة، ٢٠٠٥، ص ٢٢٤.

(*) ڕووبەری هەرێم لە بەشێك لە سەرچاوەکاندا بەم شێوەیە:-

- شاکر خەسباك، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ رووبەری کوردستانی باشووری کە ئەو بە ((العراق الشمالی)) ناوی بردووە بە (٩٢٠٩٩) کم$^2$.

- کریم زند، جوگرافیای کوردستان چاپی دووەم ٢٠٠٥ رووبەری هەرێمی کوردستان (٨٧٠٠٠) کم$^2$ دیاری کردووە.

- مینە قادر مینە لە کتێبی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان رووبەری (٨٦٠٠٠) کم$^2$ دیاری کردووە.

- عبدالله قەرەداغی، لە کتێبی راگوێزانی کورد لە مێژوودا، چاپی دووەم ملمانێی ٢٠٠٤، رووبەری بە (٨٦٠٠٠)کم$^2$ دیاری کردووە.

- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٦، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، رووبەری هەرێمی بە (٧٢٠٠٠)کم$^2$ دیاری کردووە.

- د. سلیمان عبدالله، لەسەنتەری برایەتی ژمارە (١١٢ی ساڵی ١٩٩٩ رووبەری بە (٨٦٠٠٠) کم$^2$

تێبینی: (٦١) دەوڵەتی جیهانی رووبەری وڵاتەکانیان لەنێوان کەمتر لە( ٧٥٠٠٠- ١٠٠٠٠٠)کم$^2$ دایە






نەخشەی ژمارە «١»
دابەش کردنی کوردستان لە ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دا

سەرچاوە: کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی و دیراسات و توێژینەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دراسە ژمارەی (٣٣) چاپی یەکەم ١٩٩٨،






## خشتەی ژمارە (١)

| بەشەکانی هەرێمەکانی دەرەوەی سنووری کوردستان | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆنان | ژمارەی دانیشتوان بە رێژەی سەدی | ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بە رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| باکووری کوردستان(تورکیا) | ١٣,١٥ | ٤٤,٣٢٪ | ٢٤٪ |
| خۆرهەڵاتی کوردستان(ئێران) | ٩,٢٦ | ٣١,٢١٪ | ١٨,٩٧٪ |
| باشووری کوردستان(عێراق) | ٤,٧٦ | ١٦,٠٤٪ | ٢٨٪ |
| خۆرئاوای کوردستان(سوریا) | ١,٢٤ | ٤,١٨٪ | ١١٪ |
| ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان | ٠,٣٠١ | ١,٠١٪ | ٠,١١٪ |
| هەرێمەکانی ئەنادۆل (تورکیا) | ٠,٣٨٥ | ١,٣٠٪ | ٠,٧٠٪ |
| هەرێمەکانی خوراسان(ئێران) | ٠,٥٠٠ | ٦٩٪ | ١,٠٣٪ |
| لوبنان | ٠,٠٧٥ | ٠,٢٥٪ | ٢,٥٩٪ |
| کۆی ژمارەی کوردان | ٢٩,٦٧ | ١٠٠٪ | |

ژمارەی دانیشتووانی هەر بەشێکی کوردستان و رێژەی هەریەکەیان لە چاو ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی گەورە و لە چاو ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە.

سەرچاوە: کوردستان کورتە باسێکی. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٧.

## چۆنیەتی دابڕکردنی خاك و دانیشتوانی کوردستان

| دەوڵەت | ڕووبەر | | دانیشتوان | |
|---|---|---|---|---|
| | کم² | ٪ | هەزار کەس | ٪ |
| کوردستانی باکوور (تورکیا) | ٢١٥٨٩٢ | ٣٩,٨ | ٩٨٦٥ | ٤٢,٤ |
| کوردستانی ڕۆژهەڵات(ئێران) | ٢١٩٤٩٢ | ٤٠,٤ | ٩٢٠٤ | ٣٩,٥ |
| کوردستانی باشوور (عێراق) | ٨٧١١٧ | ١٦ | ٤٣٧٩ | ١٤,١ |
| کوردستانی ڕۆژئاوا (سوریا) | ١٥٢٦٤ | ٢,٨ | ٦٣٤ | ٢,٧ |
| هیتر | ٥٤٦٣ | ١,٠ | ٢٩٤ | ١,٣ |
| تێکڕا | ٥٤٣٢٢٨ | ١٠٠ | ٢٤٣٧٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: د. عبدالله غفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، ستۆکهۆڵم-١٩٩٤ لاپەرە ١٤.

ژمارەی دانیشتوان بەپێی سەرژمێری ١٩٨٥.



نەخشەی ژمارە 3

هەرێمی کوردستان بە گوێرەی نەخشەی عیراق




سەرچاوە: الدكتور جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كوردستان، سليمانية 2005

## بەشی دووەم

# گێروگرفت و کێشەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

لەسەرەتای دابەشکردنی کوردستانەوە و بەتایبەتی لەو کاتەی باشووری کوردستان لکێندراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا، کە هۆی راستەوخۆی لکاندنەکە بوونی نەوت بووە کە رۆڵێکی نێگەتیڤانەی هەبوو و هەر بەو هۆیەشەوە کە دەوڵەتە هەرێمەکان و ئیمپریالییەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و راپەرینەکانی کوردان، هاریکاری حکوومەتی ناوەندیان کردووە.[26] کوردیش تووشی کۆمەڵێك کێشە و گێروگرفتی بەردەوام بووە، و کە تەماشای دەستوورەکانی عێراق بکەن دروشمی ئەوە بووە (گەلی عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب و .....) (عێراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی.....)[27] بەپێی ئەم دروشمە دەبێت هەرچی لە عێراقدا بژی بەشێك بێت لەنەتەوەی عەرەب و خاکەکەشی بەشێك بێت لە خاکی نیشتمانی عەرەب کە لەراستیدا هەرچەند کە کورد ئێستا بەشێکە لەگەلی عێراق و هەرگیز بەشێك نەبووە لە نەتەوەی عەرەب و هەروەها جوگرافیای هەرێمی کوردستانیش کە ئێستا بەشێکە لە خاکی عێراق، هەرگیز بەشێك نەبووە لە خاکی نیشتمانی عەرەبی بەڵکو کوردستان یەك پارچەبووە و لەپێناو بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و ململانێی خۆیان دابەش کراوە و هەربەشەی لکاندراوە بە دەوڵەتێکەوە کە بە حەز و ئارەزووی خۆی نەبووە هەربۆیە لایەنی خراپەکانی دراوسێتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە دەوڵەتانی دراوسێ کوردیان بەسەردا دابەش کراوە وە سەرجەمیان ((عەرەب ـ فارس ـ تورك))ن هەرچەندە لەرووی ئایدۆلۆژییەوە بەرژەوەندی جیاواز و جۆر بەجۆر کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان و

---

٢٦- الحزب الديمقراطي الكوردستاني، نفط الكوردستان العراق (النفط ومصير و الكورد و الكوردستان السياسى) الجزء الثاني، الطبعة الاولى ١٩٩٨ من منشورات مكتب الدراسات و البحوث المركزي، دراسة رقم ٣٣ ص ٣

٢٧- د. خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب و التهجير في اقليم كردستان، الطبعة الثالثة، اربيل ١٤٢٣ه ٢٠٠٢م، ص ٢٥



زۆرجار دەبێتە کێشە و گێروگرفت لە نێوانیاندا[28] بەڵام لەسەر مەسەلەی کورد هەردەم کۆکن و ناوبەناو کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ئەنجام دەدەن کەواتە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستانی عێراق رووبەرێکی داخراوی هەیە* هەربۆیە هەرێمی کوردستان تووشی کۆمەڵێك کێشە و گێروگرفتی بووە و گەلەکەی ناچار بووە بەرگری لە بوون ومانەوەی خۆی بکات و هەوڵی داوە هێزێکی پتەو دابمەزرێنێت، هەرچەندە زۆر کات کە نزیك بۆتەوە لەسەرکەوتن بە پیلانی ناوخۆ و هەندێك جاریش پیلانی دەرەکی و وە هەروەها بە دەست تێوەردانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە لە کاتێکدا کە گەورەترین کێشەیان لە نێواندا بووە لەسەر مەسەلەی کورد یەك دەنگ و یەك بڕیار بوون و کوردیش بەهۆی سنووره جوگرافیەکەیەوە ناچار بووە شۆڕشەکە تێك بچێت لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووە لە خەباتی بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلول کە لەساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد لە ئەنجامی خۆراگری و قوربانیدانی گەلی کورد، حکوومەتی مەرکەزی ناچار کرا بە شێوەیەکی رەسمی و یاسایی دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بنێت[29] کە بە رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠[30] ناسراوە و دوای چوار ساڵ

---

٢٨- پرۆفیسۆر د. ئازاد نەقشبەندی، شوێنی دراوسێتی (رێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەریەتی لەسەر ئێستاو ئاییندەی هەرێمدا، سەنتەری برایەتی ژمارە (١) ی ساڵی یەکەم ـ ئابی ١٩٩٧ لاپەڕە

* رووبەری داخراو یان دەوڵەتە داخراوەکان: ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی شوێنی کیشوەر بن لە هیچ لایەکەوە نەکەوتۆتە سەر دەریا، ئەمڕۆ ژمارەی دەوڵەتە داخراوەکان لە جیهاندا گەیشتۆتە (٤٤) دەوڵەت بەم شێوەیە دابەش بوون: لە ئەرووپا ((١٧)) دەوڵەت، لە ئەفریقا (١٥) دەوڵەت، ئاسیا (١٠) دەوڵەت، ئەمریکای باشوور ((٢)) دەوڵەت، بڕوانە د. ئازاد نەقشبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنیجوگرافی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە(١٣) ساڵی سێهەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٤، لاپەڕە(٢٤)

٢٩- گۆڤاری گوڵان ساڵی هەشتەم ژمارە ٣٧٣، ئاداری ٢٠٠٢ بەیاننامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بۆنەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

٣٠- رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠: لە ئەنجامی خەبات و بەرگری کردنی شۆڕشی کورد((پارتی دیموکراتی کورستان)) بەرێبەرایەتی مستەفا بارزانی بوو کە شۆڕشێکی درێژخایەن بوو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ دەستی پێ کرد، ساڵ لە دوای ساڵ شۆڕش بەهێزتر دەبوو بە پاڵپشتی جەماوەری کورستان تا حکوومەتی مەرکەزی ناچار بوو بڕیاری شەرکردن رابگرێت و هەوڵی دانوستانی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بە ئەنجام بگەیەنێت، دوای سێ مانگ گفتوکۆ کردن لە ١٩٧٠/٣/١٠ لە ناو پردان لە قوتابخانەیەکی بچووکدا رێککەوتننامەیەك لەلایەن جەنەراڵ بارزانی و سەدام حسێن کە بە رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ نێوی

گفتوگۆکردن لەنێوان رژێمی عێراق وسەرکردایەتی شۆرشی کورد بەڵام رژێم پابەندنەبوو بە سەرجەم داخوازیەکانی میللەتی کورد بەتایبەتی دیاریکردنی ناوچە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە هەوڵی ئەدا رێککەوتنە سەرکەوتوو نەبێت و کۆمەڵێك پیلانی دژی کوردەکان ئەنجام دا لەوانە:

دەرکردووە، ئیمزاکرا.کە ئەم رێککەوتننامە (١٥ ماددەیە) و کۆمەڵێك ماددەی گرینگی تێدایە بەتایبەتی مادەی چواردەهەمی کە بریتی بوو لە دانپێدانان بە ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراق و بەتایبەتیش ئەو شارانەی کە زۆرینەیان کوردن. رێککەوتننامەی ١١ی ئازار بۆ گەلی کورد و عەرەب دەسکەوتێکی باش بوو ئەگەر رژێم سەرجەم بڕگەکانی جێبەجێ بکردایە، هەروەکوو، دکتۆر عبدالرحمن قاسملو لە کتێبەکەی ((کوردستان و کورد)) دا دەڵێت ((بەیاننامەی ١١ی ئازار نەك هەر سەرکەوتنی گەلی کوردی کوردستانی عێراقی بوو، بەڵکوو سەرکەوتنێك بوو بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێ گەلی کورد دا، حزبێك کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بوو، کەواتا حکومەتێك نە هەر دانی بەوە دانا کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە وپێویستە بە مافی نەتەوایەتی خۆی بگا. بە ئاشکرا خودموختاری بۆ گەلی کورد بە شێوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد پەسند کرد)). کەواتە رێککەوننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەك دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی سەبارەت بە کوردان سەنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیەش دوای (٢٠)ساڵ خەبات وکۆڵنەدانی میللەتی کورد لە دانوستانی ساڵی ١٩٩١ ی بەرەی کوردستانی لەسەر هەمان بنەماو خاڵەکانی ١١ی ئازار جارێکی تر کەوتنەوە گفتوگۆکردن لەگەڵ میری بەڵام ئەمجارەش رژێم پەیمان شکێن بوو. وە دواتر بۆ پەرلەمانی کوردستان و بریاری فیدراڵیەت هەر سوود لەبرگەکانی ئەوکاتە وەرگیراوە.

سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:ـ

١- کریس کوچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێرانی حەمە کەریم عارف چاپی سێهەم هەولێر ٢٠٠٦، ل ٣٥٧

٢- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، لێکۆلینەوەیەکی سیاسی ئابووری، عبداللە حسن زادە وەری گێراوە. هەولێر چاپی دووەم ٢٠٠٦



١- رازی نەبوو سەرژمێری لە کاتی خۆی یان لە کاتێکی تر دا ئەنجام بدرێت بەتایبەتی بۆ یەك لاکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە هاوسنوور بوون لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی چاك تێگەیشتبوو کە زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن بەتایبەتی شاری کەرکوك و شوێنەکانی تر.[٣١]

٢- کاربەدەستانی عێراق رازی نەبوون کە ((حبیب محەمەد کریم)) وەك جێگری سەرۆك کۆمار دەست بەکار بێت بە بیانووی ئەوە کە فەیلییە وخەڵکی ئێرانە.

٣- لە ١٧-١٢-١٩٧٠ لە هەڵومەرجێکی ئاڵۆزدا لە رێگای بەغدا هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی درا، کە کەسێکی چالاك و هەڵسوڕاوی شۆرش بوو بە تایبەتی لە بواری دبلۆماسی و سەربازیدا، زۆر سەرکەوتوو بوو.[٣٢]

٤- دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢ کە نزیکەی (٤٠) هەزار کوردی فەیلی ناسنامەی عێراقیان لێ سەندرایەوە و رەوانەی ئێران کران.[٣٣]

٥- لە ٢٩-٩-١٩٧١ دا، هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی سەرکردەی کوردان درا، وەفدێك کە پێك هاتبوون لە (٩) مەلای ئایینی) بۆ سەردانی چوونە بارەگای بارزانی بە مادەی (تی ـ ئێن ـ تی) خۆیان تەقاندەوە و بەڵام تیرۆرستان کوژران و بارزانی بە سەلامەتی دەرچوو.[٣٤] هەرچەندە، ((أحمد حسن بكر و سەدام حوسین)) دوای تەقینەوەکە بروسکەیان ئاراستەی بارزانی کرد کە بەسەلامەتی دەرچووە خۆیان وا نیشاندا کە بێ ئاگان بەڵام لە راستیدا ((أحمد حسن بکر و سەدام حوسین و نازم کزاز)) سێ قۆڵی بڕیاری کوشتنی بارزانی ئەدەن و پیلانی بۆ دادەڕێژن بەڵام بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن ((نازم کزاز))ەوە دەبێت کە چەند مەلایەکی ئایینی کۆدەکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە.

٣١- د. حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية فی الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، كلية التربية ـ بورسعيد، جامعة قناة السويس، قلتبة مدبولی ١٩٩٢ ـ ص ٢٢٦.

٣٢- کریس کۆچێڕا، کورد لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، سەرچاوەی پێشوو.

٣٣- د. مارف عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، سلێمانی٢٠٠٣.

٣٤- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ((ابوبکر خۆشناو)) لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی ٢٠٠٥ — هەولێر، ل ٥٤٢

٦- پیلانی رۆژی ١٥ تموز١٩٧٢ كه تیرۆرستێك بەناوی ((ئیبراهیم گاباری)) یەك جانتای دبلۆماسی هەڵگرتبوو كه پر بوو له( تی ـ ئێن ـ تی) ویستبووی لەلای بارزانی له حاجی عمران بیتەقێنێتەوە ئاشكرابوو.[35]

٧- حكومەتی بەغدا لەساڵی ١٩٧١ هەڵمەتی بەعەرەب كردنی ناوچەكانی كوردانی دا بەتایبەتی شارەكانی (( كەركوك ـ مەندەلی ـ سنجار ـ خانەقین)) [36] وەهەوڵی ئەدا بەشێوازی فشار خستنە سەر دانیشتوەكانیان ناچاریان بكەن خۆیان به عەرەب ناونوس بكەن یان ناچار بن ناوچەكانیان چۆل بكەن و رووبكەنە پارێزگاكانی تر.

٨- رژێم لەماوەی ئاگربەستدا زۆر هەوڵی دا له رووی سەربازەوە زیاتر خۆی پتەو بكات و چەك و تەقەمەنی بكڕێت بەتایبەتی لەگەڵ رووس پەیماننامەیەكیان ئیمزاكرد سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٢ بۆماوەی پانزە ساڵ لەبواری ئابووری و سیاسی كه لەلایەن روسیاوە هاوكاری سەربازی بەتایبەتی فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی و پێداویستیەكانی بواری شەڕ و وەهەروەها كۆمەڵێك شارەزای بواری مەشقی سەربازی كەنزیكەی(١٠٠٠ هەزار) كەس دەبوون لەم بارەیەوە ((مسعود البارزانی)) له كتێبەكەیدا دەڵێت (لەگەڵ دەست پێكردنەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ دا عەمیدی فرۆكەوان (نیكولای فلادیمیر) سەرپەشتی كۆمەڵێك پسپۆر و شارەزایانی رووسەكان دەكرد له بارەگارەی سەركردایەتی هێزی ئاسمانی عێراقی و سەرپەرشتی تۆپباران كردنی هەوایی دەكر لەكوردستان و به هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی و زەمینی).

ناوچەی ئۆتۆنۆمی پارێزگاكانی ((هەولێر ـ سلێمانی ـ دهۆك)) بگرێتەوە[37] ناوچەكانی تر به بیانووی جۆراوجۆر فەرامۆش دەكرد واتە ئەو شارۆچكانەی نەدەگرتەوە كه زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانەكەی كوردن وەك(كەركوك ـ خانەقین ـ كفری ـ ئاكرێ ـ شێخان ـ دووز ـ دوبز ـ شوان ـ قەرەحەسەن ـ جەبارە ـ سەرقەڵا ـ شنگار- نەوجول ـ قادر كەرەم ـ مەندەلی ـ

٣٥- مسعود البازاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، اربيل ٢٠٠٢، ص ٢٦٩

٣٦- كوردستان، له بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی و دیراسات و توێژینەوەی (پارتی دێموكراتی كوردستان) دراسە ژمارەی (٣٣) چاپی یەكەم ١٩٩٨، لاپەرە ٢٤

٣٧- انتخابات بلا حدود، في منشورات مكتب الدراسات و البحوث المركزي (الحزب الديمقراطي الكوردستاني) دراسات رقم ٣٤ الطبعة الاولى ١٩٩٩ ص ٢٩



كۆكس ـ زمار) [38]. مەبەستی رژێم له نەخشەكێشانی ئەم بەرنامە ئەوەبوو زیاتر پاشگەزبوونەوەی بوو له رێككەوتننامەی ١١ی ئازار به تایبەتی كه رژێم دڵنیا بوو له پاڵپشتی دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، هەرچەندە سەركردایەتی كورد زۆر هەوڵی دا جارێكی تر شەڕ له كوردستاندا دروست نەبێتەوە بەڵام رژێم له ١١-٣-١٩٧٤ دا پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣٣) كه به ویست و خواستی بەعسیان بوو بڵاویان كردەوە و مۆڵەتی دوو هەفتەش بۆ سەركردایەتی كورد دیاری كرد بۆ قبوول كردنی.[39]

سەركردایەتی كورد بڕیاری دا ئەو یاسایە قبووڵ نەكات له بەر چەند هۆیەك كه له هەموویان گرینگتر دیاری نەكردنی سنووری كوردستان بوو به گوێرەی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی١٩٧٤ ناوچەی ئۆتۆنۆمی كه دیاری كرابوو، زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ خواستی نەتەوەیی میللەتی كورد و ناوچە دیاری كراوەكە تەنها پارێزگای ( هەولێر ـ دهۆك ـ سلێمانی) كه رووبەرەكەشی دەكاتە ( ٣٦٣٤٧) كیلۆمەتر چوارگۆشە[40]، كه ٤٢,٦٪ی خاكی كوردستانی عێراق پێك دەهێنێ و نزیكەی (٥٠٧٧٠) كیلۆمەتر چوارگۆشە له خاكی كوردستان دابڕی كه دەكاتە نزیكەی ٥٧,٠٤٪ بۆ زیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).

بەعس، بڕیاری خۆی دابوو بۆ ئەوەی شەڕ بكاتەوە و میللەتی كورد لەناوبەرێت، بۆیە هەرزوو سوپای هێنایە كوردستان و بەسەر ناوچەكاندا دابەشی كرد كه پێك هاتبوون له (چوار فرقەی پیادە، دوو فرقەی مودەرەعە، فرقەیەك هێزی تایبەتی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر فرۆكەی جەنگی جۆری (مێك ١٧)، (مێك١٩)، (مێك ٢١)، سوخۆی ٧، سوخۆی ٢٠، باجەر، تۆبۆلیف ٢٢، وە لەساڵی ١٩٧٢ حكومەتی عێراق گەلێك غازی ژەهراوی لەدەرەوەی عێراق

٣٨- فەیسەل دەباغ، كورد و كەمەنەتەوایيەكانی تر لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا بەشی یەكەم چاپخانەی پەروەردە، حوزەیرانی ١٩٩٣، ل ٣

٣٩- دیڤید مەكداول، مێژووی هاوچەرخی كورد، ئەبوبەكر خۆشناو له فارسیەوە كردوویەتی به كوردی چاپی دووەم ٢٠٠٥ هەولێر لاپەرە (٥٥٠)

٤٠- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی دوهەم ١٩٩٩ — لاپەڕە ١٤٩

کرِی، ئەمە لە کاتێکدا پرۆتۆکۆڵی جنێف بەکارهێنانی ئەم غازەی قەدەغەکردووە، وە هەروەها بەردەوام لە هەوڵوکۆششی بۆ پەیداکردنی چەکی کوشندەی وەك — ئەشیعەی لێزەر)[٤١].

لەسەرەتای دەستپێکردنەی شەڕ لە ١١ی مارت تاکوو ١٥ ی نیسان سروشتی ئاووهـەوای کوردستان لەبارنەبوو بۆ شەڕ، بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە هێزەکانی میری هێرشی زۆر فراوانیـان بە دەبابە و تۆپ و فرۆکە هێنایە سەر کوردستان بەڵام پێشمەرگە بەر پەرچیان دانەوە زیـانێکی زۆریان لێدان تەنانەت لەماوەی یەك مانگدا زیانەکانی رژێم هێندە زۆر بوو بـۆ تۆڵـە کردنـەوە رژێمی بەعس پەلاماری شوێنە مەدەنیەکانی دا وەك شـارەکانی (ئـاکرێ و چـۆمان و گەڵاڵـەو زاخۆ و قەڵادزێ و هەڵەبجە) هەرچەندە لەو بۆردومانانەدا کۆمەڵێك هاوڵاتی شـەهید و بریـندار بوون زۆر شوێن وێرانکرا بەڵام کارەساتی بۆردومانکردنی شـاری قـەڵادزێ لـە ١٩٧٤/٤/٢٤دا گەورەترین کارەساتی خوێناوی بوو لەو کاتەدا[٤٢]. شـەڕ یـەك سـاڵی خایەنـد بـەڵام شـەڕێکی

٤١- نامەی ژەنەراڵ بارزانی، سەرکردەی گشتی لەشکری شۆرشگێری کوردستان و سەرۆکی پارتی دێمـوکراتی کوردسـانی عێـراق لـە رۆژی ٢٨-مایـسی ١٩٧٤ بـۆ کـورت ڤـایم — سـکرتێری گـشتی کۆمەڵـەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە گۆڤاری کادر — ژمارە ٢٥ ی کانوونی دووەم ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە.

٤٢- لە ١٩٧٤/٤/٢٤ دا رۆژی چوارشەممە کاتژمێر ٩:٤٠ دەقیقە رژێمی بەعسییان بە چوار فرۆکـەی جـۆری سیخۆی روسی بەچەکی (ناپاڵم)ی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی هێرشیان کردە سەر خەڵکی شـاری قـەڵادزێ لـە ماوەی چەند چرکەیەکدا هێرشێکی دڕندانەیان بەسەرپەرشتی و سەرکردایەتی نـەقیبی فرۆکـەوان(سـالم سـلطان بەصۆ) کە خەڵکی شاری موسڵ بوو کردە سەر شارەکەو بە پیلانی راستـەوخۆی سـەدام حسێن کـە خـۆی لـە کەرکوکەوە سەرپەشتی دەکرد، بناغەی بۆ دانابوو کوشتنی بە کۆمەڵ و وێرانکردنی شارەکە بووە هۆی خـاپوور کردنی نیوەی شارەکە و وێرانکردنـی زانکـۆی سـلێمانی کـە بـەهۆی شـەڕەوە راگواسـترا بـوو بـۆ قـەڵادزێ و گەرەکەکانی ((خەستەخانەو کارەباو ناو بازار) و چەند قوتابخانەیەك و وەهەروەها کوژرانی ١٣٤ هـاوڵاتی ژن و منداڵ و پیرو قوتابی و بریندار بوونی زیاتر لە ٣٥٠ کەس. کە بنەماڵەی وا هەبوو ٩ کەس شەهید بـوون یـان تەنها یەکێك یان دوانیان دەرچووبوون باقی ئەندامانی خێزانـەکانیان شـەهید ببـون. (عمیـد خـدر همـزە لـە نوسینێکدا دەڵێت (قەڵادزێ پشت وپەنایەکی گەورەی کوردایـەتی شـۆڕش بـووە بۆیـە دوژمـن بـە چـاوێکی رقوتووڕەییەوە سەیری ئەم شارەیان کردووە و هەردەم لە هەوڵێك دەگەران بۆ ئـەوەی پـەلاماری بـدەن چـونکە هەردەم ناوچەکە شوێنی بەرخودان و بەرگری کردن بـووە لـە خـەباتی کوردایـەتی)* لەلایـەکی تـر بـە هـۆی هەڵکەوتنی سـتراتیجی سـنوورەکە سـەرکردایەتی شـۆرش لەسـەر پێـشنیاری مامۆسـتایانی زانکـۆ بریـاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی دا بۆ قەڵادزێ نێچیرڤان بارزانی دەڵێت ( کە بریارماندا بە گواستنەوەی زانکۆی



خوێناوی بوو بەتایبەت دەوڵەتی رووس کە لایەنگری و پـشتیوانی بەعـسیان دەکـرد بـە هـۆی کاربەدەستان و شارەزایانی بواری سەربازی و ئابووری دەورێکی کاریگەریان هەبوو کە میللەتی کورد زۆر زەرەرمەند بوو لەهەمان کاتیشدا بەعسیەکان بەهەمان شـێوە زیـانێکی زۆریـان پـێ کەوت. (بۆ زیاتر بروانە خشتەی ژمارە(٣).

رژێم لەو بروایە نەبوو بەم شێوەیە لەبەرەکانی جەنگدا تووشی زیان دەبێت بۆیـە ئـەم جـارە بیری کردەوە لە دارشتنی پیلانی نێودەوڵەتی بەتایبەت لە بـواری دبلۆماسـی بـۆ لـەناو بردنـی کوردان. کە بە پیلانی جەزائیر ناوی دەرکردووە. لە ٢٥-١-١٩٨١ لە کۆبونەوەیـەکی سـەرانی ئیسلامی لە (تایف)ی سعودیە، سەددام حوسین لە پێش گشت سەرانی ئیسلامی رایگەیاند کـە زیانی رژێمی عێراق بـەهۆی شـەڕی کوردسـتان تـاکوو سـاڵی ١٩٧٥ زیـاتر لـە (٦٠) هـەزار کوژراون جگە لەبریندار بوون و زیانێکی ماڵی کە بە ژمارە نایەن.[٤٣]

سلێمانی بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی قوتابی کورد دانەبڕێت لە زانست و بـەردەوام بێـت)** ئـەوەبوو لەسـەرەتای بـەهاری ١٩٧٤ دا زانـستگەی سـلێمانی لـە کـۆی ٦٠٠ قوتـابی ٤٢٥ قوتـابی و سـەرجەم مامۆسـتاکان و فەرمانبەرە ئیدارییەکان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردوو لـە قـەڵادزێ نیـشتەجێ بـوون لـە کـاتی قەسـفەکەدا کۆمەڵێك قوتابی زانکۆ شەهید وبریندار بوون ***

* عمید خدر هەمزە، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە ژمارە ٣٠ نیسانی ٢٠٠٠، ل ١٤

** نێچیرڤان بارزانی،گولانی عەرەبی ژمارە (٥٩)

*** تەها بابان، کۆستی شارێك

٤٣- حەمید گەردی، رۆژی کوردی لە مێژوودا، کوردستان و هەولێر ٢٠٠٥، ل٣١٣




**نەخشەی ژمارە ٤**

**ناوچەی ئۆتۆنۆمیدار بە گوێرەی بڕیاری ٣٣ ساڵی ١٩٧٤**

**سەرچاوە: ئەمین قادر مینە ئەمنی ستراتیجی ی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان و تەرحیل و تەعریب و تەبعیس لەبڵاوکراوەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان سلێمانی ١٩٩٩**



## خشتەی ژمارە (٣)

## زیانەکانی هێزەکانی میری و هێزەکانی شۆڕش[٤٤]

**لە ١٩٧٤/٣/١١ - ١٩٧٥/٣/١١**

| زیانەکانی گیان و موڵك و ماڵی هێزەکانی حکوومەت | زیانەکانی گیانی و ماڵی هێزەکانی شۆڕش |
|---|---|
| ١١٦٨٠ کوژراو | ١٥٣٥ شەهیدی پێشمەرگە |
| ١٨٢٧٠ بریندار | ٢٣٦٠ برینداری پێشمەرگە |
| ٢٣٠ دیل | ١٤٩٣ شەهیدی هاوڵاتی |
| ٢٣٤٦ سەرباز و جاش پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد. | ١٩٥٢ برینداری هاوڵاتی |
| ٢٩٦ تانك و سەربازگوێزەرەوەی تێکشکاو | ٧٤١ گوند بەر بۆمباران کەوتن |
| ٣٩ فرۆکە کەوتنە خوارەوە | ٤٣٩٩ هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر کوردستان |
| ٩٦ تۆپی قورس تێکشکاوە | |
| ٥٧٧ ئوتۆمبیلی سەربازی قەبارە جیاجیاکان تێکشکاوە | |

٤٤- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بەرگی سێهەم – بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٤، ل ٤٢٨.

## بەشی سێیەم
## پیلانی جەزائیر

دوای ئەوەی رژێمی بەعس قبوڵی نەبوو رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ سەر بگرێ، بەتایبەتی دوای خۆماڵی کردنی نەوت (کۆمپانیای نەوتی عێراق ) زۆر لە خۆیان رازیبوون کە کەس ناتوانێت رووبەروویان بێتەوە لەبەر ئەوەی لەبواری ئابووری سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەتایبەتی ئەو کاتە نرخی بەرمیلی نەوت چوار جار لە جاران بەرز ببۆوە[٤٥] و لەلایەکی تر ( بەرهەمی نەوتی کەرکوك ٧٠٪ ی هەموو بەرهەمی نەوتی عێراقی پێك دەهێنا بۆیە حکوومەت ئەو بۆچوونەی کوردەکانیان رەت ئەکردەوە کە لە وتووێژە یەك لە دوای یەکەکانیان لەگەڵ حکوومەتدا ئەیانخستەروو تایبەت بەمەسەلەیکەرکوك)[٤٦] لەلایەك و بەتایبەتی سەرکردایەتی کورد داوای دەکرد بە پێی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پێویست بوو سەرژمێری دانیشتوان بکرێت لە شاری کەرکوك و تاکو ١١ی ئازاری ١٩٧١ جێبەجێ بکرێت بەڵام بەعسییەکان رێگایان نەئەدا راپرسی بکرێت لە مێژووی دیاری کراو یان لەدواڕۆژ لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك کوردبوون[٤٧]، لە لایەکی تر رێکەوتنی رووس و عێراق لەرۆژی ١٩٧٢/٤/٨ دا مۆرکرا، (بە هۆی ئەو پەیمانە زیاتر لە هەزار راوێژکار و پسپۆری سەربازی سۆڤیەت سەرپەشتی هێزەکانی عێراقیان دەکرد)[٤٨]، لەو کاتەدا سەرانی رژێم کەوتبوونە بەرنامەرێژی و خۆ ئامادەکردن بۆشەڕ بەتایبەتی لە رووی ئابووری و سەربازیەوە هاندەرەێکی سەرەکی بوون بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕی ١٩٧٤ کە بە شەڕی یەك ساڵە ناسراوە، هەروەکوو حەردان تکریتی کە جێگری سەرۆك کۆمار بوو ئەویش گوتبووی (ئەو ئامانجانەی بەعس لە رێککەوتننامەی ١٩٧٠ دا هەوڵی بۆ ئەدا ئەوە بوو کە شۆرشی کورد

---

٤٥- کریس کۆچێرا ، ، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێرانی، حەمە کەریم عاریف چاپی سێهەم هەولێر ٢٠٠٦ ،ل ٣٨٧

٤٦- ماگی زاگنەر، جەنگی بێسنوور (راپۆرتێك دەربارەی خۆرهەڵاتی ناوەراست) لەبەهاری ٢٠٠٢ لەلایەن (مامۆستا ئیبراهیم) وەرگێردراوە، خاك ژمارە (٦١) تموزی ٢٠٠٢، ل ٥

٤٧- د. حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، ص ٢٢٦.

٤٨- پ. د. شوکریە رسول، بارزانی و کێشەی کورد لە نێوان بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەییدا (١٩٤٥-١٩٧٥)، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، هەولێر — ٢٠٠٣-ل ٤٠٩



لەناو بەرێت و هەڵی تەکێنێ)[٤٩] هەر بۆیە جارێکی تر لەلایەن رژێمەوە دەست کرایەوە بە شەڕ و ماوەی یەك ساڵ بەردەوام بوو و رۆژ لە دوای رۆژ هێزەکانی رژێم لە بەرەکانی شەڕ تووشی شکست دەبوون و باری سوپای و دارایی روو لە خراپی و لاوازی دەچوو هەربۆیە سەددام حوسێن لە کۆنفرانسی سەرانی عەرەب لە پایتەختی مەغریب لە (ربات) لە رۆژی ٢٦/ ١٠/ ١٩٧٤ دا، مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هێنایە گۆرێ و کۆنگرەش پەسندی کرد و بڕیاری دا شا حوسێنی ئوردن و ئەنور سادات سەرۆکی میسر بەکاری ناوبژی هەڵبستێ.[٥٠] چەندین دیدار و کۆبونەوە بە ئەنجام گەیشت لە میسر و جەزائیر کە(هەواری بۆمدێن جەزائیری و شاە حوسێنی ئوردونی) هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریاندا بۆ رێککەوتن لە نێوان ئێران و عێراق، دواتریش تورکیاش هاتە ناوەوە و چەند کۆبوونەویەکیش لە ئەستەنبول و نیویورك ئەنجام درا[٥١]، لەلایەکی تر ( ((هینری کیسنجەر)) لە یەکێك لە پایتەختەکانی وڵاتانی عەرەبیەوە(کەپێ دەچێت ئووردن بێت) بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر بە نهێنی سەردانی بەغدای کردووە و لەوێ لەگەڵ سەرکردایەتی بەعسی کۆبۆتەوە و بناغەی رێککەوتننامەکەی جەزائیری دارشتووە)[٥٢] لەهەمان کاتدا قەیرانی ئابووری جیهان لە ئارادابوو بۆ هەوڵدانی چارەسەرکردنی پێویست بوو کێشەی نێوان دەوڵەتە بەرهەم هێنەکان چارەسەربکرێت ئەبوو لە کۆنفرانسی سەرانی (ئوپێك)* لە ٤/ ٣/ ١٩٧٥ دا لە پایتەختی جەزائیر دەرفەت بۆ سەرۆك بۆمدیەن رەخساند کە سەددام حوسێن

---

٤٩- پ. د. شوکریە رسول، هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ ل ٤١٠

٥٠- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێرانی، حەمە کەریم عاریف چاپی سێهەم هەولێر ٢٠٠٦، ل٤١٨

٥١- د. جبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٩٩ ل ٧٨

٥٢- د. جاهيد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، كلية التربية ـ بورسعيد جامعة قناة السويس، مكتبة مدبولي ١٩٩٢ ص ٢٣٧

* ئۆپێك یان OPEC : بەواتای ((رێکخراوی وڵاتانی نێرەری نەوت)) لە یەکی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بەغدا، دەوڵەتانی ((عێراق ـ سعودیە ـ کوێت ـ ئێران ـ ڤەنزوێلا)) کۆبوونەوەیان بۆدامەزراندنی ئەم رێکخراوە و ئامانجیان (دیاری کردنی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتە لەلایەن هەر وڵاتێکی ئەندامی و جێگیرکردنی نرخێتی. وەلەساڵی ١٩٦٢ و دواتر کۆمەڵێك دەوڵەتی تر هاتنە ناو رێکخراوەکە لەوانە (قطر ـ لیبیا ـ ئەندونیسیا ـ ابوطبی ـ جەزائیر ـ نایجیرا ـ ئەکوادۆر) وە لەساڵی ١٩٨٦ سێ وڵاتە ئەندامەکەی سەرەتا لە رێکخراوی ئۆپێك رێکخراوێکی عەرەبیان دروست کرد تەنها بۆ دەوڵەتانی عەرەبی بە هەمان مەبەست بەناوی ((ئەواپێك)) واتا (رێکخراوی وڵاتانی عەرەبی نێرەری نەوت)

(که ئەو کاتەی جێگری سەرۆك کۆمار بوو) لەگەڵ محەمەد رەزا شا پەهلەوی ئێراندا پێك بگەیەنێ بە تایبەت چەند دیدار و کۆبوونەوەی شەوانە ئەنجامدرا لە نێوانیاندا و دواتر لە رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە میانەی کۆنفرانسەکە رێککەوتننامەی جەزائیریان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوانیان (بە پێی پرۆتۆکۆلی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ی ئەستانە و پاشان لە ساڵی ١٩١٤ دا کە تایبەتە بە سنووری نێوان عێراق و ئێران کێشراوە) عێراق رازیبوو[٥٣]، بەرامبەر بە ئێران دەست لە پشتیوانی و هاوکاری کردنی بزووتنەوەی باشووری کوردستان هەڵگرێ، وە هەردوولا رازی بوون ئاسایشی سنوورەکانیان توندوتۆڵ بکەن، رێگا لە کەسانی خراپەکار لە هەردوو دیوی سنوور بگرن[٥٤]. دەقی رێککەوتننامەکە لە چوار بڕگە پێك هاتووە و لە ١٣ی حوزیرانی ١٩٧٥ دا لە ئەنجامی چەندان کۆبوونەوە لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە پەیوەندی دارەکان سێ پرۆتۆکۆل کە تایبەتە (شەتاوی عەرەبی ـ سنوورە وشکانییەکان ـ ئاسایشی سنوورەکان)[٥٥].ئیمزا کرد

ئەمەش دقی رێککەوتننامەکەی جەزائیر لە نێوان حکومەتی ئێران و عێراق خاڵە رەسمیەکانی بەم شێوەیە[٥٦] بوو: بۆ پیادە کردنی سەلامەتی خاك و رێزگرتنی سنوور و دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆ، هەردوو لای باڵای رێککەوتوو بڕیاریان دا:

١- نەخشەکێشانی ئێکجارەکی سنووری وشکانی هەردوولا بە پشت بەستن بە پرۆتۆکۆلی قوستەنتەنیەی ساڵی ١٩١٣ز. کۆنووسەکانی لیژنەی دیاری کردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ز.

٢- دیاری کردنی سنوورە وشکانیەکان بە پێی هێڵی ((تالوك)) ( کە ئەویش هێڵێکە لەناوەراستی ئاوەرۆی سەرەکی کە بەکەڵکی کەشتیوانی بێت لەکاتی نزمبوونەوەی ئاستی ئاو بە دەست پێکردن لەو خاڵەی سنووری وشکانی لە شەتلعەرەبەوە تا دەریا دادەبەزێت).

٥٣- خەبات عبداللە، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور وەزارەتی رۆشنبیری چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١، ل ٧٨ .

٥٤- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی چاپی دووەم ٢٠٠٥ هەولێر لاپەرە ٥٥٤.

٥٥- د. دلێر شاوێس، مێزگردی تەلەفزیۆنی زاگرۆس شەوی ٦/ ٣/ ٢٠٠٧ .

٥٦- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بەرگی سێهەم — بەشی دووەم، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ چاپی یەکەم — هەولێر ٢٠٠٤، ل ٤٣١.



٣- بەپێی ئەمە، هەردوولا ئاسایش و باوەڕ بەیەك کردن بەدرێژایی سنووری هاوبەشیان دەگەرێنەوە و پابەندی چاودێریەکی توند و کاریگەر دەبن لەسەر سنوورەکانیان بۆ دانانی سنوورەکی ئیکجارەکی بۆ هەموو خۆ دزینەوەیەك کەمەبەستی تێکدانی تێدابێت و لەهەر لایەکەوە هاتبێت.

٤- هەردوو لا لەسەرئەوە رێك کەوتن کە ئەو تەرتیبەی لەسەرەو دەستیان پێکراوە رەگەزی چارەسەرێکی کۆگرن ولێی جیانابنەوە. لە کۆتایشدا دەست لێدانی بنەمای هەریەکەیان، بێگومان، پێچەوانەی گیانی رێککەوتنی جەزائیرە و، هەردوو لاش گرێدراوی بەردەوامیان لەگەڵ سەرۆك هەواری بومەدیەن دەبێت کە لەکاتی پێویستدا یارمەتی برایانەی جەزائیر پێشکەش دەکات لە پێناوی پیادەکردنی ئەم بڕیارە. هەردوولا ئەوەش بەرەسمی رادەگەیەنن کە دەبێ ناوچەکە لەهەر دەستێوەردانێکی دەرەکی پارێزراوبێت.

بەڵام خاڵە نهێنیەکانی رێککەوتننامەکە:[٥٧]

رێککەوتنی جەزائیر لە راستیدا رێکەوتنێکی سادەی سنووری نەبوو، بەڵکوو رێکەوتنێکی بنەرەتی و ستراتیژی بوو، ئەگەر بەتەواوەتی جێبەجێ بکرایە ئاکام و ئەنجامێکی درێژ خایەنی لە ناوچەی کەنداوی فارسدا دەبوو.

رێبەرانی بەعسی بە ئیعتراف کردن بەخەتی سنووری کۆمیتەکانی سنووری ساڵانی ١٩١٣ و ١٩١٤ نەك تەنێ مەسەڵەی شەتاوی عەرەبیان حەل و فەسڵ کردبوو، بەڵکوو چاویان لە مافی مێژووی عەرەب لە خۆزستان ((یان ئەوان گوتەنی لە عەرەبستان)) وکلکەی باکووری کەنداوی فارسیش پۆشی بوو هەربۆیەش چاپەمەنیەکان و بڵاوکراوەکانی دیمەشق بەلەز بە زمانی توند لەم رووەوە سەرزەنشتیان کردن.

بەڵام رێککەوتنەکە خاڵێکی تایبەتی تێدایە کە نابێ وڵاتانی کەنداوی فارس بکرێن بە داشەهارەی گەمەی زلهێزان، لەبڕی ئەمەش پشتیوانی لە ململانێی ناوچەیی و ناوخۆکان نەیەتەکردن. بەم پێیە ئێران دەستبەرداری کوردەکان دەبوو. عێراقیش لەلای خۆیەوە بەڵێنی دەدا کە هیچ جۆرە پیشتوانییەك لە رێکخراوە دژە ئێرانەکان کە لەبەغدا بوو بە مەڵبەندیان، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شۆرشگێڕانی زەفار، نەکات.

وەلە ١٣ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ ئیتیفاقیان کرد لەسەر دروستکردنی سێ لیژنە:[٥٨]

٥٧- کریس کۆچیرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٢٠

لیژنەی یەکەم: بۆ دیاری کردنی نەخشەی سنووری ووشکانی بەپێی قەواڵەی ساڵی ١٩١٣ و کارەکانی کۆمیتەی ساڵی ١٩١٤

لیژنەی دووەم: بۆ دیاری کردنی سنووری ئاوی نێوان هەردوو دەوڵەت لەسەر بنچینەی خەتی ناوەراستی شەتاوەکە ((التالوك)).

لیژنەی سێهەم: چاودێری توند و کاریگەری سنوورەکان بەمەبەستی نەهێشتنی دزەکردنی خەرابکاران و هاوکاری هەردوو دەوڵەت لە کاتی پێویستدا و رێگەدانی هەردوولا کە خاکی یەکتر بەکاربهێنن.

پیلانی جەزائیر تەنها لە نێوان دوو دەوڵەت نەبوو بەڵکوو ململانێی دوور و درێژی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بوو بەتایبەت هەردوو جەمسەری رۆژهەلات و رۆژئاوا و لە لایەکی تر دەوڵەتانی ئیقلیمی و عەرەبی و بەرژەوەندیە داراییەکانیان کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەریان هەبوو کۆمەڵێك دەوڵەت سوودمەند ئەبوون لەوانە:

**یەکەم: دەوڵەتی ئێران**

١- لەساڵانی ١٩١٣ تاکو مۆرکردنی رێککەوتننامەکە کێشەی شەتاوی عەرەبی هەبوو کە ئێران بەشەتاوی فارسی ناوی دەبات، لەو کاتەی سنووری عێراق ـ ئێران کێشراوە کێشەکەیان بەردەوام بووە تاکو ساڵی ١٩٣٧ بە پێی رێککەوتننامەیەکی عێراق دەستی لە بەشێك لە شەتاوی عەرەب بە درێژایی (٧,٧٥کم) هەڵگرت، تاکو بەرامبەر ئەوە ئێران ناچارکرد کە دان بە دەوڵەتی عێراقی بنێت بەڵام ئێران نەیکرد دان بەرەوایەتی سنووری نێوانیاندا بنێت لەساڵی ١٩٦٩ دا ئێران لەیەك لاوە پەیمانی ١٩٣٧ هەڵوەشاندەوە.[59] کێشەکەیان هەربەردەوام بوو تاکوو رێکەوتننامەی ٦ی جەزائیر کە تێیدا ئێران دەسکەوتێکی ستراتیجی بەدەست نەهێنا کێشەکانی سنوور ئارام نەبوونەوە، هەرچەندە لەلایەن عێراق جارێکی تر رێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە و بە هێرش کردنە سەر ئێران کێشەکەیان دووبارە بۆوە.

٥٨- الدكتور جابر ابراهيم الداوي، الغاء الاتفاقية العراقية — الايرانية — لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي. السلسلة الاعلامية ١١٦ لسنة ١٩٨٠ ص ٨٧

٥٩- خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەشایری کوردستانی باشوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.



٢- دەست کەوتی دووەمی ئێران، بەسەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دروست بوونی کیانێك بۆ کورد کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کوردەکانی ئێران هەبوو بەتایبەتی نزیکەی زیاتر ٥ ملیۆن کورد لە ئێران هەبوو بیر و هۆشی کوردایەتی لەناویاندا پەرەی سەندبوو چوونکە رێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، کوردەکانی عێراق مۆڵەت درابوو بە پێشمەرگەکان مانگانە بۆیان هەیە سەردانی کەس و کارو خێزانەکانیان بکەن لە ناو ئێراندا، ئەم جموجۆڵەش تێکەڵاویەکی پتەوی درووست کردبوو و کاری کردبووە سەر کوردەکانی ئێران و شای ئێران ترسی هەبوو لە راپەرین و شۆڕش لە دژی ئێران لە لایەکی تر ئێران دەیویست نفووز و دەسەڵاتی رووسەکان لە عێراق کەم بکاتەوە و وەهەروەها کە هاندەرێکی پتەو بوو بۆ زیاتر خۆ نزیك کردنەوە لە ئەمریکیەکان، بە تایبەتیش لە نامەکەی کیسنجەردا لە ١٩٧٥/٢/١٨دا مەرامی شای ئێران دەردەخات و دەڵێ (شای ئێران بە بوونی دەوڵەتی کوردی رازی نابێ کە خاوەن ئۆتۆنۆمی و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی مەرکەزی شیوعی بێت)[60]

دووەم: عێراق، تاکە بەرژەوەندی سەرانی بەعس لە رێککەوتننامەی جەزائیر کە بەلایانەوە گرینگ بوو دامرکانەوەی شۆڕشی کوردبوو چونکە سەددام حوسێن لەیەکەم دانیشتنیدا گوتبووی ( ئامادەم بۆ هەر رێکەوتنێك لە پێناو دژایەتی میللەتی کوردا)[61] وەهەروەها سەددام حوسێن لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی لەرۆژی ٨-٣-١٩٧٤ دا دەڵێت (( مەجبورمان نەکەن تەنازوول بۆ (شا) بکەین ئەگەر عێراق تووشی مەترسی بێت واز لە شەتاوی عەرەبی دەهێنین کە ئەمە دڵمان تووشی برینێکی قووڵ دەکات و ئێوەش بەرپرسن لەمە، ئەگەر تەنازوولمان بۆ شا کرد ئێوە نرخەکەی بەگران لەسەرتان دەکەوێت))[62]، هەر لەوبارەیەوە ((اسماعيل تايه النعيمي)) دەڵێت ((ئێمە لەرووی عەسکەری بەهیچ شێوەیەك سەرکەوتوو نەبووین و نەمان توانی بەسەر بارزانیدا زاڵ بین بەڵام هۆکارە سیاسیەکان بۆ سەکردایەتی عێراق رەخساند و توانیمان لە ساڵی ١٩٧٥ دا بەسەر کوردەکاندا زاڵبین)[63].

٦٠- پ. د. شوکریە رسول، بارزانی و کێشەی کورد لە نێوان بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەییدا (١٩٤٥-١٩٧٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤١١

٦١- لیواء الشرتة الحقوقي محمد صالح عقراوي، الكرد والدولة المستقلة وفق العاهدات و المواثيق الدولية، وزارة الثقافة الاقليم كردستان العراق، اربيل ٢٠٠٥ ص ٢١١

٦٢- پ. د. شوکریە رسول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٧

٦٣- د. ناصح غفور، چەند لایەنێك لە کەلەپووری نیشتمانی و خەبات گێرانەی بارزانی نەمر، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی رێکخستنی پێشمەرگە، زنجیرە (٥٠ )، چاپخانە وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٨

**سێهەم:** ڕێککەوتنی رووس و عێراق لە ٨-٤-١٩٧٢ دا ، کەتایبەت بوو بە هەردوو بواری ئابووری و سەربازی، کە رووسەکان مەبەستیان بوو بۆ قایم کردنی پێگەیان لە کەنداوی عەرەب بە تایبەتی رێگەدانی کەشتی گەلی رووسەکان و هاموشۆکردن پەرە بە جموجوڵی ئابووری خۆیان بدەن و بەتایبەتیش سوود وەرگرتن لە کانە نەوتەکانی عێراق لەرێگای کۆمپانیا نەوتیەکانەوە وەهەروەها وەکوو چەکێکیش عێراق بەکاربهێنێت دژی بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە زۆر هانی عێراقی دا بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکرێت بۆیە لە ساڵی ١٩٧٠ دا (بریما کۆڤ) ئەوەی لە عێراق ویست و ووتی ((ئەگەر کێشەی کورد چارەسەربێ عێراق دەتوانێ ڕێزەکانی خۆی دژی ئیسرائیلیەکان رابگرێت))[٦٤]، لەهەمان کاتشدا رژێمی عێراقی پرچەك و تەقەمەنی سەردەم کردوو پسپۆر و شارەزای بواری سەربازی لە عێراق زیاد کرد و لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی یەك ساڵە دەورێکی زۆر کاریگەر و خەراپی بەرامبەر بە کورد هەبوو کە هۆیەك بوو بۆ هەڵستانەوەی رژێمی عێراق و پاشگەز بوونەوەی لە ریککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، رووسیا کەوای دەزانی بە یارمەتی دانی بەعس لە عێراق، خەلیج دەبێتە پێگەیەك بۆ ئەو، لەبەر ئەوە کام چەکی هەرەگرینگی رووخێنەرو سووتێنەر بوو دای بەسەدام و ئەمریکاش بۆ پاراستنی ئێران بە دەستی خۆیان کەم تاکورتێك یاریدەی شۆرشیان دەکرد، لەوە دەترسان نەوەك کێشەکە لەوە زلتر ببێ و عێراق دەربەست خۆی بخاتە باوەشی رووس بە یەکجاری و لە ئاکامدا خەلیجیشیان لێ ئاڵۆز بێ، خۆی لە کورد کێشایەوە و ئێرانیشی کشاندەوە و لەگەڵ عێراق رێککەوتن.[٦٥]

**چوارەم:** تورکیا، ژمارەی کوردەکانی تورکیا نزیکەی ١٥ ملیۆن کەسە، ترسی هەبوو لەگەڵ سەرکەوتنی کوردەکانی عێراق و راپەرین و شۆرش لە تورکیا سەرهەڵدات و ئەوانیش داوای مافی چارەنووسی خۆیان بکەن بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام هەوڵی ئەدا دانوستان و کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بکرێت بە تایبەتی ئەو کۆبوونەوانەی کە لە ئەستەمبوڵ بە ئەنجام دەگەیشتن بەراشکاوی داوای لە ئێران دەکرد کە هاوکاری کوردەکان نەکەن بۆ باقی پارچەکانی تر مەترسی دارە لە لایەکی تریش متمانە کردنی وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٦٤- پ. د. شوکریە رسول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٥

65 هەژار موکریانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، هەژار کردوویەتی بەکوردی، لە لایەن کۆری زانیاری کوردەوە لە چاپ دراوە، لە ساڵی ١٩٧٢ ل ٨٥٩



**پێنجەم:** وڵاتانی عەرەبی ((ئوردن ـ میسر ـ جەزائیر)) لەگەڵ ئێران و تورکیا بوون ئەمانە هەموویان لە پشت و بەرژەوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا کاریان دەکردوو بەمەبەستی رازی کردنی ئەمریکیەکان لەلایەك و لە لایەکی تر رزگاربوونیان لە قەیرانی ئابووری و سوود وەرگرتنی ماددی بەتایبەتی کە شای ئێران بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە ٦/ ٢/ ١٩٧٥ گەیشتە (ئوردن ـ قاهیرە) لەلایەن ئێرانەوە یەك ملیار دۆلار بۆ میسر دابین کرا[٦٦]، هەروەها سود وەرگرتن لەنەوتی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران.

**شەشەم:** ئەمریکیەکانیش هەر لە سەرەتای ریککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا لە هەوڵی بەردەوام بوون کە عێراق لە شەڕ و ئاژاوەدا بێت بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی عەرەبی کە عێراق زیاتر دەی جوڵاند لەلای لاواز بێت بەتایبەتیش مەسەلەی فەڵەستین و کەمکردنەوەی دژایەتی ئیسرائیلییەکان لەرێگای شای ئێران وە خۆی لە سەرکردایەتی کورد نزیك کردەوە و کۆمەڵێك بەڵێنیان دابوو بۆ هاوکاری و پشتیوانی میللەتی کورد بەڵام لەلایەکی تر (نیکسۆن و کیسنجەر، حەزیان نەدەکرد بارزانی جەنگەکە بباتەوە، چونکە باشیان دەزانی ئەگەر کوردەکان لە عێراقدا سەرکەوتووبن، کوردەکانی ئێرانیش هەڵدەستن و داوای سەربەخۆی دەکەن و ئەگەری ئەوەش هەیە کوردەکانی تورکیاش هەمان شۆڕش بکەن، لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیا دۆستی نزیك و بەوەفای ئەمریکان، ئەمریکاش حەزناکات ئەم دوو دەوڵەتە لاوازبن بۆیە حەزی کرد ئێران و عێراق کێشەکانیان چارەسەربکەن و ئەمریکاش لەو نێوانەدا دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی عێراقدا بەتایبەتی چاڵە نەوتەکانی کەرکوك بگرێ[٦٧]، هەربۆیە لە راپۆرتی پایك دا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد دەردەکەوێ و دەڵێ: ـ ((سیاسەتی ئێمە (واتا ئەمریکا) بەرامبەر بە کێشەی کوردان بێ رەوشتانە بوو، چونکە نەیارمەتیمان دان و نە وازیشمان لێهێنان کە گیروگرفتی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بە دانوستان چارەسەر بکەن، ئێمە نە هانمان دان و دوایش دەستمان لێکردنەوەو جێمان هێشتن))[٦٨].

٦٦- پ. د. شوکریە رسول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٣

٦٧- پ. د. شوکریە رسول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٢

٦٨- د. خلیل ئیسماعیل محمد، (کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی نەمر) هەولێر ـ سەلاحەددین / ١٤-٩-١٩٩٣ کوردستان، ل ١٢٧

راپۆرتەکەی پایك ئەو راستیە ساغ دەکاتەوە کە نسکۆ پێهێنانی شۆڕشی کورد نموونەیەکی دیاری سیاسەتی خیانەت کارانەو دەست برینی نێو دەوڵەتی بوو[٦٩]، لەم بارەیەوە نوێنەری شۆڕشی فەلەستین لەتاران هانی حەسەن، دوای ئەوی چاوی بە بەڵگەنامەکان دەکەوێت لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت (( بۆم دەرکەوت کە ئەو پیلانە دژی کورد چەندە ترسناك و مەترسی دار بوو لەسەر دوارۆژی میللەتی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی))[٧٠].

رژێمی ئێران یەکەم هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ئیمزاکردنی، هەموو یارمەتیەکانی لە کورد بڕی و دەست بەجێ لە رۆژی ٧/ ٣/ ١٩٧٥ تۆپ و تەیارە شکێنەکان و چەك و تەقەمەنیە سەربازیەکانی خۆی کێشایەوە و بەرەو ئێران بردیەوە و ئاگاداری بارزانی کرا سەردانی ئێران بکات و لە رۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٥ دا چاوی بەشای ئێران کەوت و راستەوخۆ ئاگاداری بارزانی کرد کە کێشەکانی ئێران و عێراق بە گفتوگۆ و تێگەیشتن چارەسەرمان کردووە و ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوانماندا ئیمزاکراوەو وە لەسەر ئێوەش پێویستە کێشەکانی خۆتان لەگەڵ عێراق کۆتایی پێبهێنن ئێمە چیتر ناتوانین هاوکاریتان بکەین و سنوورەکانیش لە رووتان دادەخەین، وە بەدڵنیاییە یەوە پێتان دەڵێین ئەگەر بیر لە شەڕکردن بکەنەوە و بەردەوام بن لە شەڕ کردن دژی عێراق ئێمە ناچارین بە پێی ڕێککەوتننامەکە هاوپەیمانی عێراق بین لە دژی ئێوە وەهەروەها ڕێگا بەسوپای عێراقیش ئەدەین لە ناوەوەی ئێران واتا لە سنوورەکانی پشتەوەی ئێوە (حاجی عمران) سوپا هێرشتان بۆ بهێنێت و ئێمەش هاریکاریان دەکەین[٧١]، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتننامەکە بەتەواوەتی لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێرانە و ئاواتێکی لە مێژینەی ئێمەیە هەم خاکی ئێران دەستمان کەوتەوە و لەلایەکی تریش رووسەکانیش لە ناوچەکە وەدەرنران.

لە ١٢-٣-١٩٧٥ بارزانی و وەفدەکەی گەڕایەوە بۆ کوردستان و بڕیاری بەردەوام بوونی شۆڕشیاندا و چەندین هەوڵی دبلوماسیان بەئەنجام گەیاند بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی

٦٩- شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ بەرپرسیارە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی ( پاتی دیموکراتی کوردستان) ژمارە ٢٩ چاپی یەکەم ١٩٩٧، ل ١٣

٧٠- عومەر نوورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری سیاسەت، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٣ هەولێر / کوردستان، ل ١٠٥

٧١- نورەدین زازا، حیاتي كوردية او صرخة الشعب الكوردي ترجمة روني محمد دُملي، دار ئاراس للطباعة و النشر ـ الطبعة العربية الأولى ـ اربيل ـ ٢٠٠١ ص ٢٠٢.



ئەمریکا و ئیسرائیل کە پێشتر بەڵێنیان دابوو هاوکاری و پشتیوانی کورد بکەن بەڵام بێسوود بوو لە پەیمانەکانیان پاشگەزبوونەوە لەبەر مەسڵەحەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەتایبەتی دواتر لە راپۆرتی (پایك) کیسنجەر ووتوویەتی (ئێمە واز لە کوردەکان دەهێنین بۆ ئەوەی عێراقیەکان دەست بەتاڵ بن چونکە سوریا تاکوو ئێستا مل بۆ ئەوە نادا کە لە قۆناغی دووەمی لێك جیا کردەوەی هێڵی پێکدادانی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکان بێتە ناو گفتوگۆ[٧٢]. بەم شێوەیە پشتیوانی دەوڵەتانی عەرەبی لە عێراق و گۆڕانی هەڵوێستی وڵاتەیەکگرتووەکان و سەودا و مامەڵەی شای ئێران و هەڵوێستی رووسەکان لەلایەکی تر هەموویان هۆکاری راستەوخۆ و نا راستەوخۆ بوون بۆ لەناو بردنی شۆڕشی کوردان، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی کورد بەباشی زانی بۆ ماوەیەك بزوتنەوەی چکداری رابگرێت هەروەك بارزانی لە قسەکردنی دەڵێت ((کورد شەڕی عێراق و ئێران و تورکیاو جەزائیری، پێناکرێت و ئەگەر ئەو هێزانە بێنە ناو خاکی کوردستانەوە و شار و گوندەکانمان تالان و وێران دەکەن و میللەتەکەمان دەفەوتێنن))[٧٣] وەهەروەها بارزانی لە قسەکردنی بۆ (محمد حەسەنین هەیکەل) ئەم راستیە دووپات دەکاتەوە ودەڵێت (دەمتوانی لەسەر شەڕ کردن بڕۆم با سنوورەکانیش داخرانایە، بەڵام وام پێ باشتر بوو کە خوێنی گەلی کورد و عێراق نەڕێژری وە خۆشم بەدەستەوە نادەم بەڵام وام لا باش بوو کە بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بە بزووتنەوەکە بێنم)[٧٤] بارزانی باش لە پیلانەکە تێگەیشتبوو دەیزانی ئەگەر بەردەوام بێت لە شۆڕشی چەکداری ئەوا دەوڵەتان بە تایبەتی (عێراق وئێران) و هاوپەیمانەکانیان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە دەکەونە لێدانی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوکاتە میللەتی کورد تووشی کێشەو گرفتی زۆر دەبێت لە کوشتن وبرسیەتی و لەناوبردنی بە کۆمەڵ کە شای ئێران بە راشکاوی لە ١١-٣-١٩٧٥ دا بۆ بارزانی باس کردبوو، بڕیاری شەڕ راگرتن لەو کاتەدا پێویستی دەکرد بۆ پاراستنی گیانی نزیکەی یەك

٧٢- عومەر نورەدینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٤.

٧٣- شەوکەوت مەلا ئیسماعیل حەسەن، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل ٣٠٤.

٧٤- د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٩.

ملیون ئافرەت و پیر و منداڵانی کورد کە ئاوارەی ئێران بوون[٧٥]، لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٥دا سەرکردایەتی کورد بڕیاری وەستانی شەڕکردنی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرت.

پیلانی جەزائیر ئەگەرچی ترسناکترین پیلان بوو دژی کوردستان و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی مێژوو بۆ جارێکی تر دووبارە بۆوە بەتایبەتی هەر کاتێك شۆڕشەکانی کورد لە سەرکەوتن نزیك دەبوونەوە بە پیلانێکی دەرەکی هەوڵی لەناو بردنیان ئەدرا تووشی نەکسەیان ئەکرد هەروەکوو نەکسەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی شێخ محموودی نەمر لە سلێمانی[٧٦]، کەواتە دەتوانین بڵێین هەرکاتێك کوردستان لە سەرکەوتن نزیك بۆتەوە، دواتر لە لایەن دەوڵەتانەوە بەتایبەتی هەرێمی و دەرەکی پیلانێکی ترسناکیان بۆ دارشتووە لەوانە، پاش ئەو هەموو خەباتە دوور و درێژەی کە لە سەرەتاوە لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا ئەنجامەکەی پەیمانی سیڤەر بوو دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە کورد خەریك بوو بەرە و ئاسۆی روون بچێت لەناکاو پەیمانی لۆزانیان بۆ قیت کردەوە و خستیانە جێگای. جارێکی تر کورد کەوتەوە ژێر دەستیەی و ستەمی دەوڵەتە دڵ ڕەق وحکوومەتە یەك لەدوای یەکەکان وبێ وەفایی دەوڵەتە گەورەکان بۆ جارێکی تر تێکۆشان و بەرخودان تاکو توانی دەوڵەتی عێراق ملکەچ بکات بۆ ئاشتی و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەدەست بێنێت بەڵام دوای پێنج ساڵ دیسان بە پەیمانی جەزائیر ئاواتەکانی گەلی کوردیان پووکاندەوە.[٧٧]

مەسعوود بارزانی لە کتێبەکەیدا، سەبارەت بەڕێککەوتننامەی جەزائیر دەڵێت ((هەرچەندە شای ئێران شەتاوی عەرەبی دەست کەوت و ئەمریکیەکانیش وەعدیان لە عێراق وەرگرت بە چوونە دەرەوەیان لە بازنەی نفوزی سۆڤیەتی و بێنە ناو بازنەی ئەمریکی بەڵام حیزبی بەعس دوو هەڵی مێژووی بە نرخی لەکیس چوو:

٧٥- مەجید ئاسنگەر، ئەوانەی ناحەزی ئێوەن دوژمنی کوردستانن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە زنجیرە ٦ تایبەت بە یادی ٩٥ ساڵەی لەدایك بوونی بارزانی نەمر.

٧٦- د.عبدالغنی علی یحی، گفتوگۆی ڕاستەوخۆی زاگرۆس TV شەوی ٦-٣-٢٠٠٧

٧٧- د. خلیل ئیسماعیل محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.



١- ریککەوتننامەی ١١ی ئاداری بە گرینگی و دلسۆزی جێبەجێ نەکرد.

٢- دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە بڕی ئەوەی گەلی کورد بەلای خۆیدا ڕاکێشی، کەچی مامەڵەی زۆر توند و نامرۆڤانەی دەرهەق بە کورد کرد))[٧٨] بەتایبەتی لە سەرەتاوە دەستی کرد بە ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەی دێهات نشینەکان لە ناو ئۆردووگا زۆرە ملێیەکاندا وە ڕاگواستنی بەشێکی زۆر بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و وە لەساڵانی هەشتاکانیش سیاسەتی دڕندانە زیاتر دەرکەوت کە کەوتە گرتنی بەکۆمەڵ و لە ناوبردنی میللەتی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر، بەڵام کورد جارێکی تر شۆڕشەکەی هەڵگیرسایەوە و کە باوەڕی پتەوی بە هێزی گەل و پێشمەرگە هەبوو، وە ئەوانەی کە زوڵم و زۆرداریان دەرهەق بەکورد کرد لە ئەنجامدا خۆیان لەناوچوون. لە دوای ڕێککەوتنەکە ڕژێمی بەعس دەیزانی ناتوانێت کورد لە ناو بەرێت بەشەڕ وکوشتن هەوڵی داوە بۆ ئەوەی نەخشەی ستراتیجی خۆی لە رووی دیموگرافیەوە بە شێوەیەك دارشتووە کە ڕێژەی فرە نەتەوەی لە عێراقدا تێك بدات بە جۆرێکی وا کورد ڕێژەی نەتەوەی هەرە کەمی دانیشتوان بێت لە عێراق هەبێت و بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی ڕێژەی عەرەب بێت بۆ زیادکردن، مەبەستی ڕژێم ئەوە بوو هەموو کات ڕێژەی کورد ببێتە وەك کەمە نەتەوەیەکی بچوك بۆئەوەی هەرکات ویستی بە سەریدا زاڵبێت هەر لە بە عەرەب کردنی کوردنشینەکان لەو ناوچانەی سنووری کورد و عەرەب و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە عێراق (هەر لەسەرەتای ١٩٦٨ تاکو ١٩٨٢ کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس بوون) [٧٩] و ڕاوانانی کورد بە هۆی سیاسەتی تۆقاندن و داپڵۆسین تاکو کورد ناچار بکرێت ناوچەکە بەجێ بهێڵێت و ئاوارەی هەندەران بێت بۆیە بەردەم سەدان هەزار کورد لە شوێنی خۆیان دەرکراون یان بەهۆی شۆڕشەکانەوە لە ترسی گرتن و کوشتنی بە کۆمەڵ ناچار کراون لە شوێنی خۆیان دەربچن و لە دەوڵەتانی دراوسێ شوێنەکانی تر بە ناچاری ژیانی ئاوارەیی قبووڵ بکەن هەر بۆیە لە دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ١٩٧٤دا، نزیکەی ٢٥٠ هەزار لە خەڵکی کوردستانی باشوور ڕوویانکردە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە

٧٨- مسعود البازاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث، ثورت ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، اربيل ٢٠٠٢، ص ٣٥٤.

٧٩- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی دوهەم ١٩٩٩ – لاپەڕە ١٢٩.

بەڵام بە هۆی هێرشی هەوایی بە تایبەتی لە مانگەکانی نیسانی ١٩٧٤ بۆ سەر قەڵادزێ و هەڵەبجەو ناوپردان و گەلی زاخۆ و باقی شوێنەکانی تر کە بە کۆمەڵ هاولاّتی سیڤل دەکوژران ناچار بوون ئاوارەی ئێران بن و لە ئوردووگاکان لەژێر خێوەت ژیانێکی دژواریان بەسەر ئەبرد، وە لەدوای پیلانی جەزائیریش جارێکی تر خەڵکانێکی زۆر ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران، بە تایبەتی لە بەرواری (٢٢-٣-١٩٧٥)[٨٠] زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کوردی عێراقی ئاوارەبوون بەڵام لەلایەن دەوڵەتی تورکیا ڕێگە نەدرا بە چوونە ناوەوەی کوردە عێراقیەکانی سنووری بادینان بۆیە خەڵك ناچاربوو جارێکی تر شاخە سەختەکانی سنوور بە پێ ببرن کە کۆمەڵێك کارەساتی ناخۆش لە ڕێگادا بە هۆی ئاووهەوای سارد و باران، کەیەکێك لەو خێزانانە کە لە ماوەی ١٠ ڕۆژ ڕۆیشتن بە ڕێگادا ٨ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەیان مردن وەك بنەماڵەی (سەبری دەروێش).

سەددام حوسێن لە سەفەرێکی بۆ تاران لە ڕۆژانی ٢٩-٤ تاکو ١-٥-١٩٧٥ لێبوردنێکی گشتی دەرکرد و رای گەیاند کە تەنها چوار کەس هەقی گەڕانەوەیان بۆ عێراق نیە ((جەنەڕاڵ بارزانی ـ ئیدریس ـ مەسعود ـ محەمەد خالید. ئەوانی تر هەر کێیەك هەن و هەر خەتاو تاوانێکیان کردووە، هیچ شتێکیان لەگەڵ ناکرێ))[٨١]. (بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە -١- کە تایبەتە بە لێبوردنە گشتی یەکە، کە نامەیەکی سەددام حوسێن بە ئیمزای خۆی) حکومەتی مەرکەزی لەو ماوەیەدا ( واتە لە پاش پیلانی جەزائیر) سوودی لەم هەلە(قۆناغە) بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە وەرگرت بەمەبەستی تۆڵە کردنەوە لە خەڵکەکە کە لە سەردەمی شۆڕش دا پشت و پەنای شۆڕشگێران بوون بەم شێوەیە :

**یەکەم:** سەرانی بەعس هەڵسان بە ڕاگواستنی بارزانیەکان لەسەر زێدی باب و باپیرانیان بۆ ناوچەیەکی ووشك لە سنووری پارێزگای دیوانیە و ناسریە،[٨٢] ئەمانە ئەوانە بوون کە زۆربەیان خێزانی ئەو کەسانە بوون کە بە چالاکی داکۆکیان لە شۆڕشی کورد دەکرد بەڵام ڕژێمی بەعس

٨٠- حەمید گەردی، ڕۆژی کورد لە مێژوودا، کوردستان ـ هەولێر ـ ل ٨١

٨١- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێرانی، حەمە کەریم عاریف چاپی سێهەم هەولێر ٢٠٠٦، ل ٤٢٩

٨٢- محمد شاکەلی لە لادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شار،چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦ ، ل ٥١



لە شارەکانی خوارووداا بڵاوی کردنەوە بەسەر قەزا وناحیەو گوندەکاندا دابەشیان کردن کە ئەمەش پێچەوانەی بەندەکانی مافی مرۆڤە بەتایبەتی لە بەندی(٩) دا هاتووە ((بە شێوەیەکی ڕەمەکی نابێ هیچ مرۆڤێك بگیرێت یان دەست بەسەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە))[٨٣]. لە لایەکی تر وەها لە عەرەبەکانیان گەیاندبوو کە ئەو بارزانیانە هەموویان تاوانبارن و لە یاخی بوانن[٨٤]. بە بێ ئەوەی ڕژێم هیچ جۆرە یارمەتیەکیان بدات لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدا بوون وەهەروەها بە هۆی ئاووهەواکەشی کە ناساز بوو لەگەڵ سروشتی خەڵکەکەدا نەدەگونجا و لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان کەس لە منداڵ وپیر و ئافرەت گیانیان لە دەست داوە بە تایبەتی ئەوانەی لە گوندی ((مەرەجوج))[٨٥] نیشتەجێ بوون، پاش پێنج ساڵ واتا ساڵی ١٩٨٠ بە ئۆتۆمۆبیلی سوپای عێراق جارێکی تر کۆیان کردنەوە و هەموویان هێنانەوە بۆ سنووری پارێزگای هەولێر لە ئوردووگاکانی (( قوشتەپە ـ بەحرکە ـ حریر ـ دیانا)) نیشتەجێیان کردن، بەڵام پاش دەستپێکردنی شەڕی عێراق ئێران بە تایبەتی لە ڕێکەوتی ٢٢-٧-١٩٨٣ دا کاتێك حکومەتی ئێرانی هێرشی بەربلاوی هێنا بۆسەر ناوچەکانی حاجی عمران و ناوچەیەکی بەرفراوانیان لە ((شیوەرەش ـ ئالانە ـ ئازادی ـ رایەت)) لە دەسەڵاتی بەعس سەند و هەزاران سەرباز لە هەردوولا کوژران و ڕژێمی عێراق لە ناوچەکە شکا[٨٦]، سەددام حوسێن لەدوای ئەم شەڕە بە بیانووی بەشداری کردنی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕەدا لە ڕۆژانی ٣٠-٧-١٩٨٣ دا بەسەرۆکایەتی ((بەرزان تکریتی و وەتبان تکریتی)) لە کاتی شەودا، لەدەوری ئوردوگای زۆرە ملێی قوشتەپە کە عەشیرەتی بارزانیەکانی تێدا نیشتەجێ بوون و لە ڕۆژی ٨-٨-١٩٨٣ ئوردوگای حەریر لە ١٠-٨-١٩٨٣ ئوردوگای بەحرکە کە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژانەدا نزیکەی ٨٠٠٠ پیاوی گەنجی بارزانی کە لە تەمەنی ١٢ ساڵی تاکو ٦٥ ساڵی گرت و بێ سەروشوێن کران، و سەددام حوسێن لە دانشتنێکی لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی

٨٣- حکومة اقلیم کور دستان، وزارة حقوق الانسان — مکتب حقوق الانسان / ئاکری، نصوص مبحوث من الاعلانات و الاتضاقیات حول حقوق الانسان، کوردستان — ئاکری ٢٠٠٦، ص ٦

٨٤- دلاوەر عیسا ڕێزانەیی، لە یادی ئەنفالکردنی بارزانییەکاندا، دنگی پێشمەرگە ژمارە ١٠٠، ساڵی ٢٠٠٦، ل ٣٨

٨٥- دلاوەر عیسا ڕێزانەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٦- محمد رەئوف عزیز، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٥٤-٥٥

هەولێر، لە پارێزگای هەولێر لە ١٢ ئەیلولی ١٩٨٣ بەراشکاوی ووتی ((ئەوانەی خیانەتیان لە وڵات و لە پەیمان کرد بۆیە بە سزای سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن))[٨٧]، رژێمی بەعس وێرای کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی ئەو هەموو خەڵکە کە تەنیا تاوانیان کورد بوون، لەگەڵ ئەوەش تەرمەکانیان لە نێوان گۆڕە بەکۆمەڵەکان دا پەرت و بڵاو کردۆتەوە بۆ ئەوەی شوێنەوار و ناسنامەشیان بزر بێت و لە بیابانەکانی(بوسەیە) و سێ گۆشەی نێوان عێراق و کوێت و سعوودیە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا تەرمی(٥١٢) کەس دۆزرایەوە کە بەهۆی جل وبەرگ و جەمانەی سوورەکانیان ناسراونەتەوە، هێندرانەوە بۆ کوردستان لە رۆژی ١٧\١٠\٢٠٠٥ بۆ جارێکی تر بەخاك سپێردران لە بارزان[٨٨] .

لە دوو وتار دا لە لایەن بەرێز (مەسعوود بارزانی دەڵێت: بارزانیەکان هەر شەوە ١٠٠ تاکوو ١٥٠ کەس پێکەوە دەیانبردن و لە گۆڕێك زیندەبەچاڵ و رەمیان دەکردن کە زۆر بە پەلە نەبوون وەك ئەنفالەکان بەڵکوو بۆ لەناوبردنیان لەسەرخۆ بوون[٨٩]) وە هەروەها (مام جەلال دەڵێت: بارزان تاکو ئەمڕۆ ١٦ جار لە پێناو گەل و نیشتماندا سوتێندراوە، هەربۆیەش بارزان پێشەنگی راپەرینەکانی کوردە دژی زووڵم و زۆرداری و لاپەڕەیەکی فیداکاری و قوربانی جوانی نەخشاندووە وەك پێشەنگ دەرکەوتووە)[٩٠].

دووەم: حکومەتی مەرکەزی لە دوای نەکسەی ١٩٧٥ سوودی لەم هەڵە وەرگرت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە مایەی ناکۆکی بوون دیڤید مەکداول لە کتێبەکەیدا دەڵێت ((بە پێی سەرچاوە کوردیەکان حکوومەتی یەك ملیۆن کەسی لە دانیشتوانی ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك و مەندەلی و شێخان و زاخۆ و شەنگاری لە ناوچەکانی خۆیان دەرکرد و لە شوێنی ئەوانە کۆچرەوانی میسری و عەرەبی عێراقیان نیشتەجێ

٨٧- دکتۆر فاضل البراك، مصطفى البارزاني الاسطورة و حقيقة، طبعة الثانية، بغداد ١٩٨٩ ص ٢٦٠

٨٨- ووتاری گوڵان، گێرانەوەی وەجبەی یەکەمی بارزانیە ئەنفالکراوەکان ژمارە(٥٥٩) لە ٢٠\١٠\٢٠٠٥، ل ٣

٨٩- مسعوود بارزانی، تایبەت بە گەرانەوەی تەرمی (٥١٢) شەهید لە رۆژی ١٧\١٠\٢٠٠٥، گوڵانی ژمارە ٥٥٩، لە ٢٠\١٠\٢٠٠٥ ل ٤

٩٠- مام جەلال تاڵەبانی، ووتارێك تایبەت بە گەرانەوەی ٥١٢ شەهید لە رۆژی ٢٠-١٠-٢٠٠٥ گوڵانی ژمارە ٥٥٩ ل ٧



کرد))[٩١] وەهەروەها ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کورد بوون وەك (( چەمچەماڵ ـ کفری ـ توزخورماتوو ـ کەلار)) لە پارێزگای کەرکوك داماڵدران و بە پارێزگاکانی سلێمانی و دیالە و سەلاحەددین لکێندران و هەموو ئەو گوندانەش کە نزیك بوون لە چاڵە نەوتەکانی (کەرکوك و خانەقین و موسڵ) خەڵکەکانیان راگواستن[٩٢]، لە هەمان کاتدا یەکێك لە کارە بێزراوەکانی رژێمی بەعس دانی پاداشتی دارایی بەو کەسانەی بە خێزانەوە دێنە ناوچە کوردەکان لەلایەك و لەلایەکی تر بۆ ئەو کەسانەی عەرەبن کە ژنی کوردیان دەخواست کە زیاتر مەبەستیان بوو توانەوەی گەلی کورد لە ناو نەتەوەی عەرەبدا[٩٣] .

سێهەم: ئەوانەی دوای لێبوردنی گشتی سەددام حوسێن لە ٣٠-٤-١٩٧٥ هاتنەوە، رژێم هەموویانی بۆ خوارووی عێراق برد و لەوێ لە ناو عەرەباندا نیشتەجێی کردن، هەرچەند ماڵێك لە ناوچەیەك دابەش کران بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت بەسەریاندا زاڵبێت و وەهەروەها سەرجەم فەرمانبەرە کوردەکان کە پەیوەندیان بە شۆرشەوە کردبوو بەتایبەتی ئەوانەی پلەی لێپرسراویەتیان لە ئیداریەکانیان هەبوو لەگەڵ سەرجەم ئەفسەرانی سوپاو پۆلیس تاکو ساڵانی ١٩٨٠ لە خوارو و ناوەراستی عێراق بە زۆر نیشتەجێ کران وەهەروەها هەموو ئەو کوردانەی لە ئێرانیش مانەوە ژیانی ئاوارەییان پەسەند کرد لەگەڕانەوە بۆ عێراق پێیان باشتر بووە رژێمی شا (حەمە رەزا شای ئێرانیش)* بە نسبەت کوردەکان بەگشتی دڵ رەق و خوێن رێژە وەك سەرۆکی عێراق هەربۆیە بڕیاری دا ئەوانەی مانەوەیان لە ئێران هەڵبژارد ، هەندێك لە گەنجەکان چوونە دەوڵەتانی ئەورووپا وە بەشێکی زۆریش لە ناو ئێراندا مانەوە، سەرجەمیان بەسەر شارەکانی دوور لە کوردستاندا دابەش کران (بە شێوازێك دوور لە یاسای مافی مرۆڤ، بەتایبەتی ئێرانیەکان دەترسان لەبەر کوردەکانی ئێران زۆر مەبەستیان بوو بۆ شارە دوورەکان کە زیاتر لە ١٤٠٠ کم لە کوردستانی ئێران دوور بوون لە کاتێکدا بە لیست ناو دەخوێندرایەوە کە بێ رەچاوکردنی خزمایەتی دابەش دەکران)[٩٤]، لە هەمان کاتدا کە دابەش دەکران بەسەر شارەکاندا بۆ نموونە (لە شاری جهروم کە ٣٦ سەعات لە

٩١- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی چاپی دووەم ٢٠٠٥ هەولێر لاپەرە ٥٥٦

٩٢- شۆرشی حاجی رەسوڵ، ئەنفال، کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٣، ل ٣٥

٩٣- دیڤید مەکداول، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩٤- د.شفیق قەزاز، دیمانەی تەلەفزیوونی کوردستان لە شەوی ٦\٤\٢٠٠٧.

کوردستانەوە دوورە، نزیکەی ٤٠٠٠ خێزانی لێبوو، (شەش مانگ) خولی راهێنانیان بۆ دەکردنەوە و دواتر بۆ جارێکی تر بەسەر گوند و ئاواییەکانی سنوورەکان دا دابەشیان دەکردن بۆ ئەوەی ژیانی رۆژانەیان دابین بکەن وە ئەگەر یەکێك سەردانی کەس و کارو خزمەکانیان بکردایە پێویست بوو لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانی مۆڵەت وەربگرێت کە ئێرانییەکانیش مەبەستیان لە راگواستنی کوردە عێراقیەکان بۆ ئەو شوێنانە تەنها مەبەست، دوورکەوتنەوەیان لە کوردستان لە لایەك و لەلایەکی تر توانەوەی کوردەکان لەناو (فارس و تورکدا)[٩٥].

دکتۆر مارف عومەر گول لە کتێبەکەیدا دەڵێت (لە مانگی ١١ی ١٩٧٥ دا کۆمەڵەی پشتگیری کردنی گەلانی چەوساوە لە ئەڵمانیا-گویتنگن، لە گەڵ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە هۆڵەندە رایان گەیاند ژمارەی راگوێزراوان لە عێراق گەیشتۆتە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کس و (١١٦) سەد و شازدە گوند وێرانکراون، (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار کوردی یەزیدیش لە سنجار راگوێزراون) وە هەروەها دەڵێت ( لە ساڵی ١٩٧٦ دەزگاکانی رژێمی عێراقی کەوتنە دەرهاوێشتن و سووتاندنی ئەو کتێبانەی کەمێژووی کورد دەدوێن وە هەروەها قەدەغەکردنی بابەتی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا[٩٦]).

---

٩٥- عبدالله رسول محمود (ناسراوە بە ملا عبدالله) کەیەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە ئوردوگای جهروم ژیاوە لە ئاوارەید، گفتوگۆ کردن لە رۆژی ٢٣/٤/٢٠٠٧

* حەمە رەزا شای ئێران، لە رۆژی ١١-٢-١٩٧٩ بە راپەرینێکی جەماوەری لە ئێران لەسەر تەختی حوکم هێنایانە خوارێ و دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ئێران دامەزرا و خۆشی بە ناچاری رای کرد بۆ وڵاتی میسر، لە ئەنجامی لادانەکەی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی میسر لە رۆژی ٢٧-٧- ١٩٨٠، مرد.

(سەرچاوە، سەلاح سالار، کوردستان نێت رۆژی ٢٨/٧/٢٠٠٧)

٩٦- دکتۆر مارف عمر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا. سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٢٥

# دەروازەی دووەم

**بەشی یەکەم: پێناسەی راگواستن**

**بەشی دووەم: سیاسەتی راگواستن و پشتێنەی ئەمنی لە کوردستانی عێراق**

**بەشی سێیەم: قۆناغەکانی راگواستن لە هەرێمی کوردستانی عێراق:**

١ـ قۆناغی یەکەمی راگواستن لە ١٩٦٣- ١٩٧٥.

٢ـ قۆناغی دووەمی راگواستن لە ١٩٧٧- ١٩٧٩.

٣ـ قۆناقی سێیەمی راگواستن لە ١٩٨٠- ١٩٨٩ کە بەم شێوەیە بوو:

أ ـ راگواستن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ب ـ راگواستن بەهۆی کاریگەری شەڕی ئێران- عێراق.

ج ـ راگواستن بە هۆی شەڕی کوردستان.

# بەشی یەکەم
# پێناسەی ڕاگواستن

**ڕاگواستن:** بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی دەربارەی ڕاگواستن بنووسین، هەوڵ دەدەین پشت بەچەند سەرچاوەیەکو شارەزایانی ئەم بوارە ببەستین، وەك نووسینەکانی دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا لە لێکۆڵینەوەیەکدا تایبەت بە ڕاگواستنی گوند نشینەکانی کوردستان دەڵێت (( ڕاگواستن، گواستنەوەی جوگرافی یان شوێن گۆڕینی بەزۆر دەگەیەنێ لە ڕێی بەکارهێنانی تۆقاندنو فشار خستنە سەرو هێز بەکارهێنانەوە، کە گۆڕینی هەمیشەیی لە جێی نیشتە جێبوونو ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جوگرافی بۆ یەکەیەکی جوگرافی تر لە خۆ دەگرێت)) [97]

وەدەکرێ دوو جۆر ڕاگواستن دیاری بکرێ:

١- **ڕاگواستنی ئارەزوومەندانە**، واتا کۆکردنەوەی ئەو گوندو گوند نشینانە بەمەبەستی ئابووریو کۆمەڵایەتیو شارستانێتی تاوەکوو ئەو گوندانە زۆر بڵاونو ژمارەی ماڵەکانیان کەمن لە شوێنێك کۆبکرێنەوە بە مەرجێك نزیك زەوییە کشتوکاڵە کانیان بێت بۆئەوەی زیاتر بتواندرێت لەلایەن میریەوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکرێت لەو کاتەدا دەبێت گوند نشینەکان ڕۆڵی سەرەکیان لەو کارەدا هەبێت لەبەر ئەوەی بەتەنگەوە چوونی حکوومەت لەسەر داوای گوند نشینەکان دەبێت.

٢- **ڕاگواستنی زۆرە ملێ**، ئەم جۆرە ڕاگواستنە زیاتر لەو دەوڵەتانە روو دەدات کە زیاتر لەمیللەتێك یان پتر لە مەزهەبێکی تێدا دەژی، دەسەڵاتدارەکان یان حکوومەتەکانیشیان ڕێگای دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانی نێوانیان کەمەبەستی سەرەکیان ئەوەیە دەست بەسەردا گرتنی ڕووبەری زەوی بەسەر حیسابی نەتەوەکانی ترو هەوڵدان بۆ ئەوەی دانیشتوانی ڕاگوێزراو دوور بخرێنەوە لە هێزی شۆڕشگێڕەکان و وەهەروەها لایەنێکی تری ئەوەیە ئەوانەی بەر شاڵاوی ڕاگواستن دەکەون دانیشتوانەکانیان بینە بەکاربردە کە لە بنەرەتدا بەرهەمهێنەر بووە وەهەروەها کۆکردنەوەیان لەناوچەیەك کە هۆکارێکە بۆ گۆڕینی دابەش بوونی جوگرافی دانیشتوان.

---

٩٧- دوکتور سلێمان عەبدوڵڵا، ڕاگواستنی گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی ژمارە (١٤) حوزەیرانی ١٩٩٩.



ئەم جۆرە ڕاگواستنە لە مێژوو دا زۆر جار سەری هەڵداوە بە تایبەتی [98]:

١- ڕاگواستنی هیندییە سووەکان بەرەو ڕۆژئاوای ئەمریکا.

٢- ڕاگواستنی فەڵەستینییەکان لە ئیسرائیل.

٣- کۆکردنەوەی (١٨٠٠٠٠ ) لیبیایی لە سەربازگەکانی مرون لە سێیەکانی ئەم سەدەیە لەلایەن داگیرکەرە ئیتالیەکانەوە.

٤- لەساڵی **١٩٦٢** دوو لەسێی دانیشتوانی ڤێتنامی باشوور لە (١٦٠٠) گوندا کۆکرانەوە کەپێیان دەگوترا (( گوندە ستراتیژیەکان)).

٥- بەدرێژایی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەش بەتایبەتی لەساڵی **١٩٦٣** وە حکوومەتی عێراق دەستی بەڕاگواستنی سەدان هەزار کوردی کردووە و کەوتووەتە کۆکردنەوەی ئەو گوندانەی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی مەرامی تایبەتی خۆیان. وەهەروەها (مراد حەکیم محەمەد) لە کتێبی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستن دا، دەڵێت (( بۆئەوەی بزانین ڕاگواستن چیە دوو مەرجی دیاری کردووە:

یەکەمیان: ڕاگواستن مەرجە، کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕاگوێزرا بن.

دووەمیان: حکوومەت دەست لە چۆڵکردنی شوێنێك یاخود ڕاگواستنی کۆمەڵە کەسێکدا هەبێت)).

وەهەروەها دەڵێت ئێمە پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە کۆچ بکەین: یەکەم: کۆچی زۆرە ملێ. دووەم: کۆچی ناچاری. [99]

**یەکەم:** کۆچی زۆرە ملێ، مەبەست لەکۆچی زۆرە ملێ، ئەو کۆچەیە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە راپێچ دەکرێنو دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر کە بەویستو ئارەزووی خەڵکەکە نیە. لایەنی بڕیاردەر دەوڵەتە، کەمەبەستێکی سیاسی لەپشت ئەو بڕیارەوەیە، کۆچ پێکراوەکان جگە لە مل کەچ کردن مافێکی دیکەیان نیەو پێویستە بۆشوێنی دیاری کراوی تازە بکەونەڕێ. بڕیاری ڕاگواستنی گوند نشینەکانی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥

---

٩٨- سلێمان عەبدوڵڵا، ڕاگواستنی گوند نشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی ژمارە (١٢) حوزەیرانی ١٩٩٩، سلێمان عبدوڵڵا هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٤

٩٩- مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٤ ، ل ٢٣.

تاكو ١٩٧٩ باشترین نموونەیە بۆ ئەم جۆرە كۆچە یان بەواتایەكی تر راگواستنی گوند نشینەكان بەبیانووی دروست كردنی (پشتێنەی ئەمنی سنورەكان) یان راگواستن بەبیانووی ناوچە نەوتییەكان.

**دووەم: كۆچی ناچاری:**

مەبەست لە كۆچ پێكردنی ناچاری، بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوون بەهۆی دەسەلاتی سیاسییەوە بۆ شوێنێكی تر، لە كوردستانی باشوور هەندێك شێوەی هەیە لەوانە:

. كۆچی ناچاری (مەلا مستەفا) ی بارزانیو هەوالەكانی لە ١٩٤٧/٤/١٦ [١٠٠] دوای برینی ریگەی سەخت و دژوارو چیا سەركەشەكانی سێ دەولەتی (عێراقو ئێرانو توركیا) لە ژێر ئاگرو ئاسن و باو و بارانو بەفر تا كوو گەیشتە شوێنی مەبەست(یەكیەتی سۆڤیەتی جاران) ، (٦٢) رۆژی خایاند بەگەورەترین كۆچ كردنی ناچاری دا دەنرێت، وە لەلایەكی تر كە ناچار كرا بوون خاكی كوردستانی عێراق جێبهێلن و چوونە كوردستانی ئێران و بەشداریان كرد لە كۆماری مەهاباد ١٩٤٦ دا ، كەمتر لەماوەی شەش مانگ دا گرفتی گەورەیان بۆ دروست بوو كە ئەویش بلاوبوونەوەی نەخۆشی بەتایبەتی تیفۆئد و نەبوونی داو دەرمانی پێویست، نزیكەی (١٥٠٠) كەسیان بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە لە ناوو چوون، كەئەمە ژمارەیەكی یەكجار زۆر بوو لەو ژمارەیەی لە شەرەكان لێیان دەكوژرا.[١٠١] وەهەروەها رۆیشتنی خەلكی كوردستانی باشوور بۆ سنووری ئێران دوای نسكۆی شۆرشی ئەیلول كە سەرەتاكەی لە ١٩٧٥/٣/٢٢ دەستی پێكرد، كەزیاتر لە ٢٥٠ هەزار كەس ئاوارە بوون و وەهەروەها سالانی دوای ١٩٨٥ تاكوو ١٩٨٩، كە مالو حالیان بە جێ دەهێشتو روویان كردە ناوچە ئازاد كراوەكان یان كۆرەوەكەی بەهاری ١٩٩١ نمونەن بۆ ئەم جۆرە كۆچە.

---

١٠٠- ئاراس حەسۆ میر خان، چوونی بارزانییەكان بۆ یەكیەتی سۆڤیەت لە یادداشتی فەرماندەی شەهید حەسۆ میرخان ژاژۆكی، كتێبی گولان ژمارە (٨) چاپی یەكەم ١٩٩٧، ل ٣٥

١٠١- د. فەرەیدون نوری، بزاڤی بارزانی، دەزگای چاپو بلاوكردنەوەی ئاراس. هەولێر ٢٠٠٧ ، ل ١٩٢



## بەشی دووەم
## سیاسەتی راگواستنو پشتێنەی ئەمنی لە كوردستانی عێراق دا:

تاقی كردنەوە و جولانەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی و شۆرشەكانی گەلانی دونیا گەلێ نموونەمان دەخاتە بەر چاو كەچۆن دەولەتە داگیر كەرەكان بەسەدان هەزار گوندی گەلانی ژێر دەستەو داگیر كراویان راگواستووەو گوندەكانیان بەسووتاندن و كاولكردنی رەزو باغو بێستانەكانیان سووتاندن و كارێزو كانیاوەكانیان كوێر كردۆتەوە. بەزۆر راگواستنی و كۆچ پێ كردنی دانیشتوانەكانیان و كوشتنیو گرتنو شوێن بزركردن رێگە پێنەدانیان بۆ جارێكی تر بگەرێنەوە زێدی بابو باپیرانیان لە دونیا دا كۆمەلێك نمونە هەیە لەوانە:

١- لەنێوان سالانی ١٩١٤- ١٩١٨ توركەكان كوشتارێكی ترسناكیان لە كوردو ئەرمەن كرد.[١٠٢] بەتایبەتی لەمایسی سالی ١٩١٥ دا، دوای ئەوەی هێزەكانی رووسیا ناوچەكانی گۆماوی ((وانیان)) داگیر كرد، حكومەتی توركیا فەرمانیدا ئەرمەنەكانی سەر سنوور لەناو ببرێن،[١٠٣] بە بیانووی ئەوەی كە ئەرمەنەكان چاوەروانی هاتنی هێزەكانی رووسیایان دەكرد، نزیكەی ملیۆنو نیوێك رەوانەی دەشتە چۆلەكانی سووریا و عێراق كران وە بەشێكی زۆریان لەلایەن هێزەكانی توركیا لەناوبران.

لەم بارەوە مەسعود بارزانی دەلێت : ((كاتێك ئەرمەنەكان كەوتنە بەر كوشتاری بێ بەزەییانەوە، ئەندرانیك پاشای ئەرمەنەكان نامەیەكی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی ناردووە، داوای هاوكاریو پشتیوانی لێكردووە بۆ رزگاربوونیان لە دەست توركەكان، شێخ ئەحمەد فەرمانی بە وەلی بەگ دا كە بەهێزێكی ٢٠٠ پێشمەرگەوە بچێ بۆ هاوكاریانو "مەلا مستەفا" بارزانی یەكێك بووە لەو پێشمەرگانە كەچووە ، بۆتە هۆی رزگار كردنی پەنجا هەزار ئەرمەنی لەدەستی توركەكان و كە (خێزانی ئەندرانیك پاشا) یەكێك بووە لەوانە كە رزگاری بووە، ئەو هێزە كوردیە لەو پێناوەدا (١٤ پێشمەرگەی) بەدەست سەربازە توركەكان شەهید كراوە."[١٠٤]

---

١٠٢- مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، چەند راستییەكی مێژووی لە بارەی شۆرشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شۆرشەكای دیكەی بارزان تا ١٩٤٥، چاپی یەكەم هەولێر ٢٠٠١ ل ٤٩

١٠٣- م.س. لازاریف، دكتۆر قەفتاس، كێشەی كورد، لە رووسیەوە كردوویەتی بەكوردی، سالی ١٩٨٩ بەشی دووەمی بغداد، ل ٥٨٤

١٠٤- مەسعوود بارزانی، بارزانیو بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد( ١٩٣١- ١٩٥٨) كتێبی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانە (خەبات) دهۆك ١٩٩٨،ل ٢٤

لە ساڵانی ١٩١٥- ١٩١٦ سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ لەناو بردنی کوردی تورکیا بڕیاریاندا کوردەکان ڕاگوێزن بەمەرجێك (١٠) کوردێك لە ناو (١٠٠) تورکدا دا بندرێن، یان لە هەرشارێکی تورکدا هەوڵ بدرێت ٥٪ ی زیاتر کورد نەبێت بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردایەتی لە ماوەیەکی کەمدا لەبیر خەڵکەکە بچێتەوە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٧٠٠) هەزار کورد ئاوارە کران و ڕەوانەی ئەنادۆڵ کران،[١٠٥] گوندەکانیشیان خاپوور و وێرانکران وەبەشێکی زۆریان لە ڕێگا بەدەستی ژەندرمەکانی تورك کوژران و لەلایەکی تر بەشێکیان بەهۆی ڕێگای دوور و سەختو سەرمای زستانو ماندوو بوونو برسیەتی مردن وەلەکاتی هێرشە سەربازیەکانی تورك لە ساڵانی (١٩٢٨- ١٩٢٩) دا بۆ سەر ناوچەی ئاگری داغ، بە بیانوی شۆڕش، ژمارەی (٣٢٠) گوند کاولکران و دانیشتوانەکەشیان کەژمارەیان (١٠) هەزار کەس دەبوو کە هەموویان پیرو منداڵو ئافرەت بوون لە دۆڵی (زیلان) دا بەفرۆکە ئاگر بارانیان کردن بەناشیرین ترین شێوە هەموویان لەناوبران.[١٠٦]

٢-لەساڵانی ١٩٢٥-١٩٤١ لەسەردەمی ڕەزا شای ئێران دا بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردییەکانی کوردستانی ئێران دا بۆ ناوچەکانی فارس و کرمان ڕاگواستران،[١٠٧] وەلەمانگی ١٩٣٧ دا ڕێککەوتننامەیەك ئیمزا کرا لە نێوان ئێران- عێراق- تورکیا- ئەفغانستانیش بەشدار بوو، بەسەر پەرشتی بەریتانیا، کە بەپەیمانی (سەعد ئاباد) ناسراوە بەگوێرەی ئەو پەیمانە ئەو وڵاتانە هاوبەشی یەکتری دەکەن لە یەکخستنی هێزەکانیان بۆ لێدانو ڕیگەنەدانی بزووتنەوی ڕزگاری کوردی لەناوچە سنوریەکان وڵاتەکانیان بەمەبەستی سەرەکی ئەو پێمانە بریتی بوو لە بەشدار بوون و هەماهەنگی توانای وڵاتەکان لە دژی میللەتی کورد بە گوێرەی بەندی (٧) ئەو پەیمانە بڕیاری بەکۆمەڵ ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی بن دەستی ئێران بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران.[١٠٨]

١٠٥- مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠٦- دکتور بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، محەمەد حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە ئوردی، چاپی دووەم ساڵی ١٩٩٠- ئێران- تەوریز، ل ٩٥

١٠٧- د. خليل اسماعيل محمد، القضية الكردية في العراق وجود أم حدود؟ أربيل ٢٠٠٦، ص ٧٤

١٠٨- دکتور مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتان دا ، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٧٧.



٣- لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ، لەلایەن ستالین، کوردەکانی نیشتەجێ بووی قەفقاس بەزۆری ڕایگواستو لە ناوەڕاستی ئاسیاو کازاخستانو سیبریا نیشتەجێ کران.[١٠٩]

٤- ئیسرائیلیەکان، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی سیاسەتێکی فراوانخوازیان هەبووە و ویستوویانە خاکی فەلەستینییەکان لە زۆرداری داگیر بکەن، لە ڕۆژی ١٢-٧-١٩٤٨ بە فەرمانێکی سوپایی لەلایەن ئیسحاب ڕابین وە دەرچووە کە پوختەکەی ئەمەیە(( دانیشتوانی عەرەب دەبێ بە زووترین کات دەربکرێن بەبێ چاوپۆشین لە تەمەن و ڕەگەز و بارودۆخیان وە دەبێ دەست بەجێ پیادە بکرێ و جێبەجێ بکرێت))[١١٠] کەواتا ئیسرائیلییەکان لە دەرکردنی فەلەستینییەکان لە هەمان کاتدا نیشتەجێ کردنی یەهوودیەکان لەجێگایان. ئەم بڕیارە وەك بڕیارەکەی بەعسییەکان (( بکرو سدام)) وایە بۆ ڕاگواستنی کوردەکان.

٥- لەسەردەمی داگیر کردنی لیبیا لە لایەن ئیتالیاوە لەسەرەتایی سییەکان دا، فاشیەکانی ئیتالیا زیاتر لە ٨٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی لیبیایان ڕاگواستو لە ئوردوگاو گرتوخانەکانیان خزاندن کەخەڵکی لیبیی پێیان دەگووت (( ئوردوگای مردن))[١١١]

٦- ئەمریکاییەکان لەکاتی شەڕو داگیر کردنی ڤێتنام دا لەساڵی ١٩٦٢ دا بەپێی نەخشەیەکی ووردو بەرفراوان زیاتر ٣/٢ی دانیشتوانی ڤێتنامی خوارووی لە گوندەکاندا کۆکردەوەکەناوی نابوو (( گوندی ستراتیژی)).

٧- نازیەکانی ئەڵمانیاش لەجەنگی جیهانی دووەم دا هەر شوێنێکیان دەگرت شارو گوندەکانیان وێران دەکردوو دواتر خەڵکی گوندو شارەداگیر کراوەکانیشی ڕادەگواستو لەشوێنێکی تردا کۆی دەکردنەوەو چوار دەورەیان بە هێزی سوپای دەورە دەدرا.[١١٢]

٨- حکوومەتی سوریا لەساڵی ١٩٦٣ دا ، بەمەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد سیاسەتی (( پشتێنەی عەرەبی)) دا هێنا[١١٣] بەو هۆیەوە دەستی کرد بە تەعریب کردنی ناوچە کوردییەکان

١٠٩- د. محمد هەماوەندی، ڕاگواستنی کوردو زامدار کردنی دیموکراتیەت لە کوردستان لە بلاو کراوەی هەماوەند بۆ چاپو بلاوکردنەوەی (کەرکوك- لندن) چاپی یەکەم ٢٠٠٤، ل ٧٠.

١١٠- د. خليل اسماعيل محمد، القضية الكرديه في العراق وجود أم حدود؟ أربيل ٢٠٠٦ ، ص ٧٧.

١١١- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەلیبیان، تەرحیل- تەعریب- تەبعیس، لەبلاو کراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٤٨.

١١٢- ئەمین قادر مینە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

بەدرێژای سەر سنوری عێراق‌و تورکیا، پیشتێنەی عەرەبی ناوچەیەکی پان‌و بەرینی گرتەوە بەدرێژای ٣٢٠ کیلۆ مەترو پانایی ٣٠ کیلۆمەتر.[114] دەستی کرد بە پلانە گڵاوەکانی دژی کورد بەم شێوە:

أ- بڕیاری چۆڵ کردنی ٣٣٢ گوندی کوردنشینی ئەم ناوچەیەی داو دانیشتوانەکەی بەزۆر راگواستن و لە ناوچە عەرەبییەکان دا نیشتەجێ و بڵاوی کردنەوەو لە شوێنی ئەو ناوچانەش ((پشتێنەی عەرەبی)) دروستکرد و عەرەبی تێدا نیشتەجێ کرد، بەمەبەستی دورخستنەوەی کوردەکان لەخاک‌و ئاوو رەزو باغ لەلایەک‌و لەلایەکی تر دورخستنەوەو لێک دابڕانی کوردەکان لە کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان (تورکیاو- عێراق). هەڵبەت خەڵکی سنورەکان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا هەیە، بە راگواستنیان دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خزمایەتیان و پچڕانیان لە کەلتوور و داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی.[115]

ب- لە بەهاری ١٩٦٢دا، حکومەتی سوریا ویستی سەرژمێریەکی گشتی دانیشتوان بکات کە لە لایەن کوردەکانەوە بە پلانی ((سەرژمێری نا ئاسایی)) ناسراوە کە تەنها بۆ ناوچە کوردنشینەکان بوو بەڵام کوردەکانی ناوچەی جەزیرەی لێ دەرهاویشت و کە ئەنجامەکەشی بێبەش کردنی (١٥٠) هەزار کەس زیاتر بوو کە هەموویان بە بێگانە تۆمار کرد و ناسنامەی سوریایان لێسەندرایەوە لە کاتێک دا ئەمانە لە پێش دروست بونی دەوڵەتی سوریا وە لەم وڵاتە دەژیان، بێجگە بەشدار بوون لە خزمەتی سەربازیدا وەك داروودەستە دژی ئەم و ئەو بەکار دەهێنران،[116] گەئەمەش پێچەوانەی بەندی (١٥)ی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤە کە لەبڕگەی یەکەم هاتووە ((هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی رەگەزنامەیەك کە بیەوێ)) و لەبڕگەی دووەمیش دا هاتووە ((نابێ بەرۆر رەگەزنامە لە هیچ کەسێك بسێنرێتەوە یان مافی ئەوەی نەدرێتێ کە بیگۆڕێت)).

وە لەساڵی حەفتاکانیشدا هەزاران خێزان لە زێدی باب‌و باپیرانی راگواست لە ژێر ناوی گوندی هاوچەرخ کۆی کردنەوەو نیشتەجێی کردن.

١١٣- پارێزەر هەژار عزیز سورمێ، کوردو جینوساید و ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسای نێو دەوڵەتی، چاپی دووەم ٢٠٠٦ ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی هەولێر ، ل ٤٠.

١١٤- دکتور مارف عمر گول، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٨٦.

١١٥- د. رشاد میران و مامۆستا یوسف مەعروف دزەیی، تاوانی ئەنفال بەامبەر بە کورد، سەنتەری برایەتی ژمارە ١٩ بەهری ٢٠٠١ هەلێر، ل ١٥.

١١٦- پارێزەر هەژار عزیز سورمێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٠.



* بەشێوەیەکی گشتی رژێمی عێراق، سیاسەتی بە سوتماك کردنی خاکی کوردستانی باشوور بە سووتاندن‌و کاولکردنی دێهاتەکان و سوتاندنی دارستانەکان‌و لێڕەوارو رەزو باغەکان‌و کوێر کردنەوەی کارێزو کانیاوەکانی، بەزۆر راگواستن و کۆچ پێکردنی دانیشتوانی دێهات‌و شارو شارۆچکەکان‌و کۆکردنەوەیان لە (گوندی هاوچەرخ) و کوردیش ناوی ناوە (ئۆردوگای زۆرە ملێ) و بەردەوام بوونی سیاسەتی کوشتن‌و گرتن‌و شوێن بزر کردن‌و بۆمبارانی تۆپ‌و تەیارەی بەردەوامی ئەو شوێنانەی دەستی پێنەدەگەیشت وە ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانی ئێراقیش بێت وەك (ئۆردوگای زێوە) وە هەروەها چاندنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان‌و رێگا سەرەکیەکان لە لوغم (مین) ی قەدەغە کراو، رێگا نەدانی خەڵکی ناوچەکان بۆ زێدی باب و باپیران‌و رێگانەدان بە چاندنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان‌و نەهێشتنی بەخێو کردنی ئاژەڵداری کە لەهەموو ئەوکرادارانە بۆ ئەوە بوو هیچ شوێنەوارێکی ئاسایی لەگوندەکان کوردستان نەمێنێ بۆ ژیانی ئاسایی خەڵك لەلایەکی تر بەکارهێنانی زەبرو زەنگ‌و دامرکاندنەوەی خوێناوی و پەلاماری چەکدارو تەفرو تونا کردنی نەتەوەیی دژی جولانەوەی کوردی و سیاسی و تۆقاندنی و کوشت‌و بڕی هەمیشەیی و قەڵاچۆکردنی بەجۆرێك کە نمونەی نەبێت لە جیهاندا.

و هەروەها سوپاو داروودەستەی رژێم وا فێر کرابوون کە بە شەو و رۆژ لە پەلامارەکانیان دا سەروەت‌و سامانی خەڵك بەتاڵان بەرن، لەلایەکی تر رژێم بەردەوام لە پلانی ژەهراوی دا بووە لەوانە لە رۆژنامەی (ئۆبزێرڤەری) لەندەن لە ژمارەی رۆژی ٢٠/٥/٢٠٠٠ دا لە ئەنجامی (١٥ مانگ) گفتوگۆی نهێنی نێوان عێراق‌و ئیسرائیل ئاشکرا کرد، کە تێیدا سەددام حوسێن بەرامبەر هەولێ تەلئەبیب بۆ رزگارکردنی بەغدا لەو گۆشە گیریەی تێیدا دەژی، رازی بووە (٣٠٠) هەزار فەلەستینی نیشتەجێی لوبنان لە عێراق و کوردستانی عێراق نیشتەجێ بکا.[117] ئەمەش پلانێکی تری دوژمنانی کوردە، هەرچەندە ناکۆك بن بەڵام لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان پلانی نەگریس دادەرێژن. ئەگەر بەوردی سەیربکەین ئەمانە هەمووی سیمای داگیر کردنی کوردستان و لەناو بردنی گەلی کورد دەردەخەن، لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە، سیاسەتی کورد قڕان و بەرنامەی بۆ دارێژراوە و پیادە کراوە. رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق نوڵیان لەمافی گەلی کورد کردووە دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامە رێژیان کردووە، لەکاتی هەر سەرهەڵدان‌و راپەرینێك دا بەشێوەیەکی دڕندانە لە دژی وەستاونەوە و لە ساڵانی

١١٧- کەمال شەریف، کێشەی قودس و ئاسەواری لەسەر ململانێی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیل، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ژمارە (٣٢)ی تشرینی دووەم ٢٠٠ ،ل ٧٥

۱۹۳۳-۱۹۳٤ بۆ دامرکاندنەوەی راپەرینی بارزان[118] بۆ سەر کوتکردن و لـەناو بردنـی راپـەرینی شـێخ ئەحمەدی بارزان، سوپای عێراقی بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی بەریتانیا دەستی کرا بە وێران کردنی ناوچـەکانی شۆڕشگێرانو کوشتنی خەڵکی بێ تاوان لە گوندنـشینەکان، تـەنها لەسـێ ناوچـەدا (شـێروان- بـەرۆژ- مزوری) دا ۷۹ گوندیان وێران کرد، لەسەرجەمی ۲۳۸۲ خانوو بەرە ۱۳٦٥ خانوویان سووتاندو رووخانـد واتە لە ٦۰٪ ی وێران کرا. وەهەروەها لەساڵی ۱۹٦۳ لەشـاری کـەرکوك، گـەڕەکێکی تـەواو، بـەناوی گەڕەکی کۆماری رووخاند کە لەسەدان ماڵی هەژاری کورد پێـك هـاتبوون.[119] وە هـەمان وێرانکردنـی گەڕەك لە شاری هەڵەبجەش بە ئەنجام گەیاند لـە رۆژی ۱۹۸۷\٥\۲۳ کـە گـەڕەکی کـانی ئاشـقان بـوو رووخاندی. کە ئەمەش پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانی مـافی مرۆڤـە کـە (لـە بەنـدی ۱۷) داهـاتووە و تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە (کە هەموو کەسێك چ بە تەنها یان بە هاوبەشی گەڵ خەڵکی دیکەدا مافی موڵکداری هەیە و نابێت بە ڕەمەکی و هەروا لە گۆترە موڵك لە هیچ کەسێك بسەندرێتەوە). رژێـم هـەر کاتێك مەبەستی بوو بیانوویـەکی دەدۆزیـەوە بـۆ ئـەوەی مـافی خاوەنداریـەتی زەوی زەوت دەکـرد، وە هەروەها موڵکی ئەوانیشی زەوت دەکرد کە خۆیان یان کەس و کاریان لە شاخ بـوون، هـەروەك لـە دوای ساڵانی ۱۹۷٥ زەوی و موڵك وماڵی هەموو ئەوانەی دەست بەسەر دا گرت کە ئاوارەی ئێران بـوون، جا ئەو موڵکانە لەهەر کوێیەك بووبن، وەزۆر جار بە ئەنقەست ئەم موڵکانەی بە نرخی کەم بە پیاوانی خۆیان دەفرۆشت و عجزی دەکرد و بۆ ئەوەی کورد خۆ بەخۆ بەشەڕ بدات و دوژمنـداری و خوێنیـان لـە نێوانـدا دروست بکات هەروەك موڵکی حەسۆ میرخان لە قەڵادزێ کە دەستی بەسـەر دا گـیرا لـە دوای راپـەرین بووە هۆیەك بۆ شەڕی کورد و کورد.

* دەتوانین بڵێین، ئەگەر سیاسەتی دەوڵـەتـەکان (ئەمریکاییـەکان و فەرەنـسییەکان و ئیتالییـەکان) سیاسەتیان رووەو مەبەستێکی سوپای رووت بووبێ بۆ ئەوەی تەنگ بە شۆڕش و شۆڕشگێران هەڵبچنن و جەماوەریان لێ دوور بخرێتەوە پەرە بە پیلانەکانیان بـدەن بـۆ مانـەوەیان لـەو دەوڵەتانـەدا کـە داگیریـان کردوون، بەڵام سیاسەتی دەوڵەتانی کە کوردیان بەسەردا دابەش کـراوە وەك (عـەرەب و تـورك و فـارس) لایەنێکی تریشی هەیە، ئەویش لایەنی نەتەوەیی-شۆڤێنیە[120] تا بتوانێ کورد لە قالب بدەن بە شـێنەیی لە بۆتەی نەتەوەی خۆیان دا بیان توێننەوە، کە بەکردەوە ڕژێمەکان یەك بە دوای یەك ئەنجامیان داوە.

---

۱۱۸- دکتور مارف عومـەر گوڵ، جینوسایدی گەلی کورد، لەبەر ڕۆشنای یاسـای تـازەی نێـو دەوڵـەتان دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلێمانی ۲۰۰۷، ل ۲۱.

۱۱۹- د.محمد هەماوەندی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۷

۱۲۰- ئەمین قادر مینە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ۱٤۲



نەخشەی ژمارە ٥

ناوچەکانی بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتون لە هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە د. خلیل اسماعیل محمد. مؤشرات سیاسة التعریب

# بەشی سێیەم

## قۆناغەکانی راگواستن لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**١- قۆناغی یەکەمی راگواستن ١٩٦٣-١٩٧٥:**

بەپێی سەر ژمێری کردنی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٥٧ دا، هەرێمی کوردستانی عێراق ٦٤٤٥ گوندی گرتۆتە خۆ[١٢١]. (بۆ زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە ٤ ) . گوندەکان بەپێی پارێزگاکان دیاری کراوە، وە رێژەی دانیشتوانی گوندەکان لە هەمان ساڵدا ٧١٪ی کۆی دانیشتوانی هەرێمیان پێک هێناوە[١٢٢].(بڕوانە خشتەی ژمارە ٥)

دانیشتوانی گوندەکان، خەڵکانێك بوون زیاتر بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریك بوون، بە جۆرێك پێداویستیەکانی رۆژانەیان بە ئاڵوگۆری لەگەڵ شارو شارۆچکەکانی کوردستان دابین دەکرد، واتە خەڵکانێکی بەرهەم هێن بوون و کاریگەریەکی راستەوخۆیان لەسەر ئابووری کوردستان هەبوو و لە لایەکی تریش لە هەموو شوێنێك زیاتر سەرچاوەی پاراستنی ناسنامەی کورد و زیندوو راگرتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازەکەی بووە و بەو پەڕی دڵسۆزی و لەخۆبردنەوە سەرچاوەی بژێوو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە هەر لەوێوە دابین کراوە و وە هەروەها باشترین جێگاش بووە بۆ بەگژ داچوونەوەی داگیرکەران و هەر بۆیە میللەتی کورد، چیاکان و گوندەکانی کوردستانی لە هەموو شوێنێك زیاتر بە پشت و پەنا داناوە بۆ مانەوەی، هەر لەبەر ئەوەش بووە بەردەوام دوژمنان نەخشەسازیان کردووە بۆ راگواستن و دەرکردنی دانیشتوانی دێهاتەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەزاران ساڵەی باب و باپیرانیان دەریان کردن ئەم سیاسەتەش لە سەردەمی حوکمی قاسم لە ساڵی ١٩٦١ سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو هەڵسان بە تێکدان و سووتاندنی زۆربەی گوندە کوردیەکان بە تایبەتی ئەوانەی گرینگیان هەبوو لە بواری ئابووری یان ستراتیژییان هەبوو بەزۆری دەرکران[١٢٣] وە

١٢١- سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی ژمارە١٧ی پاییزی ٢٠٠ ل ١٦٠.

١٢٢- جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلیمانی ١٩٩٩، ل ١٢٣

١٢٣- نیگار ئەحمەد، تەعریب و قۆناغەکانی تواندنەوەی کورد، گوڵان ژمارە(٤٠٢)لە ٥\١٠\٢٠٠٢، ل ٣٥



دواتریش لە دوای کودەتا سەربازییەکەی بەعسیەکان لە بەرواری ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا بەشێوەیەکی زۆر زیاتر زیادی کرد، دانیشتوانی گوند و شارەکان وەك هێزی پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرا و رەشبگیری و کومەڵ کوژی لەوساوە بوو بە باو، ئەو ساڵە بە یەکێك لە ساڵە رەش و شوومەکان دادەنرێت بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، سەرەتا لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین دەستی پێکرد تاکوو سەرجەم شوێنەکانی تری گرتەوە، تەنها لە نێوان هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە ١١\٦\١٩٦٣ تاکو ٢٣\٧\١٩٦٣ سەرجەم (٨٧٥) گوندی وێران کردووە[١٢٤].

لە ٢٥\٥\١٩٦٦دا، بە سەرکردایەتی غانم المصباح ئامر لیوای (٢١) هێرش دەبات بۆ گرتنی بێتواتە[١٢٥]، لەوێوە ناوچەی باڵەکایەتی بخەنە ژێر هەڕەشەوە بەڵام پێشمەرگەکانی دۆڵی خۆشناوەتی زیانێکی زۆریان لێ ئەدەن و ناچار دەبن بشکێن و (١١٠) سەربازیان لێدەکوژرێن[١٢٦].و لە تۆڵەی شکانەکەیان لە گەڕانەوەیان دا لە دێی (کفرە دۆڵ- چۆلیاوا- سەروچاوە- ترشاوا) دەست دەکەن بە تاڵان کردنی گوندەکان و دواتر سووتاندنیان پاشان کومەڵێگ ریش سپی و کەسایەتی ناوچەکە کە مەلای ئایینی لە پێشیان دەبێت دەچنە لای غانم المصباح بۆ ئەوەی داوایان لێ بکەن کەوا دانیشتوانی گوندەکان خەڵکی هەژارو جووتیارن بەڵام لە لایەن غانم المصباح بڕیاری کوشتنی سەرجەمیان ئەدات کە لە ناویان دا مەلای مزگەوتەکەش هەیە٣٣ هاوڵاتی ئەکوژن*.

١٢٤- محەمەد رەئوف عەزیز، ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، ل ٤٤

١٢٥- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩٥٨-١٩٨٥ بەرگی یەکەم. چاپی دووەم ١٩٩٩ سلێمانی، ل ١٤١

١٢٦- سەید محەمەد سەروچاوەیی، گۆرستانی شەهیدان و داستانی کلکەی نەمروود، دەنگی پێشمەرگە ژمارە ٨٤، ل ٥٥

* ئەمەش ناوی هەندێك لە کوژراوەکانە:

١- مەلا مستەفا بەحراویی ٢- مەلا حوسێن ئاکۆ ٣- حاجی حەسەن بەحراویی ٤- سلێمان قادر بەحراویی ٥- شەهید مولود ٦- حمە خاڵە رەشە ٧- حاجی مام سلێمانی چۆلیاوەیی ٨- حسێن سەرجك ٩- سەید حسن سەید گوڵی ١٠- سەید محەمەدی سەید ئەمین ١١- حاجی دەربەندی ١٢- مام عەزیزی ئێرانی ١٣- ئەحمەد رەسول پیرۆت ١٤- مەلا خدری مەلا رەسوی ١٥- حەمە سەدیق خۆشناو ١٦- حەسەن فەتحوڵا بەگ ١٧- ئلغل حەمەد عەلی بەگ ١٨- حەسەن وەسمان بەگ ١٩- سلێمان قادر بەگ ٢٠- رەمەزان شێخە شوان ٢١-

لەسەر تاوانەکانی رژێم هەر لەم بارەیەوە (کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ) لە لەندەن کەتایبەتە بە داکۆکی کردن لە مافی کەمە نەتەوەکان لە جیهاندا، لە راپۆرتی تایبەتی ژمارە (٢٣) دا لە ١٩٨٩ دا کە تایبەتە بە سەرانسەری کوردستان، گەلێ فاکتی تاوانی جینۆ سایدی تۆمار کردووە، بەتایبەتی لەسەر خوارووی کوردستان نووسیویەتی کە لە ١٩٦٠-١٩٧٠ (٤٠,٠٠٠) چل هەزار ماڵ لە (٧٠٠) حەوت سەد گوند دا وێران کراون. ژمارەی ئاوارەبوان گەیشتە، (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزارو (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار کەسیش کوژراو و بریندارن[١٢٧] .

لە سەرەتای حەفتاکاندا، نزیکەی ٧٠ هەزار کوردی فەیلی لە دانیشتوانی شارەکانی بەغدا، بەعقووبە، مقدادیە، خانەقین، مەندەلی، بەدرە و چەند شارۆچکەیەکی دیکە دەرکران.[١٢٨] وە لە کاتی رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، هاوکات تەعریب و راگواستن و کوشتن و برین بەردەوام بوو، بەشێکی زۆر لە فەرمانبەرانی شاری کەرکوك بەهۆی گواستنەوەی ئیداری یان هۆکاری سیاسی بۆ باشووری عێراق گوازرانەوە و خەڵکانی عەرەب لە شوێنیان دامەزران یان نیشتەجێ کران وە لە پارێزگای موسڵ لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٧٤ خەڵکی ٢٤ گوندی زمار کەوتنە بەر شاڵاوی راگواستن وە لە گەڵ دەست پێکردنەوەی شۆرشی کورد لە ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی ١٠ کیلۆمەتری ناوچە شاخاوییەکانی شنگار راگوێزران[١٢٩] . وە لە ساڵی١٩٧٥ لە دوای نەکسەی شۆرشی ئەیلول و لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١٢٦٦ گوند تێکدراوە و خەڵکەکەی رەوانەی باشووری عێراق کراون[١٣٠] ،(ئەو تیرۆر کردنە گشتییەی کە لە ساڵی ١٩٧٥دا لە کوردستان دا دەکرا[١٣١] )، بەناچاری دەیان هەزار کەس لە خێزانە کوردە عێراقیەکان بۆ رزگاربوون لە کوشتن و گرتن و لە ناوچوون بە ناچاری بە

وسو شێخە شوان ٢٢- عەبدوڵڵا کۆلێ ٢٣- خدری برای عەبدوڵڵا کۆلێ ٢٤- شێخە چۆلی ٢٥- محەمەد شێخە چۆلی ٢٦- وەسمان بەگ ٢٧- ساڵح بەگ ٢٨- مەلا ئەبووبەکری بەحراویی

١٢٧- دکتور مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتی دا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣، ل (٢٢-٢٣.

١٢٨- مراد حەکیم محەمەد، سیاسەتی راگواستنی کورد لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ژمارە ٤٥، ل ١٩

١٢٩- خەسرۆ گۆران، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢، بوونی کورد لە پارێزگای مووسڵ، ئەیلوولی ١٩٩٩ هەولێر، ل ٤٨

١٣٠- نیگار ئەحمەد، تەعریب و قۆناغەکانی تواندنەوەی کورد، گوڵانی ژمارە (٤٠٢) ٥\١٠\٢٠٠٢

١٣١- گوشاد حەمە سەعید، کوردستانی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٥، ل ٥٢.



سەختی بێبەش بوون لە کەمی خۆراك و شوێنی حەوانەوە و بەرەو ئێران رۆیشتن و ئاوارە بوون.

ئەوەی شایەنی باسە، رژێمەکانی عێراق دەیان ویست بە هەر شێوەو بیانوویێك بێت باری دێموگرافی کوردستان کە هەر لە سەردەمی قاسمەوە دەستی پێ کردبوو و بە میرات بۆ بەعس مابۆوە کە سەرجەم کابینەی عێراق پشتگیری ئەم سیاسەتەیان دەکرد وە بەتایبەتی لە دوای رێکەوتننامەی ٦ی مارتی ١٩٧٥ ی جەزائیر، کە کوردەکان بە پیلانی خیانەتکارانەی نێودەوڵەتانی دەزانێت پەرەیان بە سیاسەتە دارێژراوەکەیان داوە بەم شێوەیە:

رژێم مەبەستی سەرەکی لە پشتێنەی ئاسایشی بە درێژایی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا- سوریا [١٣٢] ، بۆ ئەوە بوو:

١- دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بگوازرێتەوە بۆ ئۆردووگا زۆرە ملێ یەکان کە لە سەرەتادا گوندە ناوچە شاخاوییەکانی لە نزیك رێگا سەرەکیەکان کۆ دەکردەوە و دواتر بۆ نزیك شارەکان و لەسەر رێگا گشتیەکان نیشتەجێ و کۆیان دەکردنەوە کە پێیان دەگوترا (موجەمەعەکان) وە کوردەکانیش ناویان نابوون (ئۆردووگا زۆرەملێ یەکان)[١٣٣] .

٢- گۆرین و شێواندنی چۆنیەتی دابەش بوونی دانیشتوان، واتە گۆرینی پێکهاتەی نەتەوایەتی بەتایبەتی کوردەکانی هاوسنوور لەگەڵ پارچەکانی کوردستان هەستی نەتەوایەتی لایان زۆر پتەو بوو دوور کەوتنەوەیان دەبێتە هۆی پچرانی ئەم هەستە و لە یەکتری ئاگادار نابن و ناتوانن سوود لە یەکتری وەربگرن، لەلایەکی تر چۆل کردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە ناوچەیەکدا کە ئەمەش کاری سلبی دەکاتە سەر دانیشتوانەکە ناوچەیەك چۆل بکرێت و ناوچەیەکی تر ئاپۆرەو قەڵە بالغ و دانیشتوانێکی چرِی هەبێ[١٣٤] .

٣- گوند نشینەکان بە ناوچەی شاخاوییە سەختەکان ناسراوە کە ئەمەش باشترین شوێنن بۆ بەگژ دا چوونەوەی دوژمنان و هەروەها هێزی بنچینەی شۆرشەو سەرچاوەی بژێو و پێداویستیەکانی پێشمەرگە بووە بە تێکدانیان رژێم وای زانیوە کە هێزی پێشمەرگە کۆتایی پێ دێت کەواتە مەبەستی رژێم زیاتر عەسکەری بووە بۆ ئەوەی لادێیەکان بەشداری شۆڕش نەکەن.

١٣٢- جەزا توفیق تالیب، بایەخی جیوپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٩٦.

١٣٣- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبووبەکر خۆشناو لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی، هەولێر ٢٠٠٥، ل ٥٥٦.

١٣٤- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان (تەرحیل- تەعریب- تەبعیس) لە بڵاو کراوەکانی سەنەری ستراتیجی کوردستان، سلێمانی چاپی دووەم ١٩٩٩ ، ل ١٩٨ .

٤- گوندەکان لایەکی هاوسەنگی شارەکانن، پێکەوە پارسەنگی هەرێمی کوردستان را دەگرن، چۆلکردنیان دەبێتە لەناوبردنی ئابووری کوردستان بەتایبەتی گوند نشینەکان خەڵکانی بەرهەمهێن بوون لە هەردوو بواری (کشتووکاڵی و ئاژەڵداریی)[135] بە راگواستنیان دەبنە چینێکی بەکاربەر (مستهلك). رژێم بنیاتی ئەساسی دوو کەرتی هەرە گرنگی ئابووری کوردستان هەڵوەشاندبۆوە کە کەرتی کشتووکاڵ و ئاژەڵداری یە بەهۆی وێرانکردنی ٩٠٪ دێهاتەکانی کوردستان.

٥- کۆکردنەوەی دانیشتوانەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا لەسەر رێگا گشتیەکاندا زیاتر لە زیندانی عەسکەری دەچوون بەتایبەت کە هەرچوار دەورەیان بە رەبایە چێندرابوو بۆئەوەی لەکاتی پێویست دا بەپێی بەرنامەکانیان هەڵسوکەتیان لەگەڵ بکەن، هەروەکوو لەبەرە بەیانی ١٩٨٣/٧/٣٠ هێزەکانی ئەمن و ئیستخبارات و عەسکەری، بەفەرمانی راستەوخۆی (سەددام حوسێن) هەردوو براکانی ((بەرزان تكریتی‌و وەتبان تكریتی)) راسپارد سەرپەرشتی گرتنی خەڵکی ئۆردووگای (قوشتەپە بکەن و دواتر لە ١٩٨٣/٨/٨ ئۆردوگای هەریرو لە ١٩٨٣/٨/١٠ کۆمەڵگای بەحرکە) کەلەماوەیەکی زۆر کەم نزیکەی (٨٠٠٠) بارزانی لە تەمەنی ١٤ساڵ تاکوو ٦٥ ساڵییان گرت‌و شوێن بزر کران،[136] بەبیانوی تۆڵەسەندنەوە لە بنەماڵەی بارزانی کەرژێم لە بەرەکانی شەڕ زەبری توندی بەرکەوتبوو، هەروەکوو سەددام حوسێن لەبەردەمی کۆمەڵێك خەڵکی پارێزگای هەولێر، بە رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٣ بە ئاشکرا دانی نا بەلەناو بردنی هۆزی بارزانیەکان و گووتی: (( ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و لە پەیمان کرد بۆیە بەسزای سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن))[137]

وەهەروەها دەورەگرتنی ئوردوگای بەستەستێن لە سنوری پشدەر لەساڵی ١٩٨٨ دا بەبیانووی هاتوو چۆکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو ئەو ئۆردوگایە و لەو شوێنەوە هاوکاری‌و پێداویستیەکانی پێشمەرگە دابین دەکرێن، بۆ جاری دووەم لەماوەی (٣) رۆژدا، رایانگواستن بۆ سنوری (دوکان‌و بیتوێن) و لە ئۆردوگای حاجیاوا پیرە مەگرون، نیشتەجێ کران.

---

١٣٥- عدنان سید حسن، جیۆگرافیای (ئابووری- دانیشتوان) ی جیهانی هاوچەرخ وەرگێرانی: فرمان عبدالرحمن – محمد فاتیح) سلێمانی ٢٠٠٢.

١٣٦- مامۆستا یوسف دزەیی و محمد سوانی ئامانجەکانی پرۆسەی ئەنفال و قرکردنی سامانی مرۆڤی کورد سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٤) ، ل ٣٢٨

١٣٧- الدكتور فاضل البراك، مصطفي البارزاني الاسطورة والحقيقة، الطبعة الثالثة بغداد ١٩٨٩، ص ٢٠٦ .



٦- لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، دێهاتەکانی کوردستان لەپێش راگواستن، گوندنشینەکان لە ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی دابوون هەموویان خزم‌و دۆست‌و ناسیاوی یەکتری بوون یەکتریان خۆش دەویست، بەڵام لەدوای راگواستن دانیشتوانی دێهاتەکان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگا زۆرە ملێ یەکاندا شیرازەی باری کۆمەڵایەتی پچڕا بەتایبەتی:

أ- دوورخستنەوەیان لە زێدی باو باپیرانیان و لەدایك بوونی خۆیان ئەمەش لەلایەك بۆ ئەوەی بیانخاتە حاڵەتی هەست بەنامۆی کردنی بەردەوام کەئەوەش بەرەو ونبوون دەیانبات هەرچی داب‌و نەریت‌و بەهای ئەخلاقی بەرزی کوردیە تێکی بشکێنێ و بیانگەیەنێتە حاڵەتی شکستی ئەخلاقی و لەو رەگەزی ئەساڵەتی خۆیانیان رووتیان بکاتەوە، مەبەست ئەوە بوو کە کورد لە هەموو سیفات و خاسیەتە جوانەکانی خۆی پەرت بکات‌و بیکات بە مەخلوقێکی بێ رەگ‌و ریشە بۆ ئەوەی بەئاسانی لەناو برێت.[138]

ب- کۆکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان لە نزیك شارەکاندا بەمەبەستی قەرەباڵغ کردنی ناوچەیەکی دیاری کراو کە لەگەڵ خۆیدا چەندین دیاردەی سلبی هێنا، زیادبوونی رێژەی بێکاری دانیشتوان لە کوردستان بەتایبەتی لەو کاتەدا رژێمی عێراق ژمارەیەکی زۆریشی بیانی لە وڵاتانی عەرەبی وەك ((میسر و سودانی)) هێنا بۆ کارکردن،کە رژێم مەبەستی بوو خەڵکی کوردستان بێ کار بێت بۆ ئەوەی ببێتە چینێکی مشەخۆر و بەستنی زەمانەتی ئابووریان بە ویستی حکومەتی ناوەندی بەغداوە.[139]

ج- کۆکردنەوە و بێکاری دانیشتوانی دێهاتەکان لە ئۆردوگاکاندا بووە هۆی دیاردە دزێوەکان زیاد بکات بەتایبەتی خواردن‌و خواردنەوەی زۆرو قومارخانەکان و دیاردەی کوشتن، کە رژێم زۆر هەوڵی بۆ ئەدا و هانی خەڵکی دەدا لە دژی یەکتری بەتایبەتی لە کاتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دا چەکی بەهەردوو لا دەدا لە دژی یەکتری کە گرینگ نەبوو کێ ئەکوژرێن بۆ رژێم وەك یەك بوو لەلایەك لەلایەکی تر خەڵکی بەم شێوەیە هان دەدا بۆ هەرچی زۆر ترە خەڵك پڕ چەك بکرێن بۆئەوەی دانیشتوانەکە بیر لە شۆڕش‌و کوردایەتی نەکەنەوە و لە لایەکی تر دژی شۆڕشی کورد بەکاریان بهێنن تاکو بەردەوام دوژمنایەتی لە نێوان ریزەکانی کوردا دروست بێت.

---

١٣٨- عەتا قەرەداغی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، وەزارەتی رۆشنبیری، زنجیرە (٣) ساڵی ٢٠٠١.

١٣٩- د.ئازاد شێخانی، ئەنفال لە ناو چوارچێوەی دروست کردنی ئۆردووگا زۆرە ملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٤ تایبەت بە ئەنفال، هاوینی ٢٠٠٢ ، هەولێر، ل ٤٣٨ .

## خشتەی ژمارە (٤)

## ژمارەی دێهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەپێی سەر ژمێری ساڵی ١٩٧٥ [١٤٠]

| ژمارە | ناوی پارێزگاکان | ژمارەی گوندەکان |
|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ١٨٧٧ |
| ٢ | هەولێر | ١٢٢١ |
| ٣ | لەسنوری پارێزگای نەینەوا | ١١٨٧ |
| ٤ | دهۆك | ٦٩٤ |
| ٥ | کەرکوك | ٦٥٠ |
| ٦ | لەسنوری پارێزگای دیاله | ٦٢٥ |
| ٧ | لەسنوری پارێزگای سەلاحەدین (( توز خورماتوو)) | ١٩١ |
| | **کۆی گشتی** | ٦٦٤٥ |

١٤٠- سەرچاوە، سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینی دێهاتییەکان بە هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٧) ، ل ١٧٢.



## خشتەی ژمارە (٥)

## ڕێژەی سەدی دانیشتوانی شارو لادێی پارێزگاکانی هەرێم عێراق (١٩٥٧- ١٩٨٧)[١٤١]

| پارێزگاکان | ١٩٥٧ | | ١٩٨٧ | |
|---|---|---|---|---|
| | شار | لادێ | شار | لادێ |
| دهۆك | ٧,٢ | ٨٢,٨ | ٧٤,٦ | ٢٥,٤ |
| نەینەوا | ٢٧,٦ | ٧٢,٤ | ٤٢ | ٥٨ |
| هەولێر | ٢٦,٨ | ٧٣,٨ | ٧٧,٣ | ٢٢,٧ |
| سلێمانی | ٢٦ | ٧٤ | ٧١ | ٢٩ |
| کەرکوك | ٧٩ | ٦١ | ٧٤ | ٢٦ |
| قەزای خانەقین | ٣٢ | ٦٨ | ٥٢ | ٤٧ |
| مەڵبەندی مەندەلی | ٢٦ | ٧٤ | ٢٪ | ٩٩,٨ |
| هەرێمی کوردستان | ٢٩ | ٧١ | ٦٧ | ٣٣ |
| عێراق | ٣٩ | ٦١ | ٧٠ | ٣٠ |

١٤١- سەرچاوە جەزا تۆفیق تالب هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢

## ٢- قۆناغی دووەم ڕاگواستنی گوندەکان (١٩٧٧-١٩٧٩):

خاڵی (٣) لەبەندەکانی ڕێککەوتننامەی جەزئیر لە نێوان عێراق‌و ئێران، تایبەت بوو بە پاراستنی سنوورەکان لە نێوان هەر دوو دەوڵەت، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت لە سنوورەکان هاموو شۆبکرێت‌و ناوچە سنورییەکان چۆڵ بکرێت، ڕژێمی بەعس مەبەستی بوو زوو هەرێمی کوردستان لەڕووی خاکی و مرۆڤەوە لەسەر بنەڕەتی نەخشەی دوای ١٩٧٥ دووبارە بکێشنەوە بە شێوەیەك ڕووبەرێکی زۆر لەخاکەکە قۆناغ بە قۆناغ ژیانی تێدا نەبێت[١٤٢]، بەناوی دروست کردنی ((پیشتێنەی ئەمنی سنوورەکان)) لەسەرەتادا دەستی کرد بە چۆڵ کردنی گوندە سنورییەکان کە کەوتبوونە نێوان ١٠-٢٠ کیلۆمەتر[١٤٣] لە دانیشتوان چۆڵکراو دواتر ڕووبەرەکە زیاد کرا بۆ ٣٠ کیلۆمەتر و لە هەندێك شوێن زیاتر لە (٤٠) کیلۆمەتر[١٤٤] چۆڵکرا، ئەمەش بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی سنورەکان لە کاتێك دا پێچەوانەی بەندی (١٣- ١) ی جاڕنامای جیهانی مافی مرۆڤە وای دەقنوس کردووە کە : "هەموو کەسێك ئازادی هاتوچۆی و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی لە نێوان سنووری هەر دەوڵەتێك دا هەیە".[١٤٥]

ئەم نەخشەیەی لەدوای ساڵانی ١٩٧٦ وە دەست پێ کردوو بە درێژای ٨٠٠ کیلۆمەتر[١٤٦] لە ناوچە پشتەی سەربە ناحیەی سیروانی قەزای هەڵەبجەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ڕووباری خاپوور لە قەزای زاخۆ، کەواتە بە درێژایی هاو سنوور لەگەڵ ئێران و تورکیا بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتن کە پێك هاتبوو لە گوندو قەزاکانی (( هەڵەبجە ـ پێنجوێن ـ شار باژێر ـ دوکان ـ پشدەر ـ لە پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی چۆمان ـ

١٤٢- زهير الجزائيری، پێش ئەنفال و پاش لەبیر چوونەوە، سەنتەری برایەتی، هاوینی ٢٠٠٢، ژمارە (٢٤)ی تایبەت بە ئەنفال ، ل (٥٩).

١٤٣- کوردستان، کورتە باسێکی مێژووی و جوگرافی و ئابووری لە بڵاو کردنەوەکان مەکتەبی ناوەندی دراسات و توێژینەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) چاپی یەکەم ١٩٨٨، زنجیرە(٣٣)، ل ٢٥ .

١٤٤- د.خليل اسماعيل ، مؤسرات سياسة التعريب و التهجير في اقليم كردستان الطبعة ثالثة، أربيل ٢٠٠٢، ص ٢٠.

١٤٥- جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ، ل (١٣).

١٤٦- ڕاپۆرتی سیاسی پەسندکراوی دەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق ٢-١٩٨٩/١٢/١٢، ل (١١).



ڕەواندوز ـ زێبار لە پارێزگای هەولێرو قەزاکانی ئامێدی‌و زاخۆ لە پارێزگای دهۆك.[١٤٧] بۆ زیاتر بڕواننە نەخشەی ژمارە ـ٥ ـ)).

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری ڕاگواستنەکەیان لە ساڵی ١٩٧٦و ١٩٧٧ دەستی کرد بە ڕاگواستنی گوندە سنووری‌یەکان بەتایبەت ئەوانەی شوێنی جوگرافیان سەختەو هەڵسا بە هێنانی بۆ سەر ڕێگا گشتیەکان‌و کۆی کردنەوە هەروەکو دروست کردنی دوو کۆمەڵگا (چوکەو کۆمتان)لە سنووری ناحیەی ناودەشت سەر بەقەزای قەڵادزێ، لەدواییدا بە شێوەیەکی بەرنامە ڕێژی سەرتاپای گوندە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە بەتایبەتی بروسکە نهێنی و بەپەلەی ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٢ کە بەلیژنەی باڵای کاروباری ناوچەکانی باکوور کە ئاراستەی وەزارەتەکانی (( بەرگری‌و ناوخۆ)) کراوە و وێنەی دراوەتە لایەنە پیوەندی دارەکان کە دەقی برووسکەکە ( لە پاشکۆ دایە بەڵگەنامەی ژمارە (٢)).

ئەو گوندانەی لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٩ بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتن لە کوردستان دا ژمارەیان ٨٧٢ گوند بوو،[١٤٨]

**خشتەی ژمارە ٦**

**ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٩**

| پارێزگا | ژمارەی گوندە خاپورکراوەکان | ژمارەی خێزان | ڕووبەری زەوی ڕاگوێزراو |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٥١٧ | ١٨٥٩٩ | ٣١,١٪ |
| دهۆك | ٢٠٧ | ٧٨٢٨ | ٦٠,٤٦٪ |
| هەولێر | ١٤٨ | ٤٣٨٧ | ٢٦,٩٥٪ |
| کۆ | ٨٧٢ | ٣٠٨١٤ | ١٣,١٠٠کم٢ |

١٤٧- مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا ، سلێمانی ٢٠٠٤ ،ل (١٣٠).

١٤٨- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی دووەم چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٧ و ١٨

رژێم پێش ڕاگواستن لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ دا دەستی کرد بە دروست کردنی ئۆردوگا لە هەرسێ پارێزگای (( سلێمانی و هەولێر و دهۆك)) ، ٦٢ ئۆردوگا لە نزیك شارو شارۆچکەکان و سەر ڕێگا گشتیەکان دروست کرا بەم شێوەیە:

١- لەسنوری پارێزگای سلێمانی، (٣١ ئۆردوگا بۆ ٥١٧ گوند) کە بریتی بوو لە (( چووکە- کۆمتان- پێماڵك- ژاراوە- بەستەستێن- توەسوران- رانیە- چوارقورنە- بنگرد- تاسڵوجە- قادسیە- ئاللایی- تەینال- تەکیەسوتاو- حەمەی کەرەم- باوەنور- ناڵپارێز-زەڕایەن- پێنجوێن- خورماڵ- شانەدەری- قەڵاچوالان- کارێزە- کەناروێ- سورە قەڵات- عەنەب- سیراوان- دوجەیلە- زەحەقێ- ئەحمەد ئاوا و بەردەسوور))

٢- لەسنووری پارێزگای دهۆك، ١٥ ئۆردوگا بۆ ٢٠٧ گوند کە بریتی بوون لە ئۆردوگاکانی: ((شیلادزێ- دەرکارعەجەمە - بێ گۆڤا- دێرەلوك- کوریێ گاڤانا- کوانێ- هێزاڤا- باتیف- بیرسڤی- سیرێ- تلکەبەرێ- بێ گۆڤا- قدش- سندیش)).

٣- لەسنوری پارێزگای هەولێر،١٩ ئۆردوگا بۆ ١٤٨ گوند کە ئۆردوگاکان بریتی بوون لە: (( قوشتەپە (قودس)- قوشتەپە (سەدام)- گرد مەلا (قادسیە) — سێبیران- کانی قرژاڵە- هەنجیر- کەسنەزان- بەستۆرە- بەحرکە- پیرزین- شاوێس- حەریر- شۆرش (دێگەڵە)- دیانا- سیدەکان- گۆڕەتوو)).[١٤٩]

سەرجەم گوندەکان ئەو قۆناغە، لەگەڵ هێنانیان بۆ ئۆردوگاکان، لە لایەن سوپای عێراقی خانووەکانیان تێك دانو لەگەڵ زەوی تەخت کرانو رەزوباغو لێرەوارو کشتوکاڵەکانیان سوتێندرا و کانیاو سەرچاوەکانی ئاو یان هەڵتەکاند تەنانەت بە چیمەنتۆ پڕکراوەتەوەو کاول کران بۆ ئەوەی جارێکی تر ژیان لە سنوری ناوچە راگوێزراوەکان نەمێنێت و میللەتی کورد جارێکی تر پارچە پارچە بکرێت و دوربن لە یەکتری بەتایبەتی پارچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و باکوور زیاتر لەیەکتری دابرێن و لەلایەکی تر دوورکەوتنەوە لە هێزی پێشمەرگەو کاولکردنی ناوچەکان بۆ ئەوەی شۆڕگێرانو خەڵك نەتوانێت لە سنورەکە بمێنێتەوە.

بەپێی رۆژنامەی (الثورە) ی ئۆرگانی حیزبی بەعس کە لە رۆژی ١٩٧٩/٩/١٨دا دەرچووە، تەنها لە نێوان دوو مانگی هاوینی ١٩٧٨ دا، (٢٨٠٠٠) هەزار خێزانی گوند نشینەکانی راگواستووە و کەژمارەیان دە گەیشتە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کەس.

هەموو ناوچە راگوێزراوەکانیش کرانە ناوچەی قەدەغە کراو لە مرۆڤو وەهەروەها بە ئاژەڵیشەوە.

(بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەی ژمارە (٢)

١٤٩- عەبدوڵلا کەریم مەحمود، هەمان سەرچاوەی پێشو.



**٣- قۆناغی سێیەمی راگواستن لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٩) :**

**بەم شێوەیە بوو:**

**أ- راگواستن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان عێراق:**

سیاسەتی راگواستن لە ساڵانی هەشتاکان دا، بەشێوازی جۆراو جۆر دەستی پێ کرد، راگواستن تەنها تایبەت نەبوو بە شارو شارۆچکەکانی کوردستانو وەهەروەها تەنیا تایبەت نەبوو بەو کوردانەی نیشتەجێن لە کوردستان دا، بەڵکو لە لایەن رژێم زیاتر مەبەست بوو کە کورد بن جا لەهەر شوێنێك بێت،[١٥٠] کەواتا بۆ جارێکی تر کەوتە پیلان گێران بۆ راگواستنو دەربەدەر کردنی کورد بەتایبەتی فەیلییەکان لە پایتەختو ناوەراست و باشووری عێراق چونکە بوونی کورد لە بەغداو شارەکانی دەوروبەری هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتدارە عەرەبەکانەوە بە مەترسییەکی گەورە لە قەڵەم دراوە، لەبەر ئەوەی بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد بەتایبەتی لەشاری بەغداو گەرەکەکانی ((کفاح- شیخ عمر- قەنبەرلی- کەرادە- **ثورە**))[١٥١] بەمولکی کورد زاندراوە چونکە رێژەی هەرە زۆری دانیشتوان لەو گەرەکانە لە کوردە فەیلییەکان بوون و ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆریشیان لە ناوچەکانی تر بڵاو بوونەوە، ئەوەش مەترسیەکی گەورە بوو بۆ دەسەڵاتدرانی پایتەختو ترسیان هەبوو لەزۆربوونی کورد لەو شارە دا بەتایبەتی لە کاتی روو بەڕووبوونەوە لەگەڵ کورد دا ترسیان هەبوو لە خۆپیشاندانو چالاکی دژی رژێم بەتایبەتی کە سەرجەم وەزارەتەکانی میری لەو شارەدا بوون، لە سەردەمە جیا جیاکانی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەو ترسەیان هەبوو بەڵام ئەوەی زیاتر بیریان لەو ترسە کردبۆوە سەرانی رژێمی بەعس وە بەتایبەتی سەردەمی سەددام حوسێن، هەربۆیە لە بیانوو دەگەڕان بۆ ئەوەی پیلانە گڵاوەکەیان پیادە بکەن، ئەوە بوو بە بیانووی تەقەکردن و هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی (تاریق عەزیز) لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٠ لە بەغدا یان قۆزتنەوەو شاڵاوێکی گەورە دژی کوردە فەیلییەکان دەست پێ کرد بۆ گرتنیان،[١٥٢] هەڵمەتێکی فراوان دەست پێکرا

١٥٠- مراد حەکیم محەمەد، سیاسەتی ڕگواستنی کورد لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشو، ل (٥).

١٥١- عبدالستار فەیلی، فەیلییەکان لە نێوان بازنەی سووردا، تەکانی رزگاری (بڵاوکراوەیەکی سیاسی مانگانەیە حیزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات) ، ژمارە (١٤) ی ئاداری ٢٠٠، ل (١٤).

١٥٢- غفور مەخموری، بەعەرەب کردنی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی باڵای بەرەنگار بوونەوەی بە عەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، ل ١٤.

به شێوەیەك هیچ دەسەڵاتێكی پێشتر نەی كردبێتن دەستیان گرت بەسەر هەموو سەروەتو سامانیان و ژمارەیەكی زۆریان وە رەگەزنامەو دەفتەری خزمەتی سەربازیو تەنانەت بڕوانامەی خوێندنی قوتابیەكانیشیان لێ سەندرایەوە[153] لەسەر سنوری ئێران بەرەڵڵایان كردن.

بێجگە لە لاوەكانیان گلدرانەوە و دەستگیریان كردن و رەوانەی بەندیخانە جیا جیاكان كرانو دواتریش شوێن بزر كران، بەپێی سەرژمێری (خاچی سوری نێو دەوڵەتی و مانگی سوور) لە ١٩٨٠/٤/٤ تاكوو ١٩٩٠/٥/١٩، ژمارەی فەیلییە دەركراوەكان یەك ملیۆن كەسە.[154]

هۆی سەرەكی راگواستن و دەركردنی كوردەفەیلییەكان دەگەرێتەوە:

١- هۆكاری نەتەوەیی، كە كاریگەری تەواوی لەسەر رژێمی عێراق هەبوو چونكە هزری شۆڤینیەتی عەرەبی رێگانادات نەتەوەكانی تر سەربەستو ئاسودە بژین.

٢- هۆكاری ئابووری، كوردە فەیلییەكان لە شارەكانی ناوەراست بە تایبەتی شاری بەغدا، كۆمەڵێكی زۆر بوون بەتایبەتی لە بواری بازرگانی دا كاریگەری تەواویان لە ناو شارەكەدا هەبوو بەهۆی بوونی سەرمایەكانیانەوە توانایەكی بێ هاوتایان هەبوو لە دەست گرتنو زاڵ بوون بەسەر بواری بازرگانی دا ئەمەش مایەی دڵەڕاوكەیەكی دەسەڵاتداران بوون چونكە كۆنترۆڵكردنی بازرگانی لە بەغدا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پێیان هەزم نەدەكرا كە ئەمەش هۆكارێك بوو بۆ دەركردنیان و چونكە ئەوان كەدەركران دەبوایە ماڵ و موڵكیان بۆ دەوڵەت بەجێ بهێڵن و تەنانەت رێگاشیان پێ نەدان پارەكانیشیان لەگەڵ خۆیان ببەن و دەستی بەسەردا گیرا و دواتریش هەموو سەروەتو سامانیان بەسەر ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی تكریت و سامەرا و دەوروبەری دا بەش كراو لە شوێنی فەیلییەكان نیشتەجێ كران ئەمەش بووە سامانێك بازرگانی جۆراو جۆریان كەوتە بن دەست[155]، لەلایەكە تر شوێنی نیشتەجێیان زەوی بەپیت بوو بۆ كەرتی كشتوكاڵی وەهەروەها بوونی دەریایەكی نەوت لە ژێر زەویەكانیاندا.

١٥٣- یداللة كریم، الفیلیون جزْ من الشعب الكردی و لكن حرموا من الجنسیة العراقیة و لم تسترد ممتلكاتهم لحدالان مجلة صوت الخر، سنة ٢٠٠٧، ص ١٦.

١٥٤- الدكتور منذر الفضل، دراسات اصول القضیة الكردیة و مستقبل العراق، دار اراس للطلباعة و النشر - اربیل ٢٠٠٤، ص ٧١.

١٥٥- عبدالستار فەیلی، هەمان سەرچاوەی پێشوون ل ١٥.



٣- هۆكاری سیاسی، بەتایبەتی لە دوای رێككەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا كوردە فەیلییەكان لە شارەكانی ناوەڕاستی عێراق دا دەوری كاریگەرو باشیان هەبوو لەشۆرشدا و پشت و پەناو كۆمەڵێك لەسەر كردەكانی پێش كەوتوو لە برایانی فەیلی بوون ئەمەش كاریگەریەكی زۆری لەسەر سەرانی بەعس هەبوو.

٤- هۆكاری ئایینی، زۆرینەی كوردە فەیلییەكان لە مەزهەبی شیعە بوون ئەمەش كارێكی راستەوخۆ بوو لەبەر ئەوەی بەعسییەكان ڕقو كینەیان لە شیعە مەزهەبەكانە لە لایەكی تر هەڵكەوتنی سنوورەكەیان كەتۆتە بەرامبەر سنوری كۆماری ئیسلامی ئێران و بەدرێژایی ٤٠٠ كیلومەتر چوارگۆشە.[156]

كەواتە كوردە فەیلییەكان بە دوو شێوە زوڵمیان لێ كراوە یەكیان لەبەر ئەوەی كوردبوون ئەوی تریان لە بەرئەوەی لەسەر مەزهەبی شیعە بوون.[157]

**ب- جەنگی عێراق – ئێران و كاریگەری لەسەر راگواستن:**

دوای رووخانی رژێمی شاە لە ئێران لە ١١ی فێبریوەری ١٩٧٩، رژێمی كۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا،[158] رژێمی ئێران لە سەرەتادا هەوڵی دا بە گرتنو راونانی كاربەدەستانی سوپای ئێران بەتایبەتی ئەوانەی لایەنگری شاە بوون كەبووە هۆی راكردنی گەورە بەرپرسانی (سوپا و ئەمن و پیاوانی بەرپرسانی ئیدارەكان) بۆ دەرەوەی ئێران[159] و بەمەش شیرازەی دەوڵەتو دامو دەزگاكانی بەشێوەیەك تێك چوو، رژێمی بەعس ئەم ئاڵۆزیەی بە هەل زانی چونكە ماوەیەك بوو رژێم بیری ئەكردەوە كە رێككەتنامەی ٦ی مارتی جەزائیر لە لایەن عێراقەوە واز هێنانی بەشێكی زۆری لە ئاو و خاكی عێراق و مل كەچ كردنی بۆ شاە تەنها لەبەر ئەوەبوو كەشۆڕشی كورد لەناو ببات بەڵام شۆڕشی كورد كەمتر لە شەش مانگ لەدوای رێككەوتنامەی جەزائیر بۆ جارێكی تر لە شێوازی گروپو رێكخراو لە كوردستان دا سەریان هەڵدایەوە بەتایبەت لە

١٥٦- د.خلیل اسماعیل محمد، بمناسبة حول الذكری ٢٧ لتهجیر الكورد الفیلین. الصوت الاخر مجلة اسبوعیة سیاسیة ثقافیة السنة الثالثة، الاربعاء، ٤ نیسان ٢٠٠٧، ص ١٧.

١٥٧- سوبحی ساڵەیی، الكورد الفیلیون و دفع الثمن مرات، الصوت الاخر، السنة ٢٠٠٧، ص ١٩.

١٥٨- د.جەبار قادر، چەند بابەتێكی مێژووی كورد، چاپی یەكەم، نیسانی ١٩٩٩، ل ٨١.

١٥٩- د.هاشم رمضان، المحترمون الكورد، الحیاة و الموت، الجزء الاول ٢٠٠٥ اربیل، ص ٢٥٦.

٢٦/گوڵانی ١٩٧٩ [١٦٠] بەشێوەیەکی ئاشکرا شۆڕش دەستی پێ کردەوە، هیواکانی سەددام و شاه دژی کوردان پووچەڵ کرایەوە، سەددام حوسین بۆ خۆی پەیماننامەکەی لە ١٧ی سپێتمبەری١٩٨٠ دڕاندو[١٦١] لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلول ١٩٨٠ پەلاماری ئێرانی دا[١٦٢] ڕژێم بە هەلی زانی ئەو خاكو ئاوەی کە بەپێی ڕێککەوتنامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ دابووی بەئێران بیان گەڕێنێتەوە سەر نەخشەی عێراق دەیویست لە پەلامارێکی کتوپڕ بۆ سەر خاکی ئێران ئامانجەکانی سوپایی و سیاسی خۆی بە دی بێنێ و ئێران پارچە پارچە بکات و ناوچە نەوتاوییەکانی خوزستان لە ئێران دابڕێ و بیخاتە سەرعێراق،[١٦٣] لە سەرەتایی هێرشەکەدا سوپای عێراقی هەندێك ناوچەی خاکی ئێرانی دەست بەسەردا گرت بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت و دواتر ڕژێمی ئێران خۆی ئامادە کردەوەولە چەندین پەلاماری یەك لەدوای یەك توانی شوێنەکانی لێوەر بگرێتەوە زەرەروو زیانێکی زۆریش بە هەردوو لا کەوت چونکە شەڕەکان زۆر خوێناوی بوون بەتایبەتی هەمووماڵێکی عێراقی گرتەوە[١٦٤] .

بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتان بەرامبەر بە کورد، هەردوو دەوڵەت هەوڵیان دا شەڕەکە کوردستانیش بگرێتەوە بەتایبەتی ڕژێمی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٣ دا توانی لە کوردستانەوە هێرش بکات و بێتە ناو خاکی عێراقەوە بەتایبەتی لە سنوری هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی دا، کە ڕژێمی عێراقیش مەبەستی بوو بەتایبەتی لە بیانووی بەردەوامدا بوو بۆ هەڵتەکاندنی ناوچە سنوریەکان و ڕاگواستنیان کە ئەمەش کۆمەڵێك شارو گوندی دانیشتوانەکانیان ڕاگوێزیو خەڵکەکەش پەرتەوازەی بوون، لەبەر ئەوەی ناوچەکان بوونە مەیدانی شەڕ،لەم بارەوە ئەمین قادر مینە دەڵێت ((لە سنووری پارێزگاکان هەولێر قەزای

١٦٠- سامي شورش، كردستان الاكراد: الحركة القوميةو الزعامة السياسية، ادريس بارزاني.... نموذجا. دار اراس للطباعة والنشر- اربيل٢٠٠١،ص ١٠٢.

١٦١- د. جەبار، سەرچاوەی پێشو ل ١٨.

١٦٢- روبت أولسن: المسالة الكردية في العلاقات التركية- الايرانية، ترجمة تقديم: د.محمد احسان، دار اراس للطباعة و النشر- اربيل ٢٠٠١ ص ٤٦.

١٦٣- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل- تەعریب — تەبعیس) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٠٥.

١٦٤- الدكتور. منذر الفضل، دراسات حول القضية الكردية و المستقبل العراق، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠٤، ص ٢٢٢.



چۆمان و (٣٥) گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان (١٧٧٩) خێزانەو لە سنووری پارێزگای سلێمانی، قەزای پێنجوێن و ناحیەی بیارەو مەرکەزی ناحیەی سیوەیل و ئوردووگاکانی ناڵپاڵرێز و پێنجوێن و (٦٦) گوند کەژمارەی خێزانەکانیان هەموویان دەکاتە (١٦١٢٥) خێزان[١٦٥] بەم جۆرە دوو مەرکەزی قەزا، دوو مەرکەزی ناحیە، دوو ئوردووگا و (١٠١) گوندەکە ژمارەی خێزانەکانیان (١٧٩٠٤) خێزانە بە هۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە ڕاگوێزراون و دانیشتووەکانیشیان بە شار و گوندەکانی کوردستاندا پەرش و بڵاو کراونەتەوە. ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریش زۆر ناوچەی کوردستانی کە بەهۆی شەڕەکەوە نموونەش ناوچەی پشدەر بەردەوام لەژێر ڕەحمەتی هێرشی ((تۆپخانە و بۆردوومانی فڕۆکە)) دابوو ئینجا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ڕژێم هەمیشە لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە داخ لەدڵ بوو، بۆیە ژمارەیەکی زۆری لەسەربازگا و تۆپخانەی خۆی لە نزیك و قەراغی شاردا جێگیر کردبوو کە مەبەستی ڕژێم بۆ ئەوە بوو لە وەڵامی تۆپبارانی ئێران بەر شارەکە بکەون. ببێتە هۆی زیان گەیاندن و بێزاری دانیشتوانەکە و تاکوو ناچار بکرێن گوند و شار و شارۆچکەکانی سنوورەکە چۆل بکرێت کە وای لێهات چەندان جار شارەکە چۆلکرا و کۆمەڵێك لە خەڵکی ناوچەکەش شەهید و بریندار بوون. وەهەروەها سەربازانی ڕژێم زۆر بێزاربوون لە شەڕی داسەپاو ڕق و کینەی خۆیان بە خەڵکی سنوورەکە دەرشت بەتایبەتی شۆفێرەکانیان بە شێوەیەکی دوور لە یاسا سەیارە عەسکەرەکانیان لێدەخووری لەناو بازار و شوێنە قەرەباڵغیەکاندا کە خۆیان دەیان گووت ئەگەر یەکێك بخەنە ژێر سەیارەکانمانەوە بەو هۆیەوە چەند ساڵێك زیندانی دەکرێن و لەشەڕ دوور دەخرێنەوە، ئەگەر بەووردی سەیری هەڵسووکەوتی شوفێرەکانی سوپای عێراقی بکەین چەندان هاوڵاتی کورد بەهۆی سەر پێچیەکانیان گیانیان لەدەست داوە، نموونەش زۆرن ئێمە تەنها باسی ڕەسوڵ گەرەمکەیی[١٦٦] دەکەین!

١٦٥- امین قاردر مینە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە(٢٠٦)

١٦٦- ڕەسول گەرمکەیی، بە(ڕەسووەشێت) ناسراوە لە ساڵی ١٩٦٤ و لەگوندی گەرمکان لە دایك بووە، بەهۆی دڵسۆزی و هەستی چینایەتی و نەتەوایەتیە زۆرەی کە هەیبوو وای کردبوو کە بە (شێت) دەربکەوێ و هەڵسووکەوتی سەیرو قسە خۆش و مانادارەکانی مایەی شادی و بزەی خەڵکی پشدەر و بیتوێن بووە کەسێکی رووح سووك و سادەو خۆشەویستی خەڵکی دەڤەرەکەبوو، هاوکاری زۆری شۆرش و پێشمەرگەی دەکرد لە هێنان و بردنی نامە و خۆراك بۆیان. هەرگیز نهێنی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناو شاری لایەنەکانی نەدەدرکاند، زۆر جار ڕژێم دەیویست نهێنی لێ وەربگرێت بەڵام ئامادە نەبوو هاوکاریان بکات، کە نووسەر (عمر حمزە) لە ساڵی ١٩٨٥، ڕژێم ویستی دەستگیری بکات بە بیانووی تەقاندنەوەی (باڵەخانەی بانکی نێودەوڵەتی بەغداد) کە

له لایەکی تر هەرچەندە مێژووی (مین) لە کوردستان دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵاتی ١٩٦١، کە رژێم شەڕی دژی گەلی کورد دەست پێکرد بە مەبەستی زیان گەیاندن بە پێشمەرگە بۆ ئەوەی نەتوانن رەبییە سەربازییەکانی رژێم بگرن هەڵسا بە چاندنی لوغم لە سەر شوێنە گشتیەکانی هاتووچۆ و دەوری رەبییەکان بەتایبەتی لە سنووری ناوچەکانی بارزان کە چەندان کێڵگەی مینی لەو ناوچەدا دروست کرد هەم بۆ لەناوبردنی شۆرشی کورد و هەم لەناوبردنی خەڵکی ناوچەکەش بەتایبەتی.[١٦٧] بەڵام لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران، هەردوو رژێم کەوتنە پیلانی نهێنی هەریەکەیان لە شوێنی خۆیان کۆمەڵێك لوغمیان لە سنورەکان دا بەرامبەر یەکتری چاند و لە لایەکی تر رژێمی عێراق لەسەرجەم رێگا گشتیەکان و چواردەوری رەبییەو مۆڵگە سەربازییەکان لەسەرجەم کوردستان دا دەست کرا بە چاندنی ژمارەیێکی زۆر، بەپێی ئەو

لە لایەن یەکێك لە پیاوە خۆفرۆشەکانی قەڵادزێ ناوی(٢١) هاوڵاتی قەڵادزێ دابوو بە(ئیستخبارات) بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە بوون ماددەی (تی-ئێن-تی)یان لە ئۆردووگای بەستەستێن بردووە بۆ بەغداو ئەم کارەیان ئەنجام داوە، کە رژێم خۆشی لە راگەیاندراوەکانیان هەر وایان بڵاوکردۆتەوە کە لە راستی دا وانەبوو بەڵکوو (ئەرز-ئەرزی)ی ئێران بوو یەکەم جار لە بەغدا درا،(نووسەر) لە ماڵی پوورزایەکی بۆ ماوەی (٣) مانگ لەناو شاری قەڵادزێ خۆی شاردەوە رۆژێکیان (رەسول) هاتە ئەو ماڵە و چاوی پێم کەوت، منیش و ماڵەکەش ترساین دواتر رەسوول رۆیشت و ناچار بووم خۆم ئامادە بکەم شوێنێکی تر پەیدا بکەم بۆ خۆشاردنەوە، زۆری پێ نەچوو(رەسول) جارێکی تر گەرایەوە بەڵام ئەم جارەیان یەك(عەلاگە) کیسی پێ بوو و گوتی دەزانم تۆ (مەلایی) و لە ناو شار بۆ پارتیەکان ئیش دەکەی و ماوەیەکە خۆت شاردۆتەوە لەبەر ئەوە دوو نەفەر کەبابم هێناوە با پێکەوە بیخۆین. ئەم هەڵوێستە جوانەی کاك رەسوول پێم باش بوو لە یەکێك لە لاپەرەکان دیاری بکەم، چونکە زۆرن ئەوانەی خزمەتیان بە شۆرش کردووە بەڵام ئێستا نە ناسراون. کاك رەسوول رۆژی(٢٥\٧\١٩٨٨) کە دووەم رۆژی جەژنی قوربان بوو لەسەر رێگای قەڵادزێ-ژاراوە دەکەوێتە ژێر سەیارەیەکی ئیڤای عەسکەری لە هەمان کاتدا دەگەیەندرێتە خەستەخانە و دکتۆر دەڵێت پێویستیمان بە خوێنە بەڵام (رەسوول) دەڵێت ئاگادار بن خوێنی خۆفرۆش و پیاوانی رژێم تێ نەکەن بەڵام بەداخەوە هەمان رۆژ گیانی سپارد.

* وە هەروەها سوپاسی ماموستا (بایەزید حسن) دەکەم کە ئەو کاتە بەرێوەبەری دواناوەندی قەڵادزێ بوو، کاتێك پیاوانی رژێم دێنە قوتابخانە بۆ گرتنی من کە هەرچەندە من لە قوتابخانەکە بووم دەرسم دەخوێند بەڵام ئاگاداری پیاوانی رژێمی کردبوو کە من لە قوتابخانەکە نیم هۆی سەرەکی بوو کە من دەستگیر نەکرێم. شایەنی باسە ئەو ساڵە پۆلی شەشەمی وێژەیی بووم نەم توانی تاقیکردنەوەکانم ئەنجام بدەم، کە بووە هۆی دواکەوتنی خوێندنم لەو ساڵە.

١٦٧- ئەمیر داود، مین لە شەڕە هاوچەرخەکان و مێژووی لە کوردستان دا، بەرپرسی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی کاروباری هەڵگرتنەوەی مین، گوڵان ژمارە(٤٠٠)، لە ٢٠٠٢\٩\١٩، ل ٤٧.



زانیاریانەی کەوا کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (ئێم-ئەی-جی) لە کوردستان و ژمارەی کێڵگەکان و رووبەری زەوییە مین رێژکراوەکان بە مەتر دووجا بەم شێوە دیاری کردووە:[١٦٨]

١- لە سنووری پارێزگای دهۆك لە کۆی گشتی قەزاکانی (دهۆك-ئامێدی-زاخۆ-سێمێل-شێخان-ئاکرێ) ٣,٥٩٣,٥٩٥ مەتر دووجا هەیە.

٢- لە سنووری پارێزگای هەولێر لە کۆی گشتی قەزاکانی (چۆمان- سۆران- مێرگەسوور- شەقلاوە- کۆیسنجاق) ٥٤,٤٢٨,٤٧٨ مەتر دووجا هەیە.

٣- لە سنووری پارێزگای کەرکوك، لە کۆی گشتی قەزاکانی (دەربەندیخان- خانەقین- چەمچەماڵ- کەلار- کفری) دەگاتە ٤٩,٨٠٤,٠٧٥ مەتر دووجا.

٤- جگە لە پارێزگای سلێمانی لە شارۆچکەی (شاربازێر- پێنجوێن- قەڵادزێ- هەڵەبجە- دوکان-رانیە) دەگاتە ٧٥,٩١٣,٣٣٤ مەتر دووجا.

بەهەر چوار پارێزگاکان کۆی گشتی ١٨٣,٧٣٩,٤٨٢ مەتر دووجا هەیە. کە مەزندە دەکرێت لە سەرتاسەری کوردستان (٢٠) ملیۆن وە زیاتر چێندرابێت بەتایبەتی لە ناوچە کوشتووکاڵیەکاندا[١٦٩]، وە هەروەها بەشێك لەو کێڵگە کە زاندراوون (١٥) کێڵگەی بلاستیکین کە ناتواندرێن بە ئاسانی شوێنەکانیان دیاری بکرێت کە ژمارەیان پێنج ملیۆن لوغمە.[١٧٠] بە گشتی کوردستان بە یەکێك لە ناوچە میناویەکانی جیهان دادەنرێت ،[١٧١] و بەگوێرەی ئامارەکانی دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین (لوغم) لە کوردستان دا (٣١٤٩) کێڵگە مین هەیە، کە رووبەری ٧٨٨ کیلۆمەتری چوارگۆشەیان [١٧٢] داگیر کردووە، ژمارەی مینەکانیش بە

١٦٨- ئاریان محەمەد، قوربانیەکانی مین، دەنگی ئافرەت (گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە (یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان) دەری دەکات)،ژمارە ١٩ی ١١\١٢\١٩٩٩، ل ٦

١٦٩- فالا فريد ابراهيم، المسؤلية المدينة الدولية عن جريمة الابادة الجماعية دراسة تطبيعية على حالة كوردستان العراق- الربيل ٢٠٠٤ ، ص ٢٢٧.

١٧٠- رياض العطار، انتهاكات حقوق الانسان في العراق، الناشر الجمعية العراقية لحقوق الانسان –فرع سوريا- طبعة الاولى ٢٠٠١ ، ص ٢١.

١٧١- فاضل نجیب، حکوومەتی هەرێم پاککردنەوەی مین لە کوردستان رادەگرێت و پسپۆڕەکانیش دەچنە سودان، رۆژنامەی میدیا (زمانحاڵی یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان)، (Y N D K) دەری دەکات ژمارە ٢٨١ لە ٢٠٠٦/٣/١٣، ل ١٥.

١٧٢- سراج بارزانی ٧٨٨ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی کوردستان مین رێژە.

٢٥ ملیۆن مین مەزندە دەکرێت تەنها لە پارێزگای سلێمانی (٢٧٠٠) کێڵگەی پڕ لەمین هەیە. وە ژمارەی قوربانیەکانی مین لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢، کە ئەم ماوەیە بە هۆی ناشارەزایی دانیشتوان لە بوونی کێڵگەکان دا بەتایبەتی لە کاتی کۆچ ڕەوەکەدا (بەهاری ١٩٩١) نزیکەی (٤٤٥٨) هاولاتی شەهید و برینداربوون[173] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان دا (٧٦٠٩) کوژراو (٦٥٧٩) بریندار بووە کە ئەم ژمارانە زۆربەی هەرەزۆری لە گوند نشینەکانی کوردستانن. وە هەروەها (١٨٦٨٢) سەر ئاژەڵ بەهۆی مینەوە لەناو چوون.[174]

بەهۆی هەڵکەوتنی سنوری پشدەر لەڕووی جوگرافیەکەی کە سەر سنورە لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەلات لە لایەکو لە لایەکی تر سەختی هەڵکەوتنی ناوچەکە بەرزیو نزمی شاخو دۆڵەکانی کە پشتو پەنای شۆڕش و شۆڕشگێران بووە بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد، ڕژێمی بەعس سەرەڕای لە ناوچوونی بەڵام شەڕی بەردەوامی ڕژێمی بەعس لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەگشتیو سنوری پشدەر بەتایبەتی هەر بەردەوامە لە ڕێگای ئەو مینانەی کەبەژمارەیەکی زۆر کە ژێرخاکی خستووە[175] بەم شێوازە لەناو بردنە دەگوترێت تیرۆری گشتی لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەکوژرێن هاوولاتیان بەگشتیو زیاتر ئەوانەن کە لەناو کێڵگەو باخو ڕەزەکانیان کار دەکەن بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکانیان ئەگەر گوندە سنورەکانی سنوری پشدەر وەربگرین بۆ مان دەردەکەوێ زۆرینەی قوربانیان خەڵکانی ئەو گوندانەن کە ساڵانی رابردوو مۆڵگەی پێکدادانی شەڕەکان بوون وەك سنورەکانی (هەڵشۆ- هیرۆو گەنا و شێنێ- دارەشمانە) لە لایەکو لەلایەکی تر سەرجەم دەوروبەری ئەو کۆنە ڕەبیانەی ڕژێم کە لە سنورەکە دروستی کردبوون. (بۆ زیاتر بڕواننە خشتەی ژمارە (١٣) تایبەت بەناوی بەشێك لە قوربانیەکانی مین) ئەمە بێجەگە لەوەی کەژمارەیەکی زیاتر لە کوژراوەکان بوونە کەم ئەندام بە پێی سەرژمێری کە لە لایەن یەکیەتی کەم ئەندامانی سلێمانییەوە کراوە تەنها لە پارێزگای سلێمانی دا (٤٨) هەزار کەم ئەندام هەیە.[176]

١٧٣- طه بابان، الغم الذي لم يرحل، عالم الكرد و المرعب، الكتاب الاول ٢٠٠٢ سليمانية، ص ٥٦٧.

١٧٤- فازل نەجیب، جريدة ميديا هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

١٧٥- ابوبكر ملا عبدالله، ڕۆژنامەی جەماوەر، ژمارە ١٠٥ ، ٢٠٠٤/١١/١٢.

١٧٦- ڕێبوار حەمە لاو، هەورامان مین دای پۆشیووە، ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٧٨) ی سێشەممە ٢٠٠٧/٧/١٧، ل ٩.



**ج- ڕاگواستن بەهۆی جەنگی کوردستانەوە:**

ڕژێم بۆ جارێکی تر لەسەرەتایی ساڵی ١٩٨٥ بە شێوەیەکی فراوانتر دەستی دایە رووخاندنو کاولکردنی گوندەکانی کوردستان بەتایبەتی لە پاش تێکچوونی گفتوگۆی بەعس لەگەڵ سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،[177] وەهەروەها شۆڕش حاجی لە کتێبی ئەنفال دا دەڵێت: ((مەکتەبی سیاسی یەکیەتی لە ١٩٨٥/١/١٥ دا بەیانێکی دەرکردو کۆتایی بە گفتوگۆو شەڕ وەستان لەگەڵ عێراق هێنا و ئۆباڵی سەرنەکەوتنی گفتوگۆی خستەئەستۆی عێراقەوە، بەمەش لاپەڕەیەکی خوێناوی لە مێژووی بزاڤی رزگاری کورد دا لە کوردستانی عێراق هەڵدرایەوە. ڕژێم زانی کۆنتڕۆڵی کوردستان لەدەست چووە چونکە رووبەرێکی بەرفراوانی لە گوندو دێهاتەکانی کوردستان لە سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ژێر دەسەلاتی یەکیەتی دا بوونو بۆ وەرگرتنەوەیان ڕژێم دەستی کرد بە تێك دانو رووخانی ژمارەیەکی زۆری گوند لەوانە تەنها لەسنوری پارێزگای سلێمانی دا ١٩٩ گوند وێران کران و (٥٥ هەزار) کەس بێ ماڵ و حاڵ کران[178] و بەر شالاوی راگواستنو سووتاندن کەوتن، لە سەرەتا ئەو شوێنانەی نزیك بوون و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە، یان شوێنی بۆسە دانانەوە یان شەڕی ناو گوندەکان سوودی لێ وەرگیرا خاپور کراو بەرشالاوەکە کەوتن،[179] هەر لەو کاتەدا لە نێوان مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٨٥ دا ڕژێم دەستی کرد بە ڕەشگیری بەتایبەتی لە شاری سلێمانی دا، (٣٠٠) منداڵ و گەنجی کورد لەنێوان تەمەنی ١٧ ساڵی و ٢٣ ساڵی دا گرتو پاش ماوەیەك بە بیانووی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی شۆڕش هەموویانی لە سێدارە دان، دژی ئەم کارە دڕندانەیە هەڵوێستی پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیاری ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٩ دا ، ناڕەزایی خۆی دەربڕی دژی ئەم تاوانە.[180] وە لەناحیەی مەرگە کە پێك هاتبوو لە (٥٤٠) ماڵ و حەوت گوند (یاخیان- خوڕخوڕە- دۆڵە گۆم- خانەڵە- سەرتەنگ-

١٧٧- میدل ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا.... محمد حمە صالح لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٩٤.

١٧٨- دیڤد مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی هەولێر ٢٠٠٥ ، ل ٥٧٩.

١٧٩- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل- تەعریب- تەبعیس)، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٢٠٩.

١٨٠- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ،ل ٢١٥

سەرچیا)[181] کە لە ئۆردوگای مەرگەدا کۆکرابوونەوە لە پێناو داواکردنی ئاوی خواردنەوە کەماوەی یەك ساڵ بوو ئۆردووگاکە بێ ئاوی خواردنەوە بوون و دوای هەوڵدانێکی زۆر کە ڕژێم هیچی بۆ نەکرد ناچار خەڵکی ناوچەکە دەستیان کرد بە خۆپیشاندان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٦ دا، بەهاوکاری بەشێك لە چەکدارەکانی سنورەکە دەستیان گرت بەسەر تەواوی سنورەکەداو دامو دەزگاکانی ڕژێم لە ناوچەکە هەموویان سووتاند و ڕژێمیش لە تۆڵەی خۆپیشاندانەکە هەستا بە گرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و کوشتنی (١٠) هاووڵاتی و چەکداری ڕژێم* کە بەشداری خۆ پێشاندانەکەیان کردبوو و لە لایەکی تریش لە ٥/٢٨ تاکو ١٩٨٦/٦/٢[182] ناحیەی بنگردو ئۆردوگاکەی ڕاگواست بۆ ئۆردوگای حاجیاواو دواتر سەرجەم خانووەکانی تەخت کرد.

ئەو گوندانە کە ڕژێم دەستی پێ نەدەگەیشت بەردەوام بە تۆپ و تەیارە،تۆپباران و قەسفی دەکرد بۆ ئەوەی خەڵك نەتوانێت لە سنورەکە ژیان و حەوانەوەی هەبێت لەبەر ئەوە تۆپباران کردن گەورەترین هەڕشە بوو بۆ ورەی خەڵك، ڕژێم بە هەلیکۆپتەر بەردەوام سەربازو پیاوانی

---

١٨١- سورە مەرگەیی، زیارەتی مەیدانی گفتوگۆکردن لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٤.

١٨٢- د. فاروق عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتان دا، سلێمانی ٢٠٠٣،ل ١٩.

* ئەو هاو وڵاتی و چەکدارانەی ڕژێم کە بەهۆی خۆپیشاندانەکە لە لایەن ڕژێم لە سێدارە دران ئەمانە بوون:

١- یاسین حەمە ڕەش یاخیانی ئامیر مەفرەزەی خاسە.
٢- عمر حمە علی خورخوڕە، (سەربەڕێکخستنەکانی پارتیدیموکراتی کوردستان بووە)
٣- ملا عپمان محمد علی خوڕ خوڕە(سەربەڕێکخستنەکانی پارتیدیموکراتی کوردستان بووە)
٤- رسول حمەصالح یاخیانی
٥- محمد صالح محمود یاخیانی ئامر مەفرەزەی خاسە بووە بەڵام پەیوەندی، (سەربەڕێکخستنەکانی پارتیدیموکراتی کوردستان بووە)
٦- بابکر حاجی عبدالقادر خوڕخوڕەیی.
٧- علی اسماعیل علی خوڕخوڕەیی.
٨- حامد علی اسماعیل یاخیانی.
٩- والید عبدالرحمن یاخیانی
١٠- رسول حمدامین رسول گۆمەزڵی.



خۆی لە ناو گوندەکاندا دادەبەزاند بۆ گەڕان بە دوای ئەو کەسانەی کە داوا کرابوون بۆ خزمەتی سەربازی یان ئەوانەی کە گومانی پێشمەرگەیان لێ دەکرا.

لە هەمان کاتدا لەگەل دەست پێ کردنەوەی شەڕ، لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان زنجیرەیەك هێرشی سەرکەوتوانە دژی ڕژێم لە دۆڵی سورداش و دوکانو سەر ڕێگا گشتیەکانی نێوان سلێمانی و هەولێر ئەنجام درا.

بەڵام ڕژێم مەبەستی بوو چونکە هەرکاتێك هەولی گفتوگۆی داوە لە گەڵ کورد لە ژێرەوە بەرنامەی داڕشتووە کە چۆن کورد لەناو بەرێت ئەوەتا لە یەکێك لە دانیشتنەکانی کاتی گفتوگۆ لە نێوان یەکیەتی و حکومەتدا، تاریق عزیز جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بەوەفدی یەکیەتی دەڵێت ئەگەر لە گەڵمان پێك نەیەن، ئەوا دوای شەڕی ئێران- عێراق، هەموو هێزی بەرەکانی شەڕ دەهێنینە سەر کوردستان و خاکی کورد لە تورەکە دەکەین[183].

هەربۆیە کە شەڕ دەستی پێ کردەوە یەکیەتی هەولی دا پشتیوانی ئێران بۆ لای خۆی رابکێشێت و لە هێرشی هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی و هێزەکانی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٩٨٦/١٠/١٠ دا [184] بە تۆپو کاتیوشا بۆمبارانی چاڵە نەوتیەکانی کەرکوك و بارەگای فەیلەقی یەکیان کرد.

لە لایەکی تر لە بەڵگەنامەیەکدا، یەکیەتی نیشتمانی لە ئاداری ١٩٨٧ دا پێشکەشی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانی و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی جیهانی کرد دەڵێت تەنها لە ماوەی نێوان مانگەکانی (٧ هەتا ١١ی ساڵی ١٩٨٦) دا زێتر لە١٩٩ گوندی کوردی خاپوور کراون. بەڵام بەگشتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تاکوو حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧، زێتر لە (٩٠٠) گوند خاپور کران بەم شێوەیە:[185]

١- لەسنوری پارێزگای هەولێر ٤٣٢ گوند.
٢- لەسنوری پارێزگای سلێمانی ٢٤٠ گوند.
٣-لە سنوری پارێزگای دهۆك ١٥٠ گوند.

---

١٨٣- شۆڕش حاجی رسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم ٢٠٠٣ سلێمانی، ل ٦٠.

١٨٤- شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کورد دەوڵەتی عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٥.

١٨٥- مراد حەکیم محاکەمە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسی ڕاگواستن ی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ی کوردستان سلێمانی ٢٠٠٤.

٤- لەسنوری پارێزگای کەرکوك  ٣٦ گوند.

٥- لە سنوری پارێزگای دیالە  ٧٥ گوند.

حکوومەتی عێراق لە دوای ساڵانی ١٩٨٠ بەتایبەتی لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران کە ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق نەبوو بەڵام ڕژێم لەسەر پارێزگاکانی کوردستان بەتایبەتی (سلێمانیو هەولێرو دهۆك) سەپێندرابوو[186] کە مەبەستی ئەوەبوو خەڵکی کوردستان برسی و هەژاری بکات ئەمەش بە ئەنجامدانی سیستەمی کۆ بوون بە ژمارە ٤٦٨٦/٢٨ لە بەرواری ١٩٨٥/٦/٢٩ ئاراستەی لایەنە بەر پرسەکانی کردووە لەلایەن سەر کردایەتی نوسینگەی باکوور کە پێك هاتووە لە (٦) بڕگە (بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەی ژمارەکانی (٧-٨). کەبەم شێوەیە ژیانی دانیشتوان بە شێوەیەکی زۆر سەخت بەسەریاندا سەپێندرا بوو.

لەوەشدا وەك ئاشکرایە مەبەستی ڕژێم ئەوە بوو کە کورد بخاتە بارێکی گوزەران و بژێوی خەراپ و ئیبادەیەکی بە شێنەی و لەسەرەخۆ، بۆ ئەوەی کە خەڵك واز لە ئۆڵو عەقیدەی سیاسی و نیشتمانیان بهێنن و هەر عەودالّی نان پەیدا کردن بن بۆ ئەوەش بووە کە نەتوانن یارمەتی پێشمەرگەکانی کوردستان بدەن و ئاکام خەڵك ناچار بێت بچێتە ژێر باری مەرجەکانی ڕژێمەوە. وەهەروەها لەگەڵ دەست بەکاربوونی عەلی حەسەن مەجید ، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ دا، بڕیاری ژمارە ١٦٠ ی دەرکرد . بەپێی ئەو بڕیارە ((علی حسن المجید)) بەئەمینداری گشتی بیرۆی باکووری ڕێکخستنی حیزبی بەعس دانرا. بەمەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتی حیزبی بەعس لە تەواوی هەرێمی باکووردا، بەمەبەستی پاراستنی ئەمنو ئاسایشو دابین کردنی باری هێمنی و پیادەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە گشت سنورەکەدا. وەهەروەها سەرجەم دامو دەزگاکانی سەر بەرژێم ئاگادار دەکاتەوە دەڵێ پێویستە بڕیارەکانی ((علی حسن المجید)) لەلایەن تەواوی دامو دەزگاکانی دەوڵەتەوە پەیڕەو بکرێن و فەرمانی ئەو دەست بەجێ وەك خۆی دەبێت جێبەجێ بکرێت . (بۆزیاتر بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٤)، ((علی حسن المجید))کە ئامۆزای (سەددام حوسێن)ە، دەسەڵاتی ڕەهای پێ درا، بە پێی بڕیارێکی دواتریش کە لە ١٩٨٧/٤/٢٠ دەرچوو بە ئیمزای سەددام حوسێن چەندین دەسەڵاتی تریشی پێدرا بە جارێك بوو بە فەرمانڕەوای

---

١٨٦- مراد حەکیم محەمەد هەمان سەرچاوەی پێشوو.



(حاکمی) ڕەهای باکووری عێراق،[187] هەر لەبەر ئەو پشتیوانەش بوو دەیویست دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەکار بهێنێتو ئەوەی محەمەد همزە زوبێدی کە پێش ((علی حسن المجید))بەرپرس بوو کە پێی نەکرابوو۔ ((علی حسن)) لە ماوەیەکی کورت و بەرنامە ڕێژیدا بەئەنجامی بگەیەنێت هەر بۆیە کەوتە جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی لە سەرەتادا کۆمەڵێك کۆبوونەوەی جیاجیای لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی و دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکان پیاوانی ڕژێم ئەنجامدا و لەو کۆبونەوانەدا بەڕاشکاوی سیاسەتی حکومەت و حیزبی بەعسی پێ ڕاگەیاندن بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هێزی پێشمەرگە و دێهاتەکانیش بۆ ڕونکردنەوە کۆمەڵێك ڕێنمایی بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پیلانەکەیان کە لە سەرەتادا پێویستە سەرجەم گوندەکانی کوردستان نەمێنێت و خانووەکانیان لە گەڵ زەوی تەخت بکرێن و ڕەزوباخ و کێڵگەو دارستانەکانیش بسووتێت وە ناوچەکانیش بکرێنە شوێنی قەدەغەکراو، لەو بارەوە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٨٧ دا، لە میانی کۆبوونەوەیەك بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی بەعس و حکوومەت و ئاسایش و ئامادەبوون، لەو کۆڕەدا بڕیاری خاپوور کردنی گوندەکانی پێ ڕاگەیاندنو پیلانەکەشی بە دوو قۆناغ دیاری کردووە بۆ جێبەجێ کردنی یەکەمیان لە ڕۆژی ٤/٢١/ دەست پێ دەکات و لە ڕۆژی ٥/٢١ کۆتایی پێدێت. وە دووەمیش لە ڕۆژی ٥/٢١ دەست پێ دەکات و لە ١٩٨٧/٦/٢١ کۆتایی پێ دێت. بڕیار بوو تا ئەو ڕۆژە (٦/٢١) سەرجەم ئەو گوندانە نەمێنن هەر لەبەر ئەوەبوو لەسەرەتا وە ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکانی کرد کەسەرجەم خەڵکی ناوچەکان لە ڕێگای موختارەکان و بەرپرسی جاشەکان ئاگادار بکرێن بۆ ئەوەی خەڵکەکە گوندەکان بەجێ بهێڵن، بڕیاری ٣٥٦٠/٢٨ لە بەرواری ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا[188] بە ئیمزای عەلی حەسەن مەجید خۆی دەرچووە کەفەرمانی داوە بە فەرماندەکانی فەیلەقی ((یەك- دوو — پێنج)) ی سوپای عێراق، فەرماندەیی لقی سەلاحەدین، فەرماندەیی لقی دیالە، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچە حوکومی زاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنو موخابەرات کە:

---

١٨٧- د. حوسێن عەبە عەلی، لێپرسراوێتی تاوانەکانی ئەنفال لە ژێر ڕۆشتایی یاسای نێو دەوڵەتی تایبەت بە مرۆڤ، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٤ی هاوینی ٢٠٠٢، ١٥١

١٨٨- عەبدوڵلا کەریم مەحمود، ئەنفال... جینۆساید کردنی نەتەوەیەکو... سڕینەوەی نیشتمانێك، ڕۆژنامەیەی ئاوێنە، ژمارە (٦٥)، سێشەممە ٢٠٠٧/٤/١٧، ل ١٨.

١- بەتەواوی قەدەغە کردنی هەموو خواردنێكو هاتووچۆی خەڵكو ئامێرێك بكەن بۆ ئەو ناوچانەی کە قەدەغە کراوەو لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا بووە، هەر کەسێكیش بیەوێت بگەڕێتەوە ریزی نیشتمانی، کار ئاسانی بۆ دەکرێت و نابێت کەس و کاریان بێ ئاگاداری دەزگای ئەمنییەکان پەیوەندییان پێوە بكەن.

٢- ئەو خەڵکانەی لە قۆناغی یەکەم دا راگوێزران، نابێت لەو ناوچانەدا بن کە لەبەر هۆی ئەمنی قەدەغەکراون و بەتەواوی قەدەغەن، ئەو ناوچانەی کە لە قۆناغی دووەم تا ٢١ حوزەیرانی ١٩٨٧.

٣- دروێنە دوای کۆتایی زستان دەبێت لە پێش حوزەیراندا تەواو بکرێت، رێگانادرێت کشتوکاڵ لە ناوچەکاندا لە زستانی داهاتوو وەرزەکانی هاویندا بکرێت، ئەمەش لەمساڵەوە دەست پێدەکات.

٤- مەڕو ماڵات بردن بۆ ئەو ناوچانە قەدەغەیە.

٥- بە پێی ئەو دەسەڵاتەی دراوە بە هێزە چەکدارەکان پێویستە هەر مرۆڤێك یان ئاژەڵێکیان لەو ناوچانەدا بینی بیکوژن، چونکە ئەو ناوچانە قەدەغەکراون.

٦- ئەم بڕیارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گوێزراونەتەوە بۆ ئۆردووگاکان، گەر هەر سەرپێچییەك بکەن خۆیان بەر پرسیارن.

لەکاتی دیاری کراو، بە شێوازی کوتوپڕ و هێزی ئامادەکراو لە فەیلەقی یەك و پێنجو فەرماندەیی هێزەکانی فەوجەکان (جاش) و مەفرەزە خاسەو هێزی ئاسمانیو یەکە تۆپخانەکان کەوتنە پەلامارێکی زۆر توندو تیژی سەرتاپای گوندە دیاری کراوەکان لە ئەنجامدا سەدان گوندی تر کەوتنە بەر شاڵاوی رووخانو سووتاندن کە ژمارەیان (٩٣٣)گوند[189]:

کە بەم شێوەیە بوو:

١- لە سنوری پارێزگای سلێمانی ٣١٤ گوند.
٢- لە سنوری پارێزگای هەولێر ٢٦٢ گوند.
٣- لە سنوری پارێزگای دهۆك ١٣١ گوند.
٤- لە سنوری پارێزگای کەرکوك ٩٠ گوند.

١٨٩- مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ١٤٥.



٥- لە سنوری پارێزگای دیالە ٦٦ گوند.
٦- لە سنوری پارێزگای موسڵ ٤١ گوند.
٧- لە سنوری پارێزگای سەلاحەدین ٢٩ گوند.

* هەموو ئەو گوندانە بەڕاستەوخۆ لەسەر بڕیاری ((علی حسن المجید))تێکدرانو دانیشتوانی گوندە کانیش بەسەر ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا دابەش کرانو هەر هەمان ساڵ کۆمەڵێك گوندی مەسیحیەکانیان لە بادینان تێك داو، وە لەناو شاری کەرکوکیش ٣١٥٠ سێ هەزارو سەدو پەنجا خێزانی کورد بە زۆر دەرکرا.[190] وە بڕیارێك بۆ ئەو ناوچانە بە ژمارە (٢٨/٤٠٠٨ لە بەرواری ١٩٨٧/٦/٢٠) لە سەر کردایەتی نوسینگەی باکوور ئاراستەی سەرکردایەتی فەیلەقی ( یەك و دوو و پێنج) کراوە، بەمەبەستی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ گوندە قەدەغەکراوەکان لەڕووی ئەمنییەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(( بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی رۆژی ٢١ حوزەیران ١٩٨٧ ئەو ماوەیە کە بۆ کۆکردنەوەی گوندەکان دانراوە بەڕەسمی کۆتایی دێت بڕیارماندا لە رۆژی ٢١ی حوزەیران ١٩٨٧ بەولاوە، بەم شێوەیە کار بکەن:

١- هەموو ئەو گوندانەی کە لەڕووی ئەمنییەوە قەدەغەکراون هێشتا شوێنی تێکدەرانو بەکرێ گیراوانی ئێرانو خیانەتکارانن، بەخیانەتکار دابنرێن.
٢- بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تیایاندا قەدەغەیە بە تەواوەتی و بەو ناوچەی (محرمە) دادەنرێت و تەقە کردن تێیدا ئازادە ئەوکاتە ئێمە تەعلیماتی تر دەکەین.
٣- هاتوو چۆکردن لەوێو بۆ ئەوەی و کشتوکاڵکردن و وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازیو ئاژەڵداری قەدەغەیە، هەموو دەزگا تایبەتییەکان دەبێت چاودێری وردی ئەو بابەتەبکەنو هەرلایەك بە پێی پسپۆڕایەتی خۆی.
٤-سەرکردایەتی فەیلەقەکان ماوە ماوە لێدانی تایبەت بە تۆپو سەمتیو فرۆکە لەو ناوچانەدا ئامادە دەکەن تاکوو زۆرترین ژمارە لەو کەسانە بکوژن کە لەوێدا دەبینرێت، بکوژن بەشەو و بەرۆژ.

١٩٠- مراد حەکیم هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥- هەموو ئەو کەسانەی لەوێدا دەگیرێن حجز دەکرێن و دەزگا ئەمنییەکان حوکمی ئیعدام بەسەر ئەوانەی لە تەمەنی (١٥) ساڵی بۆ (٧٠) ساڵی جێبەجێ دەکەن، بەڵام پاش وەرگرتنی زانیاری ئاگادارمان بکەنەوە.

٦- دەزگا تایبەتەکان لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن کە خۆیان تەسلیم بە دەزگا حکومیو حیزبییەکان دەکەن ماوەکەی تەنیا سێ ڕۆژە، ئەگەر ماوەکە لە دەرۆژ تێپەڕی یان پێویستی کرد لەو ماوەیە زیاتربێت دەبێت بەڕەزامەندی ئێمە بە تەلەفۆن یان برسکە لە ڕێگای ڕەفیق (طاهر العاني) ەوە وەربگرن.

٧- ئەو تاڵانییانەی کە مستەشارو چەکدارەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان بێت جگە لە چەکی قورس و چەکە سوکەکان لای خۆیان دەمێنێتەوە و تەنیا لە ژمارەی ئەو چەکانە ئاگادارمان دەکەنەوە. دەبێت سەرکردایەتی ئەوچەکدارە چالاکانە هەموو مستەشارو فەرماندەی سریەو دفاع وەتەنی.

سەرکردایەتی ئەنجومەنی تەشریعی، ئەنجومەنی تەنفیزی، دەزگای موخابەرات، سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا، پارێزگارو سەرۆکی لیژنەی ئەمنی نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، هەولێر، دهۆك....

ئەمیندارەکانی ئەو پارێزگایانە بەڕێوەبەری ئیستخباراتی گشتی سەربازی، بەڕێوەبەری ئەمنی عامە، بەریوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. مەنزومەی ئیستخباراتی ناوچەی باکورو ڕۆژهەلات، بەرێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، هەولێر، دهۆك....

تکایە ئاگاداربن و هەر لایەنەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی جێبەجێی بکات.

ئیمزا

هەڤاڵتان

علی حسن المجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سکرتێری گشتی فەیلەقی باکوور

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان.
- سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن.



ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوە سیاسەتی ڕژێم بەتەواوەتی ئاشکرا دەکات کە بەشێوەیەکی فراوان خۆی ئامادەکردووە بۆ لەناو بردنی میللەتی کورد وە ئەنجام دانی جینۆسایدێك کە هیچ جیاوازیەك لە نێوان خەڵکی بێ دیفاعی گوند نشینەکانی و هێزی پێشمەرگە نەکردوە هەموویان بە تێکدەر (مخرب) داوەتە قەڵەم لە کاتێکدا هیچ حیسابێك بۆ ڕەگەزی نێرومێ یان جیاوازی تەمەن ناکات بۆ لەناو بردن وەهەروەها هەر لەم ساڵانە پێویست بوو سەرژمێری لە عێراقدا بکرێت لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٧ دا ڕژێم لەڕێگای موختارەکانەوە ئاگاداری خەڵکی دێهات نشینەکانی کردبوو هەرکەسێك بەشداری نەکات لەناو نووسین بەهاووڵاتی عێراقی دانانرێت و حیسابی تێکدەرانی بۆ ئەکرێت لە کاتێکدا بۆشاییەکی زۆر لەنێوان ژێر دەسەڵاتی حکومەتو گوند نشینەکان هەبوو کە نەی دەتوانی هاتوو چۆ بکات لەلایەك و لەلایەکی تر فەرمانبەرانی کەتایبەت بوون بە ناو نووسین نەیان دەوێرا سەردانی ئەو ناوچانە بکەن ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ بەشداری نەکردن دواتر ڕژێم بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (٦٧٧) ی ١٩٨٧/٨/٢٨ ی بەسەردا سەپاندن کەمافی هاووڵاتی لە دەست دەدات، کە ئەو بڕیارە بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنرا کە سەربازی هەڵاتوو بوون[١٩١].

بەپێی بڕیارێك ڕژێم بەژمارە (٢٥٦٠/٢٨) لە بەرواری (١٩٨٧/٣/٦) دا هاتووە (( هێزە چەکدارەکان هەر بوونەوەرێك یان ئاژەڵێك دەکوژن کە لەناوچەی دیاریکراودا هەبێ- واتا ئەو ناوچەیەی بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان دیاری کراوە- وەهەروەها گەمارۆیەکی ئابووری توند بخرێتە سەر ناوچەکە)). بەپێی ئەم بڕیارە هەرکەسێك یان بوونەوەرێك لە ناوچە ڕاگوێزراوەکاندا بە دیان بکردایە پیاوانی ڕژێم ئازادبوون بۆ لەناو بردنی کە هەرواش بووە، چەندان لەو ناوچانە گیراو شوێن بزر کراون یان لە هەمان شوێن ڕەمی کراون.

( بۆ زیاتر بڕوانە خشتەی شوێن بزرکراوەکان لە خاڵی جینۆسایدی پشدەر بڕگەی ئەنفالەکان ) وە لەلایەکی تر ئابلۆقەیەکی توند خراوەتە سەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شارەکانی (سلێمانی- هەولێر- دهۆك).

هەموو ئەو بڕیارە یەك لەدوای یەکانە لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە دیاربوو بۆ خۆ ئامادە کردنی سیاسەتی سەرکردایەتیان کە لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٨ دا بەسەر کرادایەتی و سەرپەرشتی سەددام حوسێن ئەنجام درابوون لەگەڵ تەواوی ئەنجومەنی

١٩١- محەمەد ڕەئوف عەزیز، ئەنفالو ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی یەکەم ٢٠٠٥، ل ٦٣.

سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکایەتیحیزبی بەعسی ئیشتراکی، کەپێشنیاریان کردبوو عەلی حەسەن مەجید بە بڕیاری ژمارە (١٦٠)ە رۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ کە دەرچوو پیلانەکەی جێ بەجێ بکات کەقۆناغی دووەمی کارەکانی بوو کەبەشالاَوەکانی ئەنفال ناوی دەرکردووە.

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین هێرشی دڕندانەی سوپای عێراقی بوو بۆ سەر کوردستانو لەناو بردنی میللەتی کورد لە بەر ئەوەی رژێم هەموو توانایەکی بۆ تەرخان کردبوو بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیەش رژێم هێزێکی گەورەو پڕچەکی بە تازەترینو ترسناکترین شێوە بەکار هێنا بەسەرجەم فەیلەقەکانی (یەك- بە لێپرسراوێتی سوڵتان هاشم، فەیلەقی دوو- بەلێپرسراوی نزار فەزرەجیو فەیلەقی سێ بە لێپرسراوی یونس محەمەد زەرب) و سەرجەم تواناکانی (ئیستخبارات بە لێپرسراوی فەریق روکن وفیق سامەڕائی)و ئەمنی گشتیو هێزەکانی فریاکەوتن و نوسینگەی رێکخستنی سەروو کە ئەمیش بەهاوکاری(٣٠٠) فەوجی خەفیفە کە لە (٢٥٠) هەزار جاش پێکهاتبوو بەشداریان کرد[١٩٢]. وە هەروەها هەرێمی کوردستانی کردبووە چەند ناوچەیەك وەهەر ناوچەیەك بەرپرسێکی باڵای سەربازی بەرپرس بوو کە لەلایەن ((علی حسن المجید))یش راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرا، شالاَوەکانی ئەنفال بەهەشت قۆناغ لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازی هەرێمی کوردستانی عێراقی گرتەوە، هێرشێکی چڕوپڕی سەربازییەوە سەرجەم هێزە سەرکەتکەرو داپلۆ سێنەرەکانی رژێم دەست پێ کران بەم شێوەیە:

١٩٢- محمەد رەئوف عەزیز، ئەنفال ڕەهەند سۆسیۆلۆجییەکان چاپی یەکەم: سلێمانی- ٢٠٥، ل ٦٤.



**خشتەی ژمارە (٧) ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال**[١٩٣]

| ژمارە | رێکەوتی دەست پێکردن* | رێکەوتی کۆتایی* | ئەو ناوچانەی ئۆپەراسیۆنەکانی لێ ئەنجام دراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٨/١٧ شوباتی١٩٨٨ | ١٩/١٨ ئازاری١٩٨٨ | ناوچەی دۆڵێ جافایەتی لە سنوری قەزاو ناحیەکانی (دووکان- بنگرد- چوارتا- قەلاَچوالان-سەرچنارو سورداش) پارێزگای سلێمانی |
| ٢ | ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ | ١ی نیسانی ١٩٨٨ | بازیان- قەرەداغ- دەربەندیخان ( پارێزگای سلێمانی). |
| ٣گەرمیان | ٧ی نیسانی ١٩٨٨ | ٢٠ نیسانی١٩٨٨ | . چەمچەماڵ- سەنگاو- قادر کەرەم- کفری- کەلار-پیباز- تیلکە. |
| ٤ | ٣ی مایسی ١٩٨٨ | ٨ی مایسی١٩٨٨ | ئاغجەلەر- چەمی رێزان- ناوشوان- دەشتی کۆیە- تەق تەق- شێخ بزێنی- خاڵ خالاَن |
| ٥<br>٦<br>٧ | ١٥ی مایسی ١٩٨٨ | ٢٦ی ئابی١٩٨٨ | دۆڵی نێوان چیاکانی شەقلاوە و رەواندوز (دۆڵی بالیسان دۆڵی ئالانە- دۆڵی سماقولی - دۆڵی خەلەکان- دۆڵی وەرتێ- دۆڵی هیران). |
| ٨ | ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ | ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ | دەڤەری بادینان لە زێوە شکانەوە بۆ زاخۆ و لە باشوری ئەتروش و هۆکەی وە بۆسەر سنوری نێو دەوڵەتی عێراق وتورکیا. |

١٩٣- پ.د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، ئۆپەڕاسیۆنەکانی ئەنفال، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٤ی بەهاری ٢٠٠٢، ل ٩٤.

* د. کتور ئازاد لە نووسینەکەیدا پێوایە جیاوازی لە نێوان سەرچاوەکاندا لە سەر ڕێکەوتی دەسپێکردن و کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفال بەم شێوەیەبوو:

((١- لەهەندێ سەرچاوە دا، ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ بە ڕۆژی دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك داندراوە.

(بەپێی هەموو بەڵگەنامە باوەڕ پێکراوەکان و هەموو ئەوانەش کە لەناوچەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بوون، دووپاتی دەکەنەوە کە دەستپێکی شاڵاوەکان ڕێك شەوی ٢٣/٢٢ی شوبات بوون بەڵام خستنە گەرو بزواندنی سوپاکەلە ڕۆژی ١٧ و ١٨ی شوبات دەستیان بە جوولە کردووە و تەقەدومیان کردووە- سەنتەری برایەتی).

٢- هەندێك سەرچاوە شەوی ١٩/١٨ ی ئازادی ١٩٨٨ بە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی شاڵاوەکانی ئەنفالی دوو دادەنێت.

٣- هەندێك سەرچاوە شەوی ١٨/١٧ی نیسانی ١٩٨٨ بەرێکەوتی کۆتاییهاتنی شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ دادەنێت.

٤- هەندێك سەرچاوە ڕێکەوتی (٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ بە ڕۆژی دەستپێکردنی ئەنفالی چوارو ڕێکەوتی ٥ی مایسی ١٩٨٨ بەرۆژی کۆتاییهاتنی دادەنێت)).

* هەرچەندە زۆربەی سەرچاوەکان ڕۆژی (٦ی ئەیلولی ١٩٨٨) بە ڕۆژی کۆتایی ئەنفالەکان دادەنێت بەڵام لە دوای ئەم بەروارەش ئەنفال و شوێن و بزرکردنی خەڵك هەربەردەوام بووە بەتایبەتی دوای ڕاگواستنی سنوری پشدەر واتا دوای بەرواری مانگی (٦ی ١٩٨٩) کۆمەڵێك خەڵك لەسنورەکە گیراون شوێن بزر کراون کە تاکو ئێستاش سۆراخیان دیار نیە.

ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەنجام دانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا کە بووە هۆی کوژران و بێسەرو شوێن کردنی نزیکەی ١٨٢ هەزار کەس، ڕژێم لە ڕێگای بانگەوازی لێبوردنی ساختەوە و هاندانی خەڵکی گەرمیان بۆ ئەوەی بەرەو گوندەکانی ملەسورە و کوڵێ جۆی حاجی حەمەخان بڕۆن و لە وێدا کۆببنەوە، بەم جۆرە بەپێی ئەرشیفەکانی کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال لە نێوان ڕۆژەکانی ١٤ تا ١٧ی ١٩٨٨/٤ زۆرترین ژمارەی قوربانیانی ئەنفالی گەرمیان لەو دوو گوندە کۆکرابوونەو و تەنها لەسێ ڕۆژەدا (پتر لە بیست هەزار ژنو پیاو و پیرو منداڵ ) کۆکراونەتەوە بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆری (دەست بەسەراگیراوی) گوند نشینەکان ڕەوانەی قەڵا سەربازییەکەی (قۆرە توو) کراون پاش کۆکردنەوەیان ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەپێی نەخشەو پیلانەکە دەبوایە لە ناو ببرێن، پەیتا پەیتا



دەست کرا بەگواستنەوەیان لە قەڵای ناوبراوەوە بەرەو ئۆردوگاکانی کۆکردنەوەی قوربانیەکان لە کەرکوك و تۆبزاوە و دووبز.

لە بەر ئەوە ڕۆژی ١٤/٤ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی یادکردنەوەی کارەساتەکانی ئەنفال داندرا.

شایەنی باسە لەم ڕۆژەدا ڕاوێژکارێکی جاش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە فریودانی خەڵکەکەو[١٩٤] لە لایەکی تر، عەدالەت عومەر، چالاکگەری لە بواری ئەنفال و بێ سەرو شوێنەکانی کوردستان دەڵێت (( بێجگە لە کوشتن و بێ سەرو شوێن کردن لە لایەکی تر ڕژێمی بەعس کۆمەڵێك منداڵ و ئافرەتی گەنج بە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو فرۆشراون نزیکەی (٦٠٠ تاکو ٧٠٠) کەس بوون کەوەك نمونەیەك یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەی (شانافیە) ی باشووری عێراق دەڵێت لە ساڵی ١٩٨٨ دا سەددام حوسێن کۆمەڵێك ئافرەتی کوردی وەك دیاری پێش کەش کردون هەرچەندە پێیان گووتن هەرچۆنێك سوودیان لێ وەردەگرن خۆتان ئازادن بەڵام ئەوان وەك خۆیان دەڵێن ئێمە لەڕێگای ئیسلامیەوە لە کوڕەکانی خۆمان مارە کردوون ئێستا هەندێکیان چەند منداڵییان هەیە کەئەمانە کۆمەڵێك گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ کۆمەلگای کوردی بە جێهێشتووە کە تاکو ئەمرۆش بەبێ چارەسەر کردن ماونەتەوە).

لەلایەکی تر دوای ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان هەڵدەستان بەتێك دانو سووتاندنی سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچانەی کە دەستی شاڵاوەکانی ئەنفال پێیان دەگەیشت لەو ساڵەدا جگە لە چەند شارۆچکەو ناوەندی ناحیەکان وەك( شارۆچکەی- هێران و ناحیەی دیبەگەو خورماڵ و بەرزنجە و ئوردوگاکانی خورماڵو شانەدەر و ئاغجەلەر و سەید سادق و سیروان و عەنەب) ژمارەی ((١٦٩٩ گوند)) تێکدران و دانیشتوانەکانیان بە شێکیان ئەنفال کراونو بەشێکی تریشیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان نیشتەجێ کران کە هەندێکیان ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی کە باسمان کردن بۆ جاری دووەم بەرشاڵاوی ڕاگواستن کەوتن کە بەم شێوەیە بوو:[١٩٥]

---

١٩٤- نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٣٦ی) ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٧/١١) ، ل ٦ .

١٩٥- مراد حەکیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

١- له سنوری پارێزگای سلێمانی ٦٨١ گوند.

٢- له سنوری پارێزگای دهۆك ٤٠٢ گوند.

٣- له سنوری پارێزگای هەولێر ٢٩٥ گوند.

٤- له سنوری پارێزگای کەرکوك ٢٣٦ گوند.

٥- له سنوری پارێزگای موسڵ ٥٤ گوند.

جگە لە ڕاگواستن وکوشتن و بێ سەرو شوێن کردن، هەرلەکاتی قۆناغی یەکەمی ئەنفالدا کە ڕژێم هێزێکی زۆری کۆکردبۆوە بە سەر ناوچەکانی (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان) لە دۆڵی جافایەتی، لە لایەکی تر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە هاوکاری هێزە ئێرانیەکان توانیان شاری هەڵەبجە ئازاد بکەن،[196] هەندێك سەرچاوە دەڵێن پاسدارە ئێرانییەکان هەر زوو لە ١٣ی مارتەوە دزەیان کردبووە ناو شارەوە و لەشەوی ١٥ی مارتدا بەئاشکرا بەناو شەقامەکاندا نمایشیان دەکرد بە یاوەری کوردە عێراقیەکان.[197]

لەئەنجامی ئەو ئازاد کردنە، لەلایەن هێزەکانی عێراقیشەوە پەلامارێکی دڕندانەیان لە ڕێگای هێزی ئاسمانی و تۆپبارانێکی زۆر خەست لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا بە چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجەیان داو کە بووە هۆی لە ناو چوونی (٥٠٠٠) کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە (١٠) دەهەزار کەسیش بریندار بوون، کەژمارەیەکی زۆر لەو بریندارانە تاکو ئێستا بەهۆی سەختی برینەکانیان و کاریگەری ماددە کیمیاوییەکە چاك نەبوونەوەو بەردەوام گیانیان لەدەست دەدەن یان تاکو ئێستاش وەك کەم ئەندام لەئێش و ئازاردان و ئەمە بێجگە لەوەی کە تاکو ئێستاش ژینگەی ناوچە کە بەهۆی کاریگەری مادەکیمیاویەکە بۆ ژیانی مرۆڤ لەبار نیە و کاریگەری لەسەر گشت لایەنەکانی ژینگە هەیە، کە ئەمەش یەکەم تاوانی بەعس نەبوو بە چەکی کیمیاوی بەڵکو لە ڕۆژی (١٦\٤\١٩٨٧) دا بۆ یەکەمین جار چەکی کیمیاوی لە پێش ئەنفالەکاندا لە ناوچەی (بالیسان و شێخ وەسانان) بەهۆی دوازدە فرۆکەی جەنگی بە شێوەیەکی تر بە چەکی کیمیاوی و گازی خەردەل بۆردوومانیان کرد کە نزیکەی (١١٠) کەس کوژران کە لەوانە (٢٣) کەسیان منداڵی خوار چوار ساڵان بوون[198]، و

١٩٦- شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفال ، کوردو دەوڵەتی عیراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٨٩.

١٩٧- میدل ئیستوۆچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەگێرانی لە ئینگلیزیەوە محەمەد حەمە سالح تۆفیق، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ١٦٢.

١٩٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٦٩) ی ڕۆژی ١٧\٤\١٩٩٢



ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون لە کاتێکدا کە بریندارەکانیان هێنان بۆ ڕانیە* و دواتر ڕەوانەی خەستەخانەکانی هەولێر کران بۆ مەبەستی تیمارکردنیان لەلایەن سەرانی بەعس بەسەرپەرشتی (حسن الدوری) کە بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بوو(٧١) کەسیان لە بریندارەکان بردوو شوێن بزرکران، شایەنی باسە بریندارەکان لە زیندانەکانی بەعس ڕێگا نەدرا تیمار بکرێن و تەنانەت لە هەموو پێداویستی ژیان بێ بەش کران وەك (نان وئاو) تاکوو هەریەکەیان لە شوێنی خۆیان مردن و وەهەندێکیشیان بەزیندوویی لە شوێنی نادیار زیندە بەچاڵ کران. کیمیاباران کردن کە بەگەورەترین تاوان دەژمێردرێت کە بەرامبەر مرۆڤ کراوە و کارێکی سلبی کردە سەر جەماوەری کوردستان و بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەش لە داهاتوو نەتوانێت بەرگری بەو شێوەیە بکات بۆیە ئاگاداری شوێنەکانی تر کرا بۆ سەلامەتی و پاراستنی هاوڵاتیان هەوڵبدەن کۆچ بکەن بە تایبەتی بۆ ئێران و تورکیا، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندە ئازادکراوەکان و ئەو شوێنانەی کە لەبەرنامەدا بوون بۆ ڕاگواستن بە ناچاری شوێنەکانیشیان بەجێ هێشت کە نزیکەی شەست هەزار[199] کەس خەڵکی هەڵەبجە بوو بەرەو ڕووی سنووری ئێران چوون بەڵام لە کاتی ئەنفالی بادینانا ڕەوشەکە هەندێك جیاوازی هەبوو زۆربەی زۆری دانیشتوانی دێهاتەکان نەکەوتنە بەردەستی ڕژێم بەڵکو پەنایان بردە بەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران و کاربەدەستانی تورکیا لە ٣١ ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ دا ڕایان گەیاند کەوا مافی پەناهەندەیی بە ٥٧ هەزار کوردی عێراقی داوە[200] دکتور مارف عومەر گول لە کتێبی جینۆسایدی گەلی کورد دا دەڵێت( سیاسەتی جینۆساید لە دژی گەلی کورد، ئەوە نەبێ هەر لە سنووری عێراقدا جێبەجێ بکرێت، بەهەموو لایەکدا پەلی هاوێشتوە، ئەو خەڵکەی لەبەر هێرشی کیمیاوی و وێرانکردنی ناوچەکانیان پەنایان برد بۆ تورکیا و لەوێ ببوونە پەناهەندە، لەوێش لە ئوردوگای پەناهەندەییدا، ڕژێمی عێراق بە

* کاتێ کە بریندارەکانیان هێنا بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، جەماوەری شارەکە هەڵوێستی وەفاداری و کوردایەتیان نیشاندا بە کۆمەك و خوێن بەخشین و شاردنەوەی کۆمەڵێك بریندار کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە مایەی سەرسووڕمان بوو لە هەوڵی تۆڵەکردنەوە بوون دژی ئەوانەی هاوکاری بریندارەکانیان کردبوو.

١٩٩- میدڵ ئیست ووچ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤

٢٠٠- مراد حکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، سلێمانی ٢٠٠٤ ل ١٤٧

کۆمەڵ هەولی کوشتنی داون، رۆژی ٨\٦\١٩٨٩ لە ئوردووگای ماردین، بەهۆی بەکرێ گیراوانی عێراقەوە، نانی ژەهراوی دابەشکرا بەسەر پەنابەرەکاندا، بۆ ئێوارەی رۆژی دوایی کاریگەرییێتی نانە ژەهراوییەکە ئاشکرا بوو، بە کۆمەڵ منداڵ و ژن و پیاو نەخۆش کەوتن، تا ١١\٦\١٩٨٩ ژمارەی نەخۆشەکان گەیشتە ٣,٠٠٠ سێ هەزار کەس[٢٠١] .

وە نموونەیەکی تر، لە ساڵانی دوای نەکسەی شۆرشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر لە رۆڵەکانی گەلی کورد بە ناچاری ئاوارەی ئێران بوون، رژێمی ئێران بەسەر شارو شارە دوورەکانی ئێراندا دابەشی کردن، لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٩ دا، پەناهەندەکان گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران و لە ئۆردووگای زێوە نیشتەجێ کران، کە ئەم ئۆردووگایە (٥٠) هۆڵ (قاعە) بوون هەر قاعەیەك (٥٠) ژووری بووە و سەرجەمی پەناهەندەکان نزیکەی (٧٠٠٠) هەزار کورد بوون[٢٠٢] .

رژێم لە دوو کاری تیرۆرستی دا هەولی لەناو بردنی دان لەوانە:[٢٠٣]

یەکەم: لە ساڵی هەشتاکاندا لەلایەن چەند بەکرێگیراوێکی بەعسەوە ئاوی خواردنەوەی ئۆردووگاکەیان ژەهراوی کرد کە بووە هۆی شەهید بوونی سێ هاولاتی.

دووەم: لە ٩\٦\١٩٨٥ چەند فرۆکەیەکی رژێم بە چەکی قەدەغەکراوی ناپالم بۆمبارانی ئوردووگاکەیان کردوو لە ئەنجامدا (١٣٤) هاوڵاتی کوژران [٢٠٤]کە لەوانە (٧٥ منداڵ و ٢٢ ژن و ٣٧ پیاو بوون) وە کۆمەڵێکی زۆریش بریندار بوون.

لە ناوەراستی ساڵی ١٩٨٩ دا، رژێم ٢٢ گوندی لە ناوچەی سیدەکان و هەروەها ٣٤ گوندی لە هەردوو هۆزی دۆڵەمەری و شێروانی لە دەڤەری بارزان راگوێزران[٢٠٥] ، ٢٩\٥\١٩٨٩ شارۆچکەی دێگەڵەشی راگواستووە، لە هەمان کاتدا لە بەرواری ١\٦\١٩٨٩ ماوەی ٢٥ رۆژی

٢٠١- دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جێنۆسایدی گەلی کورد، سەنتەری لێکۆلینەوەوی ستراتیجی کوردستان چاپی دووەم سلێمانی ٢٠٠٣ ل ٤٤.

٢٠٢- ئەحمەد شێخۆ ، لە دیمانەیەك دا کە لەلایەن مەهدی بێداوی سازی کردببو، تایبەت بە زێوە سەنگەری بەرخودان و کارەساتەکانە، لە گولانی ژمارە(٤٢٤) ١٣\٣\٢٠٠٢.

٢٠٣- خۆشەوی عەلی باپیر، لە دیمانەیەکدا کە لەلایەن مەهدی بێداوی سازی کردبوو، تایبەت بە زێوە سەنگەری بەرخودان و کارەساتەکانە، لە گوڵانی ژمارە(٤٢٤) لە ١٣\٣\٢٠٠٢.

٢٠٤- خەباتی قوتابیان (گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری گشتییە) ژمارە ٣٩ لە ٢٥\٦\٢٠٠٠ ، ل ٢٢-٢٣.

٢٠٥- مراد حەکیم رەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.



تەرخان کرد بۆ چۆلکردن و راگواستنی شاری قەڵادزێ و ناحیەی سەنگەسەر و شارۆچکەی ژاراوە و ئوردووگاکانی (پێمالك و ژاراوە و ئوردووگای سەنگەسەر و تووەسووران). کە دەکرێت بڵێین بە راگواستنی شاری قەڵادزێ و پشدەر بە گشتی دوا پرۆسەی ئەنفال و راگواستنی گوند و شارەکان بووە ئەگەر بەووردی راگواستنی گوندەکان سەرنج بدەین دەبینین جگە لە مەڵبەندی پارێزگا و چەند قەزاو ناحیەك لە پێش راپەرین، بە دەگمەن گوندێکی ئاوەدان لە کوردستان دا دەبینرا کە وەك سروشت و باری ئاسایی مابێتەوە[٢٠٦] .

- بەپێی سەرژمێری بەرەی کوردستانی عێراق، کە لە ٢٤ی شووباتی١٩٨٩ [٢٠٧]یاداشتنامەیەکی ئاراستەی لێژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، گەلێ تاوانی جێنۆساید لەوێدا روون کردۆتەوە لەوانە:

١- رووبەری (٥٥-٦٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە هەرێمی کوردستان چۆڵ کراوە.

٢- زیاتر لە نیو ملیۆن کورد بە ناچاری لە ترسی گرتن وکوشتن و شوێن بزرکردن ناچارکراون، دەربەدەر بوون و بە پەناهەندە لە ولاتانی تورکیا وئێران و جیهان نیشتەجێ بن.

٣- زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو هاولاتی کورد لەسەر گوند و ناحیەو قەزاکانی بەزۆر راگوێزراون و تەنانەت بۆیان نیە بگەرێنەوە شوێنەکانیان.

٤- زیاتر لە ٤٠٠٠ چوار هەزار گوندی کوردستان خاپوور کراون و تەنانەت کانی وسەرچاوەکانی ئاو بە چیمەنتۆ پڕ کراونەتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ژیان لە کوردستان نەمێنێت و میللەت و پێشمەرگەش نەتوانن بژین. لە لایەکی تر لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەی کە وێرانکردنی کوردستانیان تێدا روونکراوەتەوە و نەخشەو پیلانی وێرانکردنە بەم شێوەیە دیاری کراوە:[٢٠٨]

١- وێرانکردنی ٣٨٣٩ گوند و شار و شارنشین.

٢- وێرانکردنی ١٧٥٧ قوتابخانە.

٢٠٦- پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ناهندە جەماڵ تاڵەبانی و جاسم محەمەد محەمەد علی ، ئەنفالی گەرمیان، کۆنفرانسی ئەکادیمی ئەنفال،سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٤) هاوینی ٢٠٠٢، ل ١٧٠.

٢٠٧- حبیب محمد کریم الحزب الدیمقراطي الکردستانی- العراق- في محطات رئیسیة (١٩٤٦- ١٩٩٣).

٢٠٨- سلێمان عەبدوللا ئیسماعیل، گۆرانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی ژمارە١٥،ل ١٦٨.

٣- وێرانکردنی ٢٤٥٧ مزگەوت و جێگەی ئایینی.
٤- وێرانکردنی ٢٧١ نەخۆشخانە.
٥- ڕاگواستنی ٢١٩,٢٨٢ خێزان.

به پێی مەسحێك كە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی حکومەتی هەرێم ئامادەی کردووە، شاڵاوەکانی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان لە هەرسێ پارێگای کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، ٤٠٤٩ گوند تێك دراون و تەنها لەو سێ پارێزگایە ٦٧٣ گوند مابوون[٢٠٩]، كە ڕژێمی بەعس ئەو گوندانەشی خستبۆوە بەرنامەی ڕاگواستن بە نووسراوی

٢٠٩- د.ئازاد شێخانی ئەنفال لە ناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروست کردنی ئۆردوگا زۆرەملێییەکان دا، سەنتەری برایەتی ژمارە(٢٤)، ل ٤٤١.

* بەنداوی بێخمە یان بەربەستی بێخمە، لە ساڵی ١٩٨٤ دەستکراوە بە دروست کردنی لەسەر زێی گەورە و لەو شوێنەی کە زێ یەکە زنجیرە چیای بەرات لە دەربەندی بێخمە دەبڕێ بۆ کۆکردنەوەی ئاو لە نێوان هەردوو زنجیرە چیای (نواخین و بەرات)، بڕیار بوو لە ساڵی ١٩٩٤ دا تەواو بکرێت بەڵام بەهۆی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ئەم پرۆژەییە تەواو نەکرا، ئەم بەنداوە نیاز وابوو بڵندیەکەی ٢٤٠ مەتر بێت، کە بەمەش دەبوو بە یەکێك لە بەنداوە هەرە بڵندەکانی جیهان. گرنگترین ئامانجەکانی ئەم پرۆژەییە:
١- کەم کردنەوەی تەوژمی ئاوی لافاوەکان لەسەر دجلە.
٢- بەرهەم هێنانی ١٤٥٠ مێگاوات وزەی کارەبا.
٣- سوود وەرگرتن لە ئاوی پاشەکەوت کراوی زستان و بەهار و بەکارهێنانی لە کاتی پێویست و ئاودێری کشتووکاڵ.
٤- سوود وەرگرتن بۆ گەشتو گوزار و سامانی ئاوی بەتایبەت (ماسی)

ب- لە بواری سیاسیەوە، ڕژێم بەهۆی پیلانە یەك لەدوای یەکەکانی دژی میللەتی کورد هەردەم بیری کردۆتەوە بەچ ڕێگایەك یان شێوەیەك هەڵی زیاتر بدات بۆ لەناوبردنی کورد، بۆیە ناکرێت بڵێین بەنداوی بێخمە سوودی ئابووری نیە بەڵام لەهەمان کاتدا زیاتر زیانیشی هەیە لەکاتی جێ بەجێ کردنی نەخشە کە بەتەواوەتی وەك:
١- بەتەواو بوونی پرۆژەکە ڕووبەرێکی زەوی لە ناوچەکانی سۆران و بادینان ئاو داگیری دەکات وەدەبووە هۆی نقومبوونی زەوی کوردستان بەشارو گوندەکان تاکو سنوری دیانا (سۆران) لەلایەكو لەلایەکی تر ناوچەی سنوری بارزان ئاو دای دەپۆشی.



وبڕیاری ژمارە (٣٤٤٨) ی ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٨٩ كە لەلایەن مەکتەبی باکوور ڕێگەی داوە بە چۆلکردن و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی دیارینەکراو لە گوندەکانی (برادۆستی و دۆڵەمەری) وەك ڕێگە خۆش کردن بۆ دوروست کردنی بەنداوی بێخمە* لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان لە ئاستی کاتو شوێندا وەك یەك نەبوو، کەواتا دەتوانین بڵێین وێرانکردن لەسنوری پارێزگای سلێمانییە بەتایبەتی لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، پارێزگای سلێمانی ١٨٧٧ گوندی هەبوو، بەڵام لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٨٧ دا تەنها ١٨٦ گوندی هەیە کەواتا ١٧٠٠ گوند وێرانکراوەو نەماوە لە ماوەی (١٠) ساڵدا.[٢١٠] لەکاتێکدا وێرانکردنی گوندەکانی لە دوای ئەو ساڵەش بەردەوام بووە لە سنووری پارێزگاری سلێمانی کەدوا شوێن گوندەکانی سنوری پشدەر بوون لە ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩دا، کە ئۆردوگای بەستەستێن نزیکەی (٢٢) گوند بوونو (٢٧) گوندیش سەر بەناحیەی ناوەندی مەرکەزی قەڵادزێ و (٣٥) گوند سەربەناحیەی سەنگەسەر کە کۆی هەموویان (٨٤ گوند) بوون کەواتا لەسنوری پارێزگای سلێمانی دا تەنها (١٠٢) گوند مابوون کە خاپوور نەکرابوون.

وە لەڕووی کاتیشەوە، لە پرۆسەی ڕاگواستن لە دوای ساڵانی ١٩٧٥، بەناوی پشتێنەی ئەمنی لە سنوورەکان ڕاگواستن دەستی پێ کردوو تاکو بەهاری ١٩٩١ کە بەشێکی کوردستان ئازاد کرابوو بەڵام لەو بەشەی کەلەژێر دەسەڵاتی میری دابوو ڕاگواستن و خاپورکردن هەربەردەوام بوو تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣.

٢- جیاکردنەوەی هەردوو ناوچەی سۆران و بادینان بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەتوانێت لە سنوورەکە بەئاسانی چالاکیەکانی ئەنجام بداتو دانیشتوانی کوردستان لە یەکتری دابڕێت.

* سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
- جەزا تۆفیق تالیب، داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی لێکۆڵینەوەی کوردستان ژمارە(٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٦.
- کوردستان، کورتەباسێکی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری ژمارە(٣٣).
- فەرید ئەسەرسەرد وە دکتور ئومێد نوری محەمەد ئەمین، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- حەمەد ئەمین، ئابووری سیاسی، ژمارە (١)ی ٢٠٠٢، هەولێر.

٢١٠- میدل ئیستا ووچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد صالح، سلێمانی- ٢٠٠٤- ل ١٤٣.

لە بەهاری ١٩٩١ کە کاتێك راپەڕین سەرجەم کوردستانی گرتەوە بە کەرکوکی دڵی کوردستانەوە، لە ماڵی ((علی حسن مجید)) کۆمەڵێك کاسێت (شریت) گیران لە یەکێك لەوانە تاوانبار ((علی حسن مجید)) لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی بەعس دەڵێت (( ئەوەی ئێمە کردمان شتێك بوو کە سەرکردایەتی حزب تا ساڵی ١٩٨٧ نەیدەتوانی ئەنجامی بدات ئەوەش نعمەتێکی خودایە بەدەستمان هات ئەگەر بێتو بەسوپای سەربازی روو بەڕوو بوونەوە ئەنجاممان بدایە زەرەر و زیانێکی زۆرمان پێدەکەوت، دەزانن ئەوانە کێ بوون؟ ئەوانە تێکدەربوون هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: دەست دەکەین بە وێرانکردن و راگواستنی گوندەکان، ئەوانە بە چەکی تایبەتی لێیان دەدەین، کەمەبەستی چەکی کیمیاویە وە هەروەها دەڵێت، ناتوانم گوندەکان بهێڵمەوە، چونکە ئێمە بە کیمیاوی هێرش دەکەین، ئەوکاتە پێویستە خێزانەکان گوندەکانیان جێ بهێڵن، چونکە ناتوانم ئەو رۆژە ئاگاداریان بکەمەوە کە بەچەکی کیمیاوی هێرش دەکەین! کێ بەرامبەر ئەم کارە نارەزاییە؟ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی؟ ئەو کاتە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و هەریەکێك ئەم کارەی بەلاوە گرینگە، جەهەنم))[٢١١]

سەبارەت بە ئەنفالەکانیش، دەتوانین بڵێین رژێمی بەغدا لە دانووستانەکانی ساڵی ١٩٩١ و لە یەکێك لە گفتوگۆیەکاندا لەسەرزاری (عەلی حەسەن مەجید) بیستراوە کە وتوویەتی ١٨٢ هەزار کەس نەبوون تەنها (١٠٠) هەزار کەس دەبوون کە ئەنفالمان کردوون.[٢١٢] ژمارەی ئەو کوردانەی لە کاتی ئەنفالەکاندا گیراون دەگاتە ١٨٢ هەزار مرۆڤ کە زۆر بەیان منداڵو ژنو پیرە مێردن کە هەموویان بەبێ دادگایی کردن کوژران و لە گۆڕستانەکانی بیابانی باشووری عێراق بە کۆمەڵ نێژراون و وا مەزەندە دەکرێت لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق (١٢٥) گۆڕستانی بە کۆمەڵ هەبێت.[٢١٣]

---

٢١١- زیاد کەریم خدر، ئەنفال ئەو برینەی ساڕێژ نابێت، رۆژنامەی خەبات ژمارەی (٢٤٨٢) ی رۆژی چوارشەممە رێککەوتی ٢/٥/٢٠٠٧، ل ١٢.

٢١٢- مافناس فەریق عەبدوڵلا، ئەنفال ویاسای نێو دەوڵەتی لێکۆڵینەوەیەکە لە ئەحکامەکانی رێککەوتننامەی بە کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٤) هاوینی ٢٠٠٢ ، ل ٢٥٤.

٢١٣- د. فوئاد حەمە خورشید، کەرکوك دڵی کوردستانە، وەرگێڕانی نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە ٤٨ (وەرزە گۆڤارێکی ئەکادیمی گشتییە یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات) بەهاری ٢٠٠٧، ل ٤٢.



لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەوانەی زوڵمو ستەمیان بەرامبەر میللەتی کورد کرد لە (گرتن و دەرکردنو بەکۆمەڵ کوشتن وشوێن بزر کردنو کیمیاوی بەکارهێنان و راگواستن، ئەگەربەشێوەیەکی مرۆڤانە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ میللەتی کورد بکردایە بەتایبەتی خیانەتیان لە رێککەوتننامەکانیان نەکردبا بەتایبەتی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بێگومان ئێستا توشی ئەو هەموو شەڕو ماڵ وێران کردنە نەدەهاتنو نەدەبووە هۆی شەڕی هەشت ساڵەی ئێرانو دواتریش کوێت ئەمجا هەردوو شەڕی کەنداو لە کۆتایدا نەدەبووە لەناو چوونی رژێمەکەشیان کە ئێستا خۆشیان لە زیندان چاوەڕوانی حوکمی یاسا دەکەن بەتایبەتی لە دوای رووخانی رژێمی بەعس ٢٠٠٣ بەتایبەتی رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ بەنیسبەت میللەتی کورد رۆژێکی خۆشە کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە سەرانی رژێمی بەعس نیشاندرانو دادگایکردنی سەددام حوسێن و دارو دەستەکەی لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕێوە چوو. کە ئەمانە بوون:[٢١٤]

**یەکەم:** تۆمەتبار سەددام حوسێن مەجید ئەلتکریتی، ئەمە سەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕشو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەڵوەشاوە بوو.

**دووەم:** تۆمەتبار عەلی حەسەن مەجید ئەلتکریتی، ئەمە لەو کاتە بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی باکووری حزبی بەعس هەڵوەشاوە بوو.

**سێهەم:** تۆمەتبار سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، ئەمە فەرماندەی پرۆسەکانی ئەنفالو فەرماندەی فەیلەقی یەك بوو لەو کاتەدا.

**چوارەم:** تۆمەتبار حوسێن رەشید ئەلتکریتی، ئەمە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ پرۆسەکان بوو.

**پێنجەم:** تۆمەتبار متلەگ ساڵح ئەلجبوری، ئەمە ئەوکاتە لە پۆستی بەرێوەبەری ئیستخباراتی ناوچەی باکووردا بوو.

**شەشەم:** تۆمەتبار تاهیر تۆفیق حاجی یوسف ئەلعانی، ئەمە سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور بوو پاشان بووە پارێزگاری موسڵ.

**حەوتەم:** تۆمەتبار یابر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدووری، ئەمە لە پۆستی بەرێوەبەری ئیستخباراتی سەربازیدا بوو.

ئەمانە بەشی یەکەمی تاوانباران بوون.

---

٢١٤- نامق هەورامی، ئەنفال ڕووبەرووی دارودەستەکەی بووەوە، گوڵان (ژمارە ٦٠٠) لە ٢٠٠٦/٨/٢٤، ل ٢.

# دەروازەی سێیەم

## راگواستنو کاریگەری لەسەر پشدەر

**١- جوگرافیای سنووری پشدەر.**
**٢- جینۆسایدی پشدەر**
**٣- قۆناغەکانی راگواستن لە سنووری پشدەر:**

أ- قۆناغی یەکەمی راگواستن ساڵی ١٩٧٧.

ب- قۆناغی دووەمی راگواستن لە ١٩٧٨- ١٩٧٩.

ت- هەڵوێستی رژێمی بەعس لە دوای راگواستن.

پ- قۆناغی سێیەمی راگواستن ١٩٨٠- ١٩٨٨.

ج- قۆناغی چوارەمی راگواستن لە ١٩٨٩.

## ١- جوگرافیای سنووری پشدەر:

**یەکەم:** هەڵکەوتەی ناوچەی پشدەر، لە چیاو دەشت پێك هاتووە، لە رووی جوغرافیەوە زاراوەی پشدەر، لە پشی دەربەند- پشتی دەرە- نێوان زنجیرە چیاکانی ئاسۆس و کێوەڕەشە، ئەو دەربەندە* - گەروو- ناوچەی رانیە (بیتوێن) لە دەڤەری پشدەر ئەپچڕێت، بەو دابڕانە ئەکەوێتە پشتی دەربەندەوە.[٢١٥] رێی تێدەچێ پشدەر، نێوێکی لە مێژنەبێت و دەشێ سروشتی هەڵکەوتنی ناوچەکە لە دەروازەکەی را بێت،[٢١٦] پشدەر یەکێکە لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگاری سلێمانی و دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتەوە لە دووری ١٧١ کیلۆمەتر[٢١٧]. (بۆ زیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە ـ٦ ـ ).

لە رۆژهەڵات و باکوورەوە، هاوسنورە لەگەڵ کوردستانی رۆژهەڵاتی ئێران، وە دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی(٣٦- ٣٦,٥) پلە باکوور و هێڵی درێژی (٤٤,٥- ٤٥,٥) پلە رۆژهەڵات،[٢١٨] و لە رووی ئاو هەواکەشی بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری بەرزی و نزمی رووی خاکەکەی کاری کردۆتە سەر، بەتایبەتی ئاو هەوای دەریای ناوەڕاست، کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەیە،[٢١٩] بەتایبەتی لەڕووی گەرمییەوە، لەزستان ساردو شێدارو، هاوینی فێنك ناسراوە، لەڕووی دابارینەوە، ناوچەکە بە هەرێمی بارانی مسۆگەر ناسراوە و لە نیوەی زستانەوە باران پەرە دەستێنێ و هاوینی وشکە، کە رێژەی باران بارینی لەسەرووی (٦٠٠ ملم) دایە[٢٢٠] بۆ

* ناوی دەربەند، بە سێ ناو، ناو دەبرێت ١- دەربەندی پشدەر ٢- دەربەندی رەمقان ٣- دەربەندی رانیە.

٢١٥- کەریم زەند، جوگرافی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم ٢٠٠٥ سلێمانی، ل ٤٥٨.

٢١٦- د. قادر محەمەد ئەشکەنەیی، دارا خدر حسن، پشدەر لەماوەی سالآنی ١٩١٤- ١٩٣٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، لەسەنتەری برایەتی ژمارە (٢٦) دا بڵاو کراوەتەوە،ل ٢٠.

٢١٧- کەریم زەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٢٢٦و ٢٢٧، دووری سلێمانی- ڕانیە- قەڵادزێ = ١٣٩+٣٢= ١٧١کم، وەهەروەها دوری هەولێر- کۆیە- بێستانە- ڕانیە- قەڵادزێ = ٧٥+١٥+٣٨+٣٢= ١٦٠کم دیاری کردووە.

٢١٨- محمد احمد المهنا، و...، الاطلس العراق للمدارس الاشتراكية، بغداد- الطبة السابقة ١٩٦٦ ، ص ٢٣.

٢١٩- پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، ژمارە -٣- چاپی یەکەم- هەولێر ١٩٩٨، ل ٦٥.

٢٢٠- سەرچل احمد علی، پشدەر، قەڵادزێ- گۆڤارێکی وەرزیی روناکبیری گشتییە- ژومارە (شەش) ی زستانی ٢٠٠٧، ل ١٧.



کشتوکاڵی زستانە لەو ناوچەیەدا پشت بە باران دەبەسترێت وەتا وەکوو بەرەو باکوور بڕۆین رێژەی باران بارین زیاتر دەبێت وەهەروەها بەفر لە هەموو سنورەکە دەبارێت بەڵام لە زنجیرە چیاکان زیاتر دەبارێت، وەزۆر جار رێگای گوندەکان و شارەکان چەند رۆژێك دەگیرێت بەهۆی بەفرەوە لەلایەکی تر لە چیای قەندیل بە فر لەزۆرشوێندا دەمێنێتەوە بە درێژایی ساڵ وەهەروەها سێ گۆمی سروشتی لەسەر زنجیرە چیای قەندیل بەناوەکانی (( بیکۆدیان- کرمەسوران- پیرخیلند)) هەیە.

لە وەڕگاکانی جێگای سەدان هەزار سەر ئاژەڵ دەبێتەوە کە کوێستانیەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردوون.[٢٢١]

لەڕووی بەرزی و نزمی خاکەکەی پێك هاتووە لە :

١- لەباکوور، زنجیرە چیای قەندیل کە بەرزترین شاخە لە سنوورەکەدا (٣٤٥٠) مەترە لەئاستی دەریاوە، کە ئەودیووی چیای قەندیل سنووری نێو دەوڵەتی ئێرانەو ناوچەی (پیرانشهر- خانە) دەگرێتەوە.

٢- لەباشوور، زنجیرەی چیای ئاسۆس (١٨٠٠) مەترە، سەرەتاکەی لە (کوڕیس) ەوە دەست پێدەکات و لە لوتکەی بلۆقین کۆتایی دێت. کەواتا ئەو دیووی چیای ئاسۆس لەلای رۆژهەڵاتەوە، ناوچەی شار باژێڕ و لەرۆژئاواش ناوچەی مەرگەو بەنداوی دووکانە.

٣- لەرۆژهەڵات، زنجیر چیاکانی بلّغەت (٢٣٧٩) مەتر، دوبەزە(٢٣١٤)م، مامەندە (٢١٠٣)م، چواس و هەرمێن (٢٤٠٨)م پێك دێن، ئەو دیووی ئەو زنجیرە چیایانە سنووری نێو دەوڵەتییە لەگەڵ ئێران و ناوچەی سەردەشت دەگرێتەوە.

٤- لەرۆژئاوای، زنجیرە چیای کێوەڕەش کە (١٥٣٢)م لەگەڵ زنجیرە چیای ئاسۆس بەهۆی رێڕەوی زێ بچووك* لە یەکتری جیابوونەتەوە، کە ئەمەش لەلای باکوور بۆ لای سنووری پارێزگای هەولێر، بەتایبەتی ناوچەکانی حاجی عمران و قەسرێ، لەلایەك و لەلایەکی تر لەلای باشوورەوە سنووری رانیە و بیتوێن دەگرێتەوە.

٢٢١- مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپی دووەم، مایس ١٩٩٧، ل ٣٢٥.

**دووەم: دەشتی دامێن چیاکان، یان دەشتی پشدەر:**

لەدامێنی زنیجیرە چیاکاندا، کۆمەڵێك گردو تەپۆڵکەو دەشتێکی فراوان لە ئامێز دەگرێ کە پێی دەڵێن دەشتی پشدەر، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و درێژییەکەی ٢٠ کیلۆمەتر دەبێتو ڕووبەرەکەشی لە نێوان (٢٠- ٣٠کچك) [٢٢٢] دایەو ڕووباری زێی بچووکیش بەدامێنی زنجیرە چیای ئاسۆس و دەشتەکەدا دەڕواتو لە دەربەندی پشدەر دەچێتە ناو دەشتی بیتوێن. ئەم دەشتە (پشدەر) لەگەڵ دەشتی بیتوێن هەریەك دەشتەو زنجیرە چیای کێوەڕەش لێکیان جیا دەکاتەوە،[٢٢٣] بەشی ڕۆژهەڵاتی بە دەشتی پشدەر بەناوبانگە و بەشەکەی ڕۆژ ئاواش بە دەشتی بیتوێن ناو دەبرێت کە درێژیەکەی ٣٠ کیلۆمەتر دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی بەرزایی دەشتەکە ٥٠٠-٦٠٠ مەتردایە.

**ڕووبەری پشدەر:**

ڕووبەری پشدەر، بەگشتی ١٤١٢ کیلومەتر چوارگۆشە،[٢٢٤] کەڕووبەرێکی فراوانە پێك هاتووە لە

(( ٥٠٥٨٨٥ دۆنم، لەوە (٦٨٢٩٣) دۆنم زەوی پشتاو، (٢٦٨٩٩) دۆنم ڕەزو باغ، (١٩٠٦٢) دۆنم زەوی بەردەڵانی و (٦٢٩) دۆنم کەناری ڕووبارو، (١٤١٥) دۆنم ناکشتوکاڵیو، (٢٧٥٤٧٩) دۆنم دارستانی سروشتیو، (٧٧٧٤٩) دۆنم زەوی لەوەڕگای سروشتیو، (٥٣٩٥) دۆنم زەوی جێ گوند و شار، وەهەروەها لەو ناوچەیەدا (٥١٢) کانی سروشتی هەیەو (٥٨) کارێزی دەستکرد هەیە، وەهەروەها یەك ڕووباری گەورە (زێی بچوك) و شەش چەمی تر لەسنوورەکە هەیە)).[٢٢٥]

٢٢٢- جوغرافیای کوردستان، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی موکریانی چاپی دووەم ، ل ٣٧.

٢٢٣- خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠١، ل ١٠٣.

٢٢٤- عبدالله غفوری،جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپی یەکەم، ستوکهۆڵم ١٩٩٤، ل ٧٦.

٢٢٥- سەرچڵ ئەحمەد عەلی، پشدەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

* **زێی بچوك** : لەناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ((ئێران)) لە چیای قەندیلو کونەمشکو لاجان و شارداخ، برنجان، بەسەرچاوەی سەرەکی ئەم چەمەو لقەکانی دادەنرێت کە کەتۆتە ڕۆژئاوای شاری مەهاباد، دواتر دوو لقی سەرەکی دەڕژێتە ناوی:



**ڕووبەری پشدەر دابەش بووە:**

**أ. لەڕووی ئیداریەوە پشدەر تاکو ساڵی ١٩٣٨** لەلایەن خەڵکی سنورەکەوە ئیش و کاری ئیداری بەڕێوە دەچوو بەڵام لە کاتێکدا کە (جەمیل مەدفەعی) کرا بە سەرۆك وەزیرانی عێراق, کاربەدەستانی ڕژێم لە بەغدا بڕیاریاندا بە هەر نرخێك بێت ئەبێ تشکیلاتی بەڕێوەبەرایەتی لە پشدەر دابمەزرێت, ئەوەبوو لە ڕۆژی (١٩٣٨/٥/٢٥) دا[٢٢٦] بڕیاری پێك

١- چەمی (تیت) کەلەناوچەکانی سنوری نێوان ئێرانو عێراق دروست دەبێتو وەهەروەها چەمی بانەشی پێ دەڵێن.

٢- چەمی ماوەت (قەڵاچۆلان) کە هەردوو لقی سیوەیل و گوگە سورپێك دێت، ئەم دوو چۆمە لەلای گوندی بەردەشین پێك دەگەن، لە سنووری پشدەر نزیك گوندی (قندۆڵ) دەڕژێتە ناوخاکی هەرێمی کوردستانی باشوور (عێراق) و بەدامێنی زنجیرە چیای ئاسۆس و پێدەشتی پشدەر دا دەڕواتو لەخوار شاری قەڵادزێ ڕێڕەوەکە بەرین دەبێ بەهۆی کۆمەڵێك چۆم لە سنوری پشدەر دەڕژێتە ناو زێی بچوك بەم شێوەیە:

١- چۆمی قەڵادزێ، کە لەدوولق پێك هاتووە یەکیان چۆمی هەڵشۆ ئەوی تریان چۆمی چۆمخرکە و لە خوار قەڵادزێ پێك دەگەن.

٢- چۆمی ژاراوە، کەلە دوو لق پێك هاتووە یەکیان چۆمی بەلك ئەوی تریان چۆمی کولکولەیە بەردەوام ئاوی هەیە.

٣- چۆمی دۆڵە بەفرە، کەبەردەوام ئاوی هەیە.

٤- چۆمی بەستەستێن، ئاوەکەی بەشێوەی کاتییە (وەرزییە).

٥- چۆمی سەنگەسەر ((گافرێن)) بەردەوام هەیە.

٦- چۆمی تووە سوران، کاتییە.

شایەنی باسە ئەم چۆمانە هەموویان سەرچاوەکانیان لە سنووری پشدەرن. پاشان زنجیرە چیای ئاسۆس و کێوەڕش دەبڕێ و دەڕژێتە سنووری رانیە و دەشتی میرزا ڕۆستەم دەبڕێ ڕوو دەکاتە بەنداوی دووکان ئەمجا بەناوچەی تەق تەق گردۆلەکان دەبڕێت تادەگاتە پردێ تاکو باشووری شەرقاتەوە دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلە، درێژی زێی بچووك (٤٠٠ کم).

٢٢٦- عبدالرزاق الحسني, تاريخ الوزارات العراقية, ط٥ ,ج٥ , بيروت ١٩٧٨ ص ٢٥-٢٦

٢- عبدالله احمد ڕسوڵ پشدەری, یاداشتەکانم, بەشی یەکەم بەغدا ١٩٩٢ لاپەڕە ٣٦

٣- عبدالرقیب یوسف و صدیق ساڵح, بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری ساڵی ٢٠٠١ لاپەڕە

٤- فواد حمه خورشيد، قضاء ثشدر، دراسة في الجغرافية البشرية، رسالة ماجستير تقدم الى كلية الاداب و هيئة الدراسات العليا في جامعة بغداد، في ١٩٧٣/٦/٣٠، ص ١٣.

٥- فواد حمه خورشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو

هێنانی قەزای پشدەر و دوو ناحیەی داوە و دوای ئەو مێژووەوە, سوپایەکی زۆریان بەرەوە پشدەر ناردوەو بە گەیشتنی ئەو سوپایە بۆ سەر زێی بچووك لەنزیك گوندی میرزا رۆستەم لەو شوێنە ئۆردوگایەکی سەربازیان داناوە و لە هەولّی بەرنامە رێژی بوون بۆ مەرگە و دواتر پشدەر, بەلاّم پشدەریەکان[2] هەرچی زووتر لەشکری خۆیان کۆکردۆتەوەو لە دەربەندی رەمکان خۆیان قایم کردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای عیراق, لەوکاتەدا رژێم ناچاربووە لە رێگای ئاشتیەوە چارەسەری کێشەکەی بکەن و لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوای نوێنەری پشدەریەکانیان کردووە بۆ مەبەستی وتوویژ لە بەغدا. لەئەنجامی گفتوگۆی وەزارەتەکەو سەرانی ئەو ناوچەیە بە یاریدەدەری کوردێك کە مەجید مستەفای موتەسەریفی ئەو سای کوت کە کورد بووە, رێك کەوتون و پاشتر ئیرادەی شاهانە لە[3], ١٩٣٨/٨/١٥ دا بۆ دامەزراندنی ئەو قەزا تازەیە دەرچووە بەناوی قەزای پشدەرەوە کە ناوەندەکەی قەلاّدزێ و دوو ناحیەکەشی قەلاّدزێ خۆی و ئەوی دیکەیان مەرگە و ناوەندەکەی بنگرد بێت, لە ئەنجامدا وەزارەتی ناوخۆش لە ١٩٣٨/٨/١٨دا ئەو بڕیارەی راگەیاندوە. (بۆ زیاتر بڕوانە بەلّگەنامەی ژمارە١٤ ) کەواتە مەرکەزی ناحیەی قەلاّدزێ لە رۆژهەلاّت و ناحیەی مەرگە لە رۆژئاوا و رووبەرەکەشی ١١٦٦ کم چوارگۆشە بووە[4].

بەلاّم لە کۆتایی سالّی ١٩٧١ کاتێك گۆڕانکاری ئیداری لە سنووری پارێزگای سلێمانی داکرا، لە سنووری پشدەر ئالّو گۆڕەکان بەم شێوەیە بوون:[5]

١- لێکردنەوەی پەیوەندی ناحیەی مەرگە لە قەزای پشدەرو نووساندنی بەقەزای رانیە.
٢- لێکردنەوەی پەیوەندی ناحیەی ناودەشت لە قەزای رانیەو نووساندنی بە قەزای قەلاّدزێ.
٣- دابەش بوونی ناحیەی قەلاّدزێ بۆ دوو هەیکەلی بەرێوەبردن.

لەدوای ئەوە، شارۆچکەی قەلاّدزێ ناوەندی ناحیەی قەلاّدزێ، دانانی شارۆچکەی ناوەندی ناوچەی پشدەر گواستنەوەی ناوەندی ناحیەی قەلاّدزێ بۆ گوندی هێرۆ.

کەواتە ناوچەی پشدەر پێك هاتووە لە یەکەئیداریەکان بەم شێوەیە:

١- لە ناحیەی ناودەشتو ناوەندی شارۆچکەی سەنگەسەر لە باکوور بەپێی مەرسوومی کۆماری ژمارە ٢٦٠ لە ١٩٧١/١١/٨.
٢- ناحیەی مەرکەز و ناوەندی شارۆچکەی قەلاّدزێ لە ناوەڕاست بەپێی مەرسوومی کۆماری ژمارە ٤٦١ لە ١٩٧١/١١/٨.



٣- ناحیەی قەلاّدزێ و ناوەندەکەی لە گوندی هێرۆ لە خواروو بەپێی مەرسوومی کۆماری ژمارە ٤٦ لە ١٩٧٢/١/٢٣.

بەم پێیە ناوەندی قەلاّدزێ کە ٣٣٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە پێك هاتووە لە شاری قەلاّدزێو ٦٤ گوند و ناحیەی هێرۆش ٢١٢ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە کە پێك هاتووە لە ناوەندی ناحیەکەو ٣٥ گوند، وەهەروەها ناحیەی ناودەشت کە پێك هاتووە لە شارۆچکەی سەنگەسەرو ٩٦ گوند.[٢٢٧]

وە بەپێی سەر ژمێری دانیشتوانی سالّی ١٩٨٧، ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکە (٧٣٦٠٢) کەس بووە.[٢٢٨](بۆ زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (٨ ).

### ب. لەڕووی ئابوورییەوە ناوچەکە دابەش بووە:

### ١- پیشەی لادێ نشینەکان:

سنوورەکە کە بەشێکی زۆری پێك هاتووە لە چیاکان بەلاّم لە دامێنی دەشتێکی پانو بەرین هەیە بۆ کشتوکالّیو ئاژەلّداری کەکاری کردۆتە سەر پیشەی دانیشتوان کە زۆر بەیان لەڕووی ئابوورییەوە ناوچەکە، بەناوچەیەکی لادێ نشینەوە بەدیار بکەوێت [٢٢٩] (بۆ زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە ـ٨ـ )، کە خەلّکەکەی خەریکی کشتوکالّێ بوون لە هەردوو کەرتی کشتوکالّی وەك [٢٣٠]( داچاندنی گەنمو جۆو گەنمەشامیو نیسکو نۆكو برنج و ماشو کونجی و پەتاتەو سیرو پیازو توتنو لۆکەو چەوەندەرو گەلێ شتی ترو لە لایەکی تر لە چیاکان هەموو جۆرە میوەیەك وەك: ترێ بەهەموو چەشنەکانیەوەو سێوو هەنجیرو گوێزو هەنارو هەرمێو قەیسیو زەیتونو هەلوژەو قۆخو باداموتوو گێلاسو مێوژو بەلاّلوكو تەماتەو خەیارو ترۆزیو کالّەكو شوتی، لەلایەکی تر لە بواری ئاژەلّداریدا، کەناوچەکە دەولّەمەندە بە سامانی سروشتی گژوگیاو دارستانی چڕ هۆکارێکە بۆ بەخێو کردنی ئاژەلّداری بە کەلّك دێت بەتایبەتی (( بزنو

---

٢٢٧- عبدلله غفور، جغرافیای دانشتوانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.
٢٢٨- جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمیکوردستانی عێراق لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی یەکەم، ل ٢٢٢.
٢٢٩- جەزا تۆفیق تالیب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.
٢٣٠- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپی دووەم ١٩٩٤ ئێران- شاری کورد، ل

مەڕو مانگاو گاو گامێش، وەرگرتنی ئەسپو کەرو ئێستر بۆ گواستنەوەی کەلوپەل وەهەروەها هەموو جۆرە پەلەوەرێك وەك (مریشكی قەلو مراویو قاز) وەهەروەها راویش بە هەردوو جۆرەکەی،[231] راوی وشکانی بریتییە لە (بزنەکێوی، گاکێوی، کەو، کۆتر، رێوی، کەروێشك، ورچ، دەڵەك، سمۆرە، سوێسکە) ئەم جۆرە راوانە لە چیاکان دەبێتو زیاتر بەتفەنگ دەکرێت لە بەرئەوە ئاژەڵەکان دەترسنو ساڵانە ژمارەیان کەم دەبێتەوە یان دەچنە شوێنە دوورەکان.

بەڵام جۆری دووەم راوی ئاوییە، بەتایبەت ماسی بەهەموو چەشنەکانی لە رووبارەکاندا دەکرێت بەتایبەتی زێی بچوك. بێجگە لە پیشەی کشتوکاڵی، چەند پیشەیەکی تریش هەیە لەوانە،[232] پیشەی دەستی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە لەوانە (( فەرش چنینو رانکوچۆغەو بەرماڵو جلی ژنان و جۆڵایی و دروست کردنی جاجم و گوریسو گۆرەویو کڵاو)) هەموو ئەمانە لە مووی بزنو خوری مەڕ، سوودی لێ وەردەگرن.

لە لایەکی تر دروست کردنی گۆزەو دیزەو کوپەی ئاو، وەهەندێك پیشەی پێداوستی ناوماڵ کە لە قوڕ دروست کراوە بەتایبەتی لە سنووری ناحیەی هێرۆ بەکاری دەستی قوڕ بەناوباگە.

بەڵام لەبواری بازرگانیدا[233] ناوچەکە چەندین بەرهەم دەنێرێتە بازاڕەکانی دەرەوەی ناوچەکە لەوانە ((تووتن —هەنگوین- گوێز - مازوو - بادام - -گوڵەبەرۆژە- چەوەندەر- پەنیر- دۆشاو- سرکە- ئاژڵ لەهەموو جۆرەکانی پێستە بەتایبەتی کەوڵەکانی کە دەستیان دەکەوێت لە راوی وشکانی کە بەهاکانیان بەنرخە)).

لەلایەکی تر بەهۆی هەڵکەوتنی ناوچەکەو هاوسنوور لە گەڵ کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەت لەگەڵ شارەکانی ((سەردەشتو نەغەدە)) جموجۆڵێکی فراوانی بازرگانی کەلوپەلی (هاتوو و رۆشتوو) ئاڵوگۆڕ دەکرێت کە هەندێك بە ئۆتۆمۆبیل دەکرێت بەڵام بەشێکی زۆری بە وڵاخ دەکرێت بەهۆی سەختی و دژواری سنوورەکە.

---

٢٣١- واسیلی نیکیتین و : کوردو کوردستان، وەرگێڕانی خالید حسامی (هێدی) چاپی یەکەم ١٩٩٧ هەلێر، ل ١٧٦.

٢٣٢- د.قادر ئەشکەنەی و دارا خدر حسن، پشدەر لە ماوەی ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٨ لێکۆڵینەیەکی مێژووی، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٦، ل ٣١.

٢٣٣- د.قادر ئەشکەنەی و دارا خدر حسن، هەمان سەرچاوە، ل ٣١.



## ٢- پیشەی شار نشینەکان:

پیشەی شار نشینەکان لەگەڵ گوندەکان جیاوازی هەیە، کە جگە لە بەڕێوەبردنی گەلێ خزمەتگوزاری دیکە وەکوو قوتابخانەو خەستەخانەو کۆمەڵێك فەرمانگەی خزمەتگوزاری (کارەبا- ئاو- شارەوانی) لەلایەکی تر پیشەی بەقاڵی بەهەموو جۆرەکانی لەگەڵ ئەوە بازرگانی کشتوکاڵی و بەروبوومەکانی بناغەی ئابووری دانیشتوان دادەندرێت.

لە ریزبەندی شارەکانی باشوری کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٧٧، قەڵادزێ لە زنجیرەی ١٥ دێت،[234] واتا دوای شارەکانی(موسڵ- کەرکوك- هەولێر — سلێمانی- تەلعفەر- دهۆك- زاخۆ- خانەقین- هەڵەبجە- توز خورماتوو- مقدادیە- جەلەولا- مەندەلی- کۆیە- قەڵادزێ) دێتو سەنگەسەر لە زنجیرەی٦١ دێت و هێرۆ لە زنجیرەی ٨١ دێت. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ قەڵادزێ لە ریزبەندی ٣١ دێتو سەنگەسەریش لەریزبەندی ٦١ دێت. ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە لە ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٨٧دا، بەهۆی راگواستنی بەشێك لەگوندەکانی بناری قەندیل و شەڕی نێوان عێراقو ئێران بوو کە بەشێکی زۆری سنووری ناوچەکە ئاوارەی شاری رانیە بوون، بەشێکیش لە دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی رژێم بوون واتا ناوچە ئازادکراوەکان یان لە ئێران بوون هەربۆیەش شاری رانیە لە ساڵی ١٩٧٧ لەریزبەندی ٢٤ بوو بەڵام لەساڵی ١٩٨٧ هاتۆتە ریزبەندی (١٠).

دانیشتوانی ناوچەکە سەرجەمیان موسڵمانو خۆشەویستیان بۆ شوێنە پیرۆزە ئایینیەکان هەیە بەتایبەتی مزگەوت و تەکیە هەردەم شوێنی خواپەرستی لە کۆنەوە عوجرەکان شوێنی خوێندنی قورئانی پیرۆز و زانستی بوون و دەرسی تێدا خوێندراوەو کۆمەڵێك مەلاو زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و سەرجەم کێشەکانی سنورەکە لە بەردەستی ئەوان چارەسەر کراون و لەلایەکی تر لەدوای بڵاو بوونەوەی قوتابخانە لەسنوورەکەدا، کۆمەڵێك رۆشنبیرو هونەرمەند هەیە ساڵانی ١٩٥٨ پەرەی سەندووە و دانیشتوانەکەیان زیاتر فێری زانستی کردووە و خەڵکی ناوچەکەیان هانداوەکە خزمەتی سنورەکەیان بکەنو زیاتر خۆشیان بوێت و لەگەڵ ئەمەش خۆشەویستی ئەدەبو شعر و دەنگی مۆسیقاش بوون.[235] وەهەروەها سەرهەڵدانی کاری

---

٢٣٤- د. عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشووری کوردستان چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ٢٠٠٦ هەولێر، ل ٩٣.

٢٣٥- ئیبراهیم مستەفا، شارۆچکەی قەڵادزێ لە کاروانی ڕۆشنبیریدا، مێرگ ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە (١٢).

هونەری لە شاری قەڵادزێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **١٩٣٧** بۆ یەکەم جار کۆمەڵێك لاوی قەڵادزێ لە یادی نەورۆز دا شانۆگەری کاوەی ئاسنگەریان نمایش کردووە.[٢٣٦]

## ٣- دەرامەتە کانزاییەکان:

لە سنووری پشدەر کۆمەڵێك دەرامەتی کانزایی هەیە بەڵام وەکوو پێویست لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون و گەڕان و سوڕانە جیۆلۆجییەکان دەربارەی بڕی دەرامەتە کانزاییەکان تاکوو ئێستا وەك پێویست لە سنوورەکەدا نەکراوە، هەرچەندە لەسەردەمی حکوومەتی عێراقیدا هەندێك لێکۆڵینەوە کراوە بەڵام ئەو کانزایانەی کە زاندراون تەنها شوێنەکانیان دیاری کراوە و سوودی لێ وەرنەگیراوە، پێمان وایە ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت جارێکی تر سۆراغ و بەدواداچوون و گەڕان لەسەرجەم سنوورەکە بکات ،گەشەسەندنی هەر هەرێمێکی جوگرافی یان ناوچەیەکی دیاریکراو پشت دەبەستێت بە ئاستی فرەیی دەرامەتە سروشتیەکان بەتایبەتیش دەرامەتە کانزاییەکان کە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوپێش بردنی بژێوی و ئابووری دانیشتوانەکەی[٢٣٧].

ئەگەر سنووری پشدەر وەك ناوچەیەك وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵێك دەرامەتی کانزایی دۆزراوەتەوە و دەکرێت گەڕانیش بەردەوام بێت بۆ زیاتر کەلك وەرگرتن، کە ئەوانەی دۆزراونەتەوە ئەمانەن:

❖ **جۆرەکانی کانزا وەك:**

یەکەم، ئاسن: لە مارەپەستە لە شاخی قەندیل و نزیکەی ١,٥ کم لە سنووری ئێرانەوە دوورە، نیشتووی خاو دەکەوێتە ناوچەی پاڵنان(منطقة الدفع)ی شاخاویەوە و پێکهاتەی کانزایەکانی ئاڵۆزە و جگە لە ئاسن، خاوی قورقوشم و خارسینیشیان تێدایە.

---

٢٣٦- فەرهاد حەوێز بەکر، پشدەر، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتیە، بەشی ڕوناکبیری مەڵبەندی ٢٤ی پشدەر دەریدەکات، ژمارە (١)ی زستانی ساڵی ٢٠٠٨ ، ل (٤٢).

تێبینی: دەرامەتی کانزایی بەگشتی سوود لە د. عمادەدین عومەر حەسەن، سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە (نوسەر)

٢٣٧- د. عیمادەدین عومەر حەسەن، جیوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق_کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە_٣_ چاپی یەکەم کۆتایی ١٩٩٨، ل ١٥٢



جۆری خاوەکانی جۆر مەگنیتایت و لیمۆ نایتن و مەگنیتایت ریشاڵی کوارتز و رێژەی٤٩,٣٢-٦٦,٣٧٪ ئاسنی تێدایە، لیمۆنایتیش رێژەی ٦١,٣٢٪ ئاسنی تێدایە.

دووەم، قورقوشم و خارسین:

نیشتووی خاوی قورقوشم و خارسین لە ناوچەی مارەبەستە دەکەوێتە ناوچەی پاڵنایی شاخاوی و قەندیل و بەگرنگترین نیشتووی قورقوشم و خارسینی هەرێم دادەنرێت کەڤرەکانی ناوچەکە لە تاوێری قەندیلی تەکاندەرەوە پەیدا بوون. وەنیشتوو قورقوشم لە هەرسێ ناوچەی (سەرکوچکاو دارەمان و نارتای) سنووری چیای قەندیل لە باکووری قەڵادزێ دەبینرێت.

سێیەم: مس

١- مسی خاو لە شێوەی کانزای مالاخایتدا لە ناوچەی پشدەر لە سنووری چیای بلڤەت هەیە و رێژەکەی لە نێوان (٠,١٨ -٣,٣٪) یە لە (بەنازا)ی سنووری هەمان زنجیرە خاوی مالاخایت و ئازورایت هەیە رێژەی مسی تێیاندا لە نێوان (١,٨-٢٪) یە لە ناوچەی جیرای سەر بەهەمان سنووریش مسی لە شێوەی مالاخایتدا دۆزراوەتەوە و رێژەکەی ٠,٨٪ بووە.

٢- لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی قەڵادزێ لە نزیك شێخ ئاودەڵان هەیە.

٣- لەنزیك سەرمەرگەی نزیك شاخەکانی قەندیل هەیە.

چوارەم،کرۆم:

١- کرۆم لە چیای بولڤەت هەیە.

٢- هێرۆ هەیە.

پێنجەم، مەنگەنیز:

سیرنا، دەکەوێتە نزیك گوندی پشت ئاشان، مەنگەنیز لە شێوەی کانزای پیرۆ لوسایت دۆزراوەتەوە، بەهەمان شێوە لە ناوچەی(سێرمەی) نزیك گوندی پشت ئاشان دەست نیشان کراوە. رێژەی ئۆکسیدی مەنگەنیز دەگاتە ١٤,٢٩-٢١,٩٩٪ و نیشتوەکانی دەکەوێتە سنووری پێکهاتووی قەندیلەوە.

شەشەم، نیکل:

لە(دۆلی هێرۆ) هەیە.

❖ جۆرەکانی دیکەی کانزا ، ئەمانە لەسنوورەکە هەیە.

یەکەم: گۆگرد، لە مارەبەستە لە چیای قەندیل قەندیل.

دووەم: قوم و چەگڵ(چەو):

قوم و چەو، لە وردو خاش بوونی کەڤرەکانەوە پەیدا دەبێت تیرەی قوم لە نێوان(٢-٦٪) ملم و تیرەی چەو لە نێوان (٢-٨) ملم دایە، قوم و چەوی نیشتوو لە زێی بچووك و چۆمەکانی سنوورەکە لەوبەرو ئەوبەری هەیە بەڵام بە ڕێژەی زیاتر زێ بچووك بەهەردوو بەری ڕووبارەکەدا درێژ بووتەوە کە سامانێکی سروشتی زۆرە کۆمەڵێك غەساله لە قەراغ ڕووبارەکە هەیە. بەردەوام قوم، چەو لەو سنوورە بۆ شوێنەکانی تری کوردستان دەگوازرێتەوە.

سێهەم: مەڕمەر: لە زۆر شوێنی پشدەر بڵاو بۆتەوە بەڵام بە شێوەیێکی لێکۆڵینەوەکە دەریان خستوە لە سنووری کێلی و چیای قەندیل هەیە.

چوارەم: یۆرانیۆم: لە چیای کێوەڕەش لە نێو بەردەکانی گرانێتدا هەیە.

پێنجەم: نەوت، لە نزیك گوندی نورەدین دۆڵێك هەیە بە کانی نەوت ناسراوە مەزندە دەکرێت لەو شوێنە نەوت هەیە چونکە چەوریەك لەو شوێنە بەدی دەکرێت.

**خشتەی ژمارە (٨) ***

**ڕووبەری و ژمارەی دانیشتوانی سنووری پشدەر لە ساڵی ١٩٨٧**

| قەزا و ناحییەکان | ڕووبەر\کم | ژمارەی دانیشتوان | چڕی |
|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزای پشدەر | ٣٣٦ | ٣٦٥٢٠ | ١١٦,٦ |
| ناحیەی هێرۆ | ٢١٢ | -- | |
| ناحیـــەی ناودەشـــت (سەنگەسەر) | ٨٦٤ | ٣٧٠٨٢ | ٤٧,١ |
| کۆی قەزای پشدەر | ١٤١٢ | ٧٣,٦٠٢ | ٥٦,٥ |

- سەرچاوەکانی خشتە:
- ڕووبەر سود لە د. عەبدوڵڵا غەفور ، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان،چاپی یەکەم
- ژمارەی دانیشتوان و چڕی سوود لـە جـەزا تۆفیـق تالیـب، بایـەخی جیۆپۆلـەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ل ٢٢٢
- تێبینی: لە ساڵی ١٩٧٩ ناحیەی هێرۆ لە گەڵ ٣٥ گوندی سـنوورەکە بـە ڕاگواسـتن کەوتبوو و ژمارەی دانیشتوانەکەی (٨٢٥٧)کەس بووە و چڕی ٣٩ کەس بووە لەیەك کم دووجا بۆ ساڵی (١٩٧٧) بەپێی سەرچاوەی، ((دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور)) ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشـووری کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦،ل ٢٣



**چیاکانی سنووری پشدەر**

**خشتەی ژمارە (٩)**

| ناوە چیاکان | بەرزی بە مەتر |
|---|---|
| قەندیل | ٣٤٥٠ |
| ئاسۆس | ١٨٠٠ |
| کونە کۆتر | ٢٦٩٢ |
| کێوەڕەش | ١٥٣٢ |
| دوبزە | ٢٣١٤ |
| بلفت | ٢٣٧٩ |
| با برنج | ٢٢٠٤ |
| جاسوسان | ٢١٥٨ |
| کۆرەك | ١٢٠٨ |
| دلوکۆتر | ٨٠٥ |
| هەرمین | ٢٤٠٨ |
| زێوکە | ١٢٨١ |
| سەری سادر | ٢٠٥٠ |
| مامندە | ٢١٠٣ |
| لوتکەی گەڵاڵە | ٢٨٥٠ |

سەرچاوەکانی خشتەی چیاکان:

- کەریم زەند، جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦
- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤
- خارطة قلعة دزة، القوات المسلحة العراقية، الطبعة الثانية، ١٩٨٦

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**ژمارەو ڕێژەی خەڵکی شارو لادێ بەپێی یەکەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان\١٩٨٧** [238]

| | لادی نشینەکان | ٪ | شارنشینەکان | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەنـــدی قـــەزای پشدەر | ٢٢٠٣٣ | ٦٠ | ١٤٤٨٧ | ٤٠ | ٣٦٥٢٠ |
| ناحیـــەی ناودەشـــت (سەنگەسەر) | ٣٢٦٣٥ | ٨٧ | ٤٤٤٧ | ١٢ | ٣٧٠٨٢ |
| کۆی گشت قەزا | ٥٤٦٦٨ | ٧٤ | ١٨٩٣٦ | ٢٦ | ٧٣٦٢٠ |

238 جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم١٩٩٩ سلێمانی، ل٢٢٢ و ٢٢٨






- **نەخشەی ژمارە ٦**
- شوێنی پشدەر بە گوێرەی نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق
- سەرچاوە: کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ, جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە ٣ چاپی یەکەم ١٩٩٨, بەدەستکاری لەلایەن نوسەر عومەر هەمزە.




نەخشەی ژمارە 7

ناوچەی پشدەر

سەرچاوە: نەخشەی کوردستان، ئامادەکردن هوشیار محمدئەمین خوشناو، هەولێر ٢٠٠٧
بەدەستکاری کردنی لەلایەن عمر حمزە



## ٢- جێنۆسایدی پشدەر:

جینۆساید-GENOCIDE ، ئەم زاراوەیە لە رووی زمانـەوە لـە دوو وشـە پێـك هـاتوە: یەکەمیان جینۆ GENOS یونانیە واتا رەگەز، بنەچە یان هۆز دەگەیێنێ.

دووەمیان سایدCIDE وشەیەکی لاتینیە واتا، کوشتن، فەوتاندن دەگەیێنێ، بە لێك دانـی هەردوو وشەکە (قەڵاچۆکردنی گەلێك) دەگەیێنێت.[٢٣٩]

(لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە پێشێل کردنی تەواوی مافی مرۆڤە بەتایبەتیش زۆر ترسـناکە لـە دژی مافی ژیان و تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسـەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی)[٢٤٠].

ئەگەر مێژووی نەتەوەی کورد تەماشا بکەین دەبینین پڕ لە کارەسات و مەرگەسـاتەو هـەر لە سەرەتای ژیانـەوە لەبـەر چاو چنۆکی و داگیرکردنـی خاکەکـەی هەمیـشە هـەوڵیان داوە خاکەکەی داگیر بکەن و هەر کاتێکیش کە هەوڵی بەرگری کردنی داوە روو بـەرووی کارەسـاتی گەورە بۆتەوە بەتایبەتیش لە دوای دەسـت بەسـەر داگـرتن و دابەشـکردنی کوردسـتان تـاکوو ئەمرۆ، کە ئەگەر بۆ نموونەش سنووری پشدەر، بە بەڵگە بهێنینـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە هەردەم لەژێر زنجیری ڕەق و کینـی دوژمنـدا، پلێـشاوەتەوە و سـەری هـەزاران رۆڵـەی ئـازاو فیداکاری تێك و پێك شکاوە و ژیانی رۆڵەکانی لە گۆمی خوێنی ستەمکاریدا تلاوەتەوە.[٢٤١]

پێشێلکاریەکان نەك تەنها لەلایەن حکوومەتـەکانی عێراقـەوە بـەڵکوو زۆر جار لەلایـەن دەوڵەتانی هاوسنووریشەوە، بە بیانووی جۆراو جۆر چەند جار هێرشیان کردۆتە سەر سـنوورەکە بە تۆپ و فرۆکەکانیان و لە لایەن رژێمە یەك لەدوای یەکـەکانی عێـراقیش، بـۆ لـەناو بردنـی نەتەوەی کورد و بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد لە کوردستانی باشوور و شێواندنی سروشـتی نیشتمانەکەی لە رووی جوگرافی و دیموگرافی و کەلتوورییەوە و بڕانەوەی مەترسی سەرهەڵدانی

٢٣٩- د.جەبار قادر،ئەنفال دەرهاوێـشتەی رەگەزپەرسـتی و تۆتالیتـاریزم و کۆمـەڵگای داخـراو، سـەنتەری برایەتی ژمارە(٢٤) ساڵی ٢٠٠٤، ل٦٧

٢٤٠- د. مارف عمر گوڵ، جێنۆ سایدی گەلی کورد.....،سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٩.

٢٤١- د.رەفیـق شـوانی، بۆردوومـانی قـەڵادزێم چـۆن دیـت؟ رۆژنامـەی برایـەتی رۆژی ٢٤\٤\٢٠٠٠ ژمارە(٣٠٧٥) ،ل ٦.

بزووتنەوەی کورد[242]، بەپێی بەرنامەیەکی نەخشە دارێژراو لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقیشەوە لە ١٩٢١ دا بەردەوام هەوڵی داوە بەشێوازی جۆراوجۆر میللەتی کورد لەناو بەرێت، ئەگەر سنووری پشدەر لە پارێزگای سلێمانی دا بکەینە بەڵگە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم سنووورە کۆمەڵێك تاوانی بەرامبەر کراوە هەر لە کوشتن وگرتن و تۆپبارانکردن و دەربەدەرکردن و شوێن بزرکردن و راگواستنی بەکۆمەڵ و رووخاندن و تەخت کردنی گوند و شارەکان بەشێکن لە تاوانەکانی رژێم کە ئەمانە هەندێك نموونەن:

**یەکەم: پاشگەزبوونەوەی رژێمی بەغدا لە رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و سەرکردایەتی شورشی ئەیلول (مستەفا بارزانی) ئیمزا کرابوو:**

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا رژێم بەردەوام بوو لە پیلان رێژی دژی میللەتی کورد بەتایبەتیش دوای رێکەوتنی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە رۆژی (٨\٤\١٩٧٢) دا کە رژێم لە بواری سەربازی و شارەزایی و پرچەك کردن خۆی ئامادە کردبوو بۆ دەست پێ کردنەوەی شەڕ لەگەڵ کورددا، چونکە بەعس بڕیاری خۆی دابوو شەڕ بکاتەوە و میللەتی کورد لەناو بەرێت هەر بۆیە لە (١١ی ئازاری ١٩٧٤) دا تەنها لەلایەن خۆیەوە یاسایەکی بەناوی حوکمی زاتی بڵاو کردەوە کە بەپێی ئەم یاسایە کورد دەبوو زۆربەی بەشە کوردستانیەکەی لەدەست بچێت و دان بنێ بە (کەرکوك و خانەقین و سنجار و هەندێك لە ناوچەی مەندەلی و شێخان و حەمدانییە و لە نەخشەی کوردستان بسڕێتەوە و بکرێت بە عەرەبستان)[243].

بەم شێوەیە سەرکردایەتی کورد ناچارکرا کە یاساکە رەت کاتەوە و رازی نەبێت. لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەڕ واتا لە (١١) ی ئازار تاکوو (١٥) نیسان ١٩٧٤ سروشتی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی ئاوهەوا لەبار نەبوو بۆ شەڕ بەڵام دوای ئەو ماوەیە هێزەکانی میری هێرشی زۆر فراوانیان کردە سەر کوردستان بە دەبابەو تۆپ و فڕۆکە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرپەرچیان دانەوە و زیانێکی زۆریان پێ گەیاند کە لە هیچ کاتێکی

٢٤٢- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ئەنفال.....جێنۆسایدکردنی نەتەوەیەك و ...سڕینەوەی نیشتمانێك ، رۆژنامەی(ئاوێنە) ژمارە (٦٥)، ١٧\٤\٢٠٠٧، ل ١٨٧.

٢٤٣ کادر، گۆڤارێکی تیۆری، پارتی دیموکراتی کوردستانە، ژمارە (٢٥) ی ساڵی حەوتەم کانوونی دووەمی ١٩٧٥، ل ٣٥.



تردا پێیان نەکەوتبێ، بۆ نموونە(لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٤ دا واتا تەنها لە ماوەی (١٥) رۆژی شەردا، زیاتر لە (٥٠) زرێپۆش و (١٠٠) ئۆتۆمبێلی سەربازی و دەیان فرۆکە تێك شکاوە و وە هەروەها ئەفسەر و سەربازێکی زۆر کوژراون وە تەنانەت لاشەی (٦٠٠) کوژراو لەمەیدانی شەڕ لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بەجێ مابوون)[244].

رژێمی عێراق بۆ تۆڵەکردنەوەی زیانەکانی بەرەی شەڕ، پەلاماری شارو دێهات و شوێنە مەدەنیەکانی ئەدا بە هۆی فڕۆکەوە کە هەزاران ژن و منداڵ و پیری کوشت و کەرۆژانە گوند و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی بۆردوومان دەکرد کە ئەمانە هەندێکیانن:[245]

أ. لە رۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٧٤ چەند فڕۆکەیەك شاری ئاکرێ بۆردوومان دەکەن گەلێك خانوو و مزگەوت و قوتابخانە و کەنیسە بەسەر دانیشتوانی دا دارمان و کۆمەڵێك شەهید و بریندار هەبوو.
ب. لە ٢١ ی نیسان و (١٠)ی مایس شاری زاخۆ بۆردوومانکرا ژمارەیەك خەڵکی دەڤەرەکە شەهید بوون.
ج. لە (٢٣-٢٧)ی نیسانی ١٩٧٤، چۆمان و گەڵاڵە بۆردوومان کرا و کە(٤٠) هاوڵاتی کوژران و (٥١) هاوڵاتی تر بریندار بوون.
د. لە ٢٤\٤\١٩٧٤ هێرش کرایە سەر شاری قەڵادزێ و بۆردوومانیان کرد.
ه. لە ٢٦\٤\١٩٧٤ دا هێرش کرایە سەر شاری هەڵەبجە و (٣٣) هاوڵاتی شەهید بوون زیاتر لە(٤٠) کەس بریندار بوون .

گۆڤاری کادر، ژمارەی ئەو هێرشە ئاسمانیانەی کە لە لایەن فڕۆکەکانی حکومەتەوە هێناویانە بۆ سەر کوردستان لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕەوە، واتا لە مانگی نیسانەوە تاکوو ١٥\٦\١٩٧٤، (١٣٢٨) هێرش بووە کە شوێنێکی وەك چۆمان لە ماوەی سێ رۆژدا (٢٢)جار فڕۆکە هێرشی کردۆتە سەر، بەڵام هیچ کام لەم هێرشانە وەك بۆردوومانی شاری قەڵادزێ نەبوو لە ژمارەی شەهید و بریندار و خاپوور کردن، کە رۆژی ٢٤\٤\١٩٧٤، کاتژمێر ٩,٤٥ دەقیقە سەرلەبەیانی چوار فڕۆکەی جۆری سیخۆ هێرشیان هێناوەتە سەر شاری قەڵادزێ و ئامانجی فڕۆکەوانەکان لێدانی شوێنە مەدەنییەکان بوو بەچەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی

٢٤٤- کادر،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٤٥ کادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(ناپاڵم) له ئەنجامدا (١٣٤) هاوڵاتی شەهید کران و (١٥٢) هاوڵاتی بریندار بوون[٢٤٦]، کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوان بوون لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی زانکۆ و مامۆستایان کە بۆ درێژەدان بە خوێندن و زانست روویان لە شاری قەڵادزێ کردبوو، بێجگە لە شەهید و بریندار، بەهۆی بۆردوومانەکەوە (١١٨) خانوو لەگەڵ بینایەکانی فەرمانگەو خەستەخانەو بارەگای شارەوانی و خانووی قایمقام و گەرماوی شارەکە و ئوتێلێك و قوتابخانەو فەرمانگەی کارەبا و ئۆفیسی سەرۆکایەتی زانکۆ وە هەروەها (٤٧) دوکانی هاوڵاتیان خاپوور کران. (ئەو بۆردوومانە، گەورەترین کارەسات بوو لە سەرەتای شۆرشەوە تا ئەو رۆژە تووشی شۆرشی کوردستان هاتبێ وە گەورەترین تاوانیش بوو رژێم دەرهەق گەلی کوردی کردبێ، یادی ئەو تاوانە هەمیشە بە زیندوویی لە دڵ و دەروونی گەلی کورد دا دەمێنێتەوە)[٢٤٧]. کە ئەم خشتەیەی خوارەوە ناوی هەندێك لە شەهیدەکانی ٢٤\٤\١٩٧٤ە، بەڵام بەهۆی تێپەر بوونی ماوەی کارەساتەکە نەمان توانیوە ناوی سەرجەم شەهیدەکان دیاری بکەین چونکە بەشێك لە شەهیدەکان خەڵکانێك بوون لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە لە ترسی دوژمن پەنایان هێنابوو بۆ شاری قەڵادزێ.

---

٢٤٦- کادر ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٤٧- مسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد، بەرگی سێیەم —بەشی دووەم — شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، ل ١٥٥.



**خشتەی ژمارە (١١)**

**قوربانیەکانی ٢٤\٤\١٩٧٤**

| زنجیره | ناوی سیانی شەهید | تەمەن و پیشە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | فەخریە میرزا حەسەن | ١٩٣٥\ئافرەتی ماڵ | (٩) شەهیدی یەك خێزانن (خێزانی و هەشت منداڵی) ئەحمەد حاجی سابیرن. |
| ٢. | ساڵح ئەحمەد سابیر | ١٩٥٧/١١/١ | |
| ٣. | کەژاڵ ئەحمەد سابیر | ١٩٥٨/٧/١ / کچی ماڵ | |
| ٤. | سەلام ئەحمەد سابیر | ١٩٥٩/٢/١ /قوتابی بووە | |
| ٥. | عبدالجبار ئەحمەد سابیر | ١٩٦٣/٥/١٠/ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ٦. | بەختیار ئەحمەد سابیر | ١٩٦٤/٦/١٥/ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ٧. | جوان ئەحمەد سابیر | ١٩٦٥/٧/١/ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ٨. | ڕزگار ئەحمەد سابیر | ١٩٦١/٢/٥ /قوتابی بووە | |
| ٩. | شەهلا ئەحمەد سابیر | ١٩٦٧/٧/١ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ١٠. | بەدریە محەمەد خدر | ١٩٣٠ / دایك کابانی ماڵ بووە | (٧) حەوت شەهیدی یەك خێزان (خێزان و شەش منداڵی) رەسوڵ مام ئەحمەد |
| ١١. | شوکیریە رەسوڵ مام ئەحمەد | ١٩٥٤/ مامۆستای سەرەتایی | |
| ١٢. | نەغدە رەسوڵ مام ئەحمەد | قوتابی ناوەندی بووە | |
| ١٣. | ڕزگار رەسوڵ مام ئەحمەد | ١٩٦٤/ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ١٤. | بێگەرد رەسوڵ مام ئەحمەد | ١٩٦٨/ قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ١٥. | وشیار رەسوڵ مام ئەحمەد | ١٩٧١/ منداڵ بووە | |
| ١٦. | شنۆ رەسوڵ مام ئەحمەد | یەك ساڵ، شیرە خۆرە بووە | |
| ١٧. | پەرژین ئەحمەد خدر | ١٩٤٦ | (٥) شەهیدی یەك خێزان، (خێزانو چوار منداڵی مامۆستا عەبدولرەزاق) |
| ١٨. | جوان عەبدولرەزاق سەراج | ١٩٦٩/ منداڵ بووە | |
| ١٩. | نیان عەبدولرەزاق سەراج | ١٩٧٠/ منداڵ بووە | |
| ٢٠. | ئالان عەبدولرەزاق سەراج | منداڵ بووە | |
| ٢١. | بۆتان عەبدولرەزاق سەراج | ١٩٦٨/ منداڵ بووە | |
| ٢٢. | زاهیر تۆفیق مستەفا | ١٩٣٦/ باوك، فەرمانبەر بووە | پێنج شەهیدی یەك خێزان بوون. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣. | بەهیە عەبدولرەحمان شلۆکە | ١٩٣٨/ دایك | |
| ٢٤. | سنۆبەر زاهیر تۆفیق | ١٩٥٥/ کچی ماڵ | |
| ٢٥. | سروە زاهیر تۆفیق | ١٩٧٠/ منداڵ بووە | |
| ٢٦. | سۆران زاهیر تۆفیق | ١٩٧٢/ منداڵ بووە | |
| ٢٧. | پەرژین عەبدولباقی | ژنی ماڵ/ دوو گیان بووە | پێنج شەهیدی یەك خێزان بوون کەپێك هاتوون لە ژنو دوو منداڵی قادری وەستا ئەحمەد ، لەگەڵ دایكو ژن خوشکی. |
| ٢٨. | قومری قادر ئەحمەد | ١٩٤٩ کچی ماڵ بووە | |
| ٢٩. | ئامانج قادر ئەحمەد | کوڕ/ منداڵ بووە | |
| ٣٠. | پیرۆز رەحیم عوسمان | دایك/ ١٩١٤ | |
| ٣١. | حەبیبە عەبدولباقی | ژن خوشك/ کچی ماڵ | |
| ٣٢. | گوڵەباغ حەسەن مەحمود | ژنی ماڵ | (چوار) شەهیدی مامۆستا غەریب محەمەد کە پێك هاتوون لە (خێزانو سێ منداڵ) |
| ٣٣. | ئومید غەریب محەمەد | تەمەن (٥) ساڵ بووە | |
| ٣٤. | ئامانج غەریب محەمەد | تەمەن (٤) ساڵ بووە | |
| ٣٥. | ئاری غەریب محەمەد | تەمەن (٢) ساڵ بووە | |
| ٣٦. | رووناك ئیسماعیل محەمەد | دایك | (٣) شەهید کە دایکو دوو منداڵی جەمال کابان کە لە سلێمانیەوە ئاوارەی شاری قەڵادزێ ببوون |
| ٣٧. | ئالان جەمال کابان | منداڵ | |
| ٣٨. | سۆزان جەمال کابان | منداڵ | |
| ٣٩. | سەفیە محەمەد ئەمین شریف | ١٩٣٩/ کابان بووە | خێزان دوو گیان بوو لەگەڵ منداڵێکی محەمەد رەسوڵ قادر. |
| ٤٠. | گوڵزار محەمەد رەسوڵ | ١٩٧٠/ منداڵ بووە | |
| ٤١. | سەعدیە حمەسەعید ئەمین | ژنی ماڵ بووە | خێزانی و منداڵی عەبدولرەحمان رۆستم |
| ٤٢. | دیمەن عبدالمن رۆستم | منداڵ بووە | |
| ٤٣. | رزگار مەحمود عەبدوڵلا | ١٩٧٢/ منداڵ بووە | کوڕ و کچی مەحمودی قەساب |
| ٤٤. | زارا مەحمود عەبدوڵلا | منداڵ بووە | |
| ٤٥. | دەرسیم بابەکر حەمە سلێمان | ١٩٦٦ قوتابی سەرەتایی | |
| ٤٦. | رەنگین بابەکر حەمە سلێمان | ١٩٦٧ قوتابی سەرەتایی | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧. | مامۆستا مەلا بابەکر | | |
| ٤٨. | ئەحمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا | کاسب | |
| ٤٩. | ئیبراهیم کەستنانەیی | کاسب | |
| ٥٠. | شەونم حاجی فەقی | ئافرەتی ماڵ | |
| ٥١. | ئەحمەد کاکە عومەر | ١٩١٥ | |
| ٥٢. | قادر عەبدوڵڵا عەجەم | منداڵ بووە | |
| ٥٣. | جەمال حەمەعەلی رەشید | کاسب | |
| ٥٤. | پێشڕەو زاهیر رەشید سەلیم | منداڵ بووە | |
| ٥٥. | ئامان رەشید سەلیم | ئافرەتی ماڵ بووە | |
| ٥٦. | فەقێ عەبدوڵڵا مەحمود | کاسب | |
| ٥٧. | دانا فەتحی کەریم | تەمەن (٣) ساڵ بووە | |
| ٥٨. | ئامان عومەر داود | ژنی ماڵ بووە | |
| ٥٩. | عەبدولخالق ئەحمەد خدر | فەرمانبەری شارەوانی بووە | |
| ٦٠. | حەسەن میرزا دلشاد | منداڵ بووە | |
| ٦١. | قادر ناوێك | پێشمەرگە بووە | |
| ٦٢. | عەبدولقادر محەمەد هەمزە | کاسب | |
| ٦٣. | پەرژین ئەحمەد خدر | کابانی ماڵ | |
| ٦٤. | دەرسیم کابان | | |
| ٦٥. | محەمەد قادر | کاسب | |
| ٦٦. | محەمەد ئەحمەد هۆمەر | قوتابی سەرەتایی بووە | |
| ٦٧. | ئایش حەمە مەلا | ١٩٤١/ ئافرەتی ماڵ بووە | |
| ٦٨. | ئومید سەڵتە | منداڵ بووە | |
| ٦٩. | حەمە مام حوسێن دێرێ | | |
| ٧٠. | حوسێن مەحمود باوەمەڕ | | |
| ٧١. | عەبدوڵڵا حەمە جەمیل رەشید | | |
| ٧٢. | محەمەد عەلی بابەکر | قوتابی ناوەندی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٣. | عەباس ڕەسوڵ محەمەد | قوتابی زانکۆ | |
| ٧٤. | ئاکۆ عومەر شەریف | ١٩٦٤/ چوارقورنە | |
| ٧٥. | قادر حاجی عەبدوڵڵا | | |
| ٧٦. | گوڵاڵە عەلی خورشید | منداڵ بووە | |
| ٧٧. | سۆران محەمەد | مندال بووە | |
| ٧٨. | سنەوبەر محەمەد | کابانی ماڵ بووە | |
| ٧٩. | عائیشە ڕەسوڵ | کابانی ماڵ بووە | |
| ٨٠. | سەروەر عەلی قادر | قوتابی/ کۆلێژی کشتوکاڵ | قوتابیانی زانکۆی سلێمانی بوون |
| ٨١. | فاروق عەلی عەبدوڵڵا | قوتابی/ کۆلێژی کشتوکاڵ | |
| ٨٢. | حەمە ساڵح قادر | قوتابی/ کۆلێژی کشتوکاڵ | |
| ٨٣. | محەمەد ساڵح قادر | قوتابی/ کۆلێژی ئاداب | |
| ٨٤. | ئازاد حوسێن محەمەد | قوتابی/ کۆلێژی ئاداب | |
| ٨٥. | بورهان عەبدوڵڵا شاسوار | قوتابی/ کۆلێژی ئاداب | |
| ٨٦. | هیوا عەبدولغەفور | قوتابی/ کۆلێژی ئاداب | |
| ٨٧. | عەبدولحەمید شاسوار | قوتابی زانکۆ | |
| ٨٨. | عەبدولحەمید خانەقینی | قوتابی زانکۆ | |
| ٨٩. | ئەمیر ڕۆوف نەجیب | قوتابی زانکۆ | |
| ٩٠. | دلێر عەبدولحەمید ئەتروشی | قوتابی زانکۆ | |
| ٩١. | مامۆستا ساڵح | مامۆستایی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بووە | |
| ٩٢. | عومەر مەجید | فەرمانبەری زانکۆ بووە | |
| ٩٣. | قوباد حەسەن حاجی مەحمود | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ٩٤. | سۆران محەمەد سڵتە | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ٩٥. | عەبدولغەنی غەریب | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ٩٦. | ئازاد نوری حەمەعەلی | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ٩٧. | محەمەد عومەر ئەحمەد | قوتابی ئامادەیی بووە | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٨. | نورەدین ئەحمەد | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ٩٩. | حەمە ڕەش عەلی باپیر | قوتابی ئامادەیی بووە | |
| ١٠٠. | هەیاس ڕەسوڵ حەمە ئاغای مەزناوێ | کاسب بووە | |
| ١٠١. | حەمە ڕەش عەلی أغای گردەسپیان | کاسب بووە | |
| ١٠٢. | محەمەد ئەحمەد بایز هەلاج | تەمەن (٤) ساڵ بووە لە کاتی بۆردوومانەکەدا سەری پەرابوو | |
| ١٠٣. | عەبدوڵڵا مام ئەحمەد | بریندار بوو دواتر مردووە بەهۆی برینەکەیەوە. | |
| ١٠٤. | سەفیە محەمەدئەمین | لەکاتی شەهید بوونی دووگیان بووە | |
| ١٠٥. | پەرژین عەبدولباقی | لەکاتی شەهید بوونی دووگیان بووە | |
| ١٠٦. | عەلی ئەمین | ئەمین سندوقی بانك بووە،خەڵکی سلێمانی بووە لە خێزانەکەی(٤) کەسی شەهید بوون. | |
| ١٠٧. | ئەحمەدی گۆرانی بێژ | خەڵکی کۆیە بوو | |
| ١٠٨. | مام ڕەحمان | تەمەن ٥٥ ساڵ خەڵکی بەستەستێن | |
| ١٠٩ | خەلیل ئیبراهیم یوسف | | |
| ١١٠ | حەمە سەعید حوسێن | | |
| ١١١ | ساڵح حەمەعەلی ڕەشید | | |
| ١١٢ | حوسێن محەمەد کەریم | | |
| ١١٣ | ڕەزا قادر ئەحمەد | | |
| ١١٤ | ئاریان جەمال جەلال | منداڵ بووە. | |
| ١١٥ | کوڕێکی مام وسودزەیی | تەمەنی دوو ڕۆژ بوو. | |

* هەندێك زانیاری لە سەر بۆردوومانی ١٩٧٤/٤/٢٤ :

* بەهۆی گەورەی کارەساتەکە و (( بارزانی مستەفا)) ڕۆژی ((١٩٧٤/٤/٢٤ ی بەرۆژی ماتەمینی گەلی کورد)) ناوبردووە چونکە گەورەترین کارەساتی خوێناوی بوو کە بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی کراوە لەوسەردەمەدا.

* هەندێك بیرو بۆچوون هەن كە دەڵێن هۆی بۆردوومانكردنی شاری قەڵادزێ زانكۆی لێ بوو كەئەمە دوورە لە راستی چونكە لەلایەك تەنها شاری قەڵادزێ بۆردومان نەكراوە بەڵكو لەپێش ئەو بەروارەو دواتریش چەند شارو شارۆچكەی تر بۆردوومان كراوە و لەلایەكی تریش تەها بابان لە كتێبی كۆستی شارێك پەیوەندی بە پرۆفیسۆر دكتۆر جەلال شەفیق كردووە و لە زمانی ئەوە نووسیوویەتی (( ئەوكاتە ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بكردایە وەك ڕێزلێنانێك زیارەتی بارەگای بارزانی دەكرد)) ، منیش واتا (دكتۆر جەلال شەفیق) بە چوونم بۆ بارەگای بارزانی لە گوندی قەسرێ دەقی ئەو مەترسیە وەك خۆی بە خوالێخۆش بوو جەنابی كاك ئیدریس بارزانی راگەیاند- مەبەستی بۆمباران كردنی قەڵادزێیە ئەگەر زانكۆی تیادامەزرا- ئەوەی شایەنی وتنە لەو دانیشتنەدا مامۆستا نوری ئەمین بەگ- د.نوری باڵدار و ئەندازیار بەختیار زوهدی- كۆمەڵێك میوانی تر بارەگای بارزانی ئامادەی بوون، پرسیارم لە بەرێز كاك ئیدریس كرد، كە ئێوە وەك سەرۆكایەتی شۆڕش بڕیاری دامەزرانی زانكۆتان داوە لە قەڵادزێ لە كاتێكدا ئەو شارە هیچ مەرجێكی پاراستنی تێدا نیە! لە وەڵامدا بەرێزی وتی : ئێمە وەك بڕیاری سیاسی زانكۆمان نەكردۆتەوە، بەڵام هەندێك لەمامۆستایانی زانكۆ كە پێش ئێوە هاتبوون داوایان كرد ئەو زانكۆیە بكرێتەوە، ئێمەش ئەو مەسەلەیەمان رەتنەكردۆتەوە هەر لە وێشدا بەرێزی پێی راگەیاندین كە ئەگەر دژە ئاسمانیەكان دەستبكەوێ ئەوا یەكێك بۆ قەڵادزێ دەنێرێ، بەڵام ئەوبوو دوای ئەو چاوپێكەوتنە و گەڕانەوەمان بۆ قەڵادزێ بەچەند رۆژێ كارەساتەكە روویدا و ئەمەش راستی بۆچوونەكەی دەرخست)). وەهەروەها تەهابابان دەڵێت گواستنەوەی زانكۆی بۆ قەڵادزێ لەبەر چەند هۆیەك بوو لەوانە:

١- لە كوردستان تەنها یەك زانكۆ هەبوو ئەویش زانكۆی سلێمانی بووەو زۆربەیان لە مامۆستاو قوتابییەكان خەڵكی سلێمانی بوون هەر شارەزاییان لە سنووری ناوچەی سلێمانی دا هەبووە.

٢- قەڵادزێ دوورترین شار بووە لەدوژمن و لەناوچەیەكی شاخاویو سەختدا بووە و نزیك لە ئێرانیش بووە.

٣- سنووری پشدەر بەگشتی لە هەموو سەردەمەكاندا قەڵای شۆڕش و بەرەنگار بوونەوە بووە دژی دوژمنانی كوردستانو وەهەروەها میوان دۆستو خزمەتێكی زۆری پێشمەرگەیان كردووە.



* ئەحمەد حاجی سابیر، خاوەنی (٩) شەهید كە تەنها خۆی بەسەلامەتی دەرچوو وە كورێكی دوای (٩) سەعات لە ژێر دارو بەرد بەبرینداری دۆزیەوە باقی (خێزان و هەشت منداڵی شەهید بوون كە ئەوانیش بەهۆی پارچە پارچە بوونی لاشەی منداڵەكانی دوو یان سێ سێ لە منداڵەكانی خراونەتە یەك گۆڕ و نێژراوون، كاك ئەحمەد لە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٥ تاكو رۆژی كۆچكردنی لە (٢٠٠٧/٤/٦) جلو بەرگی ڕەشی پۆشی و وەك سمبولی بنەماڵەی شەهیدان لە ناو خەڵكدا ناسرابوو.

* قادری وەستا ئەحمەد دەڵێت (( پەرژین عەبدولباقی خێزانم كە شەهید بوو لەو كاتەدا دووگیان بوو هەرچەند خۆی مرد بوو بەڵام منداڵەكە بۆ ماوەیەكی زۆر هەر ئەجوڵا لە سكیدا، بەڵام بەهۆی گەورەیی كارەساتەكەو كەمی پێداویستی خەستەخانە نەتواندرا ژیانی منداڵەكە رزگار بكەن)).

* ئەحمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا، ناسراوە بە ((ئەحمەد مریم)) ئەوانەی بەچاوی خۆیان دیتوویانە ئەگێڕنەوە و دەڵێن: كاتێك كە تەیارەكە بێجگە لە ناپاڵم ساروخیشی بەكارهێناوە یەكێك لە ساروخەكان بەرملی ئەكەوێت و سەری پەڕاندووە، بەبێ سەر ماوەیەك رائەكات، وەهەروەها خێزانەكەشی دەڵێت كاتێك چووم بەدوای ئەحمەد لەناو بازاڕ دیتم لاشەكەی بێ سەر بوو و گەڕام تاكوو دۆزیمەوە ئەمجا بردم بۆ مزگەوت، پێویستە بگوترێت پیاوێكی تریش بەناوی ئیبراهیم كەستانەیی سەر پەڕیبوو وەهەروەها دوو منداڵیش یەكیان ناوی محەمەد ئەحمەد هەلاج بوو.

* مامۆستا غەریب محەمەدئەمین دەڵێت (( كاتێك یەكێك لە ناپاڵمەكان بەر خانووەكەمان دەكەوێت، خانووەكەمان دەڕوخێت بەهۆی كۆنی خانووەكە و بەسەر خێزان و منداڵەكاندا رووخاوە و لە ژێر دارو بەردو خۆڵەكەدا لەلایەك و لەلایەكی تر بەهۆی بچووكی شوێنەكەیانو نەبوونی هەوای پێویست هەموویان خنكاون هیچ برینێك بە لاشەكانیانەوە نەبووە كە دایكو سێ منداڵ بوون، وەهەروەها مامۆستا غەریب دەڵێت: دوای شەهید بوونی خێزانو منداڵەكانم، بەهۆی چۆڵكردنی شارەكە من لەماڵی برایەكم بووم لە گوندی (دەشتیو) كە هەرچەند سەیارە نەبووە بەڵام رۆژانە لە گوندی دەشتێو شەش سەعات و نیو بەپێ دەچووم بۆ گۆرستانی قەڵادزێو ئێوارەش بەشەش سەعاتو نیو دەگەڕامەوە بۆ گوندی دەشتێو كە رۆژانە (١٣) سەعات بەپێ دەڕۆیشتم بۆ ماوەی دوو مانگو نیو بەردەوام بووم تاكو ناچار بووین، بچین بۆ ئێران.

* بەهۆی زۆری شەهیدەکان، زانایانی ئاینی وەکوو (مەلا حەمەدەمین) فتوای دا ئەو شەهیدانەی بێ گوناح بوون پێویست بە هیچ مەراسمێکی دینی ناکات وەك شتنو کفنو نوێژکردن لە سەریان تەنها هێندێك ئاو بکەن پێیانداو بە جلو بەرگی خۆیانەوە بیان نێژن. کە پیاوێك بەناوی (حەمە هندی) حەمباڵ بوو بەخۆی و عارەبانەکەی شەهیدەکانی دەگوازتەوە بۆ مزگەوتەکانو سەرقەبران.

* بەشێك لە شەهیدەکان خەڵکی قەڵادزێ نەبوون کە ئەمەش گیرو گرفت بوو بۆ ناساندنیان لەبەر ئەوەی کە نەدەناسرا لە شوێنێك بەجیا قەبری بۆ هەڵدەکەندرا تاکو کەسو کاری پەیدا دەبێت.

* زاهیر تۆفیق مستەفا، خۆی و خێزانو سێ منداڵی شەهید بوون، تەنها سێ کەس لە خێزانەکەی بە سەلامەتی دەرچوون ئەمانیش لەماڵ نەبوون لەکاتی بۆردوومانەکە یەکێك لە کوڕەکان بەناوی (هەژار) دەڵێت ( لەرۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ دا ماڵەکەی ئێمە دیارە بۆمبایەك بەر خانووەکەمان کەوتووە (باوك و دایكو دوو خوشكو برایەك) کە لە ماڵەوە بوون هەموویان شەهید بوونو من و دووبراو خوشکێك کە لەماڵەوە نەبووین بەسەلامەتی دەرچوون کەزۆر منداڵ بووین بەڵام لەوکاتەوە ئێمە لە ژیانێکی زۆر ناخۆش دابووین و ژیانمان تێك چووە کە تاکو ئێستاش وەك مرۆڤێکی ئاسایی ناژین.[٢٤٨]

٢٤٨- بۆناو و زانیاریەکانی شەهیدانی ١٩٧٤/٤/٢٤ سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- گۆڤاری کادر، ژمارە (٢٣) گۆڤارێکی تیۆری پارتی دیموکراتی کوردستانە، ساڵی شەشەم. ئابی ١٩٧٤، ل ٦٤.

٢- گۆڤاری کادر، ژمارە (٢٥) ی ساڵی حەوتەم کانوونی دووەمی ١٩٧٥، ل (٣٧).

٣- کۆستی شارێك، تەها بابان، گەلاوێژی ٢٠٠٤.

٤- سەردانی ڕاستەوخۆو بەدوای داچوون نووسەر لەگەڵ کەسو کاری شەهیدان، کۆمەڵێك دڵسۆزو خەمخۆری شارەکە ڕووداوەکەیان لە یادبووە.

٥- گۆڤاری شمسارە ژمارە (٣) ی مانگی ٤ی ٢٠٠٣ کە سەرنووسەرەکەی سمایلی مەلا نوورەدینییە.

٦- قەڵادزێ، ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بەیادی کارەساتی ١٩٧٤/٤/٢٤ و ڕاپەرینی ١٩٨٢/٤/٢٤ کەخاوەن ئیمتیازی ( مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەر نووسەر ((فاچل جندار)).

٧- سەلاح حوسێن ئەحمەد ، شوفییزمی بەعس و مەرگی زانکۆیەك ،چاپی دووەم ، ٢٠٠٧، لا ٣٤.



* کارەساتی ١٩٧٤/٤/٢٤، غەدرێکی مێژووی گەورە بوو لە شاری قەڵادزێ کرا، هەر لەبەر ئەوەیە ساڵانە دانیشتوانی کوردستان و پشدەریەکان بەتایبەتی وەك وەفایەك بۆ گیانی پاکی قوربانیەکان لەو ڕۆژەدا ئەو یادە تاڵە زیندوو دەکەنەوەو بۆتە یادێکی تاڵو سامناك لە بیرەوەری دانیشتوانی شارەکەدا ساڵانە یادی ئەو کارەساتە لەسەر گۆڕی شەهیدان دەکرێتەوە بە شێوازی جۆراجۆر بەڵام لەساڵی ١٩٨٢ دا، بەهۆی بەرنامەی حزبو لایەنەکان، بەتایبەتی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکە و قوتابیانی دواناوەندی قەڵادزێ کە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و سیاسیش بوو، کە ڕۆڵێکی هەرەپێشەنگو چالاکی بینی بەتایبەتیش سەرەکیترین شوێن بوو بۆ جۆشدانی گیانی ڕاپەڕین، هەر لەوێوە بەرنامەی چوونە سەر مەزاری شەهیدان دانراو بە شێوازێکی هێمنانە لە رۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ پۆل پۆل قوتابیانو گەنجانی شار دەچوونە سەر قەبران، بەڵام ڕژێمی بەعس رازی نەبوو بە شێوازی هێمنانەش یادی ئەو کارەساتە بکرێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا (( سەربازو ئەمنو ئیسخباراتو سیخوڕەکانی)) کۆکردەوە و چوار دەورەی سەرقەبرانی قەڵادزێیان گرتو دەستیان کر بە تەقەکردن ویستیان بەزەبری چەك خەڵکان چاو ترسێن بکەن، هەرچەند خۆپێشاندەران دەیان هەویست بە هێمنانە بگەڕێنەوە بۆ ناو شاری قەڵادزێ بەڵام دەروازەیان لێ گرتبوون کەبووە هۆی شەهید بوونو بریندابوونی ژمارەیەك بەم شێوەیە:

أ- ناوی شەهیدەکان:

١= دایکە ئامینەسوور، ژنێکی بەتەمەن بوو.

٢= مامۆستا سنوبەر مەحموده رەش، (مامۆستای سەرەتایی بوو).

ب- ناوی بریندارەکان:

١- عومەر حاجی خدر نورەدینی.

٢- قادر موسا محەمەد هێرۆیی

٣- عوسمان ملا عەبدوڵڵا خارس.

٤- سورەییا ئیبراهیم یوسف.

٥- ئامانج زاهیر سەعید، پاش ماوەیەك بەهۆی برینەکەی شەهید بوو. ئامانج کوڕی زاهیری وێنەگر برایەکی تریشی لە ١٩٧٤/٤/٢٤ بەناوی پێشڕەو شەهید بووە.

ج- (٤٦)[249] له خۆپێشاندەران دەستگیر کران که لەوانه (١٦) یان ئافرەت بوون.

* ڕاپەڕینی دووەمی قەڵادزێ، له ساڵی ١٩٨٢ دا:

ڕژێمی بەعس لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٨٢/٤/٢٤ دا، کۆمەڵێك (قوات خاسە) ی هێنایه شاری قەڵادزێ بەمەستی چاودێری کردنی خەڵکی قەڵادزێ که زۆربەیان هەوڵیان ئەدا ئازاری دانیشتوانەکه بدەن تاکوو له یەکێك

( لەڕۆژەکانی مانگی ٥ی ١٩٨٢) دا ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی یەکیەتی تەقه له یەکێکیان دەکات‌و ئەی کوژێت و چەکەکەی لەگەڵ خۆی دەبات، له ئەنجامدا سەرانی ڕژێم چەند کەسێك دەستگیر دەکەن لەوانه یەکێکیان (قوباد حەمە ساڵح) که ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لەلایەن خەڵکەوە زۆر خۆشەویست بووە کەهیچ دەستی لەو کوشتنەدا نەبوو دەستگیری دەکەن‌و لەماوەی چەند ڕۆژێکدا زۆر ئازارو ئەشکەنجەی دەدرێت ڕژێم دەزانێت که دەمرێت ئازادی دەکەن و هەمان ڕۆژ له خەستەخانە واتا (١٩٨٢/٥/٢٨) گیان له دەست دەدات، ئەمەش فرسەتێکی باش دەبێت بۆ خەڵکی قەڵادزێ، چونکه خەڵکەکه ئەوەندە قین له دڵ بوون له ڕژێم خوا خوایان بوو دژ به حکوومەت ڕاپەڕین بکەن، بەتایبەتیش خۆشەویستی خاڵه قوباد فرسەتێکی باش بوو. بۆیه بەمەسیرە تەرمەکەی بنێژن و ووتاری شۆرشگێری لەسەر گۆرەکەی بخوێننەوە بەڵام لەدوای بەخاك سپاردن‌و گەڕانەوە داوا له خەڵکەکه کرا دوکان و بازارەکان داخەن و بێزاری و تووڕەیی خۆیان دەربرن هەر بۆیەش دوکانەکان داخران بازاریش چۆڵ کراو بووە خۆپیشاندان حکومەتیش زۆر ناڕازی بوو بەرپرسانی میری خۆیان دوکانەکانیان دەشکاندن تاکو خەڵك بێتەوە بازاڕ.

دووەم: هێرشی دووەمی فڕۆکەکانی بەعس بۆسەر سنوری پشدەر، هەمان ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤، کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ، دوو فڕۆکه به شەستیر بۆمبارانی

٢٤٩- ژمارە گیراوەکان زیاتر بوون بەڵام بەهۆی هەندێك له سەربازەکانی میری که ناچار بوون لەگەڵ سوپای ڕژێم هاتبوون بەڵام بەهۆی دڵسۆزیان بۆ کورد یارمەتی زۆری خەڵکیاندا به دزی خەڵکیان ئازاد دەکرد و که نووسەر (عمر همزە) یەکێك بوو لەوانه لەلایەن عەریفێکی کورد که له خزمەتی سەربازی دابوو و خەڵکی شێخان که کوردی یەزیدی بوو ئازاد کرا.



گوندی بەستەستێن دەکەن لەبەردەم ماڵی خۆی هاووڵاتی (( مام ڕحمان)) تەمەن (٥٥) ساڵ که ئەوکاته له دار کردن گەڕابۆوە، شەهید دەکەن[250].

سێهەم: ڕۆژی ١٩٧٤/٥/٢٧ بۆ جاری دووەم فڕۆکەکانی ڕژێم بۆردوومانی شاری قەڵادزێ دەکەن که هەردوای مانگێك‌و چەند ڕۆژێك که زیاتر بۆ ئەوە بوو ئەگەر شارەکه کەسی تێدامابێت چۆڵی بکەن‌و هێزی پێشمەرگەش هەراسان بکرێت تاکو زیاتر بیر له خێزان‌و کەس‌وکاریان بکەنەوە که دوو فڕۆکەی جۆری مێك بوون یەکێك له موشەکەکانیان به ژێر زەمینی خانوی رووخاوی هاووڵاتی حەسەن سەعید دەکەوێت، که چەند ڕۆژێك پێش بۆردمانەکه دوو بنەماڵەی ئاوارەی سنوری ڕانیه که خەڵکی گوندی (( بۆسکێن)) بوون هاتبوون خاوێنیان کرد بۆوە تێدا نیشتەجێ ببوون کەئەم کەلاوە له بۆردومانی ١٩٧٤/٤/٢٤ دا کەوتبوو بەر هێرشی فڕۆکەکانی ڕژێم بەهۆی کەمی شوێن له سنوورەکه ناچار بوون که تێدا نیشتەجێ بن بەڵام کاربەدەستانی دژی مرۆڤایەتی ئەم کەلاوەشیان بۆردوومان کردوو هەردوو بنەماڵەکه شەهیدەکانیان بەم شێوەیەبوو.*[251]

* بنەماڵەی یەکەم:

١- ئەحمەد بایز کاملا — ١٩٤٨.

٢- ڕیحان حەمەدئەمین ئالی مستەفا- ١٩٥٢.

٣- مریەم قوربانی بایز کاملا- ١٩٦٠.

بنەماڵەی دووەم:

٢٥٠- ڕۆژنامەی شمشارە، ژمارە (٢٦) ی مانگی ٣ی ٢٠٠٦.

* تێبینی : ١- له هەردوو بنەماڵەکه دووکەس ڕزگاربوون یەکێکان ئایش قوربانی بایز برینداربوو و ئەوی تریان ((حمد محمد رسول اسماعیل)) که لەو کاتەدا لەماڵەوە نەبوو.

٢- لەدوای بۆردوومانەکه خەڵکی شارەکه دەچن بۆ هاوکاری کردن‌و دەرهێنانەوەی لاشەکانیان، یەکێك لەوانه حاجی همزەصالح بوو که بەوەستا هەمزەی دادنساز ماسرابوو، لەکاتی دەرهێنانەوەی لاشەی یەکێك لەمنداڵه شەهیدەکان لەلایەن سەرچڵ ئەحمەد عەلی وێنەیەکه ئەگرێت، بۆ زیار بڕوانه وێنەکان.

* سەرچاوەکان:

1251- سەردانی ڕاستەوخۆ و گفتۆکردن لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدەکان له ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٥.

٢- شمشارە ژمارە (٣) ی مانگی ٢٤ی ٢٠٠٤، ل (٢).

١- مرۆت بایز خدر- ١٩٥٠.

٢- رەسوڵ حەمەد ئەحمەد ئیسماعیل- ١٩٦٩.

٣- خەیاڵ حەمەد ئەحمەد ئیسماعیل- ١٩٧٣.

چوارەم: لە مانگی ٩ی ١٩٧٤دا، دوو فرۆکەی رژێم بۆردوومانی گوندی ((بیگەلاس)) دەکەن و دەبێتە هۆی شەهید بوونی دوو ئافرەت بەناوەکانی :

- فاتم رەسوڵ ناسر.
- ئایشە کابان.

٣- خاڵەکانی سەرەوە بەشێك بوون لەو تاوانانەی کە بەرامبەر هاووڵاتیان کراوە تەنها لە ساڵی ١٩٧٤ دا، بەڵام ساڵانی پێش ئەو مێژووەو دواتریش کۆمەڵێك پێشێلکاری تر کراوە کە ئەمانەش چەند نموونەیەکن:

* لە هاوینی ١٩٦٢دا، دوو فرۆکەی رژێمی ( عبدالکریم قاسم) بۆردومانی گوندی (( هەڵشۆو ئاشی زادە)) دەکەنو دەبێتە هۆی شەهید بوونی (٣) هاووڵاتی بەم ناوانە:

- مرۆت رەزا حەمەد.
- برایمی بەسەکەری.- حەسەنی شەخسەکوێستانی.

* لە هاوینی ١٩٦٢، دوو فرۆکەی رژێمی ( عبدالسلام عارف) بۆردومانی گوندی (( گرتك)) دەکەن و دەبێتە هۆی شەهید بوونی (( ئەستی ئەحمەد - کە دووگیان دەبێتو وەهەروەها مندالێك بەناوی شێخە)) هەمان رۆژ چەکدارەعەشایرە جاش عەرەبەکان لە سەنگەسەرەوە هێرش دەکەنە گوندی (( گرتك)) و دەست دەکەن بە تاڵانو بردنی کەلو پەلی هاو ولاتیان و تەنانەت کەلو پەلی مزگەوتیش دەدزن، دواتر خانووەکانی گوندەکە دەسوتێننو دوو هاووڵاتی بەناوەکانی:١- شێخە مراد.٢- برایم رەسول، لەبەردەم دەرکی ئاشی شەهیدان، گوللە باران دەکەن.

* لە ١٩٦٥/٥/١ دوو فرۆکەی رژێم بۆردوومانی شاری قەڵادزێ دەکەن بەتایبەتی گەرەکی (قەلاتو گەراجەکە) ی گرتۆتەوە، بەبیانووی ئەوەی (قومبەلەی) لێدروست دەکرێت، کەبۆتە هۆی شەهید بوونی ئافرەتێك و سووتاندی لۆریەك.

* لە هاوینی ١٩٦٤ فرۆکەیەکی رژێم بۆردوومانی گوندی (مامندە) دەکات و بێجگە لە رووخانی چەند خانوویەك هاو ولاتیەك بەناوی (ئامان) شەهید دەبێت.



* لە هاوینی ١٩٦٩ دا، سێ فرۆکەی رژێم بۆردوومانی گوندی (بەستەستێنی خواروو) دەکەنو بێجگە لە رووخانی چەند ماڵێك هاووڵاتی (( پورە بەسێ عەولآی مەلا شەریفی)) شەهید دەبێ.

* لەسەرتایی مانگی ٧ی ١٩٦٥ کاتژمێر ٦ی بەیانی چەند فرۆکەیەك بۆردوومانی شارۆچکەی سەنگەسەر دەکەن دەبێتە هۆی شەهید بوونی پێشمەرگەیەك بەناوی سەلام گەرمیانی و ئافرەتێکیش بە هۆی ترسەوە گیان لە دەست دەدات.

* لەڕۆژی ١٩٦٥/٣/٢١ کە رێکەوتی رۆژی نەورۆز دەبێت، چەند فرۆکەیەك هاتوونەتە سەر شاری قەلادزێ داوەو زۆر نومایشی بەسامیان نیشانی خەڵکی قەلادزێ داوەو دوو ساروخی بۆ ترساندنی خەڵکی قەلادزێ تەقاند، لەبەر ئەوەی نەیان توانیووە ئاهەنگی نەورۆز بکەنەوەو ناچار بوون شەو ئاهەنگە کە بکەنەوە.[٢٥٢]

* رۆژی ١٩٦٥/٥/١٠، چەند فرۆکەیەك هاتوونەتە سەرشاری قەلادزێ بە ساروخ هەشت ئۆتۆمبیلی هاووڵاتیان سووتاندو کچێکی ئەمین ئاغاش شەهید دەکەن.[٢٥٣]

* لە هاوینی ساڵی ١٩٦٢ دا، دوو فرۆکە گوندی (( دێرێ)) سەر بەقەلادزێ بۆردومان دەکەنو دەبێتە هۆی شەهید بوونی چوار مندالی کەخەریکی یاری کردنی منداڵانە دەبن بەم ناوانە:[٢٥٤]

عەلی حەمەد بەگ- تەمەن ٧ ساڵ.

حەمە سمایل مەم- تەمەن ٧ ساڵ.

حوسێن عەلی — تەمەن ٨ ساڵ.

محەمەد عەلی مستەفا- تەمەن ٧ ساڵ.

* لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ لە ( سەراوی هەڵشۆ) سەر بە قەلادزێ فرۆکەکانی رژێم ((عوسمان عەلی سۆفی ئەحمەد )) شەهید دەکەن.

* لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢ بە هۆی فرۆکەی ئینگلیز مەحمود بابەکری حەمە ئاغای نورەدین شەهید دەبێت.

---

٢٥٢- میرزا مەنگوری، بەسەر هاتی سیاسی کورد، لە ١٩٥٨/٧/١٤ تا ١٩٨٥، بەرگی یەکەم- ١٩٩٨، ل (١٠٩).

٢٥٣- میرزا مەنگوری، هەمان سەرچاوەی پێشوو . ل (١١٥).

٢٥٤- شمشارە، ژمارە (٤٢).

* نەورۆزی ١٩٧٨، بە هۆی بۆردومانی فڕۆکە لە سنوری گوندی دەشتێو (( ڕەسوڵ عەزیز مام ئاغا)) شەهید دەبێت.

* لە ساڵی ١٩٦٩، لە گوندی زوورکان سەربە سەنگەسەر دوو فڕۆکە بۆردوومان دەکەنو دەبێتە هۆی شەهید بوونی دوو هاوولاتی بەم ناوانە:[٢٥٥]

عەبدوڵڵا حەمەد موسی

ئیبراهیم عەلی حوسێن

* لە رۆژی ١٩٦٩/٥/١٤، سوپای عێراقی دەست دەکات بە سووتاندنی تەواوی ماڵەکانی شارۆچکەی سەنگەسەر و بەو هۆیەوە تەواوی خانوو و کەلو پەلی ماڵەکان دەستوتێتو زۆر لە دانیشتوانەکەشی رۆژێك پێشتر لە ترسانو دژی رژێم شارەکە چۆڵ دەکەن بەلام رژێم بێجگە لە سووتاندنی شارەکە کە (٩) رۆژ دەخایەنێت ئەم هاوولاتیانەش شەهید دەکەن: ١- سەید مینە.٢- حەمەدی شێخە.٣- بارزانی سەید حاجی، و وەهەروەها ((مامە سوورە)) یەکێك بووە کە گیراوە و زۆر ئەشکەنجەیان دابوو، دوای ئازادبوونی بەچەند رۆژێك مردووە. و رۆژێك دواتریش واتا (١٩٦٩/٥/١٥)، بەهۆی فرۆکەوە بۆردومانی گوندی (( سوڵتانەدی)) دەکەن بە بۆمبی سوتێنەر کە بە ((تێزاب)) دەناسرا، بۆمبێك بەر ماڵێك کەوتو یەك رۆژ پێشتر لە ترسی رژێم لە سەنگەسەرەوە ئاوارەی ئەو گوندە ببوون بەناوی مام حەمەد برایم سەنگەسەری، لە ئەنجامدا تەنها یەك نەفەر لە خێزانەکەی رزگاری دەبێت و ئەوانی تر کە (٧) نەفەر دەبن شەهید دەبن بەم ناوانە:

عەبدوڵڵا حەمە ئیبراهیم

هەمین فارس حەمەخان- دایك.

عومەر حەمەد ئیبراهیم.

حەلیمە حەمەد ئیبراهیم.

کەژاڵ حەمەد ئیبراهیم.

نەسرین عەبدوڵڵا حەمەد.

زوبێدە.

* پێویستە بگوترێت سووتاندنی سەنگەسەر یەکەم جار نەبووە بەڵکو لە رۆژی ١٩٦٥/٨/٢٢ دا جارێکی تر سەنگەسەر سووتاوە بەسەرپەرشتی فەرماندە (غانم مصباح أمین) و بەپاڵپشتی لیوای (٢٠)ی هەڵبژاردووە، چونکە ئەو لیوایە ناسراو بووە بە درندەیی و توانیویەتی دەست بەسەر پشدەر

٢٥٥- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٩ بۆ سنوری ل.ن سەنگەر.



دابگرێت، خەڵکی سەنگەسەر لە ترسی کوشتنو گرتن ناچار بوو ئاوارە بن بەتایبەتیش چوونەتە سەر (شینایەکانیان)، تەنها لەماوەی سێ رۆژدا ماڵەکانی سەنگەسەر لەلایەن جاش عەرەبە عەشایرەکانەوە تالان دەکرێ و سوپاکەش دەست دەکات بەرووخاندنی ژوورو حەوشەی زۆر لە ماڵەکانو خشتەکانیان بەتالان دەبەن بۆ دروستکردنی سەربازگە.[٢٥٦]

١٤- لەرۆژی ١٩٧٧/٧/١٣ بەچەند فرۆکەیەك بۆمبارانی گوندی (باوزێ) کرا، لە کوێستانی (قورغان) و دەبێتە هۆی شەهید بوونی دوانزە هاوولاتی بەم ناوانە کە چواریان ئەندامی یەك خێزانن:[٢٥٧]

١- بابەکر مەحمود ئەحمەد — ١٩٤٢.

٢- ئەحمەد مەحمود ئەحمەد- ١٩٣٧.

٣- رەسوڵ مەحمود ئەحمەد- ١٩٥٠.

٤- مەحمود ئەحمەد مەحمود- ١٩٥٤.

٥- حەمە خدر عەلی- ١٩٥١.

٦- هۆمەر حوسێن هۆمەر- ١٩٤٥.

٧- ئەحمەد عەبدوڵلا عەبدوڵلا- ١٩٢٧.

٨- حەمە ئەحمەد عەبدوڵلا- ١٩٦٥.

٩-محەمەد عبدوڵلا بابەکر- ١٩٥١.

١٠- حاجی رەسوڵ محەمەد- ١٩٥٤.

١١- عەبدوڵلا حەمە حەسەن- ١٩٥٩.

١٢- خدر محەمەد ئەمین مەحمود- ١٩٥٦

* لە رۆژی ١٩٧٨/٩/٢، چوار کۆپتەری رژێم بوردوومانی رەوەندەکانی بناری قەندیل دەکەنو دەبێتە هۆی شەهید بوونی (٩) هاوولاتی بەم ناوانە:

٢٥٦- خدر همزە صالح، بەمیوانی لە قەڵادزێ وە دەچێتە ماڵی پوری لەسەنگەسەر (ناوشینایی)، لەو رۆژەوەدا تەنها هەندێ پارەو سەعاتێکی پێ دەبێت لەلایەن جاشە عەرەبەکانەوە بەتاڵانی سەعاتو پارەکەی لێ دەستێنن.

٢٥٧- سوود وەرگیراوەلە : ١- عومەر خدر کارگێری لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٤.

٢- عومەر ئسماعیل مارف باوزی، گۆڤاری قەڵادزێ، ژمارە (چوار) ی هاوینی ٢٠٠٦، ل ٤١.

١- ئەستی رەسوڵ بایزەید.
٢- حەلیم برنۆ.
٣- خات ئیبراهیم عەبدوڵڵا.
٤- مەلای حەمەدی.
٥- خێزانی رەسول عوسمان.
٦- مریەم حەمەد رەسول تەمەن٨ ساڵ.
٧- میر ئەحمەد .
٨- شوکری محەمەد ئەحمەد.
٩- ئەستی عەبدوڵڵا مستەفا.

وەهەروەها (١٢) هاووڵاتی تریش بریندار دەبن و نزیکەی ٤٠ سەر لە ئاژەڵەکانیشیان دەمرن.

* شایەنی گووتنە، هێرشی فڕۆکەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان، زۆر جاری تریش بۆمبارانی شارو گوندەکانی سنوری پشدەری کردووە لە ساڵە جیاجیاکاندا بەڵام بەهۆی وشیاری خەڵکەکەوە کە هەردەم هەستیان کردبێت فڕۆکە هاتووە، ئەوان خۆیان شاردۆتەوەو کە بۆتە هۆی ئەوەی لەلایەنی مرۆیی بێ زیان بوون بەڵام لە لایەکی تر ئەو بۆمبارانەی فڕۆکەکانی رژێم زەرەری بە دانیشتوان داوە بەتایبەتی لە رووخاندنی خانووەکانو هەروەها سووتاندنی رەزو باخو کێڵگەکانو ئەمە بێجگە لە کوژرانی ئاژەڵانو لە لایەکی تریش بۆتەهۆی ئەوەی کە سنوورەکە نا ئارام بێت، کە ئێمە لەبەر زۆری بۆردوومانەکان بەشێوەی خشتەیەك تەنها ناوی شارو گوندەکانو لەچ ساڵێکدا بۆمباران کراوە بەهۆی فڕۆکەوە دیاری دەکەین کەبەم شێوەیەبوو:

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**بۆردوومانی فڕۆکەکانی رژێم لە سنووری پشدەر**

| ژمارە | ناوی شار یان گوند | ساڵی بۆردومان کردنی |
|---|---|---|
| ١. | سەید ئەحمەدان | ١٩٦٦ |
| ٢. | ریشوان | ١٩٦٦ |
| ٣. | چۆمزکە | ١٩٦٣ |
| ٤. | کۆشکەڵێ | ١٩٦٦ و ١٩٦٩ |



| | | |
|---|---|---|
| ٥. | ئیسێوە | ١٩٦٩ و ١٩٧٤ |
| ٦. | پیرسکە | ١٩٦٩ |
| ٧. | داودێ | هاوینی ١٩٧٤و جارێکیش لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیز ١٩١٩ |
| ٨. | ئاڵان | هاوینی ١٩٧٤ |
| ٩. | باداوێ | لە هاوینی ١٩٦٤. |
| ١٠. | ئەمەرکاکۆڵ | بەهاری ١٩٧٤ |
| ١١. | شێخ ئاودەلان | هاوینی ١٩٧٤، پاش دوو هەفتەی تر جارێکی تریش بۆردوومان کراوە. |
| ١٢. | مێرتکە | هاوینی ١٩٦٤ و بەهاری ١٩٦٩ |
| ١٣. | دوبێ | هاوینی ١٩٦٩ |
| ١٤. | شۆران | لە هاوینی ١٩٧٤ |
| ١٥. | دیلۆ | هاوینی ١٩٦٤ |
| ١٦. | قەڵاتوکان | هاوینی ١٩٧٤ و هاوینی ساڵی ١٩٨٢ |
| ١٧. | سێوەیس | پایزی ١٩٧٤و مانگی ٦ی ١٩٨٤ |
| ١٨. | بێپاڵان (٥) جار | پایزی ١٩٦٨و مانگی ٦ی ١٩٧٤و ١٩٧٦/٣/٢٤و ١٩٧٦/٤/٢٥و هاوینی ساڵی ١٩٨٣ |
| ١٩. | شێخان | پایزی ١٩٧٤ |
| ٢٠. | وەرتە | لە رۆژی ١٩٧٦/٣/٢٤ |
| ٢١. | دەشتێوان | مانگی ٥ی ١٩٦٧و مانگی ٥ی ١٩٨١ |
| ٢٢. | دوو گۆمان (٤) جار | لە هاوینی ١٩٦٢ و پایزی ١٩٦٣ و پایزی ١٩٦٩ و زستانی ١٩٧٤ |
| ٢٣. | ئاشووران | لە هاوینی ١٩٦٣ |
| ٢٤. | جەلکان (٣) جار | بەهاری ١٩٦٩ دووجار، بەهاری ١٩٧٩ |
| ٢٥. | زەنگڵان | هاوینی ١٩٧٤ |
| ٢٦. | ماخۆ بزنان (٥)جار | هاوینی ١٩٦٦، هاوینی ١٩٧٤، پایزی ١٩٧٤، مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٨ جارێکی تریش لەهەمان ساڵدا. |
| ٢٧. | سلێ | بەهاری ١٩٦٢- مانگی ٧ی ١٩٦٣ و پایزی ١٩٦٩ |
| ٢٨. | بۆلێ | پایزی ١٩٦٣و پایزی ١٩٧٤ |
| ٢٩. | ئەستێرۆکان | پایزی ١٩٦٣و پایزی ١٩٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠. | بيانه | ١٩٦٢ |
| ٣١. | كۆپنگه | ١٩٦٣ |
| ٣٢. | دوێڵەو بايەوان | له پايزى ١٩٦٩و له مانگى ٦ى ١٩٧٤ |
| ٣٣. | كۆمتان | بەهارى ١٩٦٧و هاوينى ١٩٦٩و مانگى ٦ى ١٩٦٩ |
| ٣٤. | گەرمكان | هاوينى ١٩١٩ دوو فڕۆكەى ئينگليز |
| ٣٥. | دۆڵە گۆم | بەهارى ١٩٧٧ |
| ٣٦. | نێودەشت | پايزى ١٩٦٩ |
| ٣٧. | ئەلبانە | مانگى ٩ى ١٩٦٩و مانگى ٥ى ١٩٧٤ |
| ٣٨. | وێسێ | له ١٩٧٨/٩/٢٦ |
| ٣٩. | بێترخە | ١٩٦٣ |
| ٤٠. | كانيه هەنجير | مانگى ٦ى ١٩٧٩ |
| ٤١. | خانەڵێ | هاوينى ١٩٧٤ |
| ٤٢. | كێله سپى | هاوينى ١٩٧٤ |
| ٤٣. | سەرچيا | هاوينى ١٩٧٤و هاوينى١٩٧٦ |
| ٤٤. | كەڵكەكان (٣) جار | مانگى ٧ى ١٩٦٦و ١٩٧٥ و ١٩٧٩ |
| ٤٥. | بناويلێ | ١٩٦٣ |
| ٤٦. | بێخرێ | ١٩١٩ فڕۆكەى ئينگليز |
| ٤٧. | دارەشمانە (٤)جار | مانگى ٤ى ١٩٦٢، مانگى ٨ى ١٩٦٢ وەلەساڵى ١٩٦٥ دوو جارى تر. |
| ٤٨. | هورێوە | ١٩٦٤ |
| ٤٩. | بادينباڵ | له پايزى ١٩٦٦و پايزى ١٩٦٨ |
| ٥٠. | قوڵە مارف | له رۆژى ١٩٧٤/٥/٢٥ |
| ٥١. | گيره | له مانگى ٨ى ١٩٦٥ و مانگى ١٩٧٤ |
| ٥٢. | بێكلۆ (٤) جار | له ١٩٦٥ و پايزى ١٩٦٧ و هاوينى ١٩٧٤يش دوو جار |
| ٥٣. | كانيلان | هاوينى ١٩٦٢ و پايزى ١٩٦٩ |
| ٥٤. | دێگە (٣) جار | ١٩٦٥و له رۆژى ١٩٧٤/٥/٢٥ و هاوينى ١٩٧٤ |
| ٥٥. | هێرۆ (٤)جار | له هاوينى ١٩٦٢ سێ جار ، وە پايزى ١٩٦٦ |
| ٥٦. | ئاوەكى | ١٩٧٥ |
| ٥٧. | دەرونە | ١٩٦٧ |



| | | |
|---|---|---|
| ٥٨. | بێ مووش | هاوينى ١٩٧٤ |
| ٥٩. | بێ شير | ١٩٦٩و بەهارى ١٩٧٤ |
| ٦٠. | لێوژێ (١٢) جار | هاوينى ١٩٦٢ دووجار، پايزى ١٩٦٤و ئازارى ١٩٦٥و له ١٩٧٤/٩/٩و له ١٩٧٤/١٠/١٧ و رۆژانى ١٨و١٩ى مانگى ١٩٧٤/١٠و رۆژى ١٩٧٤/١٠/٢٠، سێ جار له يەك رۆژدا له ١٩٨١/٨/٣١ |
| ٦١. | خوێو بيان | بەهارى ١٩٧٤ دوو هەفتە دواى ئەمە جارێكى تريش |
| ٦٢. | ئێندزێ (٤) جار | ١٩٦٣ و بەهارى ١٩٦٦و پايزى ١٩٧٤ رۆژى ١٦ى ئابى ١٩٧٤ |
| ٦٣. | زارگەڵێ | مانگى ٨ى ١٩٦٢ و بەهارى ١٩٦٣و پايزى ١٩٧٤ |
| ٦٤. | بۆ كريسكان | هاوينى ١٩٦٢، و بەهارى ١٩٦٤ و پايزى ١٩٧٤ |
| ٦٥. | سوڵتانەدێ كۆن (٣) جار | له ١٩٦٣ و هاوينى ١٩٧٤ يش دووجار |
| ٦٦. | دێرێ | له هاوينى ١٩٦٣ |
| ٦٧. | پێماڵك | دوانيوەڕۆى پايزى ساڵى ١٩٧٤ |
| ٦٨. | گر بداغ | ١٩٦٧ |
| ٦٩. | تەنگژە | پايزى ١٩٦٩و مانگى٦ى ساڵى ١٩٧٤ |
| ٧٠. | نورەدين | هاوينى ١٩٢٢ فڕۆكەى ئينگليز و هاوينى ١٩٦٧ و بەهارى ١٩٦٩ |
| ٧١. | دەڵگە | له هاوينى ١٩٢٢ فڕۆكەى ئينگليز |

* دەردەكەوێت له سەردەمى رژێمەكانى عێراق بەردەوام سنورى پشدەر له ژێر زەبرى فڕۆكەدا بووە بەپێى ئەو بەدوا داچوونە نزيكەى (٨١) شوێن له سنورەكە كەوتۆتە بەر هێرشى فڕۆكە كە هەندێك شارو گوند چەندان جار هێرشى كراوەتە سەر كە سەرجەمى هێرشەكان (١٥٧) جاربووە، بۆسەر هاوڵاتيان ئەمە بێجگە لەو هێرشانەى كە كراوەتە سەر بارەگاو شوێنەكانى حەوانەوەى پێشمەرگە له سنورەكە.[٢٥٨]

---

٢٥٨- سەچاوەكانى خشتەى ژمارە -١١-

أ- بريتيیە له رۆژنامەكانى شمشارە بە ژمارەكانى،

١- ژمارەكانى (٣)و (٥)و (٧)و (٩)ى ساڵى ٢٠٠٤.

٢- ژمارەكانى (١٣)و (١٥)و (١٩)و (٢١) ى ساڵى ٢٠٠٥.

ب- ژمارەكانى (٢٤)و (٢٦)و (٣١)ى ساڵى ٢٠٠٦.

**دووەم: داگیرکردنی پشدەر لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن سوپای عێراقەوە:**

١- لە ڕۆژی ١٩٧٤/٨/١٦، ڕژێم بە سوپایەکی گەورە بۆ جارێکی تر دەستی گرتەوە بەسەر شاری قەڵادزێ و ئەمجارەش بە شێوەیەکی دڕندانە دەستی کرد بە تۆپبارانی دەوروپشتی قەڵادزێ چونکە تەنها ناوشارەکەی بەدەستەوە بوو، ناوچەکانی تر لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوو، ڕۆژانە ڕژێم لە سەربازگەی گردی حوسێنی بە تۆپباران هێرشی دەبردە سەر گوندەکان لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگەش بەچالاکی جۆراو جۆر وەڵامی ڕژێمیان دەدایەوە بە تایبەتی هێزی تۆپخانەی شۆڕش ڕژێمی هەراسان کردبوو، لەو کاتە ڕژێم هەوڵی ئەدا لەناو شار تۆڵەی خۆی لە خەڵکی بێ دیفاعی ناوچەکە بکاتەوە ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩٧٤/٩/١١دا، لەلایەن کار بەدەستانی ڕژێم لە شاری قەڵادزێ کۆبوونەوەیەکی فراوان بە دانیشتوانی قەڵادزێ دەکرێت، لەو کاتەدا خۆفرۆشێك هاووڵاتی (( حاجی هەمزە سالح)) دەست نیشان دەکات بۆ سەرانی ڕژێم و دەڵێت (( حاجی هەمزە)) کوڕێکی بەناوی (( ملازم خدر)) کە ئەفسەرێکی سوپای عێراقی بووە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە وە کردووە و ئێستا فەرماندەیەکی چالاکی هێزی کاوەیە، ڕۆژانە (بەچەکی قورس)[٢٥٩] تۆپبارانی هێزەکانی میری دەکات، هەر لەو کاتەدا بڕیاری دەستگیرکردنی ئەدەن و لە لایەن چەند ئەفسەرێك ڕۆژانە ئەشکەنجەی ئەدەن تاکو دڵنیا دەبن کە پاش ماوەیەکی تر دەمرێت ئەمجا ئازادی دەکەن.. بەڵام لە دوای ئازاد بوونی پاش ماوەیەك گیانی سپارد.

وەهەروەها مستەفا ڕەسوڵ قادر کە بە (مچە گۆچ) دەناسرا لە دایك بووی ١٩٢٦ لە ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢٠ لە لایەن سوپای ڕژێمەوە بەتۆمەتی پەیوەندی بە شۆڕشەوە لە گەرەکی

ج- زیارەتی مەیدانی لەلایەن نوسەر....

٢٥٩- مەسعود بارزانی دەڵێت ((بەرگری پێشمەرگە و پشتیوانی کردنی تۆپخانەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤ دا وایان لە دوژمن کرد لە سنوری پشدەر کە زیانێکی زۆر بە دوژمن بکەوێت کە بەم شێوەیەبوو:

١- لیوای یەکەمی میکانیکی لە قەڵادزێ بەتەواوی تێك شکێنرا بە جۆرێك کە سوپاکە کێشرایەوە بۆ کەرکوك بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی و (٥٠) لە سەدی سەربازەکانی و (٨٥)لە سەدی ئامێرەکانی لە دەست دا.

٢- لە لایەکی تر کۆی کوژراوەکانی دوژمن لە سنوری قەڵادزێ و ڕانیە لە (٢٨٠٠) کوژراو (٣٩٠٠) بریندار دیاری کردووە.

سەرچاوە مەسعود بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل (٤٢٣).



شەهیدانی قەڵادزێ گوللەبارانی دەکەن و شەهید دەبێت، وە لەلایەکی تر ڕژێم تەنها بەگرتن و ئازاردانی خەڵکانێك کە ئامادە نەبوون ببنە پیاوی ڕژێم، ڕژێم هەوڵی داوە بەترساندن و تۆقاندن خەڵکانی تر چاو ترساو بکەن لە ڕێگای بەکرێ گیراوەکانی خۆیان، دڵسۆزانی گەلەکەمان تیرۆر بکەن، هەروەکو ڕۆژی ١٩٨٤/٩/٢٤، (( فاروق ئەحمەد عەلی))[٢٦٠] بە پیلانی ڕژێم لە ناو شاری قەڵادزێ دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهیدی دەکەن، وەهەروەها بەهەمان شێوە لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٣، (محەمەد عەلی ئەمین) کە ناسراو بە (محەمەدی سەید عەلی) شەهید دەکەن. (بۆ زیاتر بڕوانە وێنەکان).

٢- لەسەرەتایی مانگی ١٩٧٧/٧، لەلایەن دەزگای (ئیستخبارات) ڕژێم لە شاری قەڵادزێ (١١) هاووڵاتی دەستگیرکران بە بیانووی دڵسۆزی وەفاداریان بۆ شۆڕشی کورد، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە گرتووخانەکانی کەرکوك و موسڵ، لە شەوی ٤/٥ و ٥/٦ی ١٩٧٨/٤ دا نۆ لەو هاووڵاتیانە لە سێدارە دران، کە بە بەڵگەی ژمارە ٨٤٠٦ لە ١٥ی تموزی ١٩٧٨ ی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای موسڵ بۆ کاروباری ڕامیاری، ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی کراوە کە جێ بەجێ کردنی (اعدام) بەسەر ٤٤ هاووڵاتی ئەنجام دراوە کە لەوانە (٩) هاوڵاتی سنورەکەیە.

کە تەنها تاوانیان (( پەیوەندی کردن بووە بە "مخرب")) کەوەك لە بەڵگەکەدا هاتووە، بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەی ژمارە (١٣).

ئەمەش ناوەکانیانە:

١- عەبدوڵڵا حەسەن حەمە کامیلا شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٥-٤.
٢- ئەحمەد کاك ئەمین مەمەند شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٥-٤.
٣- خدر ڕەسوڵ مەحمود شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٥-٤.
٤- ئەحمەد حەمە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٥-٤.
٥- عوسمان شەفیق فەرج شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٦-٥.
٦- حوسێن ڕەسوڵ ئەحمەد ڕەسوڵ شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٦-٥.
٧- ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٦-٥.
٨- ڕەسوڵ محەمەد غەفور شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٦-٥.
٩- لەتیف کەریم ئەحمەد شەوی لە سێدارەدان ١٩٧٨/٤/٦-٥.

٢٦٠- سەرچڵ ئەحمەد، قەڵادزێ، گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکبیری گشتییە. ژمارە (٥) ی پاییزی ٢٠٠٦، ل ٢١.

٣- له لایەکی تر رژێم بەردەوام بووە لە گرتن‌و ئەشکەنجەدانی خەڵکی سنورەکە نەك تـەنها رەگەزی نێری گرتبێتەوە ئەوەتا لـە بـەرواری ١٩٨٩/٥/٢ گوڵـە کـەریم ئەحمـەد لـەدایکبووی ١٩٣٩ دەگرن بەبیانووی هاوکاری کردنی رێکخستنەکانی ناوشاری شورشی کورد کە هەرچەندە لە رۆژی ١٩٨٩/٤/٢٦ (( مەحمود خضر محەمەد)) بەهۆی لایەنگری بۆ شورشی کـورد دەگـرن کە کوڕی ((گوڵە کەریم))، و قوتابی قۆناغی چوارەمی زانکۆی موسڵ بـوو، کـە دایـك‌و کـوڕ ماوەی شەش مانگ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە بوون لە رۆژی ١٩٨٩/١٠/١٤ لە ئەمنی سلێمانی گوللە باران دەکرێن لە دوای ئازاد کردنی کوردستانی عێراق لـە ژێـر دەسـتی بەعـسیەکان لـە رۆژی ١٩٩٢/١/١١ لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە شاری سلێمانی دەدۆزرێنەوە بۆ جارێکی تـر لـە قەڵادزێ بە خاك دەسپێردرێن (بۆزیاتر بڕوانە وێنەکان)[٢٦١]

٤- هەمـوو ئەوانەی دەچوونە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەلایەن رژێمـەوە دەسـت دەکرا بە دەستگیرکردنی کەس‌و کاریان رەوانەی سجنەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکران و ئاگاداریان دەکردنەوە تاکو کوڕەکانتان نەگەڕێنەوە ئێوەش ئـازاد نـابن بێجگـە لـە گـرتن و زیندانی کردن، دەست بەسـەر کـەل‌و پـەل‌و ماڵەکانیانـدا دەگـیرا و حکومـەت بەئەوەنـدەش رانەدەوەستا تەنها خانووش، بە بڕیاری بەعس (حجزی) لەسـەر دادەنـدرا، ئـەواتا لـە سـنوری پشدەر (٤٠٧) پارچە زەوی و خانووی ئەوانەی لە ریزی پێشمەرگەدا بوون حجز کـراون،[٢٦٢] کـە ئەمەش لە دوایی روخانی رژێم بۆتە چـەندان گـیرو گرفتـی کۆمەڵایـەتی کـە تـاکو ئێـستاش

٢٦١- * لەدوای ساڵانی ١٩٧٥ رژێم بڕیاری دابوو هەر کەسێك هاوکاری شۆڕش بکات یان چەك‌و تەقەمـەنی لە ماڵەکەی دا یان تەنها لەبەردەم ماڵەکەشی بدۆزرێتەوە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچـێت ، کۆمـەڵێك هاووڵاتی بەهۆی خۆ رێکخستنەوەیان لە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و دروست کردنـەوەی لیژنـەی ناوچەی قەڵادزێ، گیران‌و (٩) یان لە سێدارە دران‌و دوو هاووڵاتی تر بەناوەکانی (مەحمود مامـەلاوە و وەسـتا ئەحمەدی تەنەکەچی) هەریەکەیان بە بیست ساڵ زیندانی حوکم دران، شایەنی باسە ، شـەهیدەکان لـە موصـل نێژراون ، تەرمەکانیان نەدرایەوە بەکەس‌و کاریان وتاکو ئێستا گۆڕەکانیان نادیارە.

٢٦٢- نەجیبە ئەحمەد، لە قەڵادزێ هێشتا حیزبی بەعس مـاوە، رۆژنامـەی ئاوێنـە، ژمـارە (١٢٦) ی رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٧، ل١٠.



چارەسەر نەکراوە[٢٦٣] یان خانووەکانیان بەشۆفڵ و ( تی-ئێن-تـی) دەڕوخانـد هـەروەکو رۆژی ١٩٨٨\٥\١٢ لە قەڵادزێ چەندان خانووی هاوڵاتیانیان رووخاند کـە تـەنها تاوانیـان ئـەوەبوو ئامادە نەبوون بە قبوول کردنی راگواستن چوونە ناو هێزەکانی پێـشمەرگە کـە خانووەکـان بـەم شێوەیە بوون:

١- سێ خانوو لەگەڵ (١٧) دوکان و یەك (ئاشـی ئـارد) ی حـاجی عـەباس مـەحمود ئاغـای چۆمخرکە.
٢- خانووی حاجی محموود ئاغای هێرۆ.
٣- خانووی ئەحمەد خاس.
٤- خانووی عزیز محموود کوێخا برایم.
٥- خانووی مەمەند مینا ئاغا گربداخ.

٢٦٣- نەجیبە ئەحمەد دەڵێـت: ( جەمال ئەمین بەگ یەکێکە لەو کەسـانەی کـە ٥٠٠م لـە زەویەکـەیان لـە گەڕەکی کارەبای قەڵادزێ لەسەردەمی بەعس حجز خراوەتە سەری بەهۆی ئەوەی کە براکـەی لـەو سـەردەمەدا چۆتە دەرەوەو لەناو ریزەکانی یەکێتی دابووە. جەمال باس لەوە دەکات کە ((براکەم لە ساڵی ١٩٧٦ چووە بـۆ شاخ، لەو کاتەدا من‌و براکانم‌و خوشکەکانم لەگەڵ دایکم راپێچی زیندان کـراین، کـە مـاوەی (٨) مـانگ لـە زینداندا بووین. دواتر چەند جارێکی تر لەسەر ئەوە گیراین بەوەش نەدەوەستان، تاپۆکـەیان مـسادەرە کـردین، ئێمە بەوەمان نەزانی بوو، تائەو کاتەی لە ساڵی ١٩٨٩ دا ڕاگوێزراینە ئوردوگای زۆر ملێیەکان لای هەولێر و سلێمانی، ئەوکات ١٠ هەزار دیناری سویسریان وەك قەرەبوو دەدایە هەر خاوەن تاپۆیـەك، کـاتێ چـووین بـۆ وەرگرتنی تەعویزەکە، فایلەکەیان بۆ خڕی داین‌و وتیان ئێوە کوڕەکەتان موخەریبە تاپۆکەتان لەلایـەن قیـادەی سەرەوە، موسادەرەیەو شمولی تەعویز ناکەن.

* کێشەیەکی تر کە بووە هۆی شەڕی ناوخۆی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار لەسەرپارچـە زەوی حەسـۆ میرخـان فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە لـەدوای بـەیانی ١١ی‌ئـازاری ١٩٧٠ زەوی وەرگرتبـوو و کردبووی بەخانوو بەڵام لەدوای پاشگەز بوونەوەی رژێم لە رێکەوتننامـەی ١١ی ئـازار و دەسـت پێکردنـەوەی شەڕو داگیرکردنەوەی کوردستان، ئەم خانووە داگیریان کردوو دواتر بە بڕیاری (قیادەی پورە) حجز خرا بۆ سەر.

**سێیەم: پشدەر لە کاتی ئەنفالەکاندا :**

لە کاتی ئەنفالەکاندا، سنووری پشدەر بێ بەش نەبووە لە قوربانی دان، لەوانە:

أـ لە کاتی ئەنفالی یەکدا لە رۆژی ٢٣\٢\١٩٨٨ کە یەکەم هێرشی رژێم بوو بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان[٢٦٤]، حکوومەت توانی چەند ناوچەیەکی سنووری مەرگە بگرێت، هێزی پێشمەرگەو خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە کە بەشێکی زۆریان خەڵکی پشدەر بوون، بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی، بریار دەدەن کە ناوچەکە چۆل بکەن کە لەو کاتە رۆژێکی زۆر سارد و بەفر بارین بووە، لە رۆیشتن لە رێگا لە رۆژی ٤\٣\١٩٨٨ دا چیای کورِ کورِ، (١٠) کەس لە پێشمەرگە و ژن و منداڵی کە شەشیان ئەندامی یەك خێزان بوون لە بەفردا خنکان کە هەموویان خەڵکی گوندی باوزێ سەربە دەڤەری پشدەر بوون بەم ناوانە:[٢٦٥]

١- عەبدوڵڵا ئەحمەد وسو لەدایکبووی ١٩٥١.

٢- عەلی ئەحمەد وسو ١٩٥٠.

٣- حەمە عەبدوڵڵا ئەحمەد- ١٩٧٦.

٤- فاتم عەبدوڵڵا ئەحمەد- ١٩٧٧.

٥- مریەم عەبدوڵڵا ئەحمەد- ١٩٨٤.

٦- پیرۆز عەبدوڵا ئەحمەد- ١٩٧٦.

٧- فاتم عەبدوڵڵا سلێمان- ١٩٧٦.

٨- ئەحمەد عەبدوڵڵا سلێمان- ١٩٨١.

٩- ئەحمەد محەمەد ئەحمەد- ١٩٨٠.

١٠- خەج ئەحمەد مەحمود- ١٩١٠.

* پێویستە بگوترێت لەو رۆیشتنەدا بەهۆی بەفر و باران ١١٤ لە ژن و پیاو و منداڵ شەهید بوون[٢٦٦].

٢٦٤- هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەزموون، کۆمەڵە وتارێکە، چاپخانەی منارە هەولێر ٢٠٠٧، ل ٣٥.

٢٦٥- عومەر ئیسماعیل مارف باوزی، گۆڤاری قەڵادزێ، ژمارە(٤) ی هاوینی ٢٠٠٦، ل ٤٥.

٢٦-- هیوا ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.



وەهەروەها هاوڵاتی (زاهیر حاجی شێخە) لە گفتوگۆیەکدا بۆ گۆڤاری زنار[٢٦٧]، دەڵێت لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، دانیشتووی گوندی (خورِ خورِە) بووین، بۆ خۆپاراستن لە دوژمن ناچار بووین رووەو ئێران برۆین بەڵام لەو کاتەدا بەفر و تۆفانێکی زۆر ناوچەی دۆڵی جافایەتی دەگرێتەوە هەر لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەفردا دەمرن بەڵام خێزانەکەی ئەو دەگەنە ئێران، پاش ئەوەی رژێمی بەعس بریاری لێبووردنی گشتی دەردەکات ناچار دەبن بەهۆی خراپی باری ژیانیان خێزانەکەی بگەرێنەوە کە پێك هاتوون لە ( هاوسەرەکەیو دایکیو دوو کورِو کچێکی و خوشکەکەی بەسێ منداڵەوە) لەگەڵ چەندین کەسی دیکە لە خزمو کەسوکاری بەرەو قەڵادزێ دەگەرِێنەوەو، خۆشی لە ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام بەگەیشتنیان لە بازگەی (سونێ) دەگیرێن و کە ژمارەی هەموویان (٧٥) کەس بووە، رەوانەی فیرقەی چوارقورنەیان دەکەنو پاشان لە بنکەی پۆلیسی رانیە دەیان هێڵنەوەو دواتر بۆ سەربازگەی تانجەرۆ لە سلێمانیو دواجاریش بۆ سەربازگەی تۆبزاوە و لەوێ لەگەڵ ئەنفالکراوەکانی گەرمیان تێکەڵاو دەکرێنو شوێن بزر دەکرێن.

ب- ئەم خێزانانەش لە سنوری کێلێ گیران کە چەند رۆژێك پاش لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨ گەرِابوونەوە و کەتاکو ئێستا شوێن بزرکراوون:

١- خدر مەحمود بابەکر/ تەمەن- ١٩٤٤- رۆژی بزرکردنیان ١٩٨٨/٩/١٥

٢- حەبیبە محەمەد بابەکر تەمەن- ١٩٤١- خێزانی خدر مەحمود ١٩٨٨/٩/١٥.

٣- ئامانج خدر مەحمود / تەمەن- ١٩٨٦- منداڵ- رۆژی بزرکردنیان ١٩٨٨/٩/١٥.

٤- عەبدولرەحمان محەمەد محەمەدئەمین/ تەمەن- ١٩١٨ - لەساڵی ١٩٨٨ شوێن بزرکراوە.

٥- عایشە حەسەن/ تەمەن -١٩١٥- خێزانی عبدالرحمن.

٦- عەبدوڵڵا محەمەد محەمەدئەمین/تەمەن-١٩٠٠- لە ١٩٨٨/١٠/٥ لە سنوری کێلێ وونکراوە.

٧- ئایش مینە حوسێن/ تەمەن- ١٩٢٠- خێزانی عەبدوڵڵا محەمەد محەمەدئەمین لە ١٩٨٨/١٠/٥ لە سنوری کێلێ وونکراوە.

٨- محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد محەمەدئەمین/ منداڵی عەبدوڵڵا محەمەد محەمەدئەمین لە ١٩٨٨/١٠/٥ لە سنوری کێلێ وونکراوە

٢٦٧- زنار، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت، رِیپۆرتاژێکە لەلایەن کامەران عەبدە ساڵح ئەنجام دراوە لە ژمارە (١٤)، ل ٣٨.

٩- ساڵح خدر مەحمود /تەمەن- ١٩٢٠- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.[٢٦٨]

١٠- ئامین عەلی محەمەد/ تەمەن- ١٩٣٧- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١١- حوسێن ساڵح خدر/ تەمەن-١٩٦٨- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٢- بەسێ عەلی عەبدوڵڵا/ تەمەن-١٩٧٠- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٣- نەبەز حوسێن ساڵح/ تەمەن-١٩٨٥- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٤- نوسەر حوسێن ساڵح/ تەمەن-١٩٨٧- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٥- چنار ئەحمەد ساڵح/ تەمەن-١٩٨٥- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٦- کاوە حەسەن ساڵح/ تەمەن- ١٩٨٥- لە ١٩٨٨/١٠/٢٥ شوێن بزرکراوە.

١٧- مەحمود ساڵح مەحمود یەك رۆژ دوای عافوات گەڕاوەتەوە شوێن بزرکراوە.

**چوارەم: کێڵگە مین ڕێژەکانی سنوری پشدەر:**

تاوانێکی تری رژێم کە تاکو ئێستا دانیشتوانی ناوچەکە بەگشتیو بەتایبەتی گوندنشینەکان لەبەردەمیان کێشەیە کە بوونی ژمارەیەکی زۆری لوغم، کە لەسەردەمە جیاجیاکانی رژێم سەرجەم شوێنو دەوروپشتی پێگەو رەبایە سەربازیەکانی مین ڕێژ دەکرد، کە بەو هۆیەوە چەندان لە گوندنشینەکانی سنورەکە بوون قوربانیو وەهەروەها تاکو ئێستاش پاشماوەکان هەرماوون چونکە رژێم کۆمەڵێك کێڵگەی مینی لە سنورەکەدا دروست کردووە، بە گوێرەی ڕێکخراوی ( N-P-A)، کێڵگەکانی مین لە سنوورەکە بەم شێوەیە دیاری کردووە:

١- لەسنوری ناحیەی هێرۆ- ١١٩ کێڵگە هەیە.

٢- لەسنوری ناحیەی ناودەشت- ٨٥ کێڵگە هەیە.

٣- لە سنوری ناحیەی ناوەندی قەزا- ٤٣ کێڵگە هەیە.

* قوربانیانی مین لە سنورەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە شەهید و بریندار هەیە کە ئەم خشتەیەی خوارەوە ناوی بەشێك لە قوربانیانی مینە لە سنورەکە.

٢٦٨- لە ژمارە (٩ تا١٦) ئەندامی یەك خێزانن، خەڵکی گوندی ( قندۆڵ)ن، زانیاریەکان لە خانەوادەکەیان وەرگیراوە لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/١٣ بەهۆی عومر ئەشکەنەیی.



**خشتەی ژمارە (١٣)**

**بەشێك لە قوربانیانی مین لە سنوری پشدەر**

**یەکەم: شەهیدەکانی سنوری ناحیەی هێرۆ**

| ژمارە | ناوی شەهیدەکان | ژمارە | ناوی شەهیدەکان |
|---|---|---|---|
| ١. | حەسەن ئەحمەد ویس | ٢. | ئەمینە عەبدوڵڵا ئەحمەد |
| ٣. | محەمەد رەسوڵ عومەر | ٤. | ساڵح خدر قادر |
| ٥. | کەمال وسو محەمەد | ٦. | ئەحمەد حەمە خدر |
| ٧. | عەبدوڵڵا حوسین ئەحمەد | ٨. | خدر محەمەد عەبدوڵڵا |
| ٩. | هومەر خدر ئیسماعیل | ١٠. | محەمەد ئیسماعیل ئاورحمان |
| ١١. | محەمەد هۆمەر خدر | ١٢. | ئیبراهیم حەسەن عوسمان |
| ١٣. | مەجید رەسوڵ ئیبراهیم | ١٤. | مستەفا ئیسماعیل فرخە |
| ١٥. | محەمەد ئیبراهیم ئیسماعیل | ١٦. | عەلی حەمە گوڵە |
| ١٧. | رەسوڵ ئیبراهیم ئیسماعیل | ١٨. | دلێر هۆمەر هۆمەر |
| ١٩. | شێرۆ ئیبراهیم شەخسە | ٢٠. | ئومێد هۆمەر هۆمەر |
| ٢١. | سەردار رەسوڵ عومەر | ٢٢. | حسین ئیسماعیل عەبدوڵڵا |
| ٢٣. | سالار رەسوڵ عومەر | ٢٤. | عومەر رەسوڵ قادر |
| ٢٥. | عایشە محەمەد عەبدوڵڵا | ٢٦. | خالد بابەکر قادر |
| ٢٧. | حەمە عەبدوڵڵا محەمەد | ٢٨. | ساڵح عومەر بابەکر |
| ٢٩. | ئیبراهیم عەبدوڵڵا محەمەد | ٣٠. | عەبدوڵڵا حوسین بابەکر |
| ٣١. | ئیبراهیم عەبدوڵڵا وەیسی | ٣٢. | عومەر خدر ئەحمەد |
| ٣٣. | حەنیفە ئیسماعیل عەلی | ٣٤. | حوسێن قادر حوسێن |
| ٣٥. | عەبدوڵڵا محەمەد عەبدوڵڵا | ٣٦. | ئیبراهیم عەلی حەمە |
| ٣٧. | عەلی ئیبراهیم ئیسماعیل | ٣٨. | محەمەد عومەر خدر |
| ٣٩. | مستەفا حەسەن حوسێن | ٤٠. | عەبدوڵڵا حەمە پەستە |
| ٤١. | حسین حەسەن حوسین | ٤٢. | خالید محەمەد رەسوڵ |
| ٤٣. | حوسێن حەنە کوێخا | ٤٤. | خالید ئەحمەد فرخە |
| ٤٥. | یوسف ئەحمەد محەمەد | ٤٦. | خالید حوسین حەسەن |
| ٤٧. | محەمەد حەسەن محەمەد | ٤٨. | حەیدەر ئەحمەد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩. | محەمەد حەسەن محەمەد | ٥٠. | محەمەد رەسوڵ حسین |
| ٥١. | عومەر حەسەن بیلال | ٥٢. | برایم حەمە پەستە |
| ٥٣. | ئارام ئەحمەد محەمەد خەسرۆ | ٥٤. | عومەر خدر پرچ |
| ٥٥. | رزگار محەمەد حسین | ٥٦. | خالید بابەکر خدر |
| ٥٧. | عەلی حەسەن بیلال | ٥٨. | محەمەد مەزناوەیی |
| ٥٩. | حەمە حسین ئەحمەد | ٦٠. | محەمەد حسین بیلال |
| ٦١. | محەمەد مستەفا محەمەد | ٦٢. | هەمین هەمزە حوسین |
| ٦٣. | خدر ئەحمەد هەمزە | ٦٤. | عەبدوللا عەبدولرەحمان حوسین |
| ٦٥. | قارەمان محەمەد عەبدوڵڵا | ٦٦. | برایم عەبدوڵڵا زەرد |
| ٦٧. | مستەفا ئەحمەد عومەر | ٦٨. | محەمەد ئەحمەد |
| ٦٩. | هەمزە ئیبراهیم هەمزە | ٧٠. | وسو ئەحمەد محەمەد |
| ٧١. | شۆڕش رەسوڵ ئیبراهیم | ٧٢. | ئیسماعیل عەبدولرەحمان |
| ٧٣. | عەلی ئەحمەد عەلی | ٧٤. | محەمەد کوێخا حوسێن |
| ٧٥. | مستەفا ئیسماعیل همزە | ٧٦. | عومەر ئیبراهیم ئیبراهیم |
| ٧٧. | عەلی محەمەد بابەکر | ٧٨. | عەبدوڵڵا فەقێ محەمەد |
| ٧٩. | محەمەد رەسوڵ باوەمەڕ | ٨٠. | خالید عەولارەش |
| ٨١. | رەسوی پیرۆتی ئامانێ | ٨٢. | ئەحمەد حەمە ئەحمەد |
| ٨٣. | تەها ئاغا | ٨٤. | ئیسماعیل بابەکر |
| ٨٥. | شێرزاد باوەمەڕ (منداڵ) | ٨٦. | عومەر عەبدوڵڵا مارف |
| ٨٧. | قادر ئیسماعیل کارەسو | ٨٨. | خدر حەسەن بایم |
| ٨٩. | عەبدوڵڵا عومەر عەبدوڵڵا | ٩٠. | برایم عەلی ئەحمەد |
| ٩١. | هێرش ئیسماعیل (منداڵ) | ٩٢. | جەمال یاوەر عەولا |
| ٩٣. | حوسێن ئەبوبەکر عەلی | ٩٤. | برایم حاجی رەسوڵ مستەفا |
| ٩٥. | ئەستێ ئەمینە وسو | ٩٦. | ئومێد ئیسماعیل مینە |
| ٩٧. | سەلیم حاجی قادر | ٩٨. | غەریب باوەمەڕ خدر |
| ٩٩. | عوسمان مینە ئیسماعیل | ١٠٠. | عەبدولرەحمان سەید حەسەن |
| ١٠١. | ئەحمەد سعی رەسوڵ مستەفا | ١٠٢. | حەمە رەسوڵ حەمە |
| ١٠٣. | سمایل حەسەن پیرۆت | | |



**دووەم: شەهیدەکانی هەڵشۆو گوندەکانی سنورەکە**

| ژمارە | ناوی شەهیدەکان | ژمارە | ناوی شەهیدەکان |
|---|---|---|---|
| ١٠٤. | خدر فەرخە خدر | ١٠٥. | عەبدوڵڵا شەفەقە عەبدوڵڵا |
| ١٠٦. | ئیسماعیل مەحمود فەقێ | ١٠٧. | قەندیل عەبدوڵڵا حەسەن |
| ١٠٨. | شفقە خدر ئەحمەد | ١٠٩. | مەحمود رەسوڵ مەحمود |
| ١١٠. | خدر دەروێش | ١١١. | بەیان ئیسماعیل فەقێ |
| ١١٢. | مەحمود حەمە عەبدوڵڵا | ١١٣. | جەنەت حەسەن ئیبراهیم |
| ١١٤. | جەوهر ئیبراهیم عەبدوڵڵا | ١١٥. | حەبیبە ئیسماعیل فەقێ |
| ١١٦. | مرۆت وسو ئەحمەد | ١١٧. | ئیبراهیم بارۆخ |
| ١١٨. | ئەحمەد مەلا فزۆ | ١١٩. | عەبدوڵڵا خدر هەمزە |
| ١٢٠. | رەسوڵ خدر عەبدوڵڵا | ١٢١. | ئیسماعیل رەسوڵ خدر |
| ١٢٢. | حاجی فرخە دۆشاو | ١٢٣. | عەلی حەمەد حاجی |
| ١٢٤. | نەجمەدین ئیبراهیم حەیران | ١٢٥. | عەلی حەسەن ئەحمەد |
| ١٢٦. | مستەفا شێخە شەفەقە | ١٢٧. | ئەمیر حەمە وسو |
| ١٢٨. | حەمە تاڵ همزە | ١٢٩. | برایم بارۆخ |
| ١٣٠. | شەریف رەسوڵ شەریف | ١٣١. | عەلی حەسەن حەمە |
| ١٣٢. | رەسوڵ ئیسماعیل شەریف | ١٣٣. | فەرهاد ئیبراهیم عەبدوڵڵا |
| ١٣٤. | حەمە شەریف عەبدوڵڵا | ١٣٥. | عومەر رەسوڵ عەبدوڵڵا |
| ١٣٦. | ئیبراهیم شەفەقە ئیبراهیم | ١٣٧. | عەلی محەمەد حاجی |
| ١٣٨. | حەمە ئیبراهیم حەیران | ١٣٩. | حەسەن ئاڵڵا |
| ١٤٠. | حوسنی کلسی | ١٤١. | محەمەد برایم حەیران |
| ١٤٢. | ئیسماعیل بیلال | ١٤٣. | رەسوڵ خدر عەبدوڵڵا |
| ١٤٤. | عەبدوڵڵا عەلی خدر | ١٤٥. | عەبدوڵڵا خدر هەمزە |
| ١٤٦. | رەسوڵ عەبدوڵڵا رەسوڵ | ١٤٧. | عوسمان عەبدوڵڵا حەمە |
| ١٤٨. | پشتیوان ئەحمەد ئیبراهیم | ١٤٩. | هێمن رەسوڵ |
| ١٥٠. | ئیبراهیم حەسەن محەمەد | ١٥١. | خدر عەبدوڵڵا |
| ١٥٢. | ئیبراهیم حەسەن محەمەد | ١٥٣. | ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم |
| ١٥٤. | ئومێد عەبدولرەحمان ئەحمەد | ١٥٥. | حەمە فەرخە دۆشاو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥٦. | خدر عەبدولڕەحمان ئەحمەد | ١٥٧. | ئەحمەد مەلا وسو |
| ١٥٨. | حەمە ڕەش لاڵێ | ١٥٩. | عومەر ڕەسوڵ عەبدوڵلا |
| ١٦٠. | عەبدوڵلا ئەحمەد ئیبراهیم | ١٦١. | خدر حەسەن عەبدوڵلا |
| ١٦٢. | عومەر وسو حەمە | ١٦٣. | عەبدوڵلا حەمە تاڵ |
| ١٦٤. | ئیسماعیل ڕەسوڵ حەسەن | ١٦٥. | خدر عەبدوڵلا شەریف |
| ١٦٦. | ئەحمەد سلیمان ئیسماعیل | ١٦٧. | خدر جونت شەریف |
| ١٦٨. | زێڕن حاجی عەبدوڵلا | ١٦٩. | محەمەد ڕەسوڵ خدر |
| ١٧٠. | مەحمود سلێمان حاجی سمایل | ١٧١. | برایم عەبدوڵلا حەمە |
| ١٧٢. | ماهی فەرخە مامە | ١٧٣. | حاجی ئەحمەد سوارە |
| ١٧٤. | عەلی ڕەسوڵ شریف | ١٧٥. | سلێمان مەحمود ڕەسوڵ |
| ١٧٦. | ئەحمەد ئیسماعیل بیلال | ١٧٧. | خدر دەروێش مەحمود |
| ١٧٨. | حەمە شەریف ئیبراهیم | | |

## سێیەم: شەهیدەکانی سنوری ناحیەی ناودەشت (( سەنگەسەر))

| ژمارە | ناوی شەهیدەکان | ژمارە | ناوی شەهیدەکان |
|---|---|---|---|
| ١٧٩. | حاجی مەولود ئادەم | ١٨٠. | محەمەد وسو ڕەسو |
| ١٨١. | خدر ئیبراهیم شێخە | ١٨٢. | محەمەد نەبی عەبدوڵلا |
| ١٨٣. | عومەر حاجی فەقێ | ١٨٤. | مقداد مەلا عەبدوڵلا |
| ١٨٥. | نەبی عەلی وسو | ١٨٦. | کاکە وسو ڕەسو |
| ١٨٧. | عەلی نەبی ئیبراهیم | ١٨٨. | سۆران ئەحمەد مام ڕەسوڵ |
| ١٨٩. | عەلی ئیبراهیم ئاڵلا | ١٩٠. | ئاڵی ڕەسوڵ ئاڵی |
| ١٩١. | عەبدوڵلا ئیبراهیم وسو | ١٩٢. | ئاراس ڕەسوڵ محەمەد |
| ١٩٣. | محەمەد خدر ئەحمەد | ١٩٤. | بەختیار عەلی حەمە |
| ١٩٥. | نەبی عەلی نەبی | ١٩٦. | محەمەد ڕەسوڵ ڕەحمان |
| ١٩٧. | کەمال وسو | ١٩٨. | ڕەسوڵ نەبی عەبدوڵلا |
| ١٩٩. | جەمال وسو | ٢٠٠. | حاجی شێخە خدرەدین |
| ٢٠١. | پیرۆت حاجی وەتمان حەرا | ٢٠٢. | ڕەسو وسو ڕەسو |
| ٢٠٣. | خدر حاجی وەسمان مەرا | ٢٠٤. | ئەحمەد عەبدوڵلا حەمە |
| ٢٠٥. | ئەحمەد ڕەسو قادر | ٢٠٦. | عوسمان برایم وسو |



## چوارەم: شەهیدەکانی سنوری گوندەکانی (( شێنێ- زبۆکە- سونێ))

| ژمارە | ناوی شەهیدەکان | ساڵی شەهید بوون | ژمارە | ناوی شەهیدەکان | ساڵی شەهید بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٧. | حسین ڕەسوڵ ئیبراهیم | لەساڵی ١٩٨٨ | ٢٠٨. | حەسەن ڕەسوڵ حەسەن | لەساڵی ١٩٩٤ |
| ٢٠٩. | ئیبراهیم عەبدوڵلا حاجی سورە | لەساڵی ١٩٨٣ | ٢١٠. | محەمەد حەمە ڕەسوڵ | لەساڵی ١٩٩٤ |
| ٢١١. | عەلی خدر قوربانی | لەساڵی ١٩٩١ | ٢١٢. | ئیبراهیم عەبدوڵلا مەحمود | لەساڵی ١٩٩٨ |
| ٢١٣. | مینە بابەکر قوربانی | لەساڵی ١٩٨٢ | ٢١٤. | حەسەن وەتمان حەمەد | لەساڵی ١٩٩٤ |
| ٢١٥. | هێرش عەبدوڵلا ڕۆستەم | لەساڵی ١٩٩٤ | ٢١٦. | ئیبراهیم وەتمان حەمەد | لەساڵی ١٩٩٥ |
| ٢١٧. | خدر عەولا حەمەد ڕەسوڵ شەخسە | لەساڵی ٢٠٠٠ | ٢١٨. | حاجی شەخسە ڕۆستەم | لەساڵی ١٩٩٤ |
| ٢١٩. | ڕەسوڵ ئیسماعیل حەمەد | لەساڵی ١٩٩١ | ٢٢٠. | سمایل ڕەسوڵ ستە | لەساڵی ١٩٩١ |
| ٢٢١. | ڕەحمان عومەر مولود | لەساڵی ١٩٩٣ | ٢٢٢. | خانزاد حوسێن ئەحمەد | لەساڵی ١٩٧٩ |
| ٢٢٣. | ئیبراهیم شەریف خدر | لەساڵی ١٩٩٤ | ٢٢٤. | فات ڕۆستەم عەباس | لەساڵی ١٩٨٨ |
| ٢٢٥. | ڕەحمان حەسەن حەمەد | لەساڵی ١٩٨٧ | ٢٢٦. | مەولود عەبدوڵلا ئیبراهیم | لەساڵی ١٩٩٧ |
| ٢٢٧. | مینە شەریف حوسێن | لەساڵی ١٩٨٧ | ٢٢٨. | ڕەسوڵ حەمە کوندە | لەساڵی ١٩٩٣ |
| ٢٢٩. | شەریف حوسێن | لەساڵی ١٩٩٢ | ٢٣٠. | ئەحمەد حەمەد ڕۆستەم | لەساڵی ١٩٨٦ |
| ٢٣١. | حاجی حەسەن وەتمان | لەساڵی ١٩٨٧ | ٢٣٢. | محەمەد ئەحمەد ڕەسوڵ | لەساڵی ١٩٨٦ |
| ٢٣٣. | عومەر خدر ڕەسوڵ | لەساڵی ١٩٨٦ | ٢٣٤. | ڕەحمان ڕەسوڵ تسر | لەساڵی ١٩٨٦ |
| ٢٣٥. | وەتمان خدر ڕەسوڵ | لەساڵی ١٩٩٢ | ٢٣٦. | حەسەن خدر عوسمان | لەساڵی ١٩٨٦ |
| ٢٣٧. | ڕەسوڵ وەتمان حوسێن | لەساڵی ١٩٩٢ | ٢٣٨. | ئیبراهیم حوسێنەڵلا | لەساڵی ١٩٨٧ |
| ٢٣٩. | ڕەسوڵ عەبدوڵلا خدر | لەساڵی ١٩٩٢ | ٢٤٠. | حەمەد ڕەسوڵ ئیبراهیم | لەساڵی ١٩٨٧ |
| ٢٤١. | مەحمود حەمەد ڕەسوڵ | لەساڵی ١٩٩٢ | ٢٤٢. | ڕەسوڵ ئیسماعیل عەلی | لەساڵی ١٩٩٢ |
| ٢٤٣. | عەبدولڕحمان عەبدوڵلا | لەساڵی ١٩٩٥ | ٢٤٤. | حەسەن وەتمان حەمە | لەساڵی ١٩٩٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | فەرخە | | | مەحمود سونیٚ | |
| ٢٤٥. | کاوە رەسولٚ ئەحمەد | لەسالٚی ١٩٩٤ | ٢٤٦. | عەبدوڵلا حاجی مەحمود رەسولٚ | لەسالٚی ١٩٩٥ |
| ٢٤٧. | محەمەد خدر حەمەد | لەسالٚی ١٩٩٤ | ٢٤٨. | حەمەد محەمەد رەسولٚ | لەسالٚی ١٩٩٢ |
| ٢٤٩. | ئەحمەد حوسێن حەمەد | لەسالٚی ١٩٩٤ | ٢٥٠. | عەبدوڵلا مینە خدر | لەسالٚی ٢٠٠٠ |
| ٢٥١. | ئەحمەد رەسولٚ ئەحمەد | لەسالٚی ١٩٩٣ | ٢٥٢. | | |

**تێبینی:**

١- لیستی قوربانیانی ناوی شەهیدەکان سوود لە ( ژمارەکانی شمشارە و زیارەتی مەیدان بۆ سنورەکە کۆمەڵێك لە کەسایەتیەکانی سنورەکە کە هەولٚیان داوە ناوی شەهیدەکانی گوندەکانیان بۆ کۆکردوومەتەوە.

٢- قوربانیانی مین لەم ژمارەیە زیاترە زۆر هەولٚماندا بەلاٚم تەنها ئەو ژمارەیە (٢٥١) ناوەمان دەست کەوت.



## ٣- قۆناغەکانی راگواستن لە سنووری پشدەر:

### أ- قۆناغی یەکەمی راگواستن لە ١٩٩٧:

رژێمی عێراق، لە دوای رێککەوتننامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، سیاسەتی بە سوتماك کردنی خاکی کوردستانی پەیڕەو کرد و هەولٚی دا بۆ کۆتایی هێنانی شۆرشی بزوتنەوەی کوردایەتی و دروست نەبوونەوەی لە سەرەتاوە ویستی خاك و دانیشتوانەکەی لە یەکتری جیا بکاتەوە قۆناغ لەدوای قۆناغ سنوورەکان چۆل بکات، بۆ ئەوەی باشتر کوردەکان کۆنترۆلٚ بکات و و ئەگەر پێویستیشی کرد بۆ دژایەتی بزاڤی کوردایەتی بەکاریان بهێنێت و لە لایەکی تر هەر کاتێکیش ویستی ئەوە لە ناوبردنیان ئاسانتر دەبێت بە تایبەتی کە کۆکرانەوە لەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستیەتی. لە سەرەتادا هەولٚێ دا بە چۆل کردنی گوندە سنووریەکان بەو پێ یەی کە لەگەلٚ رژێمی ئێران (شاه) رێکەوتبوون بۆ چۆل کردن و راگواستنی ناوچە سنووریەکان کە لە سەرەتاوە ١٠ کیلۆمەتر بوو دواتر زیاتر بوو لە هەندێك شوێن ٤٠ کیلۆمەتر زیاتریش بوو.[٢٦٩] هەرچەندە لە لایەن ئێرانەوە ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا بەلاٚم لە لایەن عێراقەوە بەتایبەتی سەددام حوسێن، لە کۆبوونەوەیەك لە رۆژی ٢١ی ئابی ١٩٧٦ دا[٢٧٠]،لە کۆشکی ((**مجلس الوطنی**)) کۆبوونەوەیەکی لەگەلٚ سەرجەم ئەندامانی لیژنەی بالاٚی حزبی بەعس کردووە و ستراتیژی خۆی بەرامبەر بە کورد رۆنکردۆتەوە و بە راشکاوی و بێ پێچوو پەنا مەسەلەی راگواستنی ناوچەکانی سنووری بە قولاٚیی ٢٠ کیلۆمەتر و بلاٚوکردنەوەی سوپای لە کوردستاندا باس کردووە و بەرنامە رێژیان بۆ کردووە، وە لە ناوەراستی سالٚی ١٩٧٧ دا، دەست کراوە بە راگواستن بەم شێوەیە:

١- لە رۆژی ١٩٧٧\٧\٧[٢٧١] سوپای رژێم گەمارۆی گوندەکانی (لێوژە و خۆیبیان) دەدات و ئاگاداریان دەکەن کە دەست بەجێ کەل و پەلی مالەکانیان باربکەن و بۆ سەر رێگای

---

٢٦٠- د. (خةلیل محمد اسماعیل)، مؤشرات سیاسة التعریب و التهجیر فی اقلیم کردستان العراق، الطبعة الثالثة اربیل ٢٠٠٠، ص ٢٥.

٢٧٠- نوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٧٩.

٢٧١- یەکەم گوندنشین لە سنووری کوردستان کەبەر شالاٚوی ڕگواستن کەوتوون لە سنووری پشدەر بووە هەروەها یەك ئۆردووگاش هەر لە سنووری پشدەر دورستکراوە.

قەسرێ- سەنگەسەر نزیك گوندی (ئێندزێ) بەناوی ئۆردووگای(چوكە) كە شەش كیلۆمەتر لە گوندەكانیانەوە دوور بوو نیشتەجێی كردن و لە هەمان كاتدا بە بەرچاوی دانیشتوانی گوندەكان خانووەكانیان دەسووتێندرێت، ژمارەی ماڵەكان٣٩ خێزان بوون كە سەرجەمی نەفەرەكان ٢٢٧ كەس بوون، وەك لە خشتەی ژمارە (١٤) دیاریكراوە.

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**تایبەت بە راگواستنی دووگوند**

| ژ ماره | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ١ | لێوژە | ٣٥ | ١٩١ |
| ٢ | خۆیبیان | ٤ | ٣٦ |

٢- ئەم (٩) گوندە لە ١٩٧٧\٧\٧ كە هەڵكەوتنی شوێنەكانیان سەخت بوو لە سەرەتادا گواسترانەوە بۆ سەر رێگای قەسرێ – سەنگەسەر نزیك گوندی كۆمتان، كە پێنج كیلۆمەتر لە گوندەكانیان دوور بوون بە ناوی ئۆردوگای كۆمتان نیشتەجێ كران كە ژمارەی ماڵەكان (١٩٠ ماڵ بون لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەكانیان ١٤٠٣ نەفەر بوون)

**وەك لە خشتەی ژمارە (١٥) دا هاتووە**

**راگواستنی (٩) گوند**

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٣ | بیانە | ١٢ | ١٤١ |
| ٤ | كۆپنگە | ٥ | ٣٠ |
| ٥ | رەژی كەرەیان | ٤٥ | ١٥٠ |
| ٦ | ئەستێرۆكان | ١٤ | ١٢١ |
| ٧ | بۆلێ | ٤٥ | ٣١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | سلێ | ٣٧ | ٢٨٣ |
| ٩ | بایەوان | ١٢ | ١٥٤ |
| ١٠ | دۆێلێ | ٨ | ٦٠ |
| ١١ | شیوە | ١٢ | ١٥٤ |

٣- ئەم (١٣) گوندە لە رۆژی ١٢\٧\١٩٧٧، رژێم بەهۆی هەلیكۆپتەر لە بناری قەندیل دادەبەزێت بەهۆی سەختی شوێنەكە دواتر بە پیادە دەچنە ناو گوندەكان سەرەتا دەچنە گوندی قرناقە و پشت ئاشان و خەڵكی گوندەكان كۆ دەكەنەوە و دواتر ئەو ماڵانەی كە یەكێكیان پێشمەرگەیە ناونووسیان دەكەن و خێزانەكانیان دەستگیر دەكرێن و لەبەر چاویان ماڵەكان و كەڵ و پەلیان دەسووتێنن ئەمجا ئەمانە رەوانەی سجنی سلێمانی و دواتر بۆ سجنی سەماوە، رەوانە دەكرێن، ئەوانەی كە كەس وكاریان پێشمەرگە نەبووە ئاگاداریان دەكەن تاكوو بەیانی خۆیان ئامادە بكەن بۆ گواستنەوەیان كە سەرجەمی گوندەكان (٥٢٧) ماڵ بوون و كۆی دانیشتوانەكانیان ٢٤٤٨ كەس بوون.

**خشتەی ژمارە (١٦) هاتووە**

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ١٢ | قرناقەو | ٦٠ | ٣٧٣ |
| ١٣ | پشت ئاشانی سەروو | ٨٥ | ٢٣٣ |
| ١٤ | پشت ئاشانی خواروو | ٦٠ | ٢٤٤ |
| ١٥ | سەرگەی نێڵ | ١٠٠ | ٣١٢ |
| ١٦ | كاسكان | ٣٩ | ٢٥٥ |
| ١٧ | سینەمۆكە | ٣٨ | ٢٤٦ |
| ١٨ | شارۆشان | ١٠ | ١٠٤ |
| ١٩ | ئاشقوڵكە | ٣٠ | ١٦٩ |
| ٢٠ | سورەدێ | ٥٧ | ٢٥٠ |
| ٢١ | پردمەمكە | ١٠ | ٧٧ |
| ٢٢ | برەدێ | ١٢ | ٧٣ |
| ٢٣ | بردكوران | ٦ | ٣٢ |
| ٢٤ | بێرەش | ٢٠ | ٨٠ |

* پیرۆت بایز عەبدوڵڵا کە رۆژی ٢٧\٥\٢٠٠ دەڵێت، لەبەر ئەوەی من پێشمەرگەی پارتی بووم خێزان و دایك و دوو خوشکی بردویانن بۆ سجنی سەماوە بۆ ماوەی (١٤) مانگ، وەهەروەها، حەمەد حاجی نەبی کە پێشمەرگە بووە، خێزان و دوو بوکی و کچێکی شیرەخۆرە لە گەڵ کورێکی سجن کراون، منداڵەکە لە سجن بەهۆی نالەباری شوێنەکە مردووە. هەروەها حەمەد حاجی نەبی ئەو رۆژە (٧٠٠) سەر حەیوانیان بە تالآن بردووە.

٤- ئەم دوو گوندە ( زارگەلی و بۆکرسکان) لە رۆژی ٧\٧\١٩٧٧ بۆ سنووری پارێزگای هەولێر، راگواستراون و لە ئۆردووگای پیرزین نزیك هەولێر نیشتەجێ کراون، کە ژمارەی خێزانەکانیان ٥٨ ماڵ بوون و ژمارەی دانیشتوانەکانیان (١٧٩) کەس بووە. بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە (١٧)**

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | زارگەلی | ٤٥ | ١٦٢ |
| ٢٦ | بۆکرسکان | ١٣ | ٣٥ |

*قۆناغی یەکەمی رگواستن بریتی بوون لە (٨١٤) ماڵ و سەرجەمی دانیشتووەکانیان (٤٢٧٥) کەس بوون.

* سەرچاوەی،

١- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ١٣\٣\٢٠٠٧ بۆ رانیە و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرێزان حاجی غەفور باویانی و جەلال جەوهەر غەفور لەسەر رۆژو مانگی ڕاگواستن و چۆنیەتی ڕاگواستن.

٢- خشتەکان سوود لە:

عەبدوڵڵا غەفور، گوندەکانی باشووری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ١٩٥٧ بەرگی دووەم- ئاراس، ١٨٣



## ب- قۆناغی دووەمی راگواستن ١٩٧٨-١٩٧٩:

رژێمی بەعس لەم قۆناغە دا، راگواستنی چڕترکردەوە و هەوڵی دا گوندە سنووریەکان بە فراوانی سنوور لەگەڵ ئێراندا رابگوازێت و دروست کردنی پشتێنەی ئەمنی بە قوولآیی (١٠ تاکو ٢٠) کیلۆمەتر، نیازی خۆی لە برووسکەیەکی نهێنی دا کە لەرۆژی ١٢\١\١٩٧٨ دا، کە لەلایەن لیژنەی باڵای کاروباری باکوور، ئاراستەی وەزارەتەکانی (بەرگری و ناوخۆ) کراوە دەردەکەوێت و کومەڵێك رێنمایی کە لە(١٨ برگە) پێك هاتووە بۆ مەبەستی جێ بەجێ کردن و راگواستنی گوندەکانی سەر سنوور و دروست کردنی( گوندی هاوچەرخ) کە کوردەکان بە(ئۆردووگای زۆرەملێ) ی ناودەبەن، کە ئەمەی خوارەوە دەقی برووسکەکەیە:

بروسکەی (نهێنی و خێرا)

١٢\١\١٩٧٨

( لە لیژنەی باڵای کاروباری باکور، بۆ وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ، بۆ زانیاری، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش- نوسینگەی راسگری نهێنی (ناوچەیی)، سەرۆکایەتی دیوانی کۆماری\ وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی\ وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان\ وەزارەتی کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی\ وەزارەتی نیشتەجێ کردن و ئاوەدانکردنەوە\ وەزارەتی تەندورستی\ وەزارەتی گواستنەوە\ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی راپەراندن\ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی یاسادانان.

ژمارەی دامەزراندن (١٩\١)

بریار درا لەسەر:

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی ناوەندی بە ناوی راپەراندنی دروست کردنی دێهاتە هاوچەرخەکان لە ناوچەی حوکمی زاتی بە سەرۆکایەتی فەرماندەی فەیلەقی یەك و ئەندامیەتی هەر یەك لە پارێزگارانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و فەرماندەکانی فەیلەقەکانی (٢ و ٤ و ٧ و ٨ و ١٢ ) و هێزەکانی (زی قار) و ئەمینەکانی (سر شعب)ی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

٢- ئەم لیژنەیە راستەوخۆ بەرپرسیار دەبێت لە کاری راپەراندنی دروست کردنی دێهاتە هاوچەرخەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بەم شێوەیە:

- پارێزگای سلێمانی ١٩٠٢٢ خانوو
- پارێزگای هەولێر ٣٥٢٩ خانوو
- پارێزگای دهۆك ١٥٠٠ خانوو

کە بەم شێوەیە کۆمەڵگای نیشتەجێبوون دابەش دەکرێت بۆ نیشتەجێکردنی خانەوادەکانی قۆناغی یەکەمی تایبەت بەو دێهاتانەی دەکەوێتە هێڵی سنووری کە بڕیارە بە قوڵایی (١٠-٢٠) کیلومەتر دابمەزرێت لە ماوەیەکدا کە نابێت لە ١٩٧٦/٦/١ لابدات.

٣- کۆبوونەوەی لیژنەی ناوبراو لە خاکی ١ دا ئاماژەی پێکراوە مانگانە دەبێ و راپۆرتێك پێشکەش بە لیژنەی باڵای کاروباری باکوور دەکا کە تێیدا قۆناغەکانی راپەرین و ئەو ئاستەنگانە دیاری دەکات کە دەکەوێتە ڕێگەی جگە لەپێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان.

٤- لیژنەکە بە سەردانی مەیدانی هەڵدەستێت بۆ شوێنگەکانی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون، لیژنەی ناوبراو دەسەڵاتی لیژنەی باڵای کاروباری باکووری پێدەبەخشرێت سەبارەت بە پەلەکردن لە راپەراندنی کاری بنیاتنانی کۆمەڵگاکان.

٥- سێ لیژنەی لاوەکی پێکدێت لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە سەرۆکایەتی پارێزگاری شارەکەو ئەندامیەتی فیرقەکانی سوپا لە پارێزگاکەدا لەگەڵ ئەمینی هەڵگری نهێنییەکانی شوعبەی حزب لە پارێزگاکەدا لە لیژنەی راپەراندنی ناوەندی ناوبراویشەوە لە (١) دەبەسترێتەوە و راستەوخۆش بەرپرسیار دەبێت لە ئەرکی راپەراندنی ئەو کۆمەڵگایانەی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی سنووری پارێزگاکەدایە بە پێی ماوەی دیاریکراو ژمارەی ئەو کۆمەڵگایانەی بڕیار وایە لە پارێزگاکەدا دابمەزرێت.

٦- ئەم سێ لیژنەی سەرەوە دەسەڵاتی لیژنەی باڵای کاروباری باکووریان پێدەدرێت کە پەیوەندی هەیە بە پەلەکردن لە راپەراندنی کاروباری کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی سنووری ئیداری خۆیدا.

٧- لیژنەی راپەراندنی لاوەکی لە ڕێگای سەرۆکەکەیەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی پێدەبەخشرێت بۆ کەڵك وەرگرتن لە تواناو وزەکانی دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت بە شێوەیەك لەگەڵ کاروباری ئەم دەزگایانەدا ناکۆك نەبێت.

٨- لیژنەکان راپەراندنی لاوەکی بەم شێوانەی خوارەوە دەسەڵاتی راپەراندنیان پێدەبەخشرێت:

أ- راپەراندنی خۆبەخۆی لەلایەن جوتیارانەوە.

ب- راپەراندنی راستەوخۆ(کاری میللی).



ت- راپەراندنی لە لایەن قۆنتەراتچیەکان.

٩- ئەم لیژنانەی سەرەوە دەسەڵاتی دووبارە چاوپیاخشاندنەوە لە نەخشەسازی خانووەکانیان پێدەدرێت کاتێ ئەم کارە بە پێویست دەزانن و هەروەها بۆ کاروباری ئاسانکردن و پەلەکردن لە پرۆسەی بنیاتناندا.

١٠- هەرسێ لیژنەی لاوەکی (فەرعی) راپەراندن دەسەڵاتی خستنەکاری کرێکارانی جێگای مەبەستیان پێدەدرێت لە داموو دەزگاکانی دەوڵەتدا بە شێوەیەك تەوژمی هەرەگەورەی خستنەکاری کرێکاران لە پارێزگای سلێمانی بێت. تیمەکانی سوپا هەڵدەستن بە حەواندنەوەی ئەو کرێکارانەی لە پێویست زیاترن لەوانەی لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون دەخسترێنە کار هەریەکەو لە کەرتی خۆی وکارو ئەرکی رەشماڵ دانان و ئەرزاق دابینکردنیان پێدەسپێردرێت لە حالەتێکدا بۆ کارکردن لە دەرەوەی ئەو پارێزگایانەی لێی نیشتەجێبوون دەخسترێتەکار.

١١- لیژنەکانی راپەراندنی لاوەکی (فەرعی) لیژنەی لاوەکی دیکە پێك دەهێنن لە هەر کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبووندا بۆ ئەوەی بە کاری سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی بنیاتنان و دروست کردن هەڵبستێت گەر هاتوو شێوازەکەی راپەراندن بە ئەمانەتداری بێت یان بەرێگەی قۆنتەراتچیانەوە بێت یان بە شێوازی راستەوخۆ بە رەچاوکردنی قەبارەی کۆمەڵگەکەو شێوازی راپەراندن.

١٢- دەسەڵاتی چاوپیاخشانەوە لە هەر پارێزگایەکدا بە لیژنە لاوەکییەکان دەدرێت لە هەندێك بڕیاری قەرەبووکردنەوەی جوتیاراندا بە شێوەیەك پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسوودە و سەقامگیرییان بۆ دابین بکات.

١٣- کەمترین بڕە پارەی بڕیار لەسەر دراو بۆ ئەو جوتیارانەی بە بیناکردنی خانووەکانیان هەڵدەستن بریتییە لە ١٠٠٠ دینار جگە لەو پارەیەی بۆ دروست کردنی خانووەکانیان تەرخان کراوە.

١٤- لیژنەی ناوەندی دەسەڵاتی بە خشینی هاندەری ماددییان پێدەخشرێت بۆ هاندانی ئەو لیژنانەی راپەراندن کە کۆششێکی دیاری کراو لە بواری کاری راپەراندندا دەنوێنن لەم حاڵەتانەدا: ـ

پ- کورتکردنەوەی ماوە.

ج- کەمکردنەوەی برە پارەی تێچوو.

ح- نایابی لە کار راپەراندن.

١٥- لیژنەکانی راپەراندنی لاوەکی دەسەڵاتی دروست کردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونیان پێدەبەخشرێت بۆ ئەو خێزانانەی پێشتر راگوازرابوونەوە بە شێوەیەك پێشینەکاری (اسبقیەی) دووەمیان پێببەخشرێت و کارنەکاتە کاتی زەمەنی دیارکراو بۆ دروست کردنی ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەرەوە دیاری کراون.

١٦- رێکخراوەکانی حزبی و میللی چالاکیەکی کاریگەر هەڵدەستن بە ئاراستەی کاراتر خستنە گەری شێوازی راپەراندنی راستەوخۆ و هاندانی جوتیارەکان بۆ بینینی رۆڵی خۆیان و رونکردنەوەی ئامانجەکانی ئەم پرۆسەیەو کەڵك و سوودەکانی بۆ خودی جوتیاران بۆ بنیاتنانی خانووەکانیان بە دەستی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی ئەو پروپاگەندانەی لەم قۆناغەدا دێتەکایەوە.

١٧- بری یەك ملیۆن دۆلار تەرخان دەکرێت بۆ هەرلیژنەیەك لە سێ لیژنەکانی راپەراندنی لاوەکی، سەرۆك لیژنەکانیش دەسەڵاتی پارە راکێشانیان پێدەدرێت. ئەم لیژنانەی سەرەوە هەڵدەستن بە ئاگادارکردنەوەی لیژنەی باڵای کاروباری باکوور لە کاتی تەواوبوونی پارەی تەرخانکراودا.

١٨- پێویستە لەسەر هەموو لیژنەکان بەرنامەیەکی زەمەنی روون و رێك بۆ کاری راپەراندن دابرێژن و هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی بۆ دابینبکرێت و رۆژانەی بە دواداچوونەوەی بۆ بکرێت و هەر داواکارییەك و ئاستەنگێك لە دەسەڵاتیان دانەبێت بەرزی بکەنەوە بۆ لیژنەی باڵای کاروباری باکوور بە بروسکەیان بە تەلەفۆن بۆ جێبەجێکردنی وەڵامان بدەنەوە.






نەخشەی ژمارە 8
شوێنی هەڵکەوتنی کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکانی سنووری پشدەر
سەرچاوە: کوردۆ، کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێکردنی کوردستان، سلێمانی
لەلایەن نووسەرەوە: عمر حمزە دەستکاری کراوە

* رژێم لەدوای دروستکردنی کۆمەڵێك ئوردوگا زۆرە ملێ لە سنووری پشدەر بەم ناوانە ((پێمالك ـ ژاراوە ـ بەستەستین ـ توەسووران)) و وە لە سنووری بیتوێن ئۆردوگاکانی ((رانیە و چوارقورنە)) دروست کرا (بۆ زیاتر بڕوانە نەخشەی ژمارە ـ٨ ـ ) دواتر دەستکرا بە راگواستن بەم شێوەیە:

١- لە سنووری ناحیەی هێرۆ، کە پێك هاتبوو لە ناوەندی ناحیەکە و ٣٥ گوند، لەسەرەتای مانگی تەمووزی ١٩٧٨ رژێم دەستی کرد بە راگواستنی گوندەکان و دواتر لە رۆژی ٢٣-١٠-١٩٧٨ ناوەندی ناحیەکەشی راگواست و بەسەر چەند ئوردوگایەك (پێماڵك ـ توەسووران) کە یەکەمیان نزیك قەڵادزێ و دووەمیان لەسەر رێگای قەڵادزێ ـ رانیە، نیشتەجێکران، کە ژمارەی خێزانەکانیان (١٨١٨) ماڵ بوون و کە پێك هاتبوون لە (٨٨٤٠) کەس، کە سەرجەمی ناحیەکە بە گوندەکانەوە لە ماوەی ٣ مانگدا هەموویان راگواستران.

### خشتەی ژمارە (١٨) [٢٧٢]

### راگواستن لە سنووی ناحیەی هێرۆ

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٢٧. | هێرۆ | ٤٥٨ | ٢٢٩٠ |
| ٢٨. | مرێ | ٢٥ | ٢١١ |
| ٢٩. | گیرە | | |
| ٣٠. | بەربانە | ٨ | ٤٩ |
| ٣١. | شلەمرە | ١٥ | ١٤٦ |
| ٣٢. | بەشیران | ٧ | ٣٩ |
| ٣٣. | دەشتیوو | ٧٩ | ٥٧٩ |
| ٣٤. | بێکلۆ | ٩٠ | ٨٣٥ |
| ٣٥. | ئاوەکی | ١٨ | ١٨٧ |
| ٣٦. | گردشێخاڵ | ٩ | ١٠٠ |

٢٧٢- سوود لەم سەرچاوانە وەگیراوە بۆ خشتەی ژمارە ١٧:ـ

١- زیارەتی مەیدانی بۆ لیژنەی ناوچەی راپەرینی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە تایبەتە بە سنووری ئەو ناحیەیە.

٢- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل و تەعریب و تەبعیس).

٣- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم/ چاپی یەکەم ٢٠٠٣ ل ٥٦٩ .

٤- ((د. عەبدواڵڵا غەفور))، گوندەکانی باشووری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ١٩٧٧، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، ل ١٨٣ .



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧. | کۆخەلێش | ٣ | ١٥ |
| ٣٨. | دۆڵی شێمێ | ٥٦ | ٢٧٩ |
| ٣٩. | وەسوێنە | ٢٥ | ١٠٦ |
| ٤٠. | باڵێلان | ٢١ | ٨٣ |
| ٤١. | دەرونێ | ٣٢ | ٣١١ |
| ٤٢. | کانی بەرد | ٣ | ٢٥ |
| ٤٣. | بشیر | ٦٦ | ٣٣٥ |
| ٤٤. | سەرشیو | ١٢ | ١٢١ |
| ٤٥. | زێوەڵە | ٧ | ٣٥ |
| ٤٦. | بیانێ | ٦ | ٤٢ |
| ٤٧. | سێوەڵە | ٢ | ٨ |
| ٤٨. | قندۆل | ٦١ | ٢٦١ |
| ٤٩. | رازان | ١٦ | ١٤٢ |
| ٥٠. | ئیسێوە | ٩٦ | ٢٨٠ |
| ٥١. | پێلسکە | ٤ | ٢٤ |
| ٥٢. | چەکوان | ٥٣ | ٢٧٧ |
| ٥٣. | گەناو | ٨٤ | ٤٢٥ |
| ٥٤. | بەرکێشان | ٤ | ٣٦ |
| ٥٥. | دەوژان | ١٠ | ٩٥ |
| ٥٦. | قزلبەك | ٩ | ٤٩ |
| ٥٧. | سنجەڵێ | ٨ | ٦٥ |
| ٥٨. | ئەشکەنێ | ١٠٨ | ٢٥١ |
| ٥٩. | باوزێ | ٣٧٩ | ٨٨٩ |
| ٦٠. | تیکەبەرد | ٢٣ | ١٤٤ |
| ٦١. | ئاڵەپیر | ٦ | ٤٢ |
| ٦٢. | گواران | ١٠ | ٦٤ |

٢- لە سنووری ناوەندی ناحیەی قەڵادزێ:

أ- لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دەست دەکرێت بە راگواستنی ٤٣ گوند لە سنووری ناحیەی ناوەندی قەڵادزێ کە پێك هاتبوو لە (١٦٥٩) خێزان کە ژمارەی دانیشتوانەکەیان (٧٥٥٠) کەس.

تەنها حەوت گوند ((ناوزەنگ ـ قوڵەهەرمێ ـ زەڵێ ـ شێنی ـ بەردقسل ـ زێوکە ـ بێدەڵان))[٢٧٣] بەر شاڵاوی راگواستن نەکەوتن بە هۆی سەختی و هەڵکەوتنی گوندەکان لەلایەك و لەلایەکی تر بوونی پێشمەرگە واتا ناوچەی ئازادکراو بوون بەڵام رژێم بەردەوام تۆپبارانی دەکردن لە کاتی قەسف کردنی رژێم خەڵکی گوندەکان بۆ ماوەی کورت چۆلیان دەکرد و پاشانیش دەگەڕانەوە ناو گوندەکان بەڵام هەندێك لەماڵەکان بەهۆی بەردەوامی تۆپباران ناچاربوون بێنە ئوردوگا زۆرە ملێ یەکان وە هەندێکیشیان ئاوارەی ئێران بوون.

## خشتەی ژمارە (١٩)
## راگواستنی گوندەکان لە سنووری ناحیەی ناوەندی قەڵادزێ[٢٧٤]

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٦٣. | شیوەڕەز | ٦٠ | ٢٦٦ |
| ٦٤. | ئاڵیەمەران | ٥ | ٤٦ |
| ٦٥. | شۆران | ٥٢ | ١٣٠ |
| ٦٦. | داودی | ٦ | ٢٩ |
| ٦٧. | سەید ئەحمەدان | ١٤٠ | ٦٠٦ |
| ٦٨. | دیلۆ | ٥٣ | ١٥٩ |
| ٦٩. | پردەبەردین | ٣ | ٣٨ |

٢٧٣- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ٢٤/ ١/ ٢٠٠٧ و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێزان
- محەمەد وەتمان بەرپرسی مەڵبەندی قەڵادزێ (ی.ن.ك)
- عومەر خدر کارگێری لقی ١١ ی (پ.د.ك)

٢٧٤- سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ- ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو.

ب- د. عەبدوڵڵا غەفور، سەرچاوەی پێشوو.



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٠. | قۆچاڵ | ٨ | ٣١ |
| ٧١. | دوبێ | ١٣ | ٧٦ |
| ٧٢. | شێخاودەلان | ٨٠ | ٣٦١ |
| ٧٣. | ئەنگۆزە | ١٢ | ٨٦ |
| ٧٤. | ئالان | ٤٥ | ١٨٥ |
| ٧٥. | ئەمەر کاکول | ١٦ | ١١١ |
| ٧٦. | مێرتگە | ٣٥ | ١٤٩ |
| ٧٧. | باداوان | ١٥ | ١٠٣ |
| ٧٨. | هەڵشۆ | ٣٣٥ | ٩٠٠ |
| ٧٩. | ئالاوە | ٢٥ | ١٧٢ |
| ٨٠. | کەستانە | ٥٤ | ١٩٧ |
| ٨١. | بادینباڵ | ٤ | ٢٤ |
| ٨٢. | خڕەبەردان | ١٧ | ١٢٠ |
| ٨٣. | دۆڵەدزێ | ١٠ | ٦٨ |
| ٨٤. | نۆرستە | ٢٥ | ١٤٢ |
| ٨٥. | بێگەڵاس | ٩٠ | ٥٨٧ |
| ٨٦. | ریشوان | ٢١ | ١٦٨ |
| ٨٧. | دارەشمانە | ٦٠ | ٢٦٧ |
| ٨٨. | هوڕێوە | ٣٨ | ٢٠٢ |
| ٨٩. | دێگە | ٨٠ | ٣٣٨ |
| ٩٠. | بادەڵیان | ٣٠ | ٨٠ |
| ٩١. | بادین | ١٧ | ١٤٦ |
| ٩٢. | بێهۆش | ٣٠ | ١٣٨ |
| ٩٣. | هەڵاوێژە | ١٥ | ١٠٤ |
| ٩٤. | کەویە | ١٢ | ٣٩ |
| ٩٥. | قوڵەمارف | ١٣ | ٨٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٩٦ | کۆلارە | ٢٠ | ١٣٦ |
| .٩٧ | دوڕێ | ٤ | ٣٠ |
| .٩٨ | باچکار | ٩٣١ | ٢٣٤ |
| .٩٩ | بەرەسوڵ | ١٦ | ٤٤ |
| .١٠٠ | بژیان | ٤ | ٣٢ |
| .١٠١ | دەڵگە | ١٧ | ١٤٤ |
| .١٠٢ | ئاشی زادە | ١٨ | ١٧٦ |
| .١٠٣ | مامندە | ٩ | ٦٧ |
| .١٠٤ | سونێ | ٧٠ | ٢٩١ |
| .١٠٥ | دێرێ | ٥١ | ٢٤٠ |



ب- ئەم (حەوت گوندە) لە سنووری ناحیەی بنگرد لـە ١٢/ ١٠/ ١٩٧٨ [٢٧٥] گواسـترانەوە بۆ سنووری پشدەر لە ئوردوگاکان نیشتەجێ کران کە پێك هاتبوون لـە (٤١١ خێـزان و ٢٠٢٤ نەفەر).

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**راگواستن لە سنووری ناوچەی بنگرد**

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| .١٠٦ | کانی توو | ٢٩٩ | ١٤١١ |
| .١٠٧ | هەوارەبەرزە | ٣٠ | ١٥٠ |
| .١٠٨ | ئەلبانە | ٣٣ | ١٧٣ |
| .١٠٩ | کێلەسپی خواروو | ٢ | ٢١ |
| .١١٠ | بێخرە | ٢٦ | ١٤١ |
| .١١١ | وێسە | ١٣ | ٦٨ |
| .١١٢ | کێلەسپی سەروو | ٨ | ٦٠ |

لە سنووری ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر)، رژێم گوندەکانی ناوچەی مەنگوڕایەتی کە ٣٤ گوند بوون لە بەرواری ٢٨/ ٣/ ١٩٧٨ بۆ ئوردوگا بەستەستێن راگواستران و وەهەروەها هەردوو ئوردوگای (چوکە ـ کۆمتان) بۆ جاری دووەم راگواستران بۆ سنووری بیتوێن لە ئوردوگای رانیـە نیشتەجێ کران. ئەم راگواستنە (١٢٨٣ خێزان کە دەکاتە (٦٦٠٢) کەس) پێکهاتبوون.

٢٧٥- زیارەتی مەیدانی بۆ لیژنـەی ناوچـەی راپـەرین لقـی ١١ی (پ.د.ك) چـاوپێکەوتن لەگـەڵ عەبـدوڵلا مەحمود.

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**راگواستن لە سنووری ناحیەی ناودەشت**[٢٧٦]

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ١١٣. | لێوژە | ٣٥ | ١٩١ |
| ١١٤. | خۆیبیان | ٤ | ٣٦ |
| ١١٥. | ئێنزێ | ٦٠ | ٤٢٦ |
| ١١٦. | بیانە | ٢٤ | ١٤١ |
| ١١٧. | کۆمتان | ٢٥ | ١٠٨ |
| ١١٨. | کۆپنگە | ٩ | ٣٠ |
| ١١٩. | رەژی کەرە | ٤٥ | ١٥٠ |
| ١٢٠. | ئەستێرۆکان | ١٨ | ١٢١ |
| ١٢١. | بۆڵێ | ٤٥ | ٣١٠ |
| ١٢٢. | سلێ | ٦٥ | ٢٨٣ |
| ١٢٣. | بایەوان | ٢٢ | ١٥٤ |
| ١٢٤. | دوێلێ | ١٨ | ٦٠ |

٢٧٦- سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ- زیارەتی مەیدانی و گفتوگۆکردن لەگەڵ ماموستا محەمەد ڕەزگەیی و حەسەن بیرۆت لە رۆژی ٥/ ٢/ ٢٠٠٧.

ب- دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، سەرچاوەی پێشوو.

ت- ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو.



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢٥. | شیوە | ٤ | ١٩ |
| ١٢٦. | زودان | ٩٥ | ٣٩٠ |
| ١٢٧. | سێوەیس | ٢٥ | ١٤٢ |
| ١٢٨. | شێخان | ٢٤ | ١٢٤ |
| ١٢٩. | باریکان | ٦ | ١٨ |
| ١٣٠. | باراوە | ١٩ | ١٤٢ |
| ١٣١. | دەرگەڵەی مەنگوور | ٣٩ | ٢٧١ |
| ١٣٢. | بێ پالان | ١٨ | ٦٧ |
| ١٣٣. | دەشتێوان | ١٩ | ٨٤ |
| ١٣٤. | وورتە | ٢١ | ١٠٠ |
| ١٣٥. | ئەبوبەکرە | ١٤ | ٤٥ |
| ١٣٦. | قەڵاتووکان | ٢٢ | ٨٩ |
| ١٣٧. | توتمێ | ٢٠ | ١٢٢ |
| ١٣٨. | دووچۆمان | ٢١ | ١٢٨ |
| ١٣٩. | کوڵکوڵە | ١٩ | ١٠١ |
| ١٤٠. | سورەگلەی سەروو | ١٢ | ٦٨ |
| ١٤١. | ئەرکە | ١٩ | ١٠٨ |
| ١٤٢. | سپیەگڵە | ٣٢ | ١٦٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤٣. | ڕەزگە | ٥٤ | ٢٨٤ |
| ١٤٤. | بەستێ | ٥٠ | ١٧٧ |
| ١٤٥. | سوێسنێ | ٦ | ٢٤ |
| ١٤٦. | بێدەڵان | ١٩ | ٨٤ |
| ١٤٧. | کەچەڵاوە | ٢ | ٦ |
| ١٤٨. | بەلك | ٦٠ | ٣٢٨ |
| ١٤٩. | سپێرۆ | ٣٨ | ٢٤٩ |
| ١٥٠. | گردئێستر | ١٥ | ١١١ |
| ١٥١. | کوزینە | ٥٠ | ٢٠٧ |
| ١٥٢. | سورەگڵەی خواروو | ٢٦ | ١١٨ |
| ١٥٣. | شنارە | ١٦ | ٤٠ |
| ١٥٤. | مارەدوو | ٧٠ | ٣١٦ |
| ١٥٥. | ئالێەرەش | ٢٥ | ١٧١ |
| ١٥٦. | زێوکە | ٢٦ | ١٥٦ |
| ١٥٧. | سەرخان | ٢٧ | ١٣٥ |



**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**سەرجەمی قۆناغی دووەمی ڕاگواستن**

| شوێنی ڕاگواستراو | ژمارەی خێزان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١- لە سنووری ناحیەی هێرۆ | | |
| أ- ناوەندی ناحیەی هێرۆ<br>ب- ٣٦ گوند | ٤٥٨<br>١٣٦٠ | ٢٢٩٠<br>٦٥٥٠ |
| ٢- لە سنوور ناحیەی ناوەندی قەڵادزێ | | |
| ٤٣ گوند | ١٦٥٩ | ٩٥٦٣ |
| ٣- لە سنوری ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر) | | |
| أ- دوو ئوردوگای چوکە و کۆمتان<br>ب- ٣٤ گوند | ٢٢٩<br>١٢٨٣ | ١٦٣٠<br>٦٦٠٢ |
| ٤- لە سنووری ناحیەی مەرگە | | |
| ٧ گوند | ٤١١ | ٢٠٢٤ |
| کۆی | ٥٤٠٠ | ٢٨٦٥٩ |

**ت- راگواستنی گوندەکان و هەڵویستی رژێم:**

**١- لەگەڵ راگواستنی گوندنشینەکان:** رژێم سەرجەم گوندەکانی بە مزگەوت و قوتابخانە و بنکە تەندروستیەکانەوە، سووتاند و بە بلدۆزەر هەیکەلەکەشی لەگەڵ زەوی تەخت کرد و بە بەکارهێنانی مادەی ژەهراوی[٢٧٧]، گژوگیای سنوورەکەی لەناو برد ئاگریشی لە دارستانەکان بەردا و لەلایەکی تر سەرجەم سەرچاوەکانی ئاوی وەك بیر و کانیاو بە چیمەنتۆ پڕ کرانەوە و تاکوو لە داهاتوو هیچ دەرفەتێك لە سنوورە چۆلکراوەکان بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ لە ناوچەکەدا نەمێنێتەوە، لەلایەکی تر لە رێگای موختارەکانەوە دانیشتوانی گوندەکان ئاگادار دەکرانەوە کە:

* گوندە چۆلکراوەکان بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە هاتووچۆیان بۆ بکەن بە تایبەتی بە مەبەستی سەردان کردن بۆ گوندەکان و بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، لە کاتێکدا، کەرتی کشتوکاڵ، رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بووژاندنەوەی ئابووری ولات و هەرێمە گەشەسەندووەکان و پێگەیشتووەکان و، هەروەها بە سەرچاوەییێکی گرنگی کەل و پەلی خۆراك دادەنرێت و وە رۆڵی بەرچاوی هەیە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان[٢٧٨]، هەر بۆیە رژێم لەگەڵ راگواستنی گوندەکان هەوڵی تەواوی دا لە کوردستان کەرتی کشتوکاڵ نەمێنێت بەتایبەتی خڕکردنەوەی گوندنشینەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێکان دا راستەوخۆ کاری کردە سەر گۆڕینی پیشەی گوندنشینەکان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بۆ پیشەی شارنشینی کە پێك دێ لە ئیش و کاری دائیرەکانی حکومی و پیشەسازی[٢٧٩]، هەرچەندە بەشێکی زۆر کەم نەبێت کە لەو پیشانەوە کاریان دەکرد ئەوانی تر بێ کار بوون.

* لەلایەن هەموو دەزگا تایبەتیەکانی رژێمەوە بەوردی چاودێری ناوچە چۆلکراوەکان دەکراو بەردەوامیش تۆپبارانی سنوورەکان دەکرا بۆ زیاتر ترس و تۆقاندنی خەڵك لەلایەکی تریش هەرکەسێك لە دوای راگواستن لە سنوورەکان دیترابا( مرۆڤ یان ئاژەڵ) دەیان کوشت هەروەکو لە رۆژی ١٧\٥\١٩٨٠، کۆمەڵێك لە خەڵکی ئۆردووگای پێماڵك کە پێك هاتبوون

---

٢٧٧- گوشاد حەمەد سەعید، وەرگێرانی لە فارسیەوە: کوردستانی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس \ هەولێر ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، ل ٥٨.

٢٧٨- پارتی دیموکراتی کوردستان، گیروگرفتی زەوی لە کوردستانی عێراق، دراسەی ژمارە(١٨-٢١) ی ساڵی ١٩٩٦.

٢٧٩- فتحی محمد، البیئة الریفیة و الحضریة(من محاضرات جامعة ساتتر کلیمینتس، رعم ی ضرة(٨) ،ص ٢.



لە (١٠) هاوڵاتی بەمەبەستی گیا دروین بۆ ئاژەڵەکانیان دەچنەوە سنووری گوندەکەیان کە چۆلکرابوو لە لایەن رژێم بە (ناوچەی قەدەغەکراو- **ارض الحرم ومحرمە** ) دانران، لە گەڕانەوەیان سەربازانی رژێم لە رەبیەی(باسکان)[٢٨٠] رێگەیان پێ دەگرن و هەموویان ریز دەکەن دوای پشکنین کە هیچیان پێ نابێت ئەمجا ناوەکانیان دەنووسن و بەفەرمانی ئەفسەرەکەیان بەناوی( ملازم اول خلف) کە عەرەبێکی هاوردەی کەرکووك بووە، گوللە بارانیان دەکەن و دوای کەوتنیان لەسەر زەوی ئەمجا لەلایەن ئەفسەرەکەشەوە بۆ دڵنیابوونی زیاتر هەریەکەی دوو فیشەکی تریان لێ دەدات، لەوانە (٩) هاوڵاتی شەهید دەبن و تەنها یەك هاوڵاتی بەناوی(خدر عەبدوڵلا مینە) بریندار دەبێت، کە ئەمە ناوی کوژراوەکانە:[٢٨١]

١- ئیبراهیم حەمەد رەسوڵ ساڵی لەدایك بوون ١٩٧٠ کەوا تا کاتی کوژرانی ١٠ ساڵ بووە.
٢- حوسێن رەسوڵ حەسەن کاملا ساڵی لەدایك بوون ١٩٥٧.
٣- شخسە حەمەد وسو ساڵی لەدایك بوون ١٩٤٢.
٤- حەسەن حەمەد وسو ساڵی لەدایك بوون ١٩٦٤.
٥- محەمەد حاجی رەسوڵ وێسە ساڵی لەدایك بوون ١٩٥٥.
٦- حەسەن حەمەد حوسێن ساڵی لەدایك بوون ١٩٦٠.
٧- ئەحمەد عەبدوڵلا مینە ساڵی لەدایك بوون ١٩٥٨.
٨- عومەر عەبدوڵلا ئەحمەد ساڵی لەدایك بوون ١٩٦٨.
٩- عومەر عەبدوڵلا ئەحمەد ساڵی لەدایك بوون ١٩٥٥.

---

٢٨٠- شمشارە ، بلاوکراوەیەکی رووناکبیری سەربەخۆیە مانگی جارێك لە رانیە دەردەچێت. ژمارە ١٧ی مانگی ٦ی \٢٠٠٥، ل ٤.

٢٨١- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ١١/ ١٢/ ٢٠٠٦ لەگەڵ باپیر کاملا، بەرپرسی پارتی بزووتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان.

**تێبینی:**

أ- هاوڵاتی (خدر عبدالله مینە) کە یەکێك بووە لەو دە کەسە بەڵام خۆشبەختانە نەمرد، دەڵێت ( کاتێ تەقەیان لێمان کرد من فیشەکم بەرنەکەوت بەڵام لەگەڵ ئەوان خۆم درێژکرد دواتر کە ئەفسەرەکە هات فیشەکی لێدام و بریندار بووم بەر دەستم و قاچم کەوت بوومەتە کەمئەندام.

ب- رۆژی ١٧/ ٥/ ١٩٨٠ هاوڵاتیەکان چوونە دەرەوە لە پێمالك کاتژمێر حەوتی بەیانی بووە، کاتژمێر نۆ هەموویان گولەباران کراون کەواتە پاش دوو کاتژمێر.

وەهەروەها یەکێك لە ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٩٨٨، چوار هاوڵاتی گوللەباران دەکرێن لەبەرئەوەی لە ناوچەی قەدەغەکراودا دەستگیر کراون، ئەمانە بە مەبەستی سەردانی رەز و باغ و بێستانەکانیان دەیانەوێت بچنەوە بۆ سنووری گوندەکەیان کە ئەمانە ناوەکانیانە.[٢٨٢]

١- شێخە مەحمود مامە

٢- محەمەد بابەکر عەلی

٣- ئەحمەد عەبدوڵڵا

٤- عەبدوڵڵا واوانی شوان

لەلایەکی تر هێرشی بەردەوامی بە هۆی فڕۆکە و تۆپباران بۆ سەر ناوچەکان هەبوو هەروەکو پێشتر لە بەشی جینۆسایدی قەڵادزێ دیاری کراوە.

**٢- دروست کردنی کۆمەڵگاکان:** لە سەرەتادا رژێم لە دروست کردنی کۆمەڵگاکاندا هەوڵی دا، گوندەکان لە نزیکترین شوێن کۆبکاتەوە بە تایبەتی لە قەراغی جادە گشتییەکان و نزیك شارەکان کە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك بوو کە لە بەشی راگواستنی گوندەکانی کوردستان باس کراوە، لەلایەکی تر شێوازی دروست کردنی خانووەکان بە شێوەیەکی زۆر سادە کە پێك هاتبوون لە زەویەکی دووسەد مەتری و دوو ژوور و هەیوانێك کە هەرچەندە بوونی ئاو و کارەبایان هەبوو بەڵام لەگەڵ بارو گوزەرانی خەڵکەکە نەدەگونجا بە تایبەتی خەڵکانی گوندنشینەکان لە شوێنی خۆیان خانووەکانیان پێك هاتبوون لە چەند ژوورێك بۆ خۆیان و دابین کردنی چەند ئاخەڵێك بۆ ئاژەڵەکانیان و بەروبوومی کشتوکاڵیان کە ئەمە کاری راستەوخۆی کردە سەر خەڵکانی ئوردوگاکان لە داهاتوو ئاژەڵ بە خێو نەکەن و وەهەروەها پشت بە کشتوکاڵیش نەبەستن بە هۆی سیاسەتی رژێمی عێراق لە کوردستاندا هەر لە ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩) پیادەی کرد، کە هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بێکاری و کەم بوونەوەی ئیش و کار و وێڕای ئەوەی کە (بێکاری و گۆڕانی پیشەی هاوڵاتیان دیاردەی کۆمەڵایەتین و ئەنجام و ئاکامی کۆمەڵایەتییان هەیە پەیوەندی پتەویان هەیە بە کایەی ئابووریەوە و ئابووریناسان بە چاوێکی دیکەوە سەیری دەکەن).[٢٨٣] بە تایبەتی رژێم زۆر مەبەستی بوو خەڵك

٢٨٢- شمشارە، ژمارە ١٧ سەرچاوەی پێشوو.

٢٨٣- حەمەد ئەمین، دیکتاتۆریەت و شکستی ئابووری عێراق، ئابووری سیاسی، گۆڤارێکی وەرزییە کە سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان دەری دەکات ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٢ ل ٩١ .



بە گشتی برسی بکرێت چونکە کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی گوندەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوی بێ زەوی کشتوکاڵی یان لەوەرگا بۆ ئەوە بوو خەڵکەکە بەردەوام پێویستیان بە سەرانی رژێم هەبێت لەلایەك و لەلایەکی تر بیرنەکەنەوە هاوکاری شۆرشگێران بکەن، هەرچەند گوندنشینەکان ئەو قۆناغە کە راگواستران هەریەکەیان بڕێك پارەیان پێدان بە ناوی قەرەبووکردنەوە ((تعویض)) لەبری خانوو و رەز و باخەکانیان بەڵام بە هۆی بێکاری و بێ بەرنامەیان لە ماوەیەکدا سەرفیان کرد[٢٨٤] و لەلایەکی تر رژێم هەوڵی دا بە موچەیەکی کەم زۆر لە خەڵکانێك لە ئیدارە دامەزراند و چەند قوتابخانەیەکیش لە ئوردوگاکان کرایەوە بۆ فێربوونی منداڵ بەڵام بە هیچ شێوەیەك قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لە ئوردوگاکاندا نەبوو تا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٨٤ لە ژێر زەختی خەڵکی ئوردوگای بەستەستێن قوتابخانەیەکی ناوەندی کرایەوە[٢٨٥].

٢٨٤- مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان سلێمانی ٢٠٠٤ ل ٣٤.

٢٨٥- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ٥/ ٢/ ٢٠٠٧، لەگەڵ مامۆستا محەمەد رەزگەیی، کە دەورێکی باشی هەبووە بۆ هاندانی قوتابیان و نارەزایی دەربڕین و کاری کردۆتە سەر رژێم کە ناچاربن قوتابخانە لە ئوردوگای بەستەستێن بکرێتەوە.

## پ- قۆناغی سێیەمی ڕاگواستن ١٩٨٠ – ١٩٨٨:

ساڵانی هەشتاکان، بە مەترسیترین و بەزەبرترین قۆناغەکانی ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان و تەنانەت شار و شارۆچکەکان و لە هەندێك شوێن ئوردوگا زۆرە ملێیەکانیشی گرتەوە، لە سنووری پشدەر، بە هۆی گواستنەوەی شەڕی ئێران و عێراق بۆ سنوورەکان لەلایەن هەردوو دەوڵەت کە مەبەستیان بوو شەڕی کاولکاری نێوانیان کوردستانیش بگرێتەوە لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا ناوچەکە بەردەوام کەوتبۆوە بەر هێرشی (تۆپخانە و بۆردومانی فرۆکە) ی ئێران و زۆر جاریش ڕژێم لە سۆنگەی ئەوەوە کە هەمیشە رق و کینەی هەبوو بەرامبەر دەڤەرەکە بەتایبەتی دوای راپەرینەکانی ساڵی ١٩٨٢، کە سەرجەم خەڵکی سنوورەکە لە رژێم راپەرین لە رۆژی ٢٤/ ٤/ ١٩٨٢ و ١٣/ ٥/ ١٩٨٢، کە بە خوێنی سێ هاوڵاتی سنوورەکە بلێسەی راپەرین سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە[286] ژمارەیەکی زۆر لە سەربازگەو تۆپخانەکانی لە نزیك و قەراغی شاری قەڵادزێ جێگیر دەکرد بە مەبەستی تۆپباران کردنی لەلایەن ئێرانەوە وە هەندێك جار خۆشی لە کاتی شەرەکاندا لە بەرزاییەکانی دەرەوەی شارەکە تۆپی دەهاویشتە ناو شارەکان بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە ناچار بکرێن شارو شارۆچکەکان چۆل بکەن هەروەك لە ساڵانی ١٩٨٥ لە ئەنجامی تۆپبارانی خەستی ناوچەکە شاری قەڵادزێ بۆ ماوەی چەند مانگێك چۆل کراو خەڵکەکەی ئاوارەی دەڤەری رانیە بوون.

رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٧ دا، دوو بریاری دژی ئەوانەی بەرهەڵستی رژێمی بەعس دەکەن دەرکرد، لەوانە:

---

1982 /4/ 24 286، ئەو ڕۆژە بۆ یادکردنەوەی بۆردمانی فرۆکەی ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ بۆ سەر شاری قەڵادزێ، سەرجەم قوتابی و گەنجانی شار لەسەر مەزاری شەهیدان کۆبوونەوە دوای خوێندنەوەی چەندان وتاری شۆرشگێری، ویستیان بگەڕێنەوە ناو شار بەڵام لەلایەن پیاوانی ڕژێم تەقەیان لێکراو بووە هۆی کوژرانی (دایکە ئامینە و خوشکە سنۆبەر) و برینداربوونی سێ قوتابی تر و گرتنی ٤٦ قوتابی کور و کچ بۆ ماوەیەك، ئەم خۆپێشاندانە ڕژێم ناچارکرا گیراوەکان ئازاد بکرێن و کۆمەڵێك زیندانی سیاسی لە سەرجەم کوردستان ئازاد کران، وە لە ١٣/ ٥/ ١٩٨٢، لە ئەنجامی چالاکیەتی پێشمەرگە دا، فوات فامیە کوژرا، ڕژێم لە تۆڵەی ئەم (خاڵە قوباد حەمە ساڵە) یان دەزگیر کرد و لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو بە هێنانەوەی تەرمەکەی جارێکی تر خۆپیشاندان سەرجەم شارەکەی گرتەوە.



یەکەم، بە پێی ڕێنمایی نهێنی ژمارە (٤٣٥)[287]، ((سزای کەس و کاری تێکدەران ـ المخرب ـ دەدرێت بە ڕاگواستن یان بە تێکدانی خانوو)).

دووەم بڕیاری لە ڕۆژی ٢٥/ ٤/ ١٩٨٧ دا، سزاکان زیاتر دەبێت لەوانە: ـ

١- ئەگەر هەر گوندێك هاوکاری تێکدەران بکات.

٢- ئەگەر تەقە لەو شوێنەوە کرا.

٣- هەموو ئەو شوێنانە تێکدەدرێت ئەگەر تەقەیەك لە دژی سوپا بکرێت.

ڕژێمی بەعس هەردوو بڕیارەکەی نەك هەر تەنها لە گوندەکان و شوێنە قەدەغەکراوەکان کە بە مەبەستی خۆیان پیادە دەکرد بەڵکو لە ناو شارەکانیش لە هەر شوێنێك تەقەیەك بکرایە هەمان هەڵوێستی دژی هەبوو لەوانە:

**یەکەم:** لە بەرواری ٢/ ٥/ ١٩٨٨ دوای کوژرانی سەربازێکی ڕژێم لە قەڵادزێ بۆ تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی ناوچەکە ٦٥ دووکانی هاوڵاتیانیان بە (تی ـ ئێن ـ تی) تەخت کرد و ٢٠ سەیارەشیان سووتاند. دواتر لە ڕاگواستنی سنوورەکەدا بەردەوام بوو کە بەم شێوەیەبوو: ـ

لە ڕۆژی ١١/ ٥/ ١٩٨٨ دا[288]، ڕژێم بە سوپایەکی گەورە دەوری ئوردوگای (بەستەستێن)ی گرت و بە بلنگۆ ئاگاداری دانیشتوانەکەی کرد و مۆڵەتی سێ ڕۆژی دیاری کرد بۆ گواستنەوەیان، لە ڕۆژانی یەکەم و دووەم خەڵکیان دەگواستەوە بۆ ئوردوگای حاجیاوا لە سنووری بێتوین، بەڵام ڕۆژی سێهەم خەڵکەکەیان بۆ سنووری دوکان لە ئوردوگای پیرەمەگروون یان بردن بەشێکی زۆری خەڵکەکە بە سەڵتی گەڕایەوە بۆ رانیەو چوارقوورنە و بەشێکی تریش لە پیرە مەگروون پاش چەند رۆژێك لەناو ئوردوگایەکە بە بێ کەلوپەل و ئاژەڵەکانیان بەجێ هێشتن و خۆیان بە سەڵتی گەڕانەوە سنووری بێتوێن، وە لە رۆژی چوارەمی گواستنەوەکە رژێم سەرجەم خانووەکانی ئوردوگای بەستەستێنی لەگەڵ چوار مزگەوت و پێنج قوتابخانەدا[289] رووخاند و لەگەڵ زەوی تەختی کردن.

---

٢٨٧- زهير الجزائيري، ماقبل الانفال و ما بعد النسيان! مجله طولآن العربي العدد ٧٥ اب ٢٠٠٢، ص ٤٣ .

٢٨٨- زیارەتی مەیدانی و گفتوگۆکردن لەگەڵ حاجی حەسەن کەنجارەیی لە ١٧/ ١/ ٢٠٠٧ .

٢٨٩- زیارەتی مەیدانەی لە رۆژی ٥/ ٢/ ٢٠٠٧ و گفتوگۆ کردن لەگەڵ مامۆستا محەمەد رەزگەیی.

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**راگواستنی ئوردوگای بەستەستێن**

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ١٥٨. | زودان | ١٠١ | ٤٣٥ |
| ١٥٩. | سێوەیس | ٩٧ | ٥٩٣ |
| ١٦٠. | شێخان | ٢٧ | ١٥٤ |
| ١٦١. | دەرگەڵە | ٥٦ | ٢٩١ |
| ١٦٢. | دەشتێوان | ٢٣ | ١٠٢ |
| ١٦٣. | توتمێ | ٣٤ | ٢٦٣ |
| ١٦٤. | دوچۆمان | ٣٧ | ١٦٠ |
| ١٦٥. | کولکولە | ٢٣ | ١٢١ |
| ١٦٦. | سورە گڵەی سەروو | ١٥ | ٩٨ |
| ١٦٧. | سورە گڵەی خواروو | ٣٥ | ١٥٣ |
| ١٦٨. | ئەرکە | ٢٣ | ١٢١ |
| ١٦٩. | رەزگە | ٦١ | ٢٠١ |
| ١٧٠. | بەستێ | ٥٥ | ١٩٧ |
| ١٧١. | بەلك | ٦٧ | ٢٥٨ |
| ١٧٢. | سپێرۆ | ٥٩ | ٢٩١ |
| ١٧٣. | گردئێستر | ٢٧ | ١٣١ |
| ١٧٤. | گوزینە | ٥٣ | ٢٣٧ |
| ١٧٥. | شناوە | ١٩ | ٧٢ |
| ١٧٦. | مارەدوو | ٥٩ | ٢٦١ |
| ١٧٧. | سەرخان | ٤١ | ٢٤٣ |
| ١٧٨. | ئالیەرەش | ٢٨ | ١٤٥ |
| ١٧٩. | زێوکە | ١١ | ٦٣ |



لەگەڵ راگواستنی ئوردوگای بەستەستێن، کۆرەوێك لە سنووری پشدەردا لە شار و شارۆچکەکان و ئوردوگا زۆرە ملێییەکان و ئەو گوندانەی کە تاکوو ئەو کاتە بەر شاڵاوی راگواستن نە کەوتبوون دەستی پێ کرد و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان خۆیان و خێزانەکانیان بە سەڵتی چوونە ناوچە ئازادکراوەکانی بناری قەندیل و دواتریش بوونە ئاوارە لە ئێران تاکو راپەرینی بەهاری ١٩٩١ نەگەرانەوە ئەمانە سەرجەم کەلوپەلی ناو ماڵیان بەجێ هێشت لەو کاتەدا کە سەرەتای دەست پێکردنی ئەنفالەکان بوو، لەلایەن ((علی حسن المجید)) کۆمەڵێك بریاری دەرکرد کە هەندێك لەوانە:

١- بریاری ژمارە (٢٨/٢٦٥٠) لە بەرواری ٦/ ٣/ ١٩٨٧ دا هاتووە ((هێزە چەکدارەکان هەر بوونەوەرێك یان ئاژەڵێك دەکوژن کە لە ناوچە دیاریکراوەکەدا هەبێ ـ واتە ئەو ناوچەیەی بە پێی رێنماییەکانی ئەوان دیاری کراوە واتە قەدەغەکراوە ـ وەهەروەها گەمارۆیەکی ئابووری توند بخرێتە سەر ناوچەکە))[290].

٢- ((علی حسن المجید))، کە سەرپەرشتی سەرجەم هێرشەکان ئەنفالەکانی دەکرد، لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لێپرسراوانی دەوڵەت لە ١٥/ ٤/ ١٩٨٨ دەڵێ (( لە ئێستاوە ئارد و شەکر و نەوت و ئاو و کارەبا لە دێهاتنشینەکان دەبرم))[291].

ئەوە تێبینی دەکرێت هەردوو بریارەکان کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەرچوو بەڵام رژێم هەر لە سەرەتای یەکەمی راگواستن لە ساڵانی ١٩٧٧ ئەم جۆرە کارانەی لە کوشتن و لەناوبردن لە ناوچە سنووریەکان بە ئەنجام گەیاندووە، لەلایەکی تریش هاتووچۆکردن بە هەموو شێوەیەك قەدەغەبوو تەنانەت بۆ ئاژەڵیش وەهەروەها لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە چاودێری توند خراوەتە سەر سنوورە راگوازراوەکان رێگایان نەداوە خۆراك و خواردەمەنی بۆ ئەو ناوچانە بچێت و لە لایەکی تر سیستەمی (کۆبوونی خۆراك) پیادە کرا، ئەمە بێجگە کە پێویست بوو پۆلیسی نهێنی چاودێری کەرەستەو زەخیرەی تەواوی چێشتخانەو نانەواخانەو وەهەروەها دەبوو قەدەغەیەکی زۆر توند بخرێتە سەر فرۆشتنی هەموو بەرووبوومی کشتوکاڵی ناوچە قەدەغەکراوەکان، وەهەروەها دەبوو

٢٩٠- ریاض العطار، انتهاکات حقوق الانسان فی العراق، مجلات الانفال ... ابادة للجنس البشری، الجمیعه العراقیه لحقوق الانسان ـ فرع سوریا، الطبعه الاولی ٢٠٠١ ص ٢٤ .

٢٩١- د. مارف گوڵ، پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال لە گۆیرەی جۆرەکانی جینۆساید، سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠٠٢، ل ٨٨-٨٩ .

بەشە ئازوقەش وا کەمبکرێتەوە کە بە ئاستەم بەشی پێداویستی ژیانی مرۆڤ بکات، بەم شێوەیە ناوچە قەدەغەکراوەکان ململانێ بوو لە نێوان ژیان و مردن.(بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەنامەکانی ژمارە (٧) و (٨). کە ڕژێم بە پێویستی دەزانی بۆ مەبەستی دەست بەسەرا گرتنی ناوچە کوردیەکان لە تایبەتی سنووری پشدەر بە هۆی نزیکی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەم وێرانکردنی دێهاتەکان و سەرچاوە ئابووریەکەی و تێکدانی شوێنی ژیانی خەڵك بەتایبەت کە شوێنی حەوانەوەی هێزەکانی بزووتنەوەی کورد بوون. وە لە یەکێك لە بڕیارەکانی تری (علی حسن المجيد) دەڵێت ((بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بڕیاری ژمارە ١٦٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ٢٦ی مارتی ١٩٨٧ دا پێیداوین، بڕیارماندا سەرۆکی لیژنە ئەمنییەکان (ڕۆسا و اللجان الأمنيه)ی پارێزگاکان سەرپشك بکەین لە مەسەلەی دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تێکدەراندا))[٢٩٢] بەمەش سیاسەتێکی تری تالان کردن و دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی هاوڵاتی دەست بەسەرداگرت بە تایبەتیش لە سنووری پشدەر، هەموو ئەوانەی کە لە کاتی ئەنفالەکان و هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان کە کۆچیان کردو چوونە ناوچە ئازادکراوەکان یان ناو خاکی ئێران، سەرانی ڕژێم دەستیان گرت بەسەر ماڵەکانیان و وەهەروەها لە هەندێك شوێن وەك قەڵادزێ تەنانەت خانوو و دووکانەکانیان رووخاند.

دووەم: لە سەرەتای مانگی ٦/١٩٨٨سەجەم ئەو گوندانەی نزیك شارەکانی ( قەڵادزێ ـ ژاراوە ـ سەنگەسەر) بوون لە قۆناغەکانی ڕاگواستنی پێشوو بەرنەکەوتبوون بە شێوەیەکی دڕندانەو کتوپڕ سوپای بەعس چواردەوری گوندەکانی داو و لەماوەی چەند کاتژمێرێك خەڵکەکە ناچارکرا هەرچی کەلوپەلی بەردەست هەیە بیانخەنە ئیڤای عەسکەری و لە هەندێك شوێن تەنانەت ڕێگا نەدرا کەلوپەل و ئاژەڵەکانیش بگوازنەوە لەبەر چاوی دانیشتوانەکان ئاگر بەردرایە خانوو و ئاخەڵەکانی مەرداری[٢٩٣]، وە ڕێگا نەدرا لە دوای ڕاگواستنیان

٢٩٢- میدل ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا.... پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەگێرانی لە ئینگلیزیەوە محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ١٢٩ .

٢٩٣- زیارەتی مەیدانی لە رۆژی ٣/ ١/ ٢٠٠٧، گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستا عەلی.

* لە ڕاگواستنی گوندی سوڵتانەدێ کە نزیکەی ٢٠٠ ماڵ دەبوون سەربازانی ڕژێم بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە دەجوڵانەوە بە بەرچاوی خاوەنەکانیان هەندێك ماڵیان سووتاند کە کەلوپەلی تێدابوو لەلایەکی تر لە هەندێك (ئاخەڵی حەیوان) چەند سەر حەیوان بە زیندوویی سووتانیانن لە ناو ئاخەڵەکاندا.



کشتوکاڵەکانیان کۆبکەنەوە و هەمووی ووشك بوو. کە سەرجەمی ١٩٢٧ خێزان و ٩٥٠٧ نەفەر بوون، لە لایەن ڕژێم بۆ هەرخێزانێك ٢٠٠ مەتر زەوی و بۆ هەندێك لە خێزانەکانیش بڕی ١٥٠٠ دیناری چاپی سویسری پێیان درا. لەم قۆناغەدا لە هەموو سنووری پشدەر، تەنها دوو گوند مابوون (گربداخ لە قەڵادزێ و قادرئاوا لە سەنگەسەر) هۆی مانەوەی ئەم دوو گوندە لەبەر ئەوە بوو تێکەڵ ببوونەوە لەگەڵ هەردوو شارەکە.

## ڕاگواستنی گوندەکانی سنووری شارەکانی پشدەر

### خشتەی ژمارە (٢٤)

### لە سنووری ناحیەی قەڵادزێ

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ١٨٠. | نورەدین | ٩١ | ٥٤٩ |
| ١٨١. | کۆشکەڵە | ١٠ | ٦٠ |
| ١٨٢. | هەڵاوێژ | ٢ | ١٠٤ |
| ١٨٣. | کەویەبابەسێن | ٩ | ٣٩ |
| ١٨٤. | بژیان | ٧ | ٣٢ |
| ١٨٥. | چۆمخڕکە | ٣٢ | ٢٠٧ |
| ١٨٦. | خاس | ١٠ | ٦٤ |
| ١٨٧. | گردمیتر | ٢٦ | ١٤٩ |
| ١٨٨. | گوێزلێ | ١٤ | ٧٨ |
| ١٨٩. | گردەسپیان | ٣٢ | ١٩٣ |
| ١٩٠. | دەقناوە | ١٨ | ١٠٤ |
| ١٩١. | تووەڕەشان | ٦ | ٣٧ |
| ١٩٢. | بنەوشان | ١٢ | ٨٥ |
| ١٩٣. | دۆڵەدزێ | ٧ | ٤٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤. | پیرانان | ١٢ | ٦٩ |
| ١٩٥. | پێمالك | ٣٦ | ٢١٣ |
| ١٩٦. | چومی کانیان | ٥ | ٢٦ |
| ١٩٧. | هەنارۆك | ٣ | ١٠ |
| ١٩٨. | سندۆلان | ٢٧ | ٢٠٤ |
| ١٩٩. | سەرکەپکان | ١٨ | ٩١ |
| ٢٠٠. | حەسار | ٨ | ٣٣ |
| ٢٠١. | گربداخ | | |

## خشتەی ژمارە (٢٥)

## لە سنووری ناحیەی بنگرد

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢. | کەلەکان | ٢٦ | ١٧٦ |
| ٢٠٣. | کانی هەنجیرە | ١٤ | ٦٧ |
| ٢٠٤. | گەمکان | ٥٩ | ٢٩٣ |
| ٢٠٥. | نێزۆکە | ٧ | ٣٤ |
| ٢٠٦. | نێودەشت | ٣٥ | ٢٦٥ |

تێبینی: ئەم پێنج گوندە، سەر بە ناحیەی مەرگە بوون بەڵام بە هۆی هەڵکەوتنی سنوورەکەیان لە بناری ئاسۆس لە ناو پشدەرەوە گواسترانەوە بۆ سنووری ئوردوگاکانی پشدەر.



## خشتەی ژمارە (٢٦)

## لە سنووری ناحیەی ناودەشت

| ژمارە | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٧. | گرتك | ٥٠ | ١٧٧ |
| ٢٠٨. | دوگۆمان | ١٥٠ | ٥١٧ |
| ٢٠٩. | ماخۆیزنان | ٧٠ | ٣١٩ |
| ٢١٠. | زەنگلان | ٤٩ | ٢٦٨ |
| ٢١١. | مەمکان | ٣٨ | ٢٤٩ |
| ٢١٢. | جەلکان | ٣٦ | ٢٣٤ |
| ٢١٣. | پیرانان | ٢٦ | ١٦٢ |
| ٢١٤. | چۆمەسووتاو | ٢٤ | ١٢٢ |
| ٢١٥. | ئاشووران | ٤٨ | ٢٤٩ |
| ٢١٦. | سلتانەوی کۆن | ٢١ | ١١٨ |
| ٢١٧. | سلتانەوی تازە | ٢٠٠ | ٧٢١ |
| ٢١٨. | سیدەلان | ١٨ | ١٠٤ |
| ٢١٩. | شەهیدان | ٥ | ٣٤ |
| ٢٢٠. | شەرۆێن | ٥٤ | ٢٠٢ |
| ٢٢١. | دەروکۆتر | ٤٩ | ٢٤١ |
| ٢٢٢. | قەلاوە | ٣٥ | ١٥٩ |
| ٢٢٣. | ژاراوەی کۆن | ٥٠ | ٢٥٤ |
| ٢٢٤. | تۆبزاوە | ٦ | ٢٥ |
| ٢٢٥. | بارەپانە | ١٨ | ٩٢ |
| ٢٢٦. | خەندەکە | ٢٢ | ١١٨ |
| ٢٢٧. | دۆلەبەفرە | ٢٠ | ١٠٦ |
| ٢٢٨. | کەرسۆنان | ٨ | ٤١ |
| ٢٢٩. | کەنجارەی سەروو | ٨ | ٣٠ |
| ٢٣٠. | کەنجارەی خواروو | ٣١ | ١٤٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣١. | خڕەجوو | ٣ | ١٨ |
| ٢٣٢. | بەستەستێنی خواروو | ٤٠ | ٢٠٦ |
| ٢٣٣. | بەستەستێنی سەروو | ٤٦ | ٢١٨ |
| ٢٣٤. | زورکانی سەروو | ٢٠ | ٦٧ |
| ٢٣٥. | زورکانی خواروو | ٨٩ | ٣٤٧ |
| ٢٣٦. | خواران | ١٨ | ٥٧ |
| ٢٣٧. | تووەسوران | ٦ | ٦٨ |
| ٢٣٨. | کۆمەڵە | ٣١ | ١٢١ |
| ٢٣٩. | ڕەسواجیان | ١٠ | ٧٩ |
| ٢٤٠. | قرژاڵەبڕە | ٢٩ | ١٤٢ |
| ٢٤١. | دەرگەڵە | ٥١ | ٢٧١ |

**خشتەی ژمارە (٢٧)**

**قۆناغی سێیەمی ڕاگواستن**

| شوێنی ڕاگواستراو | ژمارەی ماڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ١- ئوردوگای بەستەستێن کە پێك هاتبوو لە ٢٢ گوند | ٩٦١ | ٤٥٩١ |
| ٢- گوندەکانی سنووری ناحیەی ناوەندی قەڵادزێ ١٨ گوند | ٤١٥ | ٢٣٩١ |
| ٣- گوندەکانی سنووری ناحیەی سەنگەسەر ٣٥ گوند | ١٣٧٩ | ٦٢٨٤ |
| ٤- گوندەکانی سنووری ناحیەی مەرگە ٥ گوند | ١٤١ | ٨٣٥ |
| کۆی گشتی ئوردوگا ٨٠ گوند | ٢٨٩٦ | ١٤١٠١ |



### ج- قۆناغی چوارەمی ڕاگواستن ١٩٨٩:

لەسەرەتای دەست بەکاربوونی ((علی حسن المجید)) لە ساڵی ١٩٨٧ دا، بە مەبەستی جێبەجێکردنی نەخشە داڕێژراوەکەی سەرکردایەتی حزبی بەعس بە شێوەیەکی خێرا و چڕ دەستی کرد بە پیادەکردنی لە کوردستاندا و کورد کەوتە قۆناغێکی زۆر دژوار و خەراپتر لە ساڵانی پێشوو چونکە دەسەڵات کەوتە دەست یەکێك کە دڕندەترین مرۆڤ لە جیهاندا و دەستی کرد بە پیلانە شوومەکەی کە پێك هاتبوو لە فەوتاندن و قرکردنی میللەتی کورد، بە ڕاگواستنی زۆرە ملێی سەدان هەزار لە خەڵکی دێهات و رووخاندن و سووتاندنی دێهاتەکان و کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا و وەتێك و پێکدانی بنەما سەرەکیەکانی ئابووری کوردستان و روخاندنی کۆمەڵێك شار و شارۆچکەی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٩ دا، کە هەموویان بە بڕیارو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ((علی حسن المجید)) بوون ئەوانا لە سەعات ١١:٠٠ ی ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٨٩ کە ڕۆژی پشووبووە[٢٩٤]، لەگەڵ پارێزگاکان و ڕاسگری نهێنی حزب و فەرماندەی فەیلەقەکان و دەزگا ئەمنییەکاندا بەستراوە، کە لە بارەگای نوسینگەی ڕێکخستنی باکووردا، باس لە کۆمەڵێك مەسەلەی گرینگ دەکات کە بە نوسراوی ژمارە ٤٠١ لە ١٢ی ئازاری ١٩٨٩ دا، منەزەمەی ئیستخباراتی شەرقیە ئاراستەی (بەڕێوبەرایەتی ئیستخباراتی عەسکەری گشتی) کراوە کە تایبەت بووە بە (کۆ نووسی کۆبوونەوە) کە دەقی نووسراوەکە لە ١١ خاڵ پێك دێت و لە خاڵی چواری نووسراوەکەدا هاتووە ((بریاردراوە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سەنگەسەر (قەڵادزێ و ئوردوگاکانی) وێران بکرێت و لە سەرەتای مانگی ئایار دەست بکرێت بە ڕاگواستنی خەڵکەکەی، وە پێویستە تێبینیتان هەبێت ڕێگا نەدرێت هۆز یا عەشیرەتێك لە یەك جێگادا کۆبکرێتەوە، لەبەرئەوەی لە داهاتوودا کێشەمان بۆ دروست دەبێت وە چونکە ئەوە تەنیا حزبی قاعیدە خەڵك بەڕێوە دەبات))، وە لە خاڵی ٥ی هەمان نووسراوەدا، دیاری کردنی شوێنی ئوردوگاکان لە پارێزگای سلێمانی دەبێت، وە ئەگەر ڕووبەری جوگرافی تەواو نەبوو ئەوا دەکرێت لە سنووری پارێزگای هەولێر، بە تایبەتی لەو ئوردوگایانەی کە پێشتر دروست کراون. . ئەگەر بە ووردی لەو دوو بڕگەیەدا وورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت:

٢٩٤- لەتیف فاتیح و مەجید ساڵح، کورد قڕان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٠٠ .

**یەکەم:** لە دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرانی رژێم بەردەوام بوون لە پیلان دارشتن لە دژی میللەتی کورد و بە تایبەتی لە سنووری قەڵادزێ بێجگە لە راگواستن بیریان کردۆتەوە کە خزم و کەس و کار و عەشیرەتەکان لە یەك شوێن کۆ نەکرێنەوە وەك خۆیان دەڵێن لە داهاتوو کێشەیان بۆ دروست دەبێت لەلایەك و لەلایەکی تر دەبێتە هۆی پچرانی شیرازەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی خزمایەتی و پارچەپارچەبوونی یەکتری کە زیاتر مەبەستیان بووە بۆ هەوڵدان و توانەوەی کەسایەتی نەتەوەی گەلی کورد بە هۆی لێك دابرانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان هێز و خێزانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کە بە تایبەتیش کە دەزانن پەیوەندی خێزانی و هاونیشتەجێ بوون لە ناو کوردا چەند کاریگەری هەیە بە تایبەتی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی داب و نەریتی رەسەنی کوردەواری کە بنچینە و بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زیاتر بتوانێت بەسەریاندا زاڵبێت.

**دووەم:** دروست کردنی ئوردوگا زۆرەملێیەکان لە سلێمانی دەبن وە ئەگەر جێگانەبوو بۆ لە هەولێر شوێنیان بکەنەوە، واتا ئەو ژمارە دانیشتوانەی سنووری پشدەر، بەسەر دوو پارێزگا دابەش بکرێن و لە هەر پارێزگایەك کۆمەڵێك ئوردوگا دا، دابەش بکرێن، ئەمەش بە پێی بریاری ٢٦٣ لە ١٩/ ٤/ ١٩٨٩ دا [٢٩٥] بە ناوی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش) کۆمەڵێك ئوردوگای تازەی لە سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی لەسەر رێگا گشتیەکان دروست کرد بە مەبەستی چاودێری کۆنترۆڵ کردنی خەڵکە راگوێزراوەکان، واتا بڵاوبوونەوەی دانیشتوانەکە کە بە حەز و ئارەزووی خۆیان نابێت لە رووی دەروونییەوە کارێکی سلبی دەکاتە سەریان، بە تایبەتیش کە لەگەڵ دووری سنوورەکەیان (پشدەر) ئاو و هەوایەکی سازگار و خۆش و هەرچواردەورەی بە شاخ و دۆڵ و دارستان و زەوی بە پیت و گواستنەوەیان بۆ ئەو سنوورانە کە جیاوازی زۆری هەبوو بەتایبەتی ئەوانەی بۆ ئوردوگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر چوون کە زیاتر لە دۆزەخ دەچوون و کەش و هەوایەکی گەرم و تەپ و تۆزاوی و کەمی ئاوی خواردنەوە و گەرم.

*** چۆنیەتی دەست پێکردنی راگواستن لە ساڵی ١٩٨٩ دا بەم شێوەیە دەستی پێکرد:**

**١- لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٩دا،** لە ناو خەڵکدا بڵاوبۆوە کە سنووری پشدەر ((قەڵادزێ ـ سەنگەسەر ـ ژاراوە و ئوردوگاکانی پێمالك ـ ژاراوە ـ سەنگەسەر ـ توەسووران)) دەست

٢٩٥- غەفور مەخمور، بەعەرەبکردنی کوردستان، هەمام سەچاوەی پێشوو، ل ٤٦ .



دەکرێت بە راگواستنی و کە لەلایەن حکوومەتەوە بریاری لەسەردراوە، بە بیانووی تاکە شوێنی سنووریە کە نزیك بێت لە ئێران کە یەکێکە لە هۆکاری بێزاری رژێم و داخ لە دڵی بەرامبەر بە سنووری پشدەر ئەوە بوو ئەم ناوچەیە جۆرە ئازادیەکی هەبوو کەمتر لە ژێر رکێفی رژێمدا بوون بە هۆی هەڵکەوتنی سنوورەکە لە شێوەیەکی فراوان جموجۆڵی هاتووچۆ لە نێوان هەردوو کوردستانی عێراق و ئێرندا هەبووە، وەهەروەها جۆرە پەیوەندیەك کە خۆی لە بواری بازرگانی بە شێوەیەکی (قاچاغ) دەبینی پەیرەو دەکرا،کە هانی خەڵکی باقی شوێنەکانی تری کوردستانی دابوو کە بەردەوام سەردانی سنوورەکە بکەن و کەل و پەل و کاڵای پێویستیان لە سنوورەکە دەست دەکەوت کە کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبوو لە بواری ئاڵ وگۆری کەل و پەلی عێراقی و ئێرانی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر سنوورەکە بۆ سەرجەم هێزە شۆرشگێرەکان کوردستان و عێراق ناوچەی پشدەر هۆکارێکی پەیوەندی کردن و گەیشتن بوو وە دەکرێت بڵێین زۆر لە چەکدارەکانی سنوورەکەش کە سەر بە رژێم بوون هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد بە تایبەتی بۆ هێنان و گواستنەوە و وەهەروەها نزیکترین شوێن بوو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە رژێم بەردەوام هەوڵی داوە لە نێوانیاندا بۆشاییەکی زۆر دوور هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ٤ی نیسانی ١٩٨٩دا، لیژنەیەك دروست کراو بە سەرپەرشتی قایمەقامی پشدەر و نوێنەرایەتی سوپا و ئەمن و جوتیاران و ئیدارە بە مەبەستی ناونووس کردن و دابەشکردنی بیتاقەی راگواستن[٢٩٦]، بەسەر دانیشتوانی سنوورەکە، بەڵام لەگەڵ زانینی دانیشتوانی قەڵادزێ نارەزایی بڵاوبۆوە و هەرهەمان رۆژ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە مزگەوتی گەورەی قەڵادزێ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە کە پێك هاتبوون لە ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکان و زانایانی ئایینی و کەسایەتیەکانی ناوچەکە بەسەرجەم بیرورا جیاوازەکان وە

**٢٩٦- بیتاقەی راگواستن بەم شێوە بوو:**

ناوی سیانی سەرۆك خێزان

ژمارەی خێزان

شوێنی نیشتەجێبوونی کۆن

شوێنی ئێستای کە دیاری کردووە

پارێزگا(            ) سەرۆکی لیژنە (            )

شاری تازە     /     / ١٩٨٩

تەنانەت زۆر لەوانەش پەیوەندیان لەگەڵ رژێم هەبوو بەشدار بوون، بە هەموویان یەك دەنگ و بڕیاریان دا خۆیان تەرخان بكەن و هەوڵ بدەن تاكو سنوورەكە رانەگوێزرێت و هەر لەم كۆبوونەوەیەدا دوو بڕیار درا، بڕیاری یەكەم دروست كردنی لیژنەیەك لە كەسایەتییەكانی سنوورەكە وەك نوێنەری پشدەر هەوڵی خۆیان بدەن، وە هەروەها دڵسۆزانی شار لە گەنجەكان لە شێوەی گروپ گروپ خربوونەوە كە ئاگاداری خەڵكانیان دەكرد كە رازی نەبن بیتاقەی راگواستن وەربگرن و كەوتنە جموجۆڵ و چالاكی .

بڕیاری دووەم پێویست بوو ئەو لیژنەیە بچێت بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆكی عێراق سەددام حوسێن كۆ ببنەوە و داوای لێ بكەن بڕیاری راگواستنی سنووری پشدەر هەڵبوەشێنێتەوە.[٢٩٧]

نوێنەرەكانیش ئەمانە بوون:

١- مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی، سەرۆكی لیژنەكە.

٢- مامۆستا مەلا سەید سلێمان ئیمام و خەتیبی سەنگەسەر.

٣- ئیسماعیل حاجی قادر دەشتێوی

٤- میرزا حەمەی برایم باوزی

٥- حەمە كانەبی ئاغا

٦- مەمەند سەلیم ئاغا

٧- حاجی محەمەد حەسەن شۆڕی

٨- شێخ حوسین بنەوشان

٩- شێخ حوسین بۆسكێن

١٠- بابەكر وسوو محەمەد ( ئەم دوو ناوە لەگەڵ رژێم چەكدار بوون بەڵام هەڵوێستیان لەگەڵ

١١- فەقێ حوسێن بێگەڵاس (خەڵكی شارەكە بوو و دژی راگواستن بوون).

١٢- مەحمود حاجی حەمە رەش سەنگەسەر

١٣- حەمە عەباس ئاغا

٢٩٧- زیارەتی مەیدانی و گفتوگۆكردن لەگەڵ ستار حەمە تاهر لە رۆژی ١/ ٤/ ٢٠٠٦ .



* شایەنی باسە بێجگە لەم ١٣ كەسە كە نوێنەر بوون، دوو كەسی تر بە ناوەكانی (ستار حەمە تاهر و حەمە زرنگ) وەك دڵسۆزی لەگەڵ لیژنەكە دەچن.

٢- لە رۆژی ٤/٥، لیژنەكە چوون بۆ سلێمانی و كۆبوونەوەیان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی كرد و باسیان لە راگواستنەكە كرد، بەڵام پارێزگار داوای لێكردبوون كە پێویست ناكات بچن بۆ بەغدا و بڕیاری پاشگەزبوونەوە نیە و لەسەر فەرمانی سەددام حوسێن بڕیاری راگواستن دەرچووە، بەڵام لیژنەكە سوور بوون لەسەر چوونیان بۆ بەغداو لەلایەن پارێزگاریشەوە هەڕەشەی بەگرتنیان لە لیژنەكە كردووە. بە گەیشتن بۆ بەغدا نوێنەرەكان لە فندق نازەنین شوێنی حەوانەوەیان لە ماوەی سەفەرەكەیان دەبێت، هەوڵی دیداری سەددام حوسێن دەدەن .....

لە دووەم هەوڵیان چاویان كەوت بە (خیرواللە طفاح) و داوایان لێكرد هاوكاریان بكات لە رێگای خۆیەوە بۆ ئەوەی سنووری پشدەر رانەگوێزرێت و لەگەڵ وەفدەكە چوونە لای بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی عێراق بە مەبەستی دیداری سەددام حوسێن هەرچەندە پەیمانی بە لیژنەكەدا بەڵام بێسوود بوو ئەمجا نوێنەرەكان لە سێهەم هەوڵیاندا، چوونە لای عیزەت دووری لەم هەوڵەشیاندا سەركەوتوو نەبوون، ئەمجا خۆیان رۆژێك هەوڵ دەدەن و دەچن بۆ بەردەم كۆشكی كۆماری، لەو شوێنە بەرپرسەكان ئاگاداریان دەكەن و پێیان دەڵێن لە فندق چاوەڕوانی بكەن لەم رۆژانەدا دیداری سەددام حوسێن بۆتان وەردەگرین بەڵام پاش چەند رۆژ مانەوەیان لە بەغدا، رۆژی ١٢/ ٤/ ١٩٨٩ دوای نیوەڕۆكە پیاوانی دەزگای ئەمن دێنە لای نوێنەرەكان و بە (مەلا محەمەد دەڵگەیی) دەڵێن تۆ سەرۆكی نوێنەرەكانی دەمانەوێت لەگەڵمان بێیت بۆ بینینی بەرپرسان لە (ئەمنی بەغدا) لەو رۆژەوە زیندانی دەكرێت و ئەمجا نوێنەرەكانی تر كە دەزانن گیراوە و ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ قەڵادزێ.

٣- لە رۆژی ٥/ ٤/ ١٩٨٩ دا، رژێم دەستی كرد بە دابەش كردنی بیتاقە بەڵام بەهۆی نارەزایی خەڵك، رژێم هەوڵی دا لە دەرەوەی شاری قەڵادزێ دەست پێبكات بەتایبەتی لە سەرەتاوە لە ئوردوگای تووەسووران دەستی پێكرد و دواتر شارۆچكەی سەنگەسەر ـ ژاراوە ـ پێمالك لە كۆتاییدا لە رۆژی ٢٣ ی نیسان لە ناو شاری قەڵادزێ دەستكرا بە دابەش كردنی بیتاقەی راگواستن.[٢٩٨]

٢٩٨- دیداری تایبەت و گفتوگۆكردن لەگەڵ ستار حەمە تاهر لە رۆژی ١/ ٢/ ٢٠٠٦ .

٤- عەلی حەسەن مەجید لە ڕۆژی ٢٣/ ٤/ ١٩٨٩ بە بڕیاری ٢٧٢ کارەکانی کە بۆی دیاری کرابوو لە کوردستان تەواو کردبوو، لە شوێنی ئەو حەسەن عەلی عامر ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس و باوەڕپێکراوی سەددام حوسێن دانرا بەڵام ئەو دەسەڵاتانەی بە عەلی حەسەن مەجید درابوو بە پێی بڕیاری ١٦٠ کە بە حاکمی ڕەها بە حەسەن عەلی عامر نەدرا. بەڵام دەست بەجێ کەوتە کارکردن و پاش ٣ ڕۆژ دوای بڕیارەکە لە ٢٦/ ٤/ ١٩٨٩ هاتە شاری ڕانیەو لەگەڵ سەرجەم کار بەدەستانی شاری قەڵادزێ کۆ بووەو کە لەناویاندا سەرۆك جاشەکانیش بانگ کرابوون بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەن کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕگواستنی سنوری پشدەر بەگشتی ( یەکەم چالاکی عامری تەخت کردنی شاری قەڵادزێ بوو) [٢٩٩]، لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە خەڵکی پشدەر بەهاوکاری و ڕێکخستنەکانی لایەنە سیاسیەکان لە هەوڵدابوون بۆ ئەوەی بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە لە ڕژێم ئازاد بکرێت بەڵام لەلایەن کەسایەتیەکانی ناو شارەکە ڕێگەنەدرا لە بەرئەوەی ترسیان هەبوو لە ڕژێم وەك شاری هەڵەبجە کیمیارانی بکاتو جارێکی تر کارەساتی دڵتەزێن ڕووبدات، ڕێگای قبوڵ کردنی ڕاگواستنیان هەڵبژارد و بەتایبەتی ئەوکاتە شەڕی ئێران عێراق ماوەی ١٠ مانگ بوو کۆتایی هاتبوو، ڕژێم سوپاکەی بەکوردستان خەریك کردبوو و لەلایەکی تر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی کە چۆن بێ هەڵوێست بوون بەرامبەر هەڵەبجە و ئەنفالەکان بەهەمان شێوەش بەرامبەر پشدەریەکان بێ هەڵوێستو بێ دەنگ دەبوون.

٥- لە ١٩٨٩/٥/٢٩ دا، لیژنەیەك هات بۆ قەڵادزێ کە پێك هاتبوون لە (( سیروان جاف، سەرۆکی مەجلیسی تەشریعی ناوچەکانی حوکمی زاتی، جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگای سلێمانیو قائدی فرقەی ٢٤ )) بەمەبەستی ئاگادار کردنی دانیشتوانی ناوچەکە بەم شێوەیە: ـ

یەکەم: ئاگاداری دانیشتوانی سنورەکەیان کرد کە پێویستە لە ٦/١ تاکو ١٩٨٩/٦/٢٦ سنورەکە چۆڵ بکەن.

دووەم: لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاری کراو هەرکەسێك لە سنورەکە ببینێتەوە یان بەدی بکرێت، بڕیاری ژمارە (٢٥٦٠/٢٨) کە بەرواری ١٩٨٧/٣/٦ دەرچووە بە ((ئیمزای عەلی حەسەن مەجید))، بەسەریدا جێ بەجێ دەکرێت کە تێیدا هاتووە(( هێزە چەکدارەکان

٢٩٩- شۆڕش حاجی رسول، کوردو دەوڵەتی عێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی، ل ١٣٢.



هەر بوونەوەرێك یان ئاژەڵێك دەکوژن کە لەناوچە دیاری کراوەکاندا ( قەدەغە کراوەکان — محرمە) هەبێ )).

سێهەم: دانیشتوانی سنورەکەیان ئاگادار کرد کە پێویستە باربکەن بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی سنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر بەتایبەت ئەو شوێنانە، لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئۆردوگاکانی (( بازیان یەك- بازیان دوو- باینجانە)) کە ڕژێم هەریەکێك لەو ئۆردوگایانە ناوێکی بەعسیانەی لێ نابوون لەوانە بەبازیان دەگوترا ( سەددامیەی یەك ، سەددامیەی دوو). بۆزیاتر بڕوانە بەڵگەی ژمارە (١١) و لە سنوری پارێزگای هەولێر، ئوردوگاکانی (( خەباتی نوێ- جەدیدە- کەورگۆسك- تۆبزاوە- دارەتوو)

چوارەم: پێش ڕاگواستنی سنورەکە ڕژێم هەڵسا:

- زیاد کردنی ژمارەی سەربازەکانی بەگشت پێداویستیەکانی جەنگی کە پێك هاتبوو لە چوار کەتیبەی دەبابە و زری پۆشو دوو لیوای سەربازی بۆ کۆنترۆل کردنی شارەکە.
- لەبەر ئەوەی گەنجەکان زیاتر ناڕازی بوون لە ڕاگواستن، ڕژێم لە پیلان دانان بوو دژیان بەم شێوەیە:[٣٠٠]

أ- ئەو ساڵە تاقی کردنەوەی کۆتایی پۆلی شەشەمی زانستیو وێژەیی گواستەوە بۆ شاری سلێمانی تاکوو قوتابیان دووربن لە شارەکەیان کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لە بواری خوێندندا چونکە بە دەگمەن قوتابیان لە خوێندن دەرچوون.

ب- کۆمەڵێك لە گەنجەکان بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچوو، کە ڕژێم زۆر هەوڵی دا دەستگیریان بکاتو ڕۆژانە بەدوایان دەگەڕان.

- هەڵوەشاندنەوەو ڕاگواستنی سەرجەم دائیرەکانی میری لە سنورەکەدا.
- دامەزراندنی (نەقیبی کوردی)[٣٠١] کە عەرەبێکی هاوردەی کەرکوك بوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاگواستنو دانیشتوانەکەو تێك دانی بینایەکانی سنورەکە لە ئەستۆی ئەو دابوو.

٣٠٠- دیداری تایبەت لەگەڵ ڕۆژنامە نووس، بەکر مەحمود باوەمەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٤، کە خۆی یەکێك بوو لەوانە کە لەلایەن ڕژێمەوە بڕیاری گرتنی دەرچوو بوو.

٣٠١- دیداری تایبەت و گفتوگۆ کردن لەگەڵ (محمد صالح سلیم) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/١٤ .

• نریکەی (١٠٠) شۆفل و بلدۆزەر، ئامادەکرا لەگەڵ پێداویستیەکانی (تی- ئێن- تی) دینامیت بۆ تەقاندنەوەی بیناکان.

لەو کاتەدا هێندێك جموجۆڵ هەبوو بۆئەوەی ناوچەکە ئازاد بکرێت بەڵام دواتر لەلایەن کەسایەتیەکانی سنورەکە ئەمە بەچاك نەزاندرا لەبەر کۆمەڵێك هۆ کە ئەمانەبوون:

١- شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و دەیان شوێنی تر لەلایەن بەعسەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە خەڵکی چاو ترسێن کردبوو کە نەوێرن راپەڕینو بەگژدا چوونەوە بەرپا بکەن.

٢- دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراقو ئێران بوو کە رژێمی بەعس لەو شەڕەدا خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی و دەیویست وانیشانی خەڵکی کوردستان بدات کە هەردەم دەتوانێت کورد لەناو بەرێت چونکە بەهۆی ئەنفالەکانەوە ورەی هێزی پێشمەرگەش لە دابەزین دابوو کە ئەمەش وای لە خەڵکی شارەکان کردبوو لەو کاتەدا ورەوتواناو ئازایەتی بەڕادەیەك خەفەکردبوو کە گەل هیچ پاڵپشتی نەبێت لە هەستان و رووبەڕوو بوونەوانەدا[302].

٣- خاڵێکی تریش کورد یەك دەنگو رەنگ نەبوو هەرچەندە لە دەرەوە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانی دابوون بەڵام لەناو شارەکاندا بەشێکی زۆر لە کورد چەکەکانیان بۆ رژێم هەڵگرتبوو و دژی میللەتی خۆیان بەشداری شەڕەکانی کوردیان ئەکردوو بەتایبەتیش لەکاتی ئەنفالەکاندا کە چەکدارە کوردەکان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی ئەنفال کەناکرێت ئەمە لەیاد بکرێت.

کە ئەمانە هەموویان هۆکار بوون کە خەڵکی پشدەر ناچار بێت پرۆسەی راگواستن قبول بکات.

لەو کاتەدا دانیشتوانی پشدەر، ناوەندی قەزای قەڵادزێ، ناحیەی سەنگەسەر و ژاراوەو ئۆردووگاکانی

((پێماڵك- ژاراوە- سەنگەسەر- توە سوران)) بوون رۆژی ٦/١ تاکو ١٩٨٩/٦/٢٣ دەستیان کرد بە بارکردنی کەلوپەلی ماڵەکانیان راگواستن بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆیان دیاری کرابوون کە سەرجەمی سنورەکە بە پێی سەر ژمێری ١٩٨٧دا، دانیشتوانەکەی بریتی بوو لە ٧٣٦٠٢ کەس[303] بووەو کە (ناوەندی قەزای قەڵادزێ ٣٦٥٢٠ کەسو ناحیەی ناودەشت

٣٠٢- لەتیف فاتیح فەرەج، جینۆسایدو کاڵبوونەوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٤٠.

٣٠٣- جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی عێراق لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان سلێمانی ١٩٩٩، ل ٢٢٢.



(سەنگەسەر) ٣٧٠٨٢ کەس) وەهەروەها رووبەرەکەشی (١٤١٢) کیلۆمەتر چوارگۆشە[304] پێك دەهێنا کرایە ناوچەی چۆڵو قەدەغەکراو، بۆ زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە(٨)

سەرجەم خانوو و بیناکانی سنوورەکە لە رۆژی ١٩٨٩/٦/٢٣و رۆژانی دواتر لەلایەن رژێم بەژمارەیەکی زۆر شۆفڵ و بلدۆزەر و (چەند کەتیبەیەکی هەندەسەی سەربازی)[305] هێنرا بۆ رووخاندن و تەقاندنەوەی بینایەکانی سنوورەکە، لەبەر زۆری خانوو و بینایەکان تیمی هەندەسەی عەسکەری فیرقەی (٢٤) نەیدەتوانی لە ماوەی مانگێکدا ئەم ناوچەیە وێران بکات لە بەرئەوە سەرانی رژێم چەندان تیمی تریان لە شارەکانی (هەولێر- کەرکوك- موسڵ- تکریت) هێنا کە ژمارەی تیمەکان لە چل تیم زیاتر بوون، کاری ئەو تیمانە رۆژانە وێرانکردنو تەختکردنی چەندین شوێن بووە، زۆر جار هەبووە ماڵێك یان بینایەکی گەورە چەندین جار(( تی- ئێن- تی)) یان لێ دەبەست تاکو تەختی بکەن وەك: مزگەوتی ((شێخ عەبدولقادری گەیلانی)) زیاتر لەسێ جار تەقیندراوەتەوە تاکو هەمووی تەخت بووە، کە بێجگە لە سەرجەم خانوو دائیرەکانی میری لە قەڵادزێ (١٣) مزگەوت و یەك خانەی نەقشبەندیو (١٣) قوتابخانەی سەرەتایی (٤) قوتابخانەی ناوەندی و (٢) ئامادەیی و یەك باخچەی ساوایان)[306] . وەلە ئۆردوگای پێمالك (٦) قوتابخانەو لە ژاراوە رووخانی (٧) مزگەوت و (٢) قوتابخانە وە لە سەنگەسەر رووخانی (٦) قوتابخانەو (٣) مزگەوت.[307]

لەدوای راگواستنو خاپورکردنی سنوری پشدەر، (علی حسن مجید) لە سەردانێکی بۆ سنورەکە، کە زیاتر بۆ مەبەستی دڵنیابوون بووە لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان دەچێتە ناو تەواوی ووردەکاری پلانەکان، تەماشا دەکات لە ناو شاری قەڵادزێ خانووەکان هەموویان رووخاوون بەڵام عەمودی کارەبا وەك خۆیان ماوون بە پەلە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کارەبای

٣٠٤- د. عەبدوڵڵا غەفور، ئەنتۆ گرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، ل ٢٨.

٣٠٥- بایەزید حەسەن ، قەلادزێ، شاری دووجار شەهید کراو، رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژی یەکشەممە ٢٤/٤/١٩٩٤، ل (٧).

٣٠٦- سمایل مەلا نورەدینی، شمشارە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٠٧- سمایل مەلا نوورەدینی، بەشێك لە مێژوو تاوانەکانی ڕژێمەکانی ئێراق دژ بەسەنگەسەر ژمارە (٥) ی مانگی ٦ی ٢٠٠٤، ل ٤.

سلێمانی دەکاتو پێیان رادەگەیەنێت کە لە ماوەی یەك هەفتەدا تاکە عەمودێك لە سنورەکەدا مابێت لە هەمان شوێن لە سێدارەتان دەدەم، دواتر لە کاتی خۆی جێبەجێ کراو وەتەنانەت سەرچاوەی ئاوی قەلادزێ کە (لەداودێ و خاس) دەهات بۆ قەلادزێ ئەوانیشیان تێك دان.

((هەر لەو روانگەوە رۆژنامە نووس هێلگا گوام لە ئۆبزێرڤەری بەریتانی لە ١٩٨٩/٧/٢ دا دەنووسێ (قەلادزێ سەد هەزار کەسی ویران کرا، زۆر دڕندانە داری بەرداری دارستانەکانیش هەلکێشران))[٣٠٨]

وەهەروەها ( رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە رۆژی ١٩٨٩/٩/٢١ لە زاری پەیامنێرەکەیەوە کەسەردانی ناوچەکەی کردبوو ئەوەی راگەیاند کە ناوچەکە ستادیۆمی سوپاکانی عێراقە بۆ پاکتاوکردنی گوندە کوردییەکانو ئێستا ناوچەکە بەتەواوی خالییە).[٣٠٩]

لە دوای راگواستنو چۆلکرنی ناوچەکە هەرکەسێك لە ناوچەکە بگیرابا لە شوێنی خۆی دەکوژرا یان لە شوێنە دوورەکان کە حکوومەت دەسەلاتی بەسەردا نەدەشکا بە فڕۆکە هێرشی بۆ دەکرا وەئەگەر هەرکەسێك یان خێزانێك لەو ناوچانەدا خۆی تەسلیم بە رژێم دەکرد شوێن بزر دەکران.

لە دوای رووخانی شاری قەلادزێ، پیاوانی رژێم بەسەرپەرشتی رائیدێکی ئەمن لە رۆژی ١٩٨٩/٧/٢٢دا مامۆستا مەلا محەمەدی دەلگەیی دەهێننەوە بۆ سنوری پشدەر و لەناو شاری قەلادزێ رائیدی ئەمنەکە بە مەلا محەمەد دەلێت ئەمە شارو مزگەوتو خانووەکەتە کە چۆن بۆمان تەخت کردووی دواتر دەی هێننەوە بۆ هەولێر لە رۆژی ١٩٨٩/٧/٢٤ ئازادی دەکەن.

ڕژێم بەڕاگواستن کۆلی نەدا لە دژایەتی کردنی خەلکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی پشدەر بەلکو لەناو ئۆردوگا زۆرەملێ یەکاندا، کۆمەلێك گیرو گرفت بۆیان دروست کرا لەوانە:

١- ڕاگواستنی دانیشتوانی دەڤەری پشدەر بەسەر ئۆردووگاکانی هەولێر و سلێمانی دا بلاو کردنەوەیان بووە هۆیەکی نالەبار و پچڕانی خزمو کەسو کاری یەکتری لەلایەکو لەلایەکی تر بۆ

٣٠٨- د. مارف عومەر گول، جینۆ سایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەولەتاندا (سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان) سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٣٨.

٣٠٩- (فرمان عبدالرحمن) پاکتاو کردنی ڕەگەزە کورد لە کوردستانی عێراق دا، لێکۆلینەوەیەکی ( جوگرافی- سیاسی- مێژووی) ە لەسەر پرۆسیسەکانی بەعەرەب کردنو ڕاگواستنی دانیشتوان) دەزگای چاپو پەخشی حەمدی سلێمانی ٢٠٠٦، ل ١٤٢.



ماوەیەکی زۆر خەلك ناچار بوو بە هۆی نەبوونی جێگای حەوانەوە بەتایبەتی کە لەلایەن رژێم بۆ هەرمالێك پارچە زەویەکی بەڕووبەری ٢٠٠ مەتر دووجا بۆیان دیاری کرا کە زۆرجار پێویستی ئەکرد بۆ زەویەکەش کەسێکی سەر بە رژێم بدۆزێتەوە بۆ پەیداکردنی ئەو زەویە کە دەبوو لەلایەن خەلکەوە بۆخۆیان خانوو دروست بکەنو لەلایەن رژێم بۆ هەرمالێك کە تاپۆی خانووی هەبوو بڕی ١٠ هەزار دیناری چاپی سویسری ئەوکاتە پێ ئەدرا، ئەوانەی لە ئوردوگاکانیش بوون تەنها بڕی (٥ هەزار) دینار چاپی سویسریان پێ ئەدان.

٢- لەدوای راگواستن لە لایەن سەرانی رژێمەوە بەتایبەتی ئەمن و پۆلیس بە شێوەیەکی وورد چاودێری سەرجەم خەلکی سنورەکەیان دەکرد بەتایبەتی شێوازی دروست کردنی ئۆردوگاکان بەش بەش بوو زۆر بەئاسانی دەیان توانی زال بن بەسەرجەم دانیشتوانەکە بەشێوازی جیا جیا بیانو و کێشەیان بۆ خەلك دروست دەکرد بە بوون بە ( جەیشی شەعبی — یان پڕکردنەوەی ئیستمارەی بەعسی بوون یان چەك هەلگرتن بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی)، بەتایبەتیش لەدوای شەڕی ئێران- عێراق، کە رژێم لە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ شەڕێکی تر، سەرەڕایی یارمەتی دارایی زۆری کوێتو ولاتە کەنداویەکانی دیکە بۆ عێراق لە ماوەی جەنگی هەشت سالەی لەگەل ئێراندا،[٣١٠] عێراق ئابووریەکەی وێران ببوو و پێویستی بە دروستکردنەوە و نۆژەنکرنەوەی زۆری هەبوو، عێراق جارێکی تر ناکۆکی خۆی لەگەل دەولەتی کوێت نوێ کردەوەو لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ دا سوپای عێراق دەستی بەشەر کردو پەلاماری دەولەتی کوێتی داو داگیری کردو شەڕێکی بۆ گەلانی عێراق بەرپا کرد بەلام ئەمجارەیان، نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیاریاندا بە دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت. لەو کاتەدا بەرەی کوردستانی[٣١١] کەوتە بەرنامە دارشتنو لە رێگای رێکخستنی لایەنەسیاسییەکانەوە لە ناوەوەی شارو شارۆچکەو ئوردوگا زۆرەملێیەکاندا خەلك هوشیار دەکرایەوە ئامادەبن بۆ راپەڕینی سەرتاسەری دژی زولمو زۆرداری لەلایەکی تر سەرانی بەعس بەردەوام بوون لە پیادەکردنی نەخشە ژەهراویەکانیان بەتایبەتی لەناو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، ئەوەتا لە سەرەتایی مانگی ١٩٩١/٣ لەناو ئۆردوگای خەباتی نوێ کە دانیشتوانەکەی پێك هاتبوو لە (( قەلادزێ- سەنگەسەر- دیبەگە- کەلالێ)) لیژنەی

٣١٠- د.ئەوانو ئەندرسنو د،خەلیل ڕەشیدیان، عێراقو بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، وەرگیرانی لە ئینگلیزی یەوە، فوئادی تاهیر سادق، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ١٩٩١، ل ٢٠٢.

٣١١- بەرەی کوردستانی لەوکاتەدا، بەرێز مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرد لەناو کوردستاندا و بەرێز مام جەلال سەرپەرشتی دەرەوەی دەکرد. (نوسەر)

هاوبەش (قوة مشتركة) ناسرابوون کە پێك هاتبوو لە (منظمة- أمن- استخبارات- الشرطة)، زۆر ئازارو ئیهانەی دانیشتوانی ناو ئۆردوگاکەیان دەکردو بەردەوام هەوڵی گرتنی گەنجەکانیان ئەدا بۆ ئامادەکردنیان بۆشەڕی کوێتو تەنها لە یەك ڕۆژدا (١٦) کەسیان دەستگیر کردو بەزەبری ئەشکەنجەدان دەیانەویست خەڵکان رازی بکەن بۆ چەك هەڵگرتن یان دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ رژێم وە بەزۆری چەك بەسەر قوتابیانی ئامادەی ئۆردوگاکە دابەش کراو لەهەمان کاتدا لەلایەن رێکخستنەکانی لایەنەکان زیاتر خەڵك ئاگادار دەکرایەوە شەوانە لە شێوازی بلاّوکراوە و نوسین لەسەر دیواری خانووەکان لە دژی چەك هەڵگرتن و رژێمی بەعس دەنوسرا،[٣١٢] تاکو رژێم ناچار بوو کۆمەڵێك لەو چەکانەی کە بەزۆری درابوو بە قوتابییەکان کۆیکاتەوە بەلاّم هەندێك لە قوتابییەکان چەکەکانیان نەدایەوە سەرانی رژێمو خۆیان شاردەوە تاکو رۆژی ١٩٩١/٣/٤، لەدوای هاتنی قوەی موشتەرەکە بۆ ناو ئۆردوگای خەباتی نوێ، لە گەرەکی سەنگەسەریەکان بەدوای گەنجەکاندا دەگەڕان بۆ دەستگیر کردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، لەنێوان (جەماوەرو پۆلیسەکان) دەبێتە شەڕو لە ئەنجامدا یەکێك لە پۆلیسەکان دەکوژرێت بەناوی (عەلی حوسێن) و یەکێکی تر بریندار دەبێت بەناوی (ئینمار ئەنوەر عەبدولرەحمان) بەبریندارى رادەکات و دەچێتەوە بۆ (منظمة)ی خەبات. لەو کاتەدا خەڵکی دانیشتوانی زۆرەملێی خەباتی نوێ بەسەرجەم دانیشتوانەکەی دەستیان کرد بە خۆپیشاندانو سەرجەم ئەوانەی چەکیان بەزۆر هەڵگرتبوو لەگەڵ رێکخستنی لایەنەکان یەکیان گرتەوە بووە بەرزبوونەوەی هورەی جەماوەریو لەماوەیەکی کەمدا دەنگی نارەزایی ئۆردوگاکە ئۆردوگاکانی نزیکی گرتەوەو رژێم ترسی پەیدا کرد کە بەهەر شێوەیەك بێت خۆپیشاندانەکە کپ بکرێتەوەو بەهێزێکی زۆر پەلاماری ناو ئۆردوگایەکە دەدات و لەگەڵ خۆپیشاندەران دەبێتە تەقە کەزیاتر لە دووکاتژمێر دەخایەنێت و لە ئەنجامدا کە ناتوانێت کۆنترۆڵی ئۆردوگاکە بکاتو بەلاّم دووکەس لە خۆپیشاندەران شەهید دەبن بەناوەکانی:

((١- بەختیار عومەر حەسەن، خەڵکی قەلاّدزێ. ٢-محەمەد فاروق گەلاّڵیو مامۆستایەکیش بەناوی مورشید دیبەگەیی بریندار دەبێت[٣١٣].

---

٣١٢- نووسەر یەکیك بوو لەوانە بەشەو لەسەر دیوارەکانی ئۆردوگای خەباتی نوێ ی دەنوسی دژی ڕژێم.

٣١٣- دلێر مەلا ئەحمەد، کۆمەڵگای خەباتی نوێ.. تاجی سەروەری راپەرین ! گولاّن (حەفتە نامەیەکی سیاسیە دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولاّن دەری دەکات) ژمارە ٢١٦، ل١٣.



لەلایەکی تر رژێم کەدەزانێت ناتوانێت بەسەر ئۆردوگاکەدا زاڵ بێت هەوڵی دووبەرەکی دەدات لەکاتی شەڕەکە یەکێك لە جاشەکانی هەرکی کە دەیەوێت بچێتە ناو رەبیەکانی نزیك ئۆردوگاکە دەکوژرێت بەناوی (سیپان بەکر رۆستەم)[٣١٤].

لەهەمان رۆژ لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێم (ئەمنو پۆلیس)ی خەبات فایلێکی تایبەتی (( دۆسیە)) دروست دەکەن ( بۆزیاتر بڕوانە بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٢ )، کەبەم شێوەیە تۆمار کراوە:[٣١٥]

١- بەڵگەنامەی یەکەم، وێنەی بەرگی دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی (ئەمن) قەزا، بەم شێوەیە نوسراوە ((کێشەی خۆپیشاندانی ئۆردوگای خەباتی نوێ لە رۆژی ١٩٩١/٣/٤)) مۆری ئەمنی قەزای لێدراوە.

٢- بەڵگەنامەی دووەم، تایبەتە بە کۆ نووسی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی قەزا بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر، کەبەم شێوەیە بوو:

بۆ/ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر/ س.ش ژمارە ١٩٤

لە/ ئاسایشی خەبات- حرکات بەروار ١٩٩١/٣/٤

لە کاتژمێر ١٢:٠٠ دا، کۆمەڵێك لە خەڵکی کۆمەڵگای خەباتی نوێ لە بنەچە خەڵکی ناوچەی قەلاّدزێن، هەڵستان بە خۆپیشاندان لە دژی فەرمانڕەوایی ، بەر پەرچی ئەم خۆپیشاندانە درایەوە، وە خۆپیشاندەران هەڵسان بە تەقەکردن بەئاراستەی هێزی پێك هاتوو لە پۆلیسو ئاسایشو جەنگاوەرانی سوپای میللیو جەنگاوەرانی فەوجی پێنجی بەرگری نیشتمانی و بەهۆی پێکدادان لەنێوان هێز و خۆ پیشاندەران درێژەی خایاناد تاکو کاتژمێر ١٧:٠٠ وە لە هەمان کاتی دیاری کراودا، هێزێکی تایبەتی لە ئاسایشی هەولێر و پۆلیسو هێزی سەربازی هات و تواندرا خۆپیشاندانەکە چارەسەرو کپ بکرێتەوە.

لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا بووە هۆی شەهید بوونی ر.ع.م. پۆلیس بەناوی علی حوسێن غدائی و شەهید بوونی جەنگاوەر (سیپان بابەکر رۆستەم) سەر بەفەوجی پێنجی بەرگری نیشتمانی،

---

٣١٤- ئەو کێشەیە بۆ ئەوەی پەرە نەستێنێت و لەو کاتەدا هەوڵەکانی ڕژێم سەرنەگرێت لەلایەن ریش سپیەکانی سنورەکە بەتایبەت مەلا محەمەد دەڵگەیی و حاجی محەمەدی لۆلان توانرا کێشەکە چارەسەر بکرێت.

٣١٥- دلێر مەلا ئەحمەد، کۆمەڵگای خەباتی نوێ.. تاجی سەروەری ڕاپەڕین! گولاّن ژمارە (٢١٦) هەفتەنامەیەکی سیاسیە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گولاّن دەری دەکات. ل١٣.

وەلە خۆپیشاندەرانیش کوژرانی (بەختیار عومەر حوسین) لە ئۆردوگای خەباتی نوێ بەڵام نە گەیشتووینە زانیاری تەواوی ژمارەی بریندارەکانی خۆپیشاندەران لەکاتی ئێستادا.

ئەنجامەکانتان پێ رادەگەیەنین لە کاتێکی تردا. لەگەڵ رێزدا.

ئیمزا

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزا

١٩٩١/٣/٤

٣- بەڵگەنامەی سێهەم: کۆنووسی بەرێوەبەری پۆلیسی قەزا بۆ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەم شێوەیە:

بۆ/ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر/ ج/ح　　ژمارە ٥٨٠

لە / پۆلیسی خەبات- حرکات　　بەرواری ١٩٩١/٣/٤

لە کاتژمێر ١٢:٠٠ کۆمەڵێك لە خەڵکی کۆمەڵگای خەباتی نوێ ( بەرچەڵەك کە خەڵکی ناوچەی قەلادزێن) هەڵسان بە خۆپیشاندان لە دژی فەرمانرەوایی، تواندرا بەرپەرچی ئەم خۆپیشاندانە بدرێتەوە، خۆ پیشاندەران هەڵسان بە تەقەکردن بە ئاراستەی هێزی پێك هاتوو لە (پۆلیسو ئاسایشو جەنگاوەرانی سوپای میللیو جەنگاوەرانی فەوجی پێنجی بەرگری نیشتمانی) تێکەڵ چوونێك (پێکهەڵپژان) رووی دا لە نێوان هێزو خۆپیشاندەران و درێژەی خایاند تاکو کاتژمێر ١٥:٠٠، لە هەمان کاتی دیاری کراودا، هێزێکی سەربازی هاتو خۆپیشاندانەکە چارەسەر کراو کپ کرایەوە، لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهید بوونی کارمەندمان ر.ع.م (علی حوسین غدائی ) و شەهید بوونی جەنگاوەر (سیپان بەکر رۆستەم) سەر بەفەوجی پێنجی بەرگری نیشتمانی و وە برینداربوونی کارمەندمان ر.ع. ئینمار ئەنوەر عبدولرحمان و برینداربوونە جەنگاوەر (حوسین بابەکر رۆستەم) سەر بە فەوجی پێنجی بەرگری نیشتمانی، وەلە خۆپیشاندەرانیش یەکێك کوژراوە بەناوی (بەختیار عومەر حوسێن) لە ئۆردوگای خەباتی نوێ و وەهەروەها نەگەیشتووینە زانیاری تەواوی بریندارەکان لەناو خۆپیشاندەران، وە لە داهاتوودا ئەنجامەکانتان پێ را دەگەیەنین بۆ زانیاریتان تکایە.

ئیمزا

رائیدی پۆلیس

جەلال محەمەد ئەمین بایز

بەرێوەبەری پۆلیس خەبات



وێنەیەك بۆ

- سەرکردایەتی شوعبەی قادسیەی حزب سەرۆك
- بەرێوەبەرایەتی ناحیەی خەبات
- بنکەی ئاسایشی خەبات

بۆ ئاگاداریتان و لەگەڵ رێزدا سوپاس.

لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت کە رۆژی ٤/ ٣/ ١٩٩١ لە ئۆردوگای خەباتی نوێ، خۆپێشاندانێکی جەماوەری بوو دژی زوڵم و زۆرداری سەرانی بەعس کە بە درێژایی تەمەنیان دەرهەق بە میللەتی کورد کردوویانە و لە لایەن رژێم بە بەڵگە دانی پێدادەنێت (بۆ زیاتر بڕوانە بەڵگەکانی ژمارە (١٢ )وە شەوی ٥/٤ ی ئازاری دەنگی ئەمریکا ئەو شەوە بە گەرم و گوڕی باسی ئەم راپەرینەی ئۆردوگا زۆرە ملێ یە دەکات دژی رژێم کە راپەریوون و داوا دەکات شارەکانی تریش هاوکار بن و لە لایەکی تر لە رۆژی ٣/٤ تاکو ١١ی ئازاری ١٩٩١ کە رۆژی ئازادکردنی شاری هەولێر بوو، پیاوانی رژێم نەیانتوانی بێنەوە ناو ئوردوگایەکە و تەنانەت زۆر هەوڵیاندا و بە شێوەی نیمچە ئازادکراوێك بوو کە چۆن وەك لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە تەنانەت زانیاریشیان لەسەر ئوردوگاکە نیە و بە تایبەتی نەزاندراوە کە لە خەڵکی خۆپێشاندەران چەند شەهید و بریندار هەیە کە تەنها ناوی یەك شەهیدیان دیاری کردووە لە کاتێکدا دوو شەهید و یەك بریندار هەبووە. هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی بەشەرەفی رانیە زانیان براکانیان لە ئوردوگا زۆرەملێی خەبات لە رژێم راپەریوون بۆ رۆژی دوایی واتا ٥/ ٣/ ١٩٩١ رقی پیرۆزی جەماوەری کوردستان کلپەی کردو راپەرینی سەرتاسەری کوردستانی لێکەوتەوە هەگبەی داستانی کارەساتەکانی راگواستن و ئەنفال و کیمیاوی و لە سێدارەدان و شوێن بزرکردن و ئاوارەکردنی بە کۆمەل کە هەموویان ئەوانە بوونە هەوێنی راپەرینی جەماوەری سەرتاسەری کوردستان بە هاوکاری هێز و لایەنە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی کە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئازادکردنی کوردستان لە ماوەی ١٥ رۆژدا[٣١٦]، بەڵام

٣١٦- حەمە ئەحمەد جاف، لە بیرەوەری ٢٧ ەمین ساڵیادی بۆردومانی شاری قەڵادزێی خۆراگر، قەڵادزێ سەنگەری پێشمەرگەو شۆرش، دەنگی پێشمەرگە (گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری گشتییە ) فەرماندەی لەشکری کوردستان مەکتەبی رێکخستنی پێشمەرگە دەری دەکات ژمارە ٤٠ ی ٢٠٠١، ل ٢٧ .

له کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٩١ دا، هێزە چەکدارەکانی عێراق و ڕێکخراوی مجاهدی خلقی ئێرانی بە فرۆکەو تانگ هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و لە ٢٧/٣/ ١٩٩١ لە شاری کەرکوکی دڵی کوردستانەوە دەستی پێکردەوە بە پەلاماری کوردستان دایە و هەرچەندە هێزی پێشمەرگە چەند ڕۆژێك مقاوەمەتیان کرد بەڵام بە هۆی زۆری هێرشی بەر بڵاوی سەربازانی عێراق و ڕێکخراوی موجاهیدی خەڵقی ئێرانی[٣١٧] و بەکارهێنانی فڕۆکە بۆ جارێکی تر شارەکە داگیرکرایەوە و دواتر هێرشی بەعسیەکان بەرەو شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك پێشرەویان کرد لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا توانیان شارە گەورەکان کۆنترۆڵ بکەن، لە ئەنجامی ئەم هێرشانە سەرجەم خەڵکی کوردستان ناچاربوون بە هۆی زەبر و زەنگ و دڕندایەتی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی ڕابردوودا بە تایبەتی دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ دژی میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان ناچار بوون بە مەبەستی مانەوە و بەرگری کردن لە خۆیان لە ٣١/ ٣/ ١٩٩١ دەستیان کرد بە کۆڕە و (کۆچڕەوی ملیۆنی) بەرەو ناوچە شاخاویەکان و سنووری هەردوو دەوڵەتی دراوسێ (ئێران و تورکیا) بۆ دەربازبوون، ئەو کۆڕەوە کارەساتێکی مرۆڤایەتی یەکجار ترسناکی خوڵقاند[٣١٨]، بە تایبەتی کاتی کۆڕەوەکە ناوچە شاخاویەکان بەفرێکی زۆر دای پۆشیبوو وە هەروەها بە هۆی باران و ساردی ناوچەکە یەکجار بارودۆخەکە نالەبار بوو سەرما و برسیەتی و نەخۆشی هەزاران منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووان مردن و لە لایەکی تر سەدان کەس بە هۆی ناشارەزایی لە بوونی لووغم لە سنوورەکاندا گیانیان لە دەست دا، لەم بارەیەوە هەواڵنێری چاو کراوەی ئەمریکی (جاناتان ڕەندل) لە کتێبەکەیدا دەڵێت (لە ماوەی سێ حەوتوو لە کۆچ کردن دا لە سنووری تورکیا ٦٧٠٠ کەس کوردی عێراقی مردوون) ، وەهەروەها کۆمیسێری باڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، ژمارەی ئەوانەی لە گەریانی پەنا خوازی لە ئێران تیاچوون لە ١٢٦٠٠ کەس لە

٣١٧- ڕێکخراوی موجاهیدی خەلقی ئێرانی بە سەرۆکایەتی مەسعود ڕەجەوی، ئەو ڕێکخراوە بوون کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هاوکاری ماددی و مەعنەوی دەکران لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵام شاڵاوەکانی بەهاری ١٩٩١ ڕژێمی عێراق بەکاری هێنانی لە دژی ڕاپەرینی کورد و بە تایبەتی لە گرتنەوەی شاری کەرکوك خەڵکێکی زۆریان کوشت و شاریان تاڵان کرد.

٣١٨- فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم ٢٠٠٥ سلێمانی ل ٣٦٨ .



قەڵەمدا، ئەمە بێجگە لە چەند کورد لە نێوخۆی عێراق یان لە ڕێگاو بان بە هۆی هێرشی بەعسەکانەوە کوژراون)[٣١٩] .

کۆڕەوەکە لەڕێگای شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا (مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ١/٤/ ١٩٩١ دا، لە بانگەوازێکی دا (داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکان و فەرنسا و بەریتانیاو ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی ناوچەکە کرد کە دەستی یارمەتی و فریاگوزاری بۆ گەلی کورد درێژ بکەن و شێوازێك لە پاراستن بۆ گەلی کورد بدۆزنەوە)[٣٢٠] وە یەکەم دەنگیش لە فەرەنساوە بوو کە دوای یەك ڕۆژ لە بانگەوازەکەی (مسعود بارزانی) فەرەنسا داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد بۆ دەستێوەردانی مرۆیانە بە مەبەستی ڕزگارکردنی گەلی کورد لەم مەینەتەدا[٣٢١] وە هەروەها (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە بانگەوازێکی دا، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە دەستی هاوکاری ماددی و مەعنەوی بۆ براکانیان لە کوردستانی باشوور ڕوویان کردۆتە دەوڵەتانی سنوور هاوکاریان بکەن، ئەوە بوو کوردەکانی ئێران و تورکیا هاوکاریەکی باشی براکانیان کرد هەرماڵێك لە کوردستانی ئێران چەند خێزانی کوردە عێراقیەکانیان ئەبردە ماڵەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتیان کردن کە ئەمە بە نسبەت کوردەکانی عێراق قەت لە بیر ناچێت کە هەڵوێستێکی مرۆڤانەو کورد پەروەرانە بوو. لە لایەکی تر لە ناوخۆی کوردستان مەسعود بارزانی هاتە مەیدانی بەرگری کردن و هێزەکانی بەرەی کوردستانی جارێکی تر کۆکردەوە و بڕیاری مقاوەمەت کردنیان دا بەتایبەتی کە هێزەکانی بەعسی دەیانەویست پێشڕەوی بکەن بۆ شاری شەقڵاوە لە دەربەندی کۆڕێ داستانێکی قارەمانانە تۆمارکرا و لە هەمانکاتدا لە سنووری پارێزگای سلێمانیش داستانی ئەزمەر کە ئەمانە بوونە هۆی زیانگەیاندنی قورس لە هێزەکانی بەعس و ڕێگایان پێنەدرا لە شوێنی خۆیان بێنە پێشەوە.

٣١٩- جاناتان ڕەندل، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی، سەلاحەددین ئاشتی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ ل ٩٩.

٣٢٠- د. سعدی بەرزنجی و عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستانی عێراق (بڕیاری ٦٨٨)، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢١ پاییزی ٢٠٠١ ، ل ٦٨

٣٢١- د. سعدی بەرزنجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

له هەمان کاتدا دەوڵەتی فەرەنسا له هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو تاکو له رۆژی ٥ی نیساندا، پرۆژه بڕیارێکی پێشکەش به ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی کرد و له هەمان رۆژدا واتا (٥/ ٤/ ١٩٩١) دا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی به زۆرینەی ده دەنگ به رامبەر سێ دەنگی دژ که ئەوانیش (یەمەن و کوبا و زیمبابۆی) بوون وه هەروەها دوو وڵاتی (چین و هیند) که دەنگیان نەدا رازی بوون لەسەر دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ تایبەت به ناڕەزایی دەربرین بەرامبەر به رژێمی عێراق[٣٢٢].که هۆکاری سەرەکی ئەم بڕیاره به هۆی کردەوه سەرکوتکاریه تیرۆرستیەکانی هەر له شاڵاوی راگواستن و ئەنفالەکان و کیمیاوی و کوشتنی بەکۆمەڵ و زینده بەچاڵکردنی به کۆمەڵ بەرامبەر به گەلی عێراق و گەلی کورد به تایبەتی لەبەرئەوەی هێڵی ٣٦ کرا به سنوور بۆ پاراستنی گەلی کورد له کوردستانی باشوور و شوێنی ئارامی و ژیانی ئاسووده بۆ کۆچکردووەکان[٣٢٣]. وەهەروەها (( خافێز پرێز دیکولاری ئەمینداری گشتی UN لەو کاتەدا، لەسەر ئەو هەسته گووتی ئێمه ئاشکرا بارودۆخی نوێ دەبینین، گۆڕانی ڕای گشتی له سەرمان پێویست دەکات بەرگری له زوڵم لێکراوەکان بکەین))[٣٢٤].

به پێی ئەم بڕیارەی سەرەوه، کوردەکان پارێزران و حکوومەتی مەرکەزی ناچار بوو شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بەشێکی زۆری خاکی کوردستان چۆڵ بکات و ناوچەکان کەوتنه ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی کەش و هەوایەکی لەبار و دەروونی بۆ خەڵکی کوردستان رەخساو له کوشت و بڕ و کۆتی و زنجیری رەفتارەکانی بەعسیەکان رزگاریان بوو. که بووه گەڕانەوەی خەڵکی ناوچه راگوێزراوەکان بەتایبەتی خەڵکی سنووری پشدەر به شێوەیەکی بەرچاو ئوردوگا زۆره ملێ یەکانیان به جێهێشت و گەڕانەوه شارو شارۆچکه و گوندەکانیان هەوڵی دروست کردنەوەی ژیانیان بۆ جارێکی تر دەست پێکردەوه هەرچەند له

٣٢٢- فازل میرانی، بیرۆکەی سەروەری و پرەنیسیپی دەستێوەردانی مرۆیی له یاسای نێو دەوڵەتی هاوچەرخدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ٢٠٠٠ ، ل ٣٠

٣٢٣- فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ له کوردستان، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم ٢٠٠٥ سلێمانی ل ٣٦٩ .

٣٢٤- فازل میرانی، بیرۆکەی سەروەری و پرەنیسیپی دەستێوەردانی مرۆیی له یاسای نێو دەوڵەتی هاوچەرخدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ٢٠٠٠ ، ل٣٢



دوای راپەرین ژیان سەخت بووه که ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەو بێکاریەو گرانیەی له کوردستاندا بڵاوبۆتەوه بەگشتی که هۆیەکەی دەگەڕێتەوه بۆ دەرئەنجامەکانی راگواستنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و له ناوبردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان به هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەلایەك و لەلایەکی تر وێرانکردنی سروشتی ژینگەی کوردستان به تایبەتی له شەڕه یەك له دوای یەکەکانی رژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان وه شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران که هەردوو دەوڵەت به درێژایی سنوورەکانی کوردستان کۆمەڵێکی بێ ژمارەی یەکجار زۆر له ناوچەکان کران به کێڵگەی مین که تاکوو ئێستاش بەشێکی زۆری رووبەری ناوچەکانی کوردستان پاك نەکراونەتەوه که ئەمەش راستەوخۆ رێگره بۆ گەڕانەوەی گوندنشینەکان و دەست پێکردنەوەی پیشەی کۆنی باو باپیرانیان که بۆته زۆربەی خەڵکی کوردستان تاکو ئێستا زۆرینەی دانیشتوان له شارەکان نیشتەجێن یان ئەو کۆمەڵگایانه ماونەوه که هەرچەنده هۆیەکی تریش ئەوەیه که پێگەیشتنی نەوەیەکی نوێ که لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم راهاتووه به زەحمەت دەتوانێت له ژینگەی، دێیەکاندا ژیان بەسەر بەرێت، بەڵام ئەوەی پێویسته بگوترێت خۆراگری میللەتی کورد بەرامبەر ئەو هەموو زۆرداریەی بەرامبەری کراوه و دەتوانین بڵێین یاسای دارستانی به سەردا پەیڕەو کراوه، که هەر رژێمێك یاسای دارستان، واتا بەکارهێنانی ئەقلی هێز له جیاتی هێزی عەقل که چارەسەری هیچ کێشەیەکی پێناکرێت، ئەم یاسایه تەنها له کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لای هێزه دیکتاتۆرەکان پەیڕەو کراوه، که سەرئەنجامیش هەر خۆیان له ناو چوون که سەدام حوسێن یەکێك بوو لەو جۆره دیکتاتۆرانه که بەم یاسایه کاری کردووه[٣٢٥] و هەموو کاتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەمیشه هەوڵیان داوه له رێگای هێز کێشەی کورد چارەسەر بکەن.

پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی دەڵێت[٣٢٦]:

هەڵوێستی رژێمی بەعس بەرامبەر به نەتەوەی کورد و بزاڤه رزگاری خوازەکەی ئەم راستیه دەسەلمێنن، رژێمی بەغدا، بۆ ئەوەی دان به سادەترین مافی نەتەوەیی کوردا (ئۆتۆنۆمی) نەنێت ساڵی ١٩٧٥ رێککەوتننامەی جەزائیری مۆر کرد و کڕنوشی بۆ شای ئێران برد و وه سازشی له ئاو و خاکی عێراق کرد تەنها بۆ ئەوەی شکست به شۆڕشی کورد بێنێت، هەموو

٣٢٥- عەبدولرەحمان قەرەتەیی، هەڕەشەکانی تورکیاو لۆژیکی هێز : عێراق وەك نموونه، گۆڤاری زنار، ژماری ٣١ ی شوباتی ٢٠٠٧، ل ١١

٣٢٦- پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، گوڵان ژماره ٦٠١ رۆژی ٣١/ ٨/ ٢٠٠٦،ل ٤١

عەرەبە نەتەوە پەرەستەکانیش پشتگیریان لەو هەڵوێستەی بەغدا کرد دواتر هۆی سەرەکی هەمموو نەهامەتییە یەك لەدوایەکەکانی گەلی عێراق و ناوچەکە بوو شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران داگیرکردنی کوێت ساڵی ١٩٩٠، گەردەلوولی بیابان و رزگارکردنی کوێت، سەپاندنی ئابلووقەی ئابووری لەسەر عێراق و، شەڕی رزگارکردنی عێراق یان داگیرکردنی عێراق وەك ئەمریکییەکان خۆیان دەڵێن. عەرەبەکان چ وەك حکوومەت و چ وەك نەتەوە و گەل ئامادە نەبوون نەك دژی ئەم هەڵوێستەی بەغدا بووەستن بەڵکوو تاکە گلەییەکیشیان ئاراستەی رژێمی گۆڕ بە گۆڕی بەعس نەکرد کە سازشی لە ئاو و خاکی عەرەب کردبوو).

هەر بۆیە لە نێوبردنی حزبی بەعس لە ٩\٤\٢٠٠٣ دا بەدەستی هێزەکانی هاوپەیمانان و بەرهەڵستکارە عێراقیەکان بەگشتی و بەتایبەتی هێزە کوردیەکان بووە هۆی دانانی سنوورێك لەبەردەم ئەم ناخۆشی و سیاسەتە رەگەزپەرستانەی کە بۆ لەنێو بردنی سەرجەم گەلانی عێراق و کوردستان بەتایبەتی کە هەردەم هەوڵی داوە بەڕیشە کێش کردنی گەلی کورد و بەتایبەتی بە عەقڵی هێز و سەربازی بیریان دەکردەوە، هەر بۆیە چارەنووسیان بەو رۆژە گەیشت.

لە رۆژی پێنج شەمە ریکەوتی ١\٧\٢٠٠٤ کاتژمێر ٢,٣٠ دەقیقەی دوای نیوەرۆ بەکاتی بەغدا، زۆر بە لاوازی و بێ توانایی سەددامی دیکتاتۆر و بەشێك لە داروو دەستەکەی لە بەردەم دادگا ئامادە بوو، کە ئەمەش یەکەم دەرکەوتنی سەددام بوو دوای ئەوەی لە مانگی کانوونی یەکەمدا دەستگیر کرا.

پێویستە بگوترێت شوێنی دادگاکردن لە ساڵانی حوکمی بەعس دا کۆشکی سەرۆکایەتی بوو لە رەزوانییە لە هەمان شوێندا کۆمەڵێك تاوانیان بۆ خوێندەوە کە پێویستە لەسەری دادگای بکرێت.

کە ئەمە بۆ گەلانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی بۆ گەلی کورد دەست کەوتێکی گەورە بوو.

بەتایبەتی لە رۆژی ٢١\٨\٢٠٠٦ دا[٣٢٧]، لە فەرهەنگی یادەوەری کورد دا رۆژێکی مێژوویە چونکە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و جێنۆسایدکردنی کورد لە دادگا دا، داواکارو شکایەتکارانی کورد رووبەروویان بوونەوە و بەشێك لەسەرانی رژێمی بەعسیش بە سەددامی دیکتاتۆرەوە وەك تاوانبار لەو دادگایە دا ئامادە بوون، کە ئەمە لە روی سیاسیەوە

٣٢٧- نامق هەورامی، پرۆسەی دادگایی کردنی سەدام و داروو دەستەکەی، راپۆرتی گولان ژمارە(٦٠١) لە ٣١\٨\٢٠٠٦.



وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردستاندا کە ئەو دیکتاتۆرانەی رۆژانێك لە هەوڵی سرینەوەی گەلی کورد دا بوون وەك نەتەوە، ئەمرۆ دۆسییەی قوربانیەکانی کورد لە دادگا رووبەروویان بۆتەوە، لە دوای (٦١) دانیشتنی دادگا دا، لە دانیشتنی رۆژی ٢٤/ ٦/ ٢٠٠٧دا دادگای باڵای تاوانی عێراق بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر تاوانباراندا دا، کە بڕیارێکی مێژوویی و سەرکەوتنێکی تری کورد بوو، بە تایبەتی جینۆساید ناساندنی پرۆسەی ئەنفال بوو ئەمە رووداوێکی مێژوویی و سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ کوردستان و عێراقیش، کە دەکرێت ببێتە عیبرەت تا چیتر دیکتاتۆر و ستەمکاران تاوانەکانی سەرانی بەعس دژ بە هیچ میللەتێك ئەنجام نەدەن. چونکە سەرئەنجام هەر ئەوانە سەرکەوتوو دەبن کە زوڵمیان بەرامبەر دەکرێت.

وە دەتوانین تاوانەکانی رژێمی بەعس لە خانەی تاوانی جینۆسایدا بەم شێوە پێناسە بکەین[٣٢٨]:

١- نەهێشتنی دێهاتەکانی کوردستان و وێرانکرنی گەلێ ناوچەی فراوان بە قەزا و ناحیەکانیشەوە.
٢- راگواستنی زۆرەملێی بەکۆمەڵ لە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستان.
٣- کوشتنی بەکۆمەڵ و شوێن بزرکردنی خەڵکی کوردستان بە منداڵ و ئافرەت و پیرەمێردیشەوە.
٤- وێرانکردنی بنەماو ژێرخانی ئابووری کوردستان.
٥- پیس کردن و شێواندنی ژینگەی کوردستان بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی.
٦- هەوڵدان بۆ برسی کردنی خەڵکی کوردستان و گۆڕینی پیشەکانیان بەتایبەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، دێ نشین بوون.
٧- شێواندنی جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی نەتەوەیی.

٣٢٨- مارف عومەر گوڵ، بە جیهانی کردنی مەسەلەی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتان دا، سیاسەتی دەولی ژمارە ٤ی ساڵی سێهەم کانوونی دووەمی ١٩٩٥، لاپەرە١٦.

٨- به تالآن بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی مەدەنی بەتایبەتی (ئاژەل و ماڵاتەکانیان ) بە ئەندازەیەکی بەرفراوان لە هێزەکانی سوپا وە بەتالآن براوە.

٩- مین ڕێژکردنی رووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردیەکان.

١٠- قەدەغەکردنی ناوچە راگواستراوەکان لە مرۆڤ و تەنانەت بە ئاژەڵیشەوە، وەهەروەها راسپاردەی ژمارە (س ف/ ٤٠٠٨) ی ٢٠ ی حوزەیرانی ١٩٨٧ ی عەلی حەسەن مەجید بەتایبەتی برگەی (٤)ی کە دەڵێت: ـ (دەستوور دراوە بە فەرماندەکانی سوپا بۆ جێبەجێکردنی بۆمبارانی کوێرانەو بەکارهێنانی تۆپخانە و هەلیکۆپتەر و فرۆکە لە هەموو کاتێکدا بە شەو و بە رۆژ بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارەی خەڵك لەم ناوچە قەدەغەکراوانەدا.) وەهەروەها لە برگەی پێنجەمیشدا فەرمان دەدات کە (هەرکەسێك لەم گوندانەدا بگیرێت دەبێ بەند بکرێت و لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ -٧٠ ساڵدایە دەبێت ئیعدام بکرێن پاش وەرگرتنی هەر زانیاریەکی بە سوود دەبێت لە کات و ساتی خۆیدا ئاگادار بکرێنەوە)[٣٢٩]

وەسفکردنی ئەو تاوانە بە جینۆساید گرینگیەکی یاسایی زۆری هەیە، یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی ئەوەیە هەر هەموو ئەنجامدەران و ئەوانەی هاوکاریان کردوون بە تاوانبار دادەنرێت، چونکە ئەوانەی بەشداریان کردووە زۆر زیاترن لەوانەی لەناو قەفەسی دادگادا ئەبیندران و لەلایەکی تر بۆ کورد دوو سوودی هەیە[٣٣٠]، یەکێکیان بۆ کەس و کاری قوربانییەکانی ئەنفال هەم ئەوانەی زوڵمیان لێکردوون بە سزاگەیشتن وە لەلایەکی تر قەرەبووی ماددی و مەعنەوی دەکرێنەوە، دووەمیان بۆ گەلی کورد لە رووی سیاسیەوە کێشەی کورد زیاتر دەچێتە پێش و زیاتر لایەنگری بۆ پەیدا دەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی داوای مافە رەواکانی خۆی بکات لە سەروی هەمووشیانەوە مافی چارەی خۆنووسین، وەهەروەها لە

٣٢٩- کمال احمد کریم، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، هزر ((گۆڤارێکی رۆشنبیری مەعریفی وەرزیە)) مەڵبەندی رۆشنبیری هیوا دەری دەکات، ژمارە ١ی هاوینی ١٩٩٨، ل ١٢٠ .

٣٣٠- د. کەمال سەعدی، ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جینۆساید گرینگیەکی یاسایی هەیە، هەرێمی کوردستان (هەفتە نامەیەکی گشتی کلتورییە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات) ژمارە ٤١٩ لە ٣ تەمووزی ٢٠٠٧، لاپەرە ١٦ .



لایەکی تر لەم بارەیەوە، دکتۆر ساڵح عومەر عیسا دەڵێت[٣٣١]: ( لە شەڕی جیهانی دووەم نازییەکان تاوانی جینۆسایدیان بەرامبەر بە جولەکەکان ئەنجام دا، جولەکەکانیان لە ناو ئاگر دەسووتاند کە بە هولاکاست بەناوبانگە، بەڵام لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لەلایەن جوولەکەکان کارێکی زۆر لەسەر ناساندنی تاوانەکانی نازییەکان بەرامبەر بە جوولەکەکان کرا، سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێنا و رای گشتی جیهان بۆ بەرگری کردن لە جوولەکە دروست کرا، کە بووە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جوولەکەکان دابمەزرێت) و لەلایەکی تر ئەگەر تەماشای کێشەی ئەرمەنستان و تورکیا بکەین، ئێستا زیاتر لە ٨٠ ساڵ بەسەر کوشتنی ئەرمەنییەکان تێپەریووە لەلایەن تورکیاوە، دەوڵەتی ئەرمەنستان هەوڵی ئەوە دەدات بە بەردەوامی بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا دان بە جینۆساید بنێت کە بەرامبەر ئەرمەنیەکان کردوویەتی.

بەڵام بە نسبەت گەلی کورد زیاتر پێویستە هەوڵبدات بۆ ناساندنی ئەم تاوانە بە جیهان و رای گشتی جیهان بۆ بەرگریکردن لە کێشەکەمان، هەرچەندە نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات پێش هەموو شتێك لەبەرئەوەی لەو کاتەدا نەی توانی بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەڵبستێت وبەرگری لە گەلی کورد بکات لەلایەك و لە لایەکی تر هەوڵی رێگا چارەیەك بدات بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ئەمەش تەنها بە دەوڵەتی کوردی چارەسەر دەکرێت.

٣٣١- دکتۆر ساڵح عومەر عیسا، بۆ ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهانیدا کۆنفرانسێك دەبەستێت، هەرێمی کوردستان ژمارە ٤٢٣ لە ٣١-٧-٢٠٠٧ ، ل ١٦ .

# دەروازەی چوارەم

١. دەرئەنجام و پێشنیارەکان.
٢. کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بەعس تایبەت بە راگواستن.
٣. بە شێك لە وێنەی شەهیدەکانی سنوورەکە.
٤. سەرچاوەکان.

## ١- دەرئەنجام و پێشنیارەکان:

### یەکەم دەرئەنجام:

سیاسەتی ڕاگواستنی کوردان، سیاسەتێکی درێژخایەنی هەیە لە کوردستاندا، بەتایبەتی لەو کاتەوە دەوڵەتە زلهێزەکان لە ململانێدا بوون و هەوڵیان داوە بەردەوام ڕووبەری خاکیان فراوان بکەن لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر و گواستنەوەی کێشەکانیان لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی خۆیان بۆ ئەوەی نەتەوەی تریش تێوەگلێنن، کەواتە دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە بۆ یەکەمجار کوردستان دابەش کراوە بە تایبەتی شەڕی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی و سەفەوی) وە ئاکامەکانی لە دوای شەڕی چاڵدێران لە ٢٣ ئابی ١٥١٤ کەبووە یەکەم دابەش بوونی کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەت و دواتر دابەش کردنی دووەم دوای شەڕی جیهانی یەکەم بە تایبەتیش ڕێککەوتننامەی (سایکس ـ بیکۆ) ساڵی ١٩١٦ دا، کە کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێك دابەش کرا کە هەریەکێك لەو دەوڵەتانە لەو کاتەوە سیاسەتی ڕاگواستنیان بۆ کورد قڕان پیادە کردووە و هەوڵیان داوە بە هێزی سەربازی کێشەی میللەتی کورد یەکلا بکەنەوە کە ئەم سیاسەتە لە هەریەکێك لەو وڵاتانە بە شێوازی جیاجیا پیادە کراوە ، لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە کوردستانی باشوور پشدەریش وەك نموونە، هەر لە ساڵی ١٩٢٥ کە باشووری کوردستان لکێندراوە بە عێراقەوە، بەردەوام تووشی کۆمەڵێك گێروگرفت بووە کە لێکۆڵینەوەکەمان زیاتر لایەنی ڕاگواستنی لە خۆ گرتووە بەم شێوەیە دەیخەینە ڕوو: ـ

١- مەبەستی ڕاگواستن لە لایەن ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، وە بەتایبەتی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو کە دانیشتوانی کورد لە ناوچە کوردیەکان دوور بخاتەوە کە هەندێك جار بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزراون و هەندێك جار بۆ ناوچە کوردیەکان نزیك شارەکان کە مەبەستی بووە ئەو ناوچانەی لە ڕووی ئابووریەوە گرینگ بوون لە ناوچەکانیان دەریان بکات و لە شوێنی ئەوان بە عەرەب نشین پڕ بکاتەوە وە لە لایەکی تر دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بووە بۆ نزیك شارە گەورەکان کە ئەمەش کۆمەڵێك مەبەستی سیاسی لە پشت بووە لەوانە: ـ

- دابرینی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە بەشەکانی تری کوردستان (تورکیا ـ ئێران ـ سوریا) کە ئەمە دەبێتە لاواز کردنی هەستی نەتەوایەتی کورد، بە تایبەت چۆل کردنی ناوچە



سنووریەکان دەبێتە هۆی دابڕانی لە یەکتر بە تایبەتی ناوچە ڕاگوێزراوەکان بە بڕیاری سەرکردایەتی بەعس کرانە ناوچەی قەدەغەکراو لە مرۆڤ و ئاژەڵ.

- دووبارە دابەش کردنەوەی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو دابەش ببوون کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ سەر ژیانی دانیشتوانەکەیی و دەتواندرا بە ئابووری کوردستان سەرچاوەکانی ژیان دابین بکرێت بەڵام بە گواستنەوەیان و خرکردنەوەیان لە نزیك شارەکان و دروست کردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان بوو بە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی فراوان چۆل بکرێت لە دانیشتوان، ناوچەیەکی تەسك پڕ بکرێت لە دانیشتوان کە هۆکارێکی خراپی لەسەر گوزەرانی ناوچە ڕاگوێزراوەکان هەبوو.
- بە مەبەستی دابڕین و جیاکردنەوەی لە هێزی پێشمەرگەی کورستان بە تایبەتی شۆڕشی کورد لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە گوندەکان بەستبوو بۆ حەوانەوە و دابین کردنی پێداویستیەکانی شۆڕشگێران.

٢- دروست کردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان لە نزیك شارەکاندا ئەمەش کۆمەڵێك هۆکار لە پشتی بوو لەوانە:

- بۆ ئەوەی شارەکانی کوردستان لە دانیشتوان قەرەباڵغ بکات کە هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروست بوونی بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری چونکە ئۆردوگاکان زیاتر لە مەعەسکەرات دەچوون و ژیانیان تێدا زەحمەت بوو، بۆ ئەوەی لە بەر هەژاری خەڵکەکە ناچاربن بۆ داواکاریەکانی ڕژێم مل کەچ بن.
- داب و نەریتی کوردایەتی بەرز و بەنرخ بوو، ڕژێم هەوڵی دا لە ناو ئۆردوگاکاندا لایەنی کۆمەڵایەتی خەڵك بگۆڕێت هاندانی خەڵك بۆ (خواردنەوە و قومار کردن) هەوڵدان بۆ بە گژدا کردنی تایفەکان لەگەڵ یەکتری کە مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك چەکدار بکات و بە کاریان بهێنێت لە دژی یەکتر لەلایەك و لەلایەکی تر دژی بزووتنەوەی کوردایەتی و لاوازکردنی هەستی شۆڕشگێری لە ناو کورداندا.
- کردنەوەی ئۆردوگاکان لەسەر ڕێگا گشتی یەکان و نزیك شارەکان مەبەستێکی تری ئەوە بوو بۆ ئەوەی هەر کاتێك مەبەستی بوو بە ماوەیەکی کورت بتوانێت دەستیان بەسەردا بگرێت هەروەکوو چۆن لە ئۆردوگای قوشتەپە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەشت هەزار کوردیان شوێن بزرکرد.

٣- راگواستنی گوندنشینەکان بە مەبەستی تێك شکانی ئابووری بوو بە تایبەتی ئابووری کوردستان پێش راگواستن بە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بایەخێکی گرینگی زۆری هەبوو بۆ بژێوی دانیشتوانی کوردستان بە راگواستنیان و خڕکردنەوەیان لە ناو ئوردوگاکاندا، لایەنی ئابووری لە کوردستان بەرەو نەمان و فەوتان چوو کە تاکوو ئێستاش کاریگەری لەسەر کوردستان هەیە.

٤- گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد، هەروەك چۆن هەوڵی دا (ئێزیدی و شەبەك) لە نەتەوەیی کورد دا ببڕێ بە تایبەتی لە کاتی سەرژمێریەکان (بۆ زیاتر تەماشای هەردوو بەڵگەی ژمارە٦ بکە کە هەردووکیان مەرسومی کۆماری یە بە ئیمزای سەددام حوسێن لە یەکێکیاندا دەڵێت بۆ هەموو عێراقیەکان هەیە کە تەمەنیان گەیشتۆتە سەروی ١٨ ساڵ دەتوانن بوونی نەتەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ سەر نەتەوەی عەرەب، بەڵام لە بەڵگەی دووەم(بۆ هیچ عەرەبێکی عێراقی نیە بوونی نەتەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ نەتەوەیەکی تر). وە هەروەها هەوڵدان بۆ توانەوەی دابوونەریتی نەتەوەی کورد بە هۆی لێکدابڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

٥- لەگەڵ راگواستنی گوندەکان، کۆمەڵێك قەزا و ناحیە بەر شاڵاوی راگواستن کەوتن و لە هەمان کاتیشدا سەرجەم ناوچە راگوێزراوەکان کرانە ناوچە قەدەغەکراوەکان لە مرۆڤ و وەهەروەها تەنانەت ئاژەڵیش وە لەلایەکی تر سەرجەم ئەو ناوچانە کرانە کێڵگەی مین رێژکراو بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بە نهێنیش لەو شوێنانەدا بژیت.

**دووەم: پێشنیار**

١- لە ئەنجامی راگواستنی کوردەکان لە شوێنی باو و باپیری خۆیان رژێمی بەعس هەوڵی داوە دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕێت، لەبەرئەوە پێویستە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی جدی هەوڵی گەڕانەوەی هەموو ئەوانە بدات بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان بە تایبەتی ناوچە ناکۆکەکانی سنووری کورد و عەرەب بۆیە پێویستە دەسەڵاتی کوردی بە ووردی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە وە زیاتر لایەنی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە بەر چاو بگیرێت هانی دەرکراوەکان بدات بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان دروست کردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆیان.

٢- هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی گوندنشینەکان بە ئاسانکاری پێویست بۆیان وەك دروست کردنی رێگای گوندەکان و بوونی خزمەتگوزاری وەك راکێشانی ئاو و کارەبا و بوونی قوتابخانە وە



گرینگی دان بە بەرووبوومی کشتوکاڵی و بوژانەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وە هەروەها کەل و پەلی گوندنشینەکان دابین بکرێت.

٣- هەوڵدان بۆ دروست کردنەوەی ئەو شار و شارۆچکانەی کە بەر شاڵاوی راگواستن کەوتوون بە شێوازێکی سەردەمانە دروست بکرێنەوە و قەرەبووی زیانەکانیشیان بکرێتەوە ئەگەر وەك نموونە شاری قەڵادزی و ناحیەکانی وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت کە تاکو ئێستا زۆربەی خانوو و دووکانەکانی ئاوەدان نەکراوەتەوە بە پێی ی رۆژنامەی ((هەناسە)) ئێستا قەڵادزێ ١١ هەزار ماڵەو زیاتر لە ٦ هەزار خانوو بە شێوەیەکی سادە لە گڵ دروست کراوە و ٧٥٠ خانوو و ٢٥٠ دووکان تاکو ئێستا بە کەلاوە ماونەتەوە، کە پێویست دەکات لە لایەن دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دروست کردنەوەی بدات.

٤- پاککردنەوەی ناوچەکانی کە کراونەتە کێڵگەی مین رێژکراو کە هۆیەکە بۆ نەگەڕانەوەی لادێ نشینەکان وە ئەگەر ئاوەدانیش بێتەوە ئەوا بەردەوام بە هۆی مینەوە قوربانی دەدەن، هەرچەندە هەندێك رێکخراوی هەڵگرتنەوەی مین لە کوردستاندا هەیە بەڵام بەهۆی سستی ئیش و کارەکانیان ناوچەیەکی زۆر بەرفراوان هەیە کە پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە.

٥- دەزگایەکی تایبەت دابمەزرێت بۆ تۆمارکردنی سەرجەم زیان لێکەوتووان بەمەبەستی تۆمارکردن و قەرەبووی ئەوانەی راگوێستران و بە هۆی کارەساتەکانی کوردستانەوە زەرەرمەند بوون.

٦- دەسەڵاتی کوردی هەوڵ بدات کێشەی کورد زیاتر لە دەرەوە بە دەوڵەتان بناسرێت بە تایبەتی دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەرانی رژێمی بەعسیان تاوانبار کرد کە دەرهەق بە میللەتی کورد جینۆسایدیان ئەنجام داوە.

٧- راگواستن و کیمیاباران و ئەنفال هەریەکەیان تاوانێکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەگەرچی ئێستا رژێمی بەعس نەماوە بەڵام تاوانەکە لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقدا هەر دەمێنێتەوە، پێویستە دەوڵەتی تازەی عێراق ناچار بکرێت قەرەبووی ماددی و مەعنەوی راگوێزراوەکان و زیان لێکەوتووەکان بکاتەوە.

٨- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕێکی مسۆگەر و گونجاو بۆ ساغکردنەوەی بەرووبوومی جوتیاران بە تایبەتی دانەوێڵە و میوە.

٩- بایەخدان بە هۆشیارکردنەوەی جوتیاران بۆ ئەوەی بەرووبوومەکانیان بە شێوازێکی زانستیانە بێننە بەرهەم.

١٠- دابین کردنی بڕی پێویستی گاز بۆ کێلآنی زەوی و دروێنە کردن و دابین کردنی ئامێری کشتوکاڵی لە ڕێی بنکەو لقە کشتوکاڵیەکانەوە.

١١- هەروەها پێدانی سلفەی تایبەت بەو کەسانەی دەیانەوێت مەر ومالآت بکڕن بۆ بەخێو کردن و دابین کردنی شوێنی گونجاو.

١٢- پێدانی سلفە بە گوندنشینان بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، هانی جووتیاران بدرێت بە پڕۆژەی جۆراوجۆر لە گوندەکان بە تایبەتی ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی گەنجان دەکات.

١٣- لەدوای ڕاپەرین بە هۆی نەبوونی پیلانی زانستیانەی تایبەت بە گوندەکان زیاتر بایەخ بە شارەکان دراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی جارێکی تر گوندنشینەکان ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵن و روو لە شارەکان بکەن کە کاری سلبی کردۆتە سەر بەرهەمی خۆماڵی.

١٤- گەشەسەندنی هەر ناوچەیەك یان هەرێمێکی جوگرافی پشت دەبەستێت بە ئاستی فرەی دەرامەتە سروشتیە جۆراوجۆرەکان و لە نێوانیشیاندا دەرامەتە کانزاییەکان، کە ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لە بەرەوپێش بردنی بژێوی دانیشتوان، هەرچەند لێکۆڵینەوە و بەدوادا گەڕان و سۆراغە جیۆلۆجییەکان دەربارەی بڕی دەرامەتە کانزاییەکان تاکوو ئێستا وەك پێویست لە سنووری پشدەر جێبەجێ نەکراوە بەڵام هەندێك لێکۆڵینەوە کراوە و ناوچەکە بە بوونی سامانی کانزایی و دەوڵەمەند دیاری کراوە بەڵام تاکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زانستی دەرنەهێندراون تەنها شوێنەکانیان دیاری کراوە پێمان باشە حکوومەتی هەرێم هەوڵی زیاتر بدات و تاکو لەرووی ئابوورییەوە ببێتە پاڵپشتی هەرێم بۆ بوژانەوەی سنوورەکە و کوردستانیش بە گشتی.

١٥- دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکی ناوچە ڕاگوێزراوەکان بە تایبەتی سنووری پشدەر ناوچەیەکی کشتوکاڵیە دەتوانرێت چەندین پرۆژەو کارگەی هەمە چەشنی تێدا دابمەزرێت بۆ ساغ کردنەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکان بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن بە تایبەتی هەوڵدان بە دامەزراندنی هەندێ پیشەسازی لە سنوورەکە دا چونکە ئەم ناوچەیە دەوڵەندە بە کەرەسەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وەك پیشەسازی دروست کردنی سپیایی، قتووبەندی، کارگەی روون، ئاوی کانزایی، کارگەی جل وبەرگ، کارگەی گۆشتی قوتوو، وەهەروەها بە هۆی بوونی کۆمەڵێك کانزا دەتوانرێت چەند پیشەسازی دابمەزرێت وەك کارگەی کاشی بە هۆی بوونی بەردی مەڕمەڕ لە سنوورەکەدا. کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی بازاڕ و باشکردنی ژیانی خەڵکەکە.



١٦- سنووری پشدەر گونجاوە بۆ دامەزراندنی چەندان پرۆژەی گەشت و گوزار بە تایبەتی ناوچە شاخاویەکەی بە هۆی سروشتی و جوگرافیای ناوچەکە گرینگی زیاتر کردووە کە دیمەنی جوان و تایبەتمەندی سەرنج ڕاکێشانی هەیە. ئەگەر بێتوو پڕۆژەی زانستی تێدا دابمەزرێت وەك فندق وشوێنی حەوانەوەی گەشتیاران وە کات بەسەربردن دەتواندرێت زستان و هاوینە سوود لە ناوچەکە وەربگیرێت چونکە لە هەندێك شوێنی وەك چیای قەندیل بە درێژیی ساڵ بەفر لەسەر لوتکە چیاکان دەمێنێتەوە. بێجگە لە سروشتی ناوچەکە، سنوورەکە کۆمەڵێك پاشماوەی دێرینی هەیە وەك ( قەڵات و قەبرستانە بەناوبانگەکان و ئەشکەوت و گۆمە سروشتیەکان ) کە هەریەکەیان دەتوانرێت ببێتە جێگای ڕەزامەندی گەشتیار، بۆیە بە پێویستی دەزانم لایەنی بەرپرس ئاوڕ لە ناوچەکە بداتەوە.

١٧- بوونی سەرچاوەی ئاو لە سنوورەکە پێك هاتووە لەزێی بچووك و شەش لقی تری چۆمی بچووك لە سنوورەکە ناوچەکەیان زیاتر بایەخدار کردووە لە بواری ئاو بەڵام سنوورەکە پێویستی بەلایەنی کەم دوو بەنداو هەیە بۆ گلدانەوی ئاوی زستان و بە فیڕۆنەچوونی ئاو.

١٨- هەڵکەوتنی پشدەر، هاوسنوورە لەگەڵ حکوومەتی ئێران، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم هەوڵ بدرێت ڕێگای قەڵادزێ ـ کێلێ ـ سەردەشت بکرێنە دەروازەیەکی هاتووچۆ بە شێوەیەکی دانپێدراو لەلایەن هەردوو حکوومەت کە دەبێتە هۆی بوژانەوەی بازاڕی بازرگانی لە سنوورەکەدا.

١٩- پێشنیار دەکەین شارەزایانی جیۆلۆجی لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەمەڕ جۆر و شێوە و ڕێژەی ئەو کانزایانەی سنووری پشدەر و ڕادەی سوود وەرگرتن و شوێنی بوونیان دیاری بکرێت تاکو بتوانرێت کانزایەکان بە باشترین شێوە سوودیان لێوەربگیرێت.

* لە کۆتاییدا دەڵێم، زۆر بە گرینگ و پێویستی دەزانم هەموومان پێکەوە تێکۆشین و کاربکەین بۆ ئەوەی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بچەسپێنین بە تایبەتی مافی چارەی خۆنووسین، ئەگینا هەریەکەمان بە تەنهایی دەفەوتێین و لەناو دەچین.

## پاشبەندی بەڵگەنامەکان


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نامەی سەددام حوسێن بۆ پەنابەرەکانی کورد لە ئێران لە مانگی نیسانی ١٩٧٥ | ٢٢٥ |
| ٢ | بروسکەی خێرا و نهێنی ١٢-١-١٩٧٨ تایبەت بە دامەزراندنی لیژنەکان بۆ دروست کردنی کۆمەڵگا زۆرە ملێ یەکان | ٢٥٩ |
| ٣ | بڕیاری قەدەغەکردنی ناوچە راگوێزراوەکان | ٢٣١ |
| ٤ | بڕیاری سەرکردایەتی حیزبی بەعس ژمارە ١٦٠ لە ٢٩-٣-١٩٧٨ تایبەت بە دامەزراندنی عەلی حەسەن مەجید وەك حاکمی رەهای کوردستان | ٢٣٢ |
| ٥ | بریاری ژمارە( ٤٠٠٨/٢٨ )لە ٢٠-٦- ١٩٨٦، چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوچە قەدەغەکراوەکان | ٢٣٤ |
| ٦ | بریاری سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس ژمارە ١٩٩ و بڕیاری ٨٥٠ بۆ ئەو کەسانەی نەتەوەی خۆیان دەگۆڕن | ٢٣٦ |
| ٧ | بریاری ژمارە( ١٦/ ٢٧٣١ )لە ٢٧-٩-١٩٨٥ گەمارۆی ئابووری لەسەر گوندەکان | ٢٣٧ |
| ٨ | بریاری ژمارە (٢٨/٤٦٨٤) لە ٢٩-٦-١٩٨٥ گەمارۆی ئابووری | ٢٣٨ |





| | | |
|---|---|---|
| ٩ | کۆبوونەوەی سەرانی بەعس و بڕیاردانی راگواستنی سنووری پشدەر لە رۆژی ١١ی ئازاری ١٩٨٩ | ٢٣٩ |
| ١٠ | نموونەیەك لە بیتاقەی راگواستن | ٢٤٢ |
| ١١ | چەند بەڵگەنامەیەك لەسەر ناونانی ئوردوگاکان بە ناوی سەددام حوسێن | ٢٤٤ |
| ١٢ | ٣ بەڵگەنامەی بەعس تایبەت بە خۆپیشاندانی ئوردوگای خەباتی نوێ لە ٤-٣-١٩٩١ | ٢٤٥ |
| ١٣ | بریاری (٨٤٠٦ لە ١٥ تەموزی ١٩٧٨) کە تایبەتە بە ئیعدام کردنی ١٩ ئەندامی پارتی | ٢٤٧ |
| ١٤ | دامەزراندنی هەیکەلی ئیداری لە قەزای پشدەر ساڵی ١٩٣٨ | ٢٤٩ |
| ١٥ | گۆڕانکاری لە هەیکەلی ئیداری قەزای پشدەر لە ساڵی ١٩٧١ | ٢٥٠ |

# بەڵگەنامەی ژمارە 1

## كتاب صدام الى اللاجئين في إيران

[كتب صدام هذا الكتاب عندما كان موجوداً في طهران في شهر نيسان ١٩٧٥]

الى أبنائنا وإخواننا الأعزاء، أبناء وطننا من شعبنا الكردي المقيمين في إيران، نودّ أن نحيطكم علماً بأنّ للعائد علينا مايلي:

١- يعود مطمئناً الى نفسه وماله وعرضه ومستقبله ومستقبل أبنائه وتعتبر كافة الأعمال التي إرتكبها في ظل ظروف الإقتتال المؤسفة لايطولها (يطالها) القانون أو الحساب ويبدأ كلٌ منكم حياة جديدة في ظل ثورته ومن أجل خدمة وطنه.

٢- ستمدد فترة العفو مرة أخرى لكي يشمل من لم تمكنهم ظروفهم لأيّ سبب كان من العودة الى الوطن وبعد ذلك سوف تسقط الجنسية عن كلّ مَن لايستفيد من العفو وتعتبره خارج إطار الشعب والوطن ونحن لسنا معنيون (معنيين) بأمره.

٣- لاتلتفتوا الى دعايات المغرضين والمظللين (والمضللين) فنحنُ عندما نعطي وعداً وعهد نحترمها (وعهداً نحترمه) فلكم منّا عهد رجال بما وعدناكم به ولامجال في سياستنا للمخاتلة أو الخداع. إنّ العفو العام يشمل كلّ مَن يرغب بالعودة وبدون إستثناء، عدا ملا مصطفى وأبنائه (وأبناءه) إدريس ومسعود وكذلك محمد خالد، وماعداهم فالكل مشمولين (مشمولون) بالعفو.

٤- يعود الموظف والعامل الى عمله ويتمتع بالحقوق التي يتمتع بها زملائه (زملاؤه) ويعود الضابط إمّا الى الجيش أو يعيّن بوظيفة مدنية حسب ما يستحقه قانوناً وكذلك الجنود وضباط الصف من القوات المسلحة كافة، ويعود الطالب الى كليته أو مدرسته وبالصف الذي تركه عند بدء القتال.

والله نسأل أن يهدي الظالين (الضالين) ويعود بأبناء الوطن الأعزاء الى وطنهم.

نائب رئيس مجلس قيادة الثورة

صدام حسين

طهران في ١٩٧٥/٤/٣٠









## بەڵگەنامەی ژمارە 2

برقية سرية وفورية

وقت الإنشاء ويومها:١٢/١/٧٨

من اللجنة العليا لشؤون الشمال

الى/ وزارة الدفاع / وزارة الداخلية

للمعلومات/ مجلس قيادة الثورة-مكتب أمانة السر/ القيادة القطرية-مكتب أمانة سر القطر-رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية/وزارة الدولة لشؤون التنسيق مع هيئات الحكم الذاتي/وزارة الصناعة والمعادن/وزارة الزراعة والأصلاح الزراعي/وزارة الأسكان والتعمير/وزارة الصحة/وزارة النقل/رئاسة المجلس التنفيذي/ رئاسة المجلس التشريعي.

رقم النشئ (١٩/١)

تقرر ما يلي (٠) ١ (٠) تشكيل لجنة مركزية باسم لجنة تنفيذ بناء القرى العصرية في منطقة الحكم الذاتي برئاسة قائد الفيلق الأول وعضوية كل من محافظي أربيل والسليمانية ودهوك قادة فق٢ وفق٤ وفق٧ وفق٨ وفق١٢ وقوات ذي قار وامناء سر شعب السليمانية وأربيل ودهوك لحزب البعث العربي الإشتراكي.

(.) ٢(.) تكون هذه اللجنة مسؤولة مباشرة عن تنفيذ إنشاء القرى العصرية في محافظات السليمانية وأربيل ودهوك وكما يلي (.) محافظة السليمانية (١٩٠٢٢) دار (.) محافظة أربيل (٢٥٢٩) دار (.) محافظة دهوك (١٥٠٠) دار تقسم الى شكل مجمعات سكانية لتسكين العوائل المرحلة من القرى الواقعة في الشريط الحدودي المقرر اقامته بعمق (١٠-٢٠) كم وخلال مدة اقصاها(١٩٧٨/٦/١) حتماً (.) ٣(.) تكون إجتماعات اللجنة المذكورة (١) أعلاه شهرية وتقدم تقريراً للجنة العليا لشؤون الشمال تبين فيه مراحل التنفيذ والمعوقات التي تعترض عملها ومقترحاتها بشأن معالجتها (.) ٤(.) تقوم اللجنة بزيارات ميدانية لمواقع المجمعات السكنية (.) تخول اللجنة اعلاه صلاحية اللجنة العليا لشؤون الشمال فيما يتعلق بالإسراع في تنفيذ إنشاء المجمعات (.) ٥ (.) تشكل ثلاث لجان فرعية تنفيذية في كل محافظات أربيل والسليمانية ودهوك برئاسة المحافظ وعضوية قادة الفرق العاملة في المحافظة وامين سر شعبة الحزب في المحافظة وترتبط باللجنة التنفيذية المركزية المذكورة فقرة (١) أعلاه وتكون مسؤولة مباشرة عن تنفيذ المجمعات السكنية الواقعة ضمن الحدود الإدارية للمحافظة وفق المدة الزمنية وعدد المجمعات المقرر إنشاؤها في المحافظة (.) ٦(.) تمنح اللجان الثلاث أعلاه صلاحيات اللجنة العليا لشؤون الشمال فيما يخص الإسراع بتنفيذ المجمعات السكنية الواقعة ضمن حدودها الإدارية (.) ٧ (.) تخول اللجان التنفيذية الفرعية ومن خلال رئيسها كافة الصلاحيات للإفادة من إمكانيات وطاقات دوائر الدولة الأخرى بما لا يتعارض مع تسيير عمل تلك الدوائر (.) ٨ (.) تخول اللجان التنفيذية الفرعية صلاحيات التنفيذ بالطرق التالية (.) أ(.) التنفيذ الذاتي من قبل الفلاحين (.) ب (.) التنفيذ المباشر (العمل الشعبي) (.) ج(.) التنفيذ بواسطة المقاولين (.) ٩ (.) تخول اللجان أعلاه صلاحية إعادة النظر في تصاميم الدور عندما ترى ضرورة لذلك والتسهيل والإسراع في عملية البناء (.)١٠(.) تخول اللجان التنفيذية الفرعية الثلاث صلاحيات إستخدام العمال الفنيين في دوائر الدولة على أن يكون زخم الإستخدام الأكبر في محافظة السليمانية (.) تقوم الفرق العسكرية بإيواء العمال الفائضين الذين يتم إستخدامهم في عملية إنشاء



المجمعات ضمن قواطعها ببناء الخيم وتامين الأرزاق لهم في حالة إستخدامهم للعمل خارج المحافظة التي يسكنونها (.) ١١(.) تشكل اللجان التنفيذية الفرعية لجان فرعية أخرى في كل مجمع سكني لتتول عملية الإشراف المباشر على البناء سواء أكان أسلوب التنفيذ أمانة أو عن طريق المقاولين او بالأسلوب المباشر على أن يراعي عند تشكيل اللجنة الفرعية في كل مجمع حجم المجمع وطريقة التنفيذ (٠)١٢(٠) تخول اللجان الفرعية في كل محافظة صلاحية إعادة النظر في بعض التعويضات المقررة للفلاحين بما يؤمن لهم مستلزمات العيش الكريم والأستقرار (٠)١٣(٠) يكون الحد الأدنى للمبلغ الذي يصرف للفلاحين الذين يقومون ببناء دورهم ذاتيا (١٠٠٠) ألف دينار لكل عائلة فلاحية إضافة الى كلفة إنشاء الدار المقررة (٠)١٤(٠) تخول اللجنة المركزية صلاحية منح الحوافز المادية للجان التنفيذية التي تقدم جهداً متميزاً في مجال التنفيذ في الحالات التالية (٠) أ (٠) إختصار المدة (٠) ب (٠) تقليل الكلفة (٠) ج (٠) الجودة في العمل (٠)١٥(٠) تمنح اللجان التنفيذية الفرعية صلاحية بناء مجمعات سكنية للعوائل التي رحلت سابقا بأسبقية ثانية على أن لايكون ذلك على حساب الوقت المقرر لتنفيذ المجمعات أعلاه (٠)١٦(٠) تبذل النظمات الحزبية والشعبية نشاطا فعالاً بإتجاه تنشيط أسلوب التنفيذ المباشر وتشجيع الفلاحين على بناء دورهم ذاتياً وتوضيح أهداف هذا الإجراء وفوائده للفلاحين أنفسهم والتصدي للإشاعات التي ستبرز في هذه المرحلة(٠)١٧(٠) يرصد مبلغ مليون دينار لكل لجنة من اللجان التنفيذية الفرعية الثلاث ويخول رؤساء اللجان صلاحية السحب (٠) تقوم اللجان أعلاه بإخبار اللجنة العليا لشؤون الشمال عند نفاذ المبلغ المرصد لها(٠)١٨(٠) على جميع اللجان وضع برنامج زمني واضح للتنفيذ بشكل منظم وتهيأة كافة مستلزمات تحقيق هذا البرنامج ومتابعة ذلك بشكل يومي ورفع الطلبات و المعوقات التي خارج صلاحياتها الى اللجنة العليا لشؤون الشمال برقياً أو تلفونياً (٠) لإتخاذ مايلزم(٠) أتيؤونا.

توقيع

نوري فيصل شاهر

سكرتير اللجنة العليا لشؤون الشمال

بەڵگەنامەی ژمارە 3

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

المركز الكوردي لحقوق الانسان في المانيا
الارشيف التاريخ ...... ٣٧

الى / كافة السرايا /

الموضوع / الشريط الحدودي

كتاب قيادة فلق ٤ سري للغاية ٥٧١٦ في ٢١ آب ١٩٨٢
المبلغ الينا بكتاب ل ٢٤ السري للغاية ٢٦٨٦ في ٢٢ آب ١٩٨٢
يمنع التواجد بالشريط الحدودي ويعالج كل من يتواجد فيه بالقوة . لاتخاذ ما يلزم .

الرائد
نوري محمد صالح
ع/ آمر ف ٥ ل ٢١

سري للغاية



بەڵگەنامەی ژمارە 4

باسم الشعب
مجلس قيادة الثورة
رقم القرار / ١٦٠
تاريخ القرار / ٢٩ / ٣ / ١٩٨٧

قـــــرار

استنادا الى احكام الفقرة [أ] من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة [أ] من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ .

